



جۆینی گرووپەکەم بکەن لە فەیسبووک

Scanned with CamScanner

ڕۆمان

# قەبرێکی سێگۆشە



فەرهاد پیرباڵ

Scanned with CamScanner

# قەبرێکی سێگۆشە

ڕۆمان

فەرهاد پیرباڵ

Scanned with CamScanner

ناوی نووسەر: فەرهاد پیربال
ناونیشان: قەبرێکی سێگۆشە لەسەر ڕێگەی نوسەیبین
ژانر: ڕۆمان
دوو تابلۆی بەرگ: بەرهەمی نووسەر
چاپخانەی شەهاب. هەولێر: شوباتی ٢٠١٩
ژمارەی سپاردن: ٢٠١٩/١٠٠ - هەولێر - هەرێمی کوردستان

©2019

Scanned with CamScanner

کاتێ لە زیندان بووم، ئەو کچەی چوو (ناوی پیسی منی) لەسەر (دەستی پاکی خۆی) نووسی، ئاشکرا ئاشکرا وێنەکەشی بڵاوکردەوە؛ کێ بوو؟

ئەم ڕۆمانەم پێشکەش بەو کچە ئازایەم،

**سۆلە شازولی .**

تێبینی بۆ (داواکاری گشتیی حکوومەتی هەرێم) و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان:

ئەو ناوانەی لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتوون، ناوی خوازراون، ناوی خەیاڵیی سەر کاغەزن، هیچیان پەیوەندییان بە کەسەکانی کوردستانەوە نیە.

۱۱-٤-۲۰۱۸ دەستم پێکرد، لە ۷-۷-۲۰۱۸تەواومکرد، لە زیندان.



Scanned with CamScanner

هەر ئەوە لە ئاسمانەکاندا خودا؛ لەسەر زەمینیش هەر خودا.

الزخرف: ٨٤



Scanned with CamScanner

# (١)

ماوەیەکی زۆر بوو لێم ببووە مەراق، کەڵکەڵەی ئەوە کەوتبووە کەللەم بڕۆم قەبری باوکی خۆم بدۆزمەوە؛ نەمدەدۆزییەوە.

چەند بیرم دەکردەوە و سۆراغم لە ئەم و ئەو دەکرد؛ نەمدەزانی چۆن بتوانم بیدۆزمەوە.

ئاخر.. پاش ئەو هەموو ساڵانەی داپڕانم لە (بابۆ)، لە تەمەنی (١٤) ساڵیمەوە تا ئەمڕۆ، گەنجێکی کەشخەی وەک من، خەڵک لێم بپرسن: "گلکۆی باوکت لەکوێیە؟ لە کام گۆڕستان؟"؛ نەزانم؟!.. من هەر بڵێم (نازانم!)؟

ئنجا سەرباری ئەمەش یەکێک دەیگوت ماوە، یەکێک دەیگوت کوژراوە، ئەوەی تر دەیگوت نەخێر سەری خۆی هەڵگرتووە و بە وڵاتان کەوتووە!

چ شەرمەزارییەک!

دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە لەناو برادەرەکانم (ئەوانەی لەناو نەشکەوتەکە پێکەوە بووین) ئی وایان تێدا بوو دۆخی، لە ڕەوشی من زۆر خراپتریش بوو؛ بۆ نموونە (ئیبراهیم) کە لە هەمووومان گەورەتر بوو، هەر بە بڕیار و خواستی خۆی، دەستی لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی هەڵگرتبوو و وەکو



Scanned with CamScanner

ئێمە ڕووی کردبووە ئەشکەوتەکە، تەنانەت خەریک بووە کورە تاقانە پێنج ساڵانەکەی خۆیشی گۆشاگۆش سەرببڕێ! پاشان (ئیبراهیم دەیگوت) خوا ڕەحمی پێکردم و باش بوو ئەمەیانم نەکردا.

گەنجێکی دیکەمان لەگەڵ بوو، هەر بە تەورداس (دەیگوت بە تەورداسی داربڕینەوەی ناو باغەکەیان!) چووبوو خوشکە جوان و جاحێلەکەی خۆی لەتوپەت کردبوو. بەردەوام هەستی بە گوناح دەکرد، پۆژمان، لە گۆشەیەکی ناو ئەشکەوتەکە، بەردەوام نوێژی دەکرد و لە ئاسمان دەپاڕایەوە بەڵکو خودا لێی ببووری!

گەنجێکی تر -بۆ خۆی بۆمی گێرایەوە- دەیگوت کە یازدە ملیۆن دیناری لە مام سەیدێکی دۆلارفرۆشی ناو *بازاڕی ڕەش* دزیبوو، هەر دوو چاوی کوێر کردبوو، زمانیشی لەبنەوەڕا پڕیبوو بۆئەوەی (مام سەید) چیتر نەتوانێ بیناسێتەوە.. ئەویش لە سووچێکی ناو ئەشکەوتەکە، کەڵپۆسێکی دەروێشانی بەخۆ دادابوو، قسەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەدەکرد: تەنیا دەگریا و نوێژی دەکرد.

ئێمەی برادەرانی ناو ئەشکەوتەکە، لە عێراقەوە، لە تورکیاوە، لە سووریا و ئێران و ڕووسیاوە ڕامانکردبووە ئەوێ، تەنانەت لە کرواتیا و ئیسپانیا و لە وڵاتانی دیکەشەوە. هەر هەموومان



Scanned with CamScanner

گەنج، تەمەنمان لەنێوان ( ١٩) تاکو (٣١) ساڵ: دەترساین ئەگەر بچینە دەرەوە بمانکوژن. خۆمان لەوێ لەدەست دەرەوە شاردبۆوە؛ بەڵام زۆربەمان لەدەست خۆمان ڕامانکردبووە ئەوێ، لە داخی هۆیەک خۆمان لەوێ حەشاردابوو.

ئەو ڕۆژەی کاتێ من گەیشتمە ئەشکەوتەکە، تەنیا سێ گەنج بوون: بە من ڕا چوار.

پاشان گەنجێکی دیکە هات: بە من ڕا شەش.

ئنجا لاوێکی دیکەش هات: بە من ڕا بووینە هەشت.

ئیدی بەم شێوەیە، ژمارەمان ڕووی لە زیادبوون کرد.

ڕاستییەکەی، ئێمە، هەمووومان – بە منیشەوە- لەوێ، زەمەنمان لەبیرچووبۆوە. کەسمان نەیدەزانی (چونکە نەمانتوانیبوو بژمێرین) چەند ساڵ بوو، یان چەند مانگ بوو لەوێ بووین. هەر یەکەمان قسەیەکی جیاوازی دەکرد. تەنانەت ئی وامان تێدا بوو هەر نەشیدەزانی لەکوێیە!

هەبوو دەیگوت لە ئەشکەوتێکداین نێزیک شاری (حەیدەر ئاباد). هەبوو دەیگوت ئەگەر ڕۆژەڕێیەک بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆی، دەگەیتە شاخی (قەندیل). هەشبوو دەیگوت نەخێر ئێمە لە



Scanned with CamScanner

ئەشکەوتێکدابین ناوی (ئەشکەوتی قز قەپان)، لە باشووری ڕۆژئاوای چیای (جوودی).

لەبارەی ڕۆژ و بەرواریشەوە، یەکێک دەیگوت ئەمڕۆ سێشەممەیە، یەکێك دەیگوت نەخێر پێنجشەممەیە، ئەوەی تر دەیگوت مادام ئەمڕۆ هەژدەی مانگی شوباتە مانای وایە دەبێ جومعە بێت. ئەوەی تریش دەیگوت: نەخێر، بە حسابی من ئەمڕۆ نۆزدەی جۆزەردانە، کەواتە دەبێ چوارشەممە بێت.

ئیبراهیم، کە لە هەمووومان بەتەمەنتر و ژیرتر بوو، دڵسۆزی هەمووومان، دەیگوت:

- تۆ کە بزانیت وەختێک هەیە و بشزانیت لە شوێنێکدای، ئیتر ئەوەندە بەسە. فەرق ناکا؛ ئیتر ئێوە بۆچی لەسەر شتێک ئەوەندە ناهێنێت دەیکەنە کێشە لەگەڵ یەکتر، برادەرینە!

ئەشکەوتێکی فراوان فراوان، بە ژێرزەمینەکەیەوە سێ چین، لە (٢١) هۆدەی شێوە سەیر، ئەندازە جیاواز پێکهاتبوو؛ هەمووشیان دەچوونەوە سەر یەکتر.

ناوەوەی ئەشکەوتەکە، دەقاودەق لە ئەشکەوتی (کەرەفتوو)ی نێوان شاری (سەقز) و (سەنەندەج) دەچوو؛

کە باوکم، ئێمەی - وەختێ تەمەنم هەشت ساڵان بوو- بۆ گەشتوگوزار بردبووە ئەوێ. بە بیرمە، وەک خەونێکی کۆن، ئەو ڕۆژەی گەیشتینە بەر بێڵایی ئەشکەوتەکە، من شاگەشکە، چاوم ئەبڵەق: ئەو حەکایەتانەم بیرهاتەوە کە باوکم لە تەمەنی زارۆکاتی بۆمی دەگێرایەوە (کچە خاتوون و دێوەکە، یان کورە کەچەڵە نازاکە، خاوەن شەش برای لەخۆ گەورەتر، کاتێ بڕیار دەدا بڕوا دێوی ناو ئەشکەوتەکە بکوژێت و دەرمان بۆ چاوی نابینای دایکی بهێنێتەوە..). من واقورماو، گوتم:

- بابۆ.. ۆ.. ۆ..!

باوکم گوتی: بەڵێ.. ێ .. ێ..؟

گوتم: "ئەمە.. ماڵی دێوانە!"

"بابۆ" پێکەنی. منیش سەرسام، نەمدەزانی چ بڵێم!

لەناو ئەو هاوڕێ و هاوماڵە گەنجانەی ئەوێم، هەبوون جاران جەردە، پیاوکوژ، یان نەخۆشیی "ئایدز" و "سووزەنەک" خستبوونی، یانیش کۆنە حیز و تلیاکفرۆش، لەوێ تەرکیان کردبوو، پەشیمان؛ بیست و چوار سەعات دانیشتبوون تەنیا



Scanned with CamScanner

بیریان دەکردەوە، بیریان دەکردەوە و دەگریان.. بە خۆیان دەگوت: (ئەی خودای گەورە؛ چ پکەین؟!).

هەشبوون کۆنە شیووعی و نێهیلیست، "گەڕابوونەوە" و هاتبوونە ئەوێ ئینجیلیان تەرجومەی سەر زمانی قەومەکەی خۆیان دەکرد. هەشبوو کۆنە دیموکرات، یان جاران سۆشیالیست، چووبوو ببووە پەکەکە، ئنجا وازی لەمانیش هێنابوو و "گەڕابۆوە"، لەوێ بە دەنگی بڵند تەوراتی بۆ هەندێ لە حەبخۆر و حەشیشەکێشەکان دەخوێندەوە و ئەوانیش زۆریان پێخۆش!

هەشبوون هیچ کەس تێیان نەدەگەیشت چ بوون، لەکوێرا هاتبوون و بە چ زمانێک قسەیان دەکرد! ئەمانە، تا بەر سنگیان ڕدێنیان بەردابۆوە، ئیشیان تەنیا ئەوە بوو خڕنووک و پیفۆک و بەڕوویان، یان بە تەنەکە ئاویان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بۆ ئەوانی تر دەهێنا.

گەنجێکیش هەبوو - ئەو بولگاری بوو-، موسڵمانێکی زۆر ئیماندار، تەمەنی (١٩) ساڵ، چاوەکانی تا بڵێی پاک، بەڵام زۆر سەیر بوو: جاری وا هەبوو سێ ڕۆژی ڕەبەق دەنوست.. نیتر هەڵنەدەستایەوە! کاتێ بێداریش دەبۆوە، دەیپرسی: (ئەرێ چەند بوو نوستبووم؟). وەڵامیان دەدایەوە دەیانگوت (هەر نیو سەعاتێک). نیدی دەچوو هەندێک فەریکەنۆک و



Scanned with CamScanner

ڕێواسی دەخوارد و دیسان دەچوو دەنوستەوە تا پێنج شەش ڕۆژی تر.

ئەو گەنجە بوڵگارییە قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد لەگەڵ ئیبراهیم نەبێ، کە پێی دەگوت (بابۆ). بۆ ئیبراهیمی گێڕابۆوە کە لە وڵاتی خۆیدا، دایک و باوکی خۆی لە ماڵ دەریانکردبوو؛ ئیتر نە براکانی، نە خوشک و خاڵ و خوارزاکانی، نە ماڵە مام و منداڵەکانیان، ئەسڵەن هیچ خزمێکیشی، ئەویان بە کەسی خۆیان نەزانیوە. ئەمەش چونکە ئەو، بەپێچەوانەی بنەماڵە موسڵمانەکەی ڕەفتاری دەکرد و دەژیا. ئەمان هەموویان مەشرووبخۆر و قومارچی و تلیاککێش، ئەهلی زەوق و بەرازخۆر، یان کرێکاری ناو باڕ و دیسکۆ و ستریپتیزەکان؛ بەڵام ئەو دەیویست بیانهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و نان پەیداکردنی حەڵاڵ! ئیتر بۆیە هەموویان ئەویان بە "دەروون نەخۆش" یان "شێت" دەزانی! زۆر گوناح بوو ئەو گەنجە بوڵگارییە لەوێ بەتەنێ!

بەڵام لەناو هەموویان سەرنجڕاکێشتر، گەنجێکی خەڵکی ئەسفەهان، ناوی (ئەسفەندیار)، شیعە بوو، کە دەیگوت پێشتر لەگەڵ دوو برادەری دیکەی، چوبوون خۆیان لە ئەشکەوتی (هەزارمێرد) شاردبۆوە. پاش ئەوەی پۆلیس



Scanned with CamScanner

هەڵیکوتابووە سەریان، ئەو بەتاقی تەنیا توانیبووی خۆی دەرباز بکات و ئیدی خۆی گەیاندبووە ئەشکەوتەکەی ئێمە.

ئەسفەندیار کۆمپانیایەکی چنین و بەرهەمهێنانی جلوبەرگی لە شاری (ئەسفەهان) هەبووە، کەچی خوشکە گەورەکەی، تەنیا بۆنەوەی حیجاب نەپۆشێت و لەدەست سیستەمی ئیسلامیی ئێران ڕابکات، سەری خۆی هەڵگرتووە و چووە بۆ بەیرووت، لەوێ لەناو مەلها و کەبەرییەکانی ڕۆخ ڕووباری (جۆنیە) دەستی داوەتە کاری لەشفرۆشی. خوشکە بچووکەکەیشی، لە (دوبەی)، لە دیسکۆی ناو هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی، کە ئی ملیۆنێرێکی سعوودی بووە، بۆتە "ڕاقیسە". دایکیشی، چۆتە سلێمانی و لەوێ بۆتە جاسووس و جارجاریش گەوادیی بۆ بەرپرسە گەندەڵەکانی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکرد. خوشکە ناوەنجییە لە هەموویان جوانترەکەشی، لە هەولێر، لە "کۆمەڵگای لاوان"، لە شوققەیەک بەتەنیا دەژیا، سەرکردەی تۆڕێکی نهێنیی ئەو ژنە جاسووس و لەشفرۆشە *زۆر جوانانە* بوو کە لە بۆکان و تەورێز بەتایبەتیش لە تارانەوە پەیوەندییان پێوە دەکرد؛ ئەویش بە گانی دەدانە بەرپرسە گەندەڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە (٣٥٠) دۆلارێک.



Scanned with CamScanner

ئەسفەندیار پێش ئەوەی بێتە ناو ئەشکەوتەکەمان، دەیان جار لە ئەسفەهانەوە تکای هەموو دنیای لە دایک و خوشکەکانی خۆی کردبوو واز لەم پیشە پیسانەی خۆیان بهێنن و بێن پارەیان چەند دەوێت بەخۆرایی بیانداتێ بۆئەوەی کارێکی حەڵاڵ و شایستە بۆ خۆیان پێکەوە لە تاران یان لە هەر شارێکی پێیان خۆشە ئەنجام بدەن و هەر خۆشیان مودیری خۆیان بن، یانیش لە کۆمپانیاکەی خۆی دایانبمەزرێنێت؛ کەچی ئەوان، هەر چواریان، هیچ کامیان ڕازی نەبوونە و گوتبوویان:

- تا ئەو ڕۆژەی ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران حوکمی ئێران بکەن، ئێمە ئەم کارانەی خۆمان بە شەرەفمەندتر و باشتر دەزانین!

ئیدی ئەسفەندیاریش، پاش شەڕ و دادگا و حاشا لە یەکترکردن، دنیای لەپێش چاو ڕەش دەبێت و ڕوودەکاتە ئەم ئەشکەوتەی ئێمە لە داخان.

ئیبراهیم بە ڕدێنە تەنک و چەهرە نوورانییەکەی، پیرێکی زەردەشتی ناسا، خۆشەویست لای هەمووومان، گەلێک شەو وەختێ دەمدیت دەچوو لە بەردەم ئەشکەوتەکە دادەنیشت و بێدەنگ تەماشای مانگی دەکرد؛ بە دەرفەتم دەزانی بچم -بێ ئەوەی کانیلەی بیرکردنەوەکانی

بشلەقێنم- لە نێزیکی ئەو دابنیشم بەڵکو پرشنگی پەیڤ و ناخاوتنێکی، ڕۆحی تاریکم ڕووناک بکاتەوە.

بە بیرمە شەوێک، من لە نێزیک ئیبراهیم دانیشتبووم، گەنجە بولگارییەکە لەگەڵ ئەسفەندیاری ئەسفەهانی، بۆ یەکەمین جار پێکەوە، هاوسۆز، پیاسەیان دەکرد.. بەدەم قسەوە هێدی هێدی لە ئیبراهیم نزیک دەکەوتنەوە. گەنجە بولگارییەکە ڕووی کردە ئیبراهیم:

- بابۆ!

(ئیبراهیم) عادەتی بوو لە وەڵامی ئەودا دەیگوت: "ها، بابۆ..؟!". ئنجا هەستایەوە.

گەنجە بولگارییەکە بە ئیبراهیمی گوت:

- ئەمشەو، لەگەڵ ئەسفەندیار، دڵمان زۆر تەنگە.

منیش هەستامەوە.

ئیدی هەر چوارمان بەپێوە لە بەردەم ئەشکەوتەکە؛ لەو شەوە فێنک و سامالەدا دوو باڵندەی جریوە نامۆ، یەکێکیان بەسەر دارکاژەکەی دەستە ڕاستی بەردەم ئەشکەوت، ئەوەی تریش پێدەچوو بەسەر لقی بەرزی داربەڕوویەکی



Scanned with CamScanner

چەپمانەوە، نەرم نەرم دەیانخوێند. بەهۆی پرتەوی سپی سپی سپیی مانگەشەو کە دەیدا لە ئاستانەی ئەشکەوتەکەمان، دنیا دەتگوت بوڵێڵێکی ڕەنگینە.

ئیبراهیم بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک لەبارەی هۆی دڵتەنگییەکەیان بکا، تەماشای سەگەکەی نێوان خۆی و ئەوانی کرد کە لەپەڕوو کڕکڕ هەڵتووتابوو. ئنجا دڵکارانە، تەماشایەکی ئاسمانی کرد و کەوتە دڵدانەوەی هەر سێکمان:

- ئەگەر لە سۆنگەی لەسەرحەق بوونت، تۆ هیچ کەسێکت نەما خۆی بە کەسی تۆ بزانێت، یان ئەگەر تۆ خۆت بە ویستی خۆت دەستت لە هەموو کەسەکانت هەڵگرت چونکە نەیانویست لای حەق بگرن؛ ئەوا مسۆگەر خودا لە داهاتوودا هەموو کەسێک والێدەکات ببن بە کەست. کەسە ڕاستەقینەکانیشت، کە تۆیان فڕێ دابوو، خۆزگە دەخوازن ببنەوە کەست.

نەک ئیبراهیم، بەڵکو ئێمە هەمووومان –ئەگەرچی بە خواستی خۆمان هاتبووینە ئەوێ و لەیەکتر کۆببووینەوە، بەڵام- هەستماندەکرد کە هەمیشە گفتوگۆ و گفتوگۆ و گفتوگۆ لەبارەی ڕەهبەتی دین و دنیا و دیدە جیاوازەکانمان،



Scanned with CamScanner

حەیف، نەیدەگەیاندینە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆ کە بەختەوەر و ڕازیمان بکات: لە هەڵچنینی ئومێدێکی بێسوود و دڵی یەکتر دانەوەیەکی ڕۆتین زیاتر.

ئەمە ڕاستییەک بوو، زۆربەمان، هەستمان باش باش پێی دەکرد.

ئەو چەند هاوڕێ بوێرانەشمان کە لە چەند سەردەمێکی جیاواز بڕیاریان دا جەسوورانە ڕچەی زوهد و گۆشەگیرییەکە بشکێنن و بچنە دەرەوە (تەنانەت بەڵێنیان پێمان دابوو خاترجەم دەنگوباسی دەرەوەشمان بۆ بهێننەوە)؛ زۆر بەداخەوە هەر ئەو ڕۆیشتنەیان بوو ئیتر نەگەڕانەوە. دیار بوو کوژرا بوون، یان ئیعدام، یانیش ڕەنگە گیرابوون و لە حەپسخانە بەندیان کردبوون. ئەمەش، وای لە هەموومان کردبوو چیتر کەسمان جەسارەت نەکەین ڕێگای چوونە دەرەوە و بەجێهێشتنی ئەشکەوت بگرینە بەر.

بەهاری ڕابردوو، (یەڵماز) و (ناسر شەیدا)، کە جەسارەتیان کرد ئەوانیش لوتف بکەن و بچنە دەرەوە، کەچی (یەڵماز دووای سێزدە ڕۆژ، ناسر شەیداش پاشی بیست ڕۆژ) هەردووکیان، هەر بە ڕاکە ڕاکە گەڕانەوە لامان و دەیانگوت ژیانی زوهدی ناو ئەشکەوتەکەمان گەلێک شەرەفمەندانەترە لە ژیانی پلۆخ و پارەپەرستی و دڕندانەی ئەوان!



Scanned with CamScanner

- ئێمە دەرەقەتی ئەوان نایەین.
- بەڵام ئاخر ناشکرێت تا هەتایە هەر لەناو ئەم ئەشکەوتە بمێنینەوە!
- ئێمە لە جێگایەکین ناچێتەوە سەر هیچ ڕێیەک.
- چ پکەین یاڕەب!؟
- کەی بیرێکی نوێ، یان چارەسەرێک دەمانخاتە سەر پریارێکی یەکلاکار؟
- ئەوا چووینە دەرەوەش، لەوێ چ پکەین؟
- ئاخر بە ئێمە چی دەکرێ؟

ئەم پرسیارانە و چەندانی دیکەش، هەمووومان لە خۆمان دەکرد بەڵام بێ وەڵام دەماینەوە لە هەمبەریان- بە دوو گەنجە بوڵگاری و ئەسفەهانییەکەشەوە، کە ئەو شەوە لە ئاستانەی ئەشکەوتەکەدا، ئەکوانی دڵی منیان یەکجار خرۆشاند بە ناساندنی ئەحواڵی خۆیان.

ئیبراهیمی ژیر، بە دەنگێکی تژی لە دڵگەرمی و دۆستایەتی، کەوتە ئامۆژگاری کردنمان:

- بە ڕای من، ئینسان، هێندە بەسە بێت بەڵێنێک بداتە خۆی، بەڵام بەڵێنێکی قورس، کە لە خۆی زیاتر بە هیچ کەسێکی دیکە جێبەجێ نەکرێت.. بەڵێنێکی بەڵێن!.. یانیش، ئەگەر ئیماندار بێت ئەو کەسە؛ بەڵێنێک بداتە خودا.



Scanned with CamScanner

ئنجا گوتی:

- یان بێت سوێند بە سەری خۆشەویستترین کەسی خۆی بخوا، یان قەسەم بە شتێکی بەهادار کە باوەڕی پێی ماوە؛ بڵێت کە هەر و هەر دەبێ ئەو کارە بکات کە دەیەوێ!
بەڵێن بداتە خودا بۆ نموونە کە لە خۆی نابوورێت تا خێرێکی مەزن لەپێناو خوا نەکات.

دوو گەنجەکە زەینی خۆیان دابووە پەیف بە پەیڤی قسەکانی ئیبراهیم:

- بە خۆی بڵێت (دەبێ کارێکی جیاوازی هێند باش بکەم کە بە خۆشم باوەڕ نەکەم توانیومە بیکەم)! ئیللا و بیللا دەبێ بتوانم ئەو فڵانە کەسە، لەو میحنەت و دەردەسەرییە ڕزگار بکەم!

من لە دڵی خۆمدا گوتم: ئیبراهیم ڕاست دەکا! ئەم سوێند و بەڵێن بە خۆ دانە، هێز و متمانەی کەسەکە پتەو دەکات: چونکە ئەگەر جێبەجێی نەکات ئەوا لەهەمبەر خۆی و خەڵک شەرمەزار دەمێنێتەوە. ئەم بەڵێن بە خوا و بە خۆ دانە، ئیرادەیەکی ئەوتۆی پێدەبەخشێت کە سەرکەوتووی بکا لە داهاتوودا.



Scanned with CamScanner

ئیبراهیم دیسان بێدەنگییەکەمانی شلەقاند:

- گرنگ تەنیا یەک شتە: بڕیاردان! واتە بەڵێن بە خۆ دان، یان پەیمان بەستنێک لەگەڵ خودا. ئیدی، لەمە بەدووا، لەخەو هەستان، یان بەرەو کار چوون، چیتر نابێتە ڕۆتین و ئەرکێک، بەڵکو هۆگری ژیان و ڕۆژگارت دەکا.

ئیبراهیم عادەتی بوو، لە کۆتایی هەر قسەیەک حەزی نەکردبا درێژەی پێ بدا، دەیگوت: " من وا تێدەگەم".

ئەم پەیڤانەی ئیبراهیم، لەژێر تیشکی مانگەشەوی بەردەم ئەشکەوتەکەمان، کە دڵی دوو گەنجە بوڵگاری و ئەسفەهانییەکەی خرۆشاندبوو، لە کانگای غەمگینی منیشدا - منێک کە بزربوونی باوکم، یان نەدۆزینەوەی قەبرەکەی، بێ ئەندازە هەراسان و دەستەپاچەی کردبووم- عەینەن عەکسی مانگ وابوو لەناکاو بکەوێتە ناو حەوزێکی لیخنی ڕۆحم و ڕووناکم بکاتەوە.

هەر ئەو شەوەش بوو باوکم (بابۆی شیرینی خۆم) هاتە خەونم: نیوەی سەرەوەی عەینەن گامێشێکی سەرپڕاو، بە لای چەپدا کەوتبووە گیانەڵا، لەناو خوێنی خۆی دەگەوزا و چاوەکانی گەش گەش بانگیان دەکردم. منیش ئەندامەکانی



Scanned with CamScanner

نالێنم یەک یەک دەیاننالاند بۆی: چونکە بابۆی من تەنیا بوو. سامناکانە تەنیا بوو!

من لە کانگاوە غەریبیم دەکرد، غەریبیی کردەوە سەیر و چاک و جوانەکانی، غەریبیی قسە لەسەر حەق و سەمەرەکانی.

خەون زۆر سەیرە! هەر زوو دیتم ئەمە تەنیا من نەبووم کە تەماشای لالانەوەی (بابۆ)م دەکرد، بەڵکو خەڵکێکی زۆر لە دەورم بوون. بەبیرم نایەتەوە کێ بوون، لەکوێ بووین؟ بەڵام پێکەوە تەماشای بابۆمان دەکرد. هەمووومان، بە ڕۆح و جەستە ئاتاجی ئەو بووین؛ دەمانویست بچین ڕزگاری بکەین بەڵام نەماندەزانی چی بکەین و چۆن ؟!

بابۆ هەر دەلالایەوە و ئێمەش نەماندەزانی چۆن بتوانین بچین ڕزگاری بکەین:

- بابۆ.. ۆ..
ب.. ا.. ب.. ۆ.. ۆ.. ۆ ..

لەو دەمەدا بوو لە خەونەکەم ڕاچڵەکیم و سبحان الله پاش کەمێک بیرکردنەوە یەکسەر بڕیارم دا کە من دەبێ بەڕێ



Scanned with CamScanner

بکەوم؛ ئەشکەوتەکە بەجێ بهێڵم و بڕۆم بەدووای باوکمدا بگەڕێم!

ئیبراهیم کاتێ بینیمی لە خەو هەستاوم خەریکم بەو شەوە خۆم کۆدەکەمەوە، ئەویش لە خەو ڕابوو. کەوتە یارمەتیدانم بۆ خۆئامادەکردن و ڕێکخستنی ئەو سەفەرە لەناکاوەم، تەنانەت تا بەردەرگای ئەشکەوتەکەش لەگەڵم هات. ئەوکاتە، دنیا بولێڵێکی ڕەنگین ڕەنگین بوو.

من پێشتریش بۆ ئیبراهیم باسمکردبوو؛ چۆن پاش ئەوەی باوکم بێ سەروشوێن دەکرێت و دەیخەنە بیرەکە، بەدەم پرسیارکردن لە خزمەکانم، لە هاوڕێکانی باوکم، لەم شار بۆ ئەو شار هەر بەدووای دۆزینەوەی باوکم، دەگەڕام و دەگەڕام، ئەگەرچی بێسوود!

- تەواو.

بە خۆمم دەگوت: "ئەگەر لە ژیانیشدا نەمابێ، هیچ نەبێ بەهۆی دۆزینەوەی قەبرەکەی، بگەمە سەرەداوێکی چارەنووسی، حەقیقەتی، هەواڵەکانی"!

لە بەردەم ئەشکەوتەکە ڕاوستابووم، تەماشای ڕندۆڵە دوورەکەی بەرامبەر خۆمم دەکرد.. کەمێک ترسام!



Scanned with CamScanner

ئیبراهیم پێی خۆش بوو دەڕۆم. دڵگەرمانە ئامۆژگاریشی دەکردم. ئەمەش چونکە ئەم لەناکاو کەڵکەڵە کەوتنە کەللەیەم بۆ دۆزینەوەی باوکم، لای ئیبراهیم، وەک ئەوە وابوو من بمەوێ بەدووای (خودا) بگەڕێم. دەیگوت:

(چونکە تۆ دەچی بەدووای دۆزینەوەی حەقیقەتێک دەگەڕێی کە جارێ دەرکت پێی نەکردووە، لەسەرحەق بوونێک ڕزگار دەکەی کە ئی خودایە).

زۆر دەترسام، چونکە لەمێژ بوو دەرەوەم نەدیبوو.

پێش ئەوەی بەرێ بکەوم، ئیبراهیم ئاگاداری کردبوومەوە کە لە دەرەوە نابێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی خەڵک بەڕاست و دروستی بدەمەوە! پێی گوتبووم تەنانەت دەبێ لە زۆربەی کاتەکانیشدا، تا پێمدەکرێ درۆ بکەم، وەک ئەوان لە سەرەتادا هەر درۆ بکەم، درۆ بکەم تاکو ناچار باوەڕ بە قسەکانم دەهێنن لە کۆتاییدا.

دەیگوت:

- ئەم مەخلووقاتە سەمەرانەی دەرەوە گەلێک زمان دەزانن، درۆزنترین نەوەی بەشەرن لە مێژووی تۆرەمەی مرۆڤایەتیدا.



Scanned with CamScanner

ئیبراهیم ئامۆژگاریی ئەوەشی کردبووم کە پێویستە یەک حەقیقەت چیە وەک خۆی -بە ئەندازەی سەرە دەرزییەکیش چیە- لەبارەی ئامانجەکانم، هەروەها لەبارەی ئێستا و ڕابردووی باوکم و هیچ یەکێک لەو هاوڕێیانەی ناو ئەشکەوت و پەیوەندیمان بەیەکتر، لەلای ئەو خەڵکەی دەرەوە، بە هیچ شێوەیەک نەدرکێنم.. چ جای ئەوەی ناویان و شوێنیان و خەڵکی کوێن!

ئیبراهیم دەیگوت کە دەبێ هەمان جۆری جلوبەرگی ئەوانیش بپۆشم، بۆ هەر کوێیەک چووم، وەک ئەوان ڕەفتار بکەم و قسە بکەم و نان بخۆم و بجووڵێمەوە؛ زمانی ئەوانیش -بە هەر زمانێک قسە بکەن- دەبێ بەتەواوەتی وەک خۆیان فێر ببم:

- بۆیە دەبێ هەر لە سەرەتاوە زۆر باش سەرنجیان بدەیت و لێیان باش باش ورد ببیتەوە، داب و نەریتیان چۆن بوو و چۆن هەڵسوکەوتیان کرد، پێویستە تۆش دەقاودەق وەک ئەوان بکەیت، ئەگینا دەتناسنەوە!
ئەگەریش خوا نەخواستە بتناسنەوە، ئەوا ئیدی هەرگیز لەدەستیان ڕزگارت نابێت و تێدەچی!".

ئیبراهیم، پێش ئەوەی بەڕێ بکەوم (زۆر باشی کردبوو) چووبوو هەرچی پارەم هەبوو، بە درهەم و دینار و خووردەکانیشەوە، لە باخەڵمی دەرهێنابوو. هەروەها ئەو سێ پەساپۆرتەی لە سەرەتای هاتنمەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە پێم بوون، لەناو جانتاکەمدا تەقەتی کردبوون و تێشی گەیاندبووم بزانم کامەیان لەکوێ پیشان بدەم؛ کامەیان کەی بشارمەوە؛ کامەشیان کەی فڕێ بدەم، ئەوەک ببنە هۆی گیرانم:

- ئەم پەرداخە زێڕینەی شەڕاب، ئی یەکێک لە پاشا ساسانیەکانە!

"یەڵماز دەیگوت ئەم پاشماوە دێرینانەی ئەشکەوت، لە دەرەوە پارەیەکی خەیاڵی دەکەن!".

ئیبراهیم گوتی:

- هانێ، بیخە جانتاکەت؛ لە دەرەوە بۆ خۆت بیفرۆشە!

"ناسر شەیدا دەیگوت: بەرماڵە کۆنەکەی منیان بە سێ هەزار دۆلار لێکڕی، چونکە مۆری عوسمان کوڕی عەففانی



Scanned with CamScanner

لێدرابوو". "دەشیگوت: نەمدەزانی ئەم ئەشکەوتەی ئێمە شتی هێندە بەهادار و سەمەرەی تێدایە!".

- ئەم مۆمدانە حەوتەوانەیەش، ئەمەش هەر زێڕە.

ئەویان زۆر قورس بوو!

ئەویشم لێ وەرگرت؛ لێی وردبوومەوە.

- ئەم خەنجەرە نیوگەزییە چوار قامک دەم پانەش!

ئیبراهیم ئنجا چوارەمین پارچەی زێڕینی لە هەگبەکەی خۆی دەرهێنا و پیشانی دام:

- لەگەڵ ئەم ئەنگوستیلەیەش، ئی ژنی کیوومەرس پاشایە.. تەماشای کە: سەری، بە دەنکێک "زومڕود" چنراوە!

ئنجا هەموو ئەمانەی خستە جانتاکەم و بە پشتی خۆم دادا.

- دە بڕۆ.. خودا یارت بێ!

ئیبراهیم دووپاتی کردەوە:



Scanned with CamScanner

- بەڵام ئاگاداربە؛ نابێ هیچ کەس هەستت پێ بکات کە لای ئێمەوە هاتووی: ئەگینا لەناوت دەبەن و بە حەیاتت چیتر ئێمە نابینیتەوە!.. ها!

تا لە جۆبارەکە پەڕیمەوە ئیبراهیم چاوی هەر لێم بوو:

- قسە و کارێکی ئاوها نەکەی بتناسنەوە!

لە ئەشکەوتەکە کەمێک دوور کەوتبوومەوە، لەسەر شانی ڕاستم ئاوڕێکم بۆ ئەشکەوتەکەمان دایەوە، ئیبراهیم هێشتا لەودیو جۆبارەکە راوەستابوو، دەستێکی هەڵتەکاند:

- چاوەڕوانتین! لەبیرمان نەکەی..!

ملی ڕێگەم گرت و لە دڵی خۆمدا گوتم:

"هەرگیز".



Scanned with CamScanner

## (٢)

ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد هەرگیز ڕووبدات، ڕووی دا !

دەستم لە پشتەوەڕا کەلەپچە، پێم زنجیر، چاوەکانیشم بە پەڕۆیەکی ڕەش توند بەسترابوونەوە؛ دەڕۆیشتم بەدووای دەنگی پێی سێ پۆستاڵڕەش (یەکەمیان پاژنە سوور، دووەمیان پاژنە سەوز، سێیەم: شین). تەق، تەق، تەق.. لە پێشم، لەسەر کاشییەکی سپی سپی سپی (کە لە کەلێنی پەڕۆ ڕەشەکەی سەر چاومەوە دەمدیت) هەنگاویان دەنا، منیش بەدووایاندا دەڕۆیشتم:

"ئای بابۆ گیان!<br>
گەڕان بەدووای تۆ، بەکوێی گەیاندم!"<br>
"چن ئەمانە؟".

لەناکاو ختوورەیەک هات بە دڵمدا: "تۆ بڵێی هەر لێرە لەناو ئەم زیندانە سەمەرەیەدا نەتدۆزمەوە؟!".

بۆن تەگە، بۆن دڕن، هەندێ جاریش بۆنی خوێنی گەنیو لە ڕێڕەوەکەی تێپەڕمان دەکرد، دەهات. هەروەها بۆنی ناخۆشی حەیواناتێک نەمدەزانی چ بوون!

لەناکاو ڕایانگرتم!



Scanned with CamScanner

دەستێک بوو، لە پشتەوەڕا، قورس، لەسەر شانی ڕاستم.

ئنجا گوێم لە دەنگی جیرەی دەرگایەکی ئاسنین؛ دەنگی دایەوە. دەرگاکەی بەردەمم بوو کرایەوە. ئنجا دەستەکە بەسەر قۆڵنجی ڕاستمەوە، لەناکاو توند پاڵێکی پێوە نام و فڕێی دامە ژوورێکی بچکۆڵەی ئینفرادی:

- تا خۆمان پێت نەڵێین، نابێ چاوت بکەیتەوە!

بەسەر لاشانی چەپمدا کەوتم، بەشێوەیەک لاسەرم بەر دیوارەکە کەوت؛ ئازارێک سەخت هێری کردم.

تا ماوەیەک بە هەمان شێوەی هەڵپەسێردراو بە دیوارەکەوە، لەسەر لاتەنیشت، نەمتوانی جووڵە بکەم و خۆم ڕاست بکەمەوە.

دەرگا ئاسنینەکە لەودیو کلۆم درا. گوێم لێ بوو لە خوارەوەشڕا قفڵ. پاشان، کاتێ زانیم پۆستاڵڕەشەکان دوورکەوتوونەتەوە؛ هەوڵمدا خۆم بهێنمە سەر بارێک.

لە توێی درزێکی تەنگەسێری نێوان چاوم و پەڕۆکە ڕەشەکەوە، کە تاقە کەلێنێک بوو جیهانی دەرەوەی لێوە بەدزییەوە تەماشا بکەم (سەرەڕای ئەوەی دەستەکانم لە پشتەوەڕا کەلەپچە) هەوڵمدا جووڵەیەک بکەم و بتوانم لەناو



Scanned with CamScanner

ژوورەکەمدا هیچ نەبێ چەند سانتیمەترێکی دەوروبەری خۆم ببینم.

توانیم لەژێر پەڕۆ ڕەشەکەوە پێڵووەکانی چاوم جووڵە پێ بکەم و فێڵی ئەوە بەکار بهێنم کە ئەگەر ویستم تەماشای بڵند بکەم، سەرم کەمێک هەڵبڕم و ملم بەرەو پشتەوە بنوشتێنمەوە.

ژوورێکی هەناسەکوژ، زۆر بچووک دیار بوو. بۆنی میز و گووی لێ دەهات.

ئنجا لەناکاو چەند دڵۆپە خوێنێکم دیت؛ ترسام.

دەترسام لەوەی پاش چەند خولەکێکی دیکە دووبارە بێنەوە بمبەن بۆ یەکەمین لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدانەکان! ئەگینا بۆچی چاوم ناکەنەوە و کەلەپچەم لەدەست داناکەنن؟

- بوتڵی شەڕابت لە قوون ڕا دەکەن!
- کارەبات لێ دەدەن!
- فڕێت دەدەنە ژوورێکی زۆر بچکۆڵەی پڕ لە جرج و مێرووی ژەهراندار.
- ئاوی کوڵاوت پێدا دەکەن!



Scanned with CamScanner

(یەڵماز) و (ناسر شەیدا)، کە پێش چوونەدەرەوەی من، کاتێ لە ئەشکەوت هاتبوونە دەرەوە و ملی هەمان ئەم ڕێگا سامناکەی منیان گرتبووە بەر؛ ئەوان بوون ئەم زانیاری و هەواڵانەیان لەبارەی ئەم مەخلووقاتە بێ ویژدان و دڕندانەی دەرەوە، بە ئێمە گەیاندبوو.

هاوڕێکانمان، لە دەمی ناسر شەیدا و یەڵمازەوە، هەموویان لەناو یەکتر بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە:

- دەڵێن لە دەرەوە دنیا زۆر گۆڕاوە!
- خەڵک گۆشتی کەر دەخۆن..
- لە برسان؟!
- لەناو شەقامە ئاپوورەکاندا سەدان کەس بە جارێک، بەدووای گامێشێک دەکەون و هۆیهای لێ دەکەن! گامێشی بەستەزمانیش، لەدەستیان شێت و هار، نازانێ چ پکا لەدەستیان!
- ئەو هەموو تانک و بۆمب و گازی کیمیاوی و ناپاڵم و ڕۆکێتانە، ئەو هەموو فڕۆکە جەنگییانە، کە لە ماوەی یەک دەقیقە، پێینج هەزار مرۆڤ بەجارێک لەناو دەبات!
- هیچ کەس ڕەحم بە هیچ کەس ناکا لەوێ!

بەڵام ئەوەی لە هەموو هەواڵێک زیاتر زەندەقی ئێمەی برادەرانی ناو ئەشکەوتی بردبوو، وایلێکردبووین کەمتر بیر



Scanned with CamScanner

لەوە بکەینەوە بوێرین لە ئەشکەوتەکە بچینە دەرەوە، ئەوە بوو کە (ناسر شەیدا) دەیگێڕایەوە:

- مرۆڤێک دێنن، بە هەمان ڕۆح و جەستەی خۆی، دانەیەکی دیکەی لێ دروست دەکەن، دەقاودەق وەک خۆی، بە هەمان جەستە و عەقڵ و خاسیەتەکانی خۆی! ئەمەش پێی دەڵێن (فۆتۆکۆپیی مرۆڤ).
نیتر، ئەم مرۆڤی دووەمە دەنێرن بۆ شوێنێکی دیکە، یان دەینێرن بۆ وڵاتێکی دیکە، ئامانجەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤە ئەسڵییەکە ڕەنگە هەر ئاگاشی لێ نەبێت، یان هەر باوەڕیشی بەو شتانە نەبێت کە کۆپیکراوەکە دەیانکات و دەیانڵێ!

ناسر دەیگوت:

- دووریش نیە، ئەوەی یەکەمیان هەر "زیندان" بکەن و دووەمەکە بنێرن بە ناوی یەکەم ڕەفتار بکات.

ئێمە هەمووومان لەو قسانەی (ناسر) باسی دەکرد، چاش مابووین:



Scanned with CamScanner

- ئەم کارە ترسناکە لەناو زیندانێک ئەنجام دەدەن کە کەس نازانێت ئەو زیندانە لەکوێیە!

ناسر دەیگوت:

- بەڵام ئەوەش هەیە دەڵێن هەموو بەندکراوێک فۆتۆکۆپی ناکەن، بەڵکو تەنیا ئەو حەپسکراوانە هەڵدەبژێرن کە خۆیان مەبەستیانە. هەموو ئەم شتانەش لە چەند سەرکردەیەکی باڵا زیاتر، هیچ کەس بۆی نیە پێی بزانێت!

ئەوە بۆچی نەمکرد ئەوکات لە ناسر بپرسم ئاخۆ ئایا ئەم کردەوە نهێنییە لە کام شار ئەنجام دەدەن؟ یان لە کیهان وڵات؟

ئایا ناسر خودی خۆی چووبووە ئەو شارانەی ئەم کارانەیان تێدا ئەنجام دابێت؟ یان.. بەڵام.. خۆ.. باشە، ئنجا.. من چۆن بزانم لەو شارە نیم کە ناسر باسی دەکرد؟ یان لە هەمان زندان نیم و لە داهاتوودا منیش بە هەمان دەرد نابەن و نامسڕنەوە؟ ئەدی باوکم؟ باوکم..!؟ ئۆف.. چ دۆخێکە تێی کەوتووم ئەی خودایە؟ تۆ بڵێی باوکیشم، بە هەمان شێوە.. خۆ ڕەنگە باوکمیان هەڵبژاردبێت.. لە دەستیان دێ.. لەوانەیە.. ڕەنگە هەر بۆیەش بێ سەر و شوێن ماوەتەوە.. تۆ



Scanned with CamScanner

بڵێی؟.. سەیرە! نەکا باوکیشم لە هەمان ئەم زیندانەی من بێت.. تۆ بڵێی ئەویشیان کۆپی کردبێت؟

ئەی خودای گەورە، ئەم گومان و بیرە هەڵبزرکاوانە چین بە خەیاڵمدا دێن لەناو ئەم ژوورە ئینفرادییەمدا! .. سەیرە! خۆ دووریش نیە وابێ! نەخێر. نا. ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێ ناچێ.. چونکە.. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە من هیچ پەیوەندییەک لەنێوان مەسەلەکان و هۆکاری گیرانم نابینم .. گرفتی من ئەمەیە کە ناتوانم پەیوەندییەکان بدۆزمەوە.. گەلێک لە شتەکانم بیر چوونەتەوە.. باش بوو فریا کەوتم پەساپۆرتە ساختەکەم زوو لای خۆم نەهێڵم.. هەر چۆنێک بێ.. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە من بمزانیایە ئایا ئێستا من لە کام وڵاتم؛ لە زیندانی کام شار حەپس کراوم؟ بەڵێ ئەمە لە هەمووی گرنگترە.. جا چۆن بزانم؟ دەبێ ئارام بگرم. بەڵێ، تا ئەوکاتەی بانگم دەکەن و لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکەن! ئەوکاتە بێگومان دەردەکەوێ من لەکوێم و لە کام شارم؟ ئاخر.. ئەرێ چەند جار بوو لە ئوتومبیلێک دایانبەزاندم و سواری ئوتومبیلێکی دیکەیان کردمەوە؟.. ئنجا هەر بە چاوبەستراوەیی پشوویەک.. دیسان سواربوونەوەی ئوتومبیلێکی دیکە.. ئنجا سەرکەوتن بەسەر ئەو هەموو قاڵدرمە ناسنینانە.. ئنجا سواری جێبێکی سەربازی، پاشان لە کۆتاییشدا ئوتومبیلێک، کە هەر لە فرۆکە دەچوو .. یان بە



Scanned with CamScanner

ئاسمانەوە بم.. ئەدی ئەو هەموو پەیژە ئاسنینانەی سەرکەوتم؟ دەنگێکی سەیریان لێ دەردەچوو لەکاتی ڕۆیشتندا.. سەیر بوو.. خۆ لەوانەشە.. بڵێم چی.. من شتەکانم هەمووی بیر نایەتەوە.. لە هەموو ئەو ماوەیەشدا چەندین جار، زۆر درێژخایەن، نوستووم و هەڵساومەتەوە، نوستووم و هەڵساومەتەوە.. دەبێ بۆ شوێنێکی زۆر دوور گواسترابێتمەوە.. بەردەوامیش چاوبەستراو.. ئاخر چۆن توانیبام شتەکان ببینم و بناسمەوە؟ هەر چۆنێک بێ، تەخمینی ئەوە دەکەم زیاتر لە چل و هەشت سەعات لەناو ئوتومبیل بەڕێگەوە بووم تاکو منیان هێنایە ئێرە بۆ ناو ئەم زیندانە! باشە بەڵام من چۆن بزانم لە کام شارە حەپسخانەکەم؟ یان ئەسڵەن لە کام وڵاتم؟! باشترین شت ئەوەیە ئارام بگرم.. ئارام بگرم.

- سوودیان لە زانست و پسپۆریی فیرعەونەکان وەرگرتووە؛ یەکەم جار هاتوون تاقیکردنەوەیان بەنهێنی لەسەر مەڕێک ئەنجام داوە، ئنجا هاتوون لەسەر مرۆڤ جێبەجێیان کردووە!

لە ژوورە ئینفرادییەکەمدا هەر دوو دەستم لەپشتەوەڕا کەلەپچە، پشتم بە دیوارێکی سارد؛ کاتێ ئەم قسە هەژەندانەی (ناسر)م بیردەکەوتەوە، مەترسیی کۆپی کردنی باوکم دەتگوت خەنجەرێکە و لە دڵم دەدرێ.



Scanned with CamScanner

لەکۆتاییدا دڵی خۆم بەوە دایەوە کە نەخێر من زۆر ماندووم و تازەیە حەپس کراوم، یەکەمین جاریشە لە ژیانمدا زیندان دەبینم، ئیدی لەم دۆخە ناجۆرانەشدا، دیارە ئاساییە ئەم جۆرە ئەندێشە خەتەرناکانە لە بیری مرۆڤدا چەکەرە بکەن. بە تەمای خوا!

ڕاستییەکەی، ئەم هەواڵە سەیر و سەمەرانەی (ناسر) بوو وایکرد دوواتر خوێنی ئازایەتی بە دەمارەکانی (شەهرام) و (یوونس)دا بگەڕێت و کەڵکەڵەی ئەوە بکەوێتە سەریان ئەشکەوتەکە جێ بهێڵن و ئەوانیش ڕووبکەنە دەرەوە! بەڵام مخابن؛ تا ئەو ڕۆژەش کە من لەوێ مابووم، هیچ کامێکیان نەگەڕانەوە لامان تا بزانین ئاخۆ ئەم دەنگوباسانە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە کۆپی کردنی مرۆڤەوە هەیە، تا چ ڕادەیەک ڕاستە؟

ئنجا کێ ناڵێ یوونس و شەهرامیش لەناو هەمان ئەم زیندانەی مندا نین؟ تۆ بڵێی؟ یانیش ڕەنگە لێرە ماوەیەک زندانیان کردبن پاشان ڕەوانەیان کردبن بۆ حەپسخانەیەکی لەمەی ئێستای من زۆر سەمەرەتر! یانیش لەناو بەندیخانەیەکی تردا خۆیان کوشتبێ! خۆ هیچ دوور نیە. بەڵام نەخێر، چونکە ئیبراهیم نەگەڕانەوەی (یوونس)ی وا لێکدەدایەوە کە (یوونس) بەهیچ شێوەیەک (لە زمانی خۆی



Scanned with CamScanner

زیاتر) هیچ زمانێکی دیکەی نەدەزانی.. ئێ ئەو خەڵکەی دەرەوەش نەیانتوانیوە لێی تێ بگەن! ئیبراهیم دەیگوت:

- ئیدی (یوونس) ڕەنگە بۆیە کاتێ گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ناتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەو مەخلووقاتە دڕندانەی دەرەوە بکات و نەشیتوانیوە زمانەکەیان فێر ببێت، یانیش پاش ئەوەی بەدەستیانەوە شەکەت و بێ هیوا بووە، نائومیدانە ڕەنگە سەری خۆی هەڵگرتبێ بەرەو وڵاتێکی دوورەدەست ڕایکردبێت و ئێستا لە کیشوەرێکی دیکە ئەسیر کرابێت، یان بە پەناهەندەیی لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەورووپا ژیان بباتە سەر و ئێمە هەر ئاگامان لێی نەبێ!

"مرۆڤێک دێنن، لە هەمان ڕۆح و جەستەی خۆی، دانەیەکی دیکەی لێ دروست دەکەن وەک خۆی"!

چاوبەستراو، دەمویست ئەم قسەیەی ناسڕی هاوڕێم لەبیر خۆم ببەمەوە، بەڵام چەندی دەمکرد و دەمکرد نەمدەتوانی بەسەر نائارامیی خۆمدا زاڵ بم، بە خۆمم دەگوت:

" کێن ئەمانە ئەی خودا؟
چ جۆرە دڕندەیەکی سەرووی ژیریی مرۆڤن ئەمانە!



Scanned with CamScanner

بێگومان تەنیا چەند سەربژاردەیەکی سەرکردەن کە ئەم توانا لە خەیاڵ بەدەرەیان هەیە! خوا نەکا هەمان ئەوانە بن کە ئەم زیندانە بەڕێوە دەبەن!

گوێم لە هەناسەی ساردی خۆم بوو لە ژوورە ئینفرادییەکەمدا دەنگی دایەوە: "تووشی چ بووم! من موستەحیلە تازە بتوانم دەرەقەتی عەقڵی هێزانداری ئەم مەخلووقاتانە بێم و بتوانم لەدەستیان ڕزگارم بێ".

دەبێ دانی پێدا بنێم: من تا حەپس نەکرابووم ئەم قسانەی ناسر شەیدای هاوڕێم بە هەند وەرنەگرتبوو، یانیش ڕەنگە بیرم لە مەترسیی ئەو حەقیقەتانە نەکردبێتەوە لەبارەی توانای لەرادەبەدەری ئەو دڕندانەی کە ئەمڕۆ جیهان بەڕێوە دەبەن!

خۆ لەوانەشە ژیانم لەناو ئەشکەوت، حەقیقەتی مرۆڤی لەبیرم بردبێتەوە! هەرچۆنێک بێ، پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد یەکجار بەم شێوەیە بن! بەڵام دەبێ ئارام بگرم! دەبێ ئارام بگرم بەڵکو هێدی هێدی شتەکان ڕوون ببنەوە و بەرچاوم ڕوونتر ببێ. پاشان کێ دەڵێ ئەو قسانەی ناسر دەیگوت، ڕاست بن!



Scanned with CamScanner

ئەم گومان و پرسیارانەی هەراسانیان کردبووم، بە هیچ شێوەیەک پەشیمانیان نەدەکردمەوە لەوەی کە من بەهۆی گەڕان بەدووای باوکم تووشی ئەم زیندانە و تووشی ئەم مەخلووقاتە دڕندانەی ئێرە هاتووم. بە هەمان شێوە نائومێدیشیان نەکردبووم لەهەمبەر ئەو بڕیار و ڕێگەیەی هەڵمبژاردبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە قووڵایی ناخمەوە هەستمدەکرد ئەو مەراقەی لەپێناو دۆزینەوەی باوکم لە کانگامدایە، ئەو کەڵکەڵەیەی ساڵانێکی زۆر بوو کەوتبووە کەللەم، هیچ نەبێ بۆ دۆزینەوەی قەبرەکەی؛ هەمان مەراقە بۆ دۆزینەوەی خۆم و دەسنیشانکردنی چارەنووسی خۆشم.

ئنجاش کاتێ ئەو خەونەم بیردەهاتەوە بە باوکی خۆمم بینیبوو، وێرای ئەو قسانەی کە ئیبراهیم لە دووایین شەوی بەڕێکردنی مندا بە من و بە دوو گەنجە بوڵگاری و ئەسفەهانییەکەی سپاردبوون، ورەمیان بەرز دەکردەوە و گیانی پەرۆشی منیان ڕووناک دەکردەوە و بە خۆمم دەگوت: ئارام بگرم با !

دەستم لە پشتەوەڕا کەلەپچە، سەرم بەرز کردەوە؛ لە کەلێنی ژێر پەڕۆ ڕەشەکەی چاومی پێ بەسترابۆوە (کە تاقە کەلێنێک بوو بتوانم تەماشای ژیانی لێوە بکەم) هەوڵمدا



Scanned with CamScanner

تەماشایەکی ئەو دەرگا زەبەللاحە ئاسنینەی ژوورەکە بکەم، بزانم چۆنە؟

پانییەکەی مەترێک و چەند قولانجێک. بەرزاییەکەشی سێ مەترێک، تا دەگەیشتە چوار شیشی ئاسن لە خوارەوەی، کە پێنج کەلێنی لەنێوان من و دەرەوە دروستکردبوو: ڕووبەرێکی ئاسنینی چوارگۆشە بوو، لە دیوی دەرەوەڕا قفڵ درابوو (تەنیا ئەو کاتانە دەیانکردەوە کە خواردنیان بۆم دەهێنا).

تەنیا لەم پێنج کەلێنەوە بوو من دەمتوانی هەست و هوستی خۆم لە دنیای دەرەوە ڕابگرم: بزانم چ باسە، یان چم پێ دەڵێن، یان چم دەدەنێ؟

ویستم سەرم نەوی بکەم بزانم ئاخۆ لەودیو چ دەبینم و چ هەیە؟

دۆخی چاوبەستراوەیی و کەلەپچەکەم، هەروەها مەترسیشم لەوەی تازە فڕێیان دابوومە ئەوێ، پەشیمانیان کردمەوە. بەڵام کاتێ گوێم هەڵخست، دیتم گۆرانییەکی زۆر عەنتیکە، کە نەمدەزانی ئی چ گۆرانیبێژێکە، لە دوورەوە دەنگی دەهات.



Scanned with CamScanner

گۆرانییەکە بە زمانی عەرەبی بوو، لە شێوازی ئەو عەتابە و مەقامانەی کە گعێتلی و بەدەوییە عەرەبەکانی نێوان شاری (ڕەققە) و (مووسڵ) حەزیان لێیە، لەناو ڕێرەوەکانی ئەودیو دەرگا، وەک ئەوەی لە ڕێرەوێکی چۆڵ و هۆڵی خەستەخانەیەک دەنگ بدەنەوە، دەنگیان دەدایەوە.

دەنگی بەرز و دەنگدانەوەی گۆرانییەکە، نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک ناڵەی برینداری ئەو حەپسکراوانە بشارێتەوە کە لە دوورەوە –نازانم لە کام قاوشی زیندانەکە- ئەشکەنجە دەدران و هاواریان لێ بەرز دەبووە. لەو دەمەدا یەکسەر تێگەیشتم؛ ئەو عەتابە و گۆرانییە بەدەوییانە، دەنگیان هێندە زۆر بڵند کردبووە بۆئەوەی من (یان حەپسکراوەکانی دیکە) گوێمان لە هاواری ئەشکەنجەدراوەکان نەبێ!

چاوەڕوانی ئەوە بووم نۆبەتی منیش بێ؛ یان هیچ نەبێ بزانم ئاخۆ لەسەر چ تۆمەتێک حەپس کرابووم؟!

.. وەخت نەدەڕۆیی.



Scanned with CamScanner

(٣)

لەو تاریکورووونەی پشتمکردە ئەشکەوتەکە و ڕووم لەو ژیانە نوێیەی ناو سروشت، دڵنیا نەبووم ئایا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕۆیشتم، یان بەرەو ڕۆژئاوای باکوور.

جریوە جریوە خۆشەکانی دوو باڵندەی ژێر مانگەشەوی بەردەم ئەشکەوتەکە (باوکم جریوەی چۆلەکەی زۆر خۆشدەویست و منی واڵێکردبوو منیش زیاتر ئەو جووکەجووکانەی چۆلەکەم پێخۆش) یارەب، بەدەم ڕێگەوە، چەند جوان و دڵگیر، هەستی منیان دەخرۆشاند و لەناو دڵمدا دەجریوانەوە!

پێڵاوێکی کۆنم لەپێ، بەڵام قەمسەڵەیەکی کەمێک فشۆڵی گەرم -کە ئیبراهیمی هاوڕێم لەبەری خۆی کردبۆوە و پێمی دابوو- نەک جەستەم بەڵکو ڕۆحیشمی گەرم گەرم، چاویشمی گەش گەش، گەش بەو ئومێدەی کە دەمویست باوکم (یان هیچ نەبێ قەبرەکەی) بدۆزمەوە.

ئاسمان ساماڵ ساماڵ، بەناو ئەو پێدەشتە سەوزەڵان و پڕ سپیندارانەی جارجار دەلەنجانەوە و ڕێگەیان دەدام دوندی چیا سەرسپییەکان ببینم، هەنگاوم دەنا.



Scanned with CamScanner

کزەبایەک، شەماڵ شەماڵ، بۆنی گوڵی سەمەنبۆی بۆ دەهێنام، جار جار دەنووکی لە سەر و پرچم دەدا؛ هەستمدەکرد دەستم لەناو دەستی ژنێکدایە..

جانتا گەورە چەرمینەکەم، توحفە دێرین و سێ پەساپۆرتەکەم، تاخمی تراش و خاولییەک، چەند پارچە جلوبەرگێکم و هەندێ شتی تر تێدا بە کۆڵمەوە و.. دەڕۆیشتم.

هەر دەڕۆیشتم و دەڕۆیشتم، بەڵام لە هیچ گوندێکی وێرانکراوی سووتێندراو بە دەستی بەشەر، کاتێ ڕادەوەستام و زەینی خۆم دەدایە دوندی شاخێکی دەستەڕاستی خۆم، نەمدەزانی لەکوێم!

هەر دەڕۆیشم و دەڕۆیشتم، بەڵام لە هەر جێگەیەک کە دادەنیشتم و کاتێ لووتکەی چیایەک بە زەردەخەنەیەکی بەفرینەوە تەماشای دەکردم؛ نەمدەزانی بەرەو کوێ بڕۆم؟

زۆر ڕۆیشتم.

دامنابوو تا نەگەمە شارۆچکەیەک، یان شارێگەیەک بمباتەوە سەر شارێک؛ ڕانەوەستم.



Scanned with CamScanner

زۆر ڕۆیشتم.

ڕۆژ نەگەیشتبووە نیوەی ئاسمانێ، من گەیشتبوومە ڕێگەیەک؛ تێبینیم کرد ئەو ڕێگەیە شوێنپێی تایەی گەورەی بەسەرەوە بوو: وەک بڵێی تایەی لۆری، یان تایەی تراکتۆری کێڵگەیەکی ئەو ناوەی بەسەردا گوزەر کردبێت. هێندەی پێنەچوو منی گەیاندە سەر شاڕێگەیەک، بەڵام لەوێ هەناسەم کەمێک سوار بوو.

لەناکاو، پیکابێکی (تۆیۆتا)ی سپی سپی، لە دوورەوە لێم وەدیار کەوت. حەزمدەکرد زووتر بگاتە ڕاستم. کاتێ گەیشتە لام، یەکسەر ستۆپی کرد. دیتم خێزانەکوردێکی بەلەنگازی وان کێوانەی وڵاتی خۆمن.

شوفێرەکە، پیاوێکی قژلوول، سمێڵ گەورە، قۆز؛ دیاربوو سەری سوڕمابوو لەوەی منی بەتەنیا، جەنتا بەکۆڵ، لەم چۆڵەوانییە دیوە. لە پەنجەرەوە جگەرەکەی فڕێ دا:

- توو کیڤە دەچی؟

تەماشام کرد، لەپێشەوە ژنێک و پیاوێک دانیشتبوون. ژنەکە، تەمەن نزیکەی (٣٠) ساڵ. پێدەچوو نەخۆش بێت، بەڵام جوانییەکی بێ ئەندازەی هەبوو. سەر و پۆتەڵاکێکی



Scanned with CamScanner

ڕەنگینی باکوورییانە، ملی خۆی بەسەر شانی پیاوێکی کەپوو درێژ درێژی چاو زۆر بچکۆڵە، لارکردبۆوە. پیاوە کەپوو درێژەکەش، کە دیار بوو مێردی بوو، ژنەکەی خۆی میهرەبانانە لە هەمبێز گرتبوو. هەردووکیان ماندوو، دەتگوت تەماشای هیچ شوێنێک ناکەن. بە شوفێرەکەم گوت:

- گەلێک سوپاس، کاکە. ئەدی ئێوە بەرەو کوێ؟

بە دەستی ڕاستی، ئاماژەی بەوە دا کە ژنەکە نەخۆشییەکی لەناکاوی تووش هاتووە و.. ئیتر من خۆم تێگەیشتم کە بەپەلە دەیبەن بۆ نەخۆشخانەیەکی ئەو نزیکانە. گوتی:

- چۆڵەمێرگ.

یەکسەر دەرکم بە شوێنی جوگرافیی خۆم کرد و زانیم لە کوێم. لەوەش خاترجەم کە ئیتر پەساپۆرتە تورکییەکەم لەناو باخەڵم ئەگەر کۆنتڕۆڵی جەندرمە داوایان کردبا ئیتر تەنانەت پشکنین بۆ جەنتاکەشم پێویست نەبوو بترسم. ئنجا شوفێرەکە، بە چەناگە، هێمای بەرەو پشتەوەی پیکابەکە کرد:

- سوار بە !



Scanned with CamScanner

.. پیکابی تووبۆتا کەوتە ڕێ.

کە لە پشتەوەی پیکابەکە دانیشتم، دوو لاو بەخێرهاتنیان لێکردم تەمەن دەوری (٩) ساڵ و ئەوەی تر (١٥).

بچووکەکە کەمێک خەواڵوو، تەرۆزییەکی بەدەستەوە، خەریکبوو خەو دەیبردەوە کەچی گازی لە تەرۆزییەکەش دەدا. گەورەکەش قەڵەمبڕێک بەدەستەوە، دارێکی درێژی دەتراشی؛ نازانم بۆ چ مەبەستێک تیژی دەکردەوە. هەرچی کچە قەشەنگەکەی نێوان هەردووکیشیان کە پێشتر کورسییەکەی بەرامبەر خۆی بۆ خاتری من چۆڵکردبوو، تا ئەو کاتەی تەماشای منی نەکرد و چاوە پڵنگییەکانی من لەناکاو سەرسامی نەکردن، هیچ زەردەخەنەیەکی بۆ نەکردم.

شۆخ و شەنگ، چاو کەسک کەسک، خوێن شیرین. لە سەرەتادا تا بڵێی کڕ و مات، کەمێکیش مۆن، وەک ئەوەی ویستبێتی بەم مۆنییە "شتێک" لە من بشارێتەوە (کە لەوانەیە جوانییە سەرنجڕاکێشەکەی بووبێ) بەڵام پاشان وردە وردە کاتێ کەوتینە قسەکردن و ڕوومان لەگەڵ یەکتر کرایەوە، سەرسامبوونی خۆی بە من - لەپێش دوو لاوەکە-نەشاردەوە، هەروەها ئەوەشی بەئاشکرا دەربڕی کە چ قاس کەیفخۆشە بەوەی "هەر بە ڕێککەوت" منی کوردی باشووری

ناسیوە لەم ڕێگا پڕ کەند و لەندەی بەرەو چوونە (چۆڵەمێرگ)ێ:

- لەهجەی تۆ، وەختی دەئاخڤی، گەلەک خووەشە!

دەرفەتی نەدامێ وەڵام بدەمەوە، تەماشای ناو باغی چاومی دەکرد:

- تۆ خەڵکی کوێی؟

گوتم: (هەولێر).

گوتی: "ئەهە.."..

ئنجا ئاماژەی بۆ نیوتەختە درێژەکە کرد کە پێشتر بۆ خۆی لەوێ دانیشتبوو و بۆ منی چۆڵ کردبوو:

- جێگەی من لێرە کەمێک تەنگە، ئەز دکارم بێمە جەم تۆ؟

تەماشایەکی ئەو گەنجەم کرد کە بە قەڵەمبڕ دارەکەی تیژدەکردەوە، هیچ شتێکی ئەوتۆم لە چاویدا نەخوێندەوە لە بێباکی زیاتر. هەندێک بەولادا چووم و گوتم:

- بێگومان، فەرموو.

کاتێ هات لە تەنیشتم دابنیشێت، بۆنێکی خۆشی پڕچی، تێکەڵ بە بۆنی قەرنەفڵی کێوی، دەروونمی بووژاندەوە.

من زۆر لەمێژ بوو بۆنی ئافرەتم نەکردبوو؛ کەمێک شەرمم کرد، بەتایبەتیش کاتێ کەفەڵی پانی بە بەردەممدا تێپەڕاند و لەکاتی دانیشتنیشدا شانی چەپی - کە زۆر گۆشتن و خۆش بوو- بە شانی ڕاستم داخشاند. ئنجا ئاوڕێکی بەسەر شانی چەپیدا لێم دایەوە و دەستی ڕاستی بۆ تەوقەکردن بۆم درێژکرد کە ئەنگوستیلەیەکی سەر بە نقێم لە پەنجەی ناوەڕاستی بوو:

- ناوی من (ڕەندان)، ئەدی ناوی تۆ؟

تەمەنی، دەوروبەری (٢٧) ساڵ. بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی تەوقەکردنەکەیم دایەوە:

- فەرەیدوون.

لێمی پرسی: شۆلی تە چیە؟

تەماشایەکی دوو لاوەکەم کرد و بە ئەوم گوت:

- فەرمانبەرم لە UN ی هەولێر.



Scanned with CamScanner

کەیفخۆش، گوتی:

- واو! ئەز ژی، مامۆستام لە (گەلیشمە)ی.

ئنجا گوتی:

- ئەو ژنەی لەپێشەوە دانیشتووە..

دەستی بۆ کورە (٩) ساڵەکە درێژکرد:

- دایکی ئەم!.. دەستەخوشکی منە.

لەسەرخۆ قسەی دەکرد، وایدەزانی لە ئاخاوتنە باکوورییەکەی، باش حاڵی نابم:

- ئەم بەیانییە، هەرکە لە خەو بێداربۆتەوە مارمیلۆقێکی قووت داوە! ..

من واقم ورما، ڕەندان گوتی:

- دەبێ بیبەینە خەستەخانەی (چۆڵەمێرگ)ێ.

ئنجا گوتی:

- خەستەخانە لە گوندی ئێمە نیە.



Scanned with CamScanner

من تەماشایەکی ژنەکەی پێشەوەم کرد:

- مارمیلۆقی قووت داوە؟!
- بەڵێ. پیسپیسۆک.

ئنجا ڕەندان، بە پێکەنینەوە، بە هێمای دەست و پەنجەی ئەنگوستیلەداری، وەسفی مارمیلۆقەکەی بۆم دەکرد:

- ئەوجا مارمیلۆق چ مارمیلۆق!؟.. ئەوهەندە.. درێژ!

"ڕەندان" چ جوانێک بوو خودایە! بەتایبەتیش کاتێ بەو پێکەنینەی، گەردەنی بلوورینی خۆی پیشانم دا !

لەو کاتەدا، بە خۆمم گوت: "چ پیاوێک دەتوانێ لە مانا و مەبەستەکانی ژن تێ بگات، هەروەها لە مەکر و مەوجوودبوونی ژن لە تەنیشت خۆی چێژ وەربگرێ؛ لە من زیاتر"!

کورە نۆ ساڵەکە نوستبوو. ڕەندان هەر پێدەکەنی. منیش یەکسەر خۆم هاوێشتە جەوی (ڕەندان) و دەستمکردە پێکەنین. ئنجا ئاورێکی پێشەوەی پیکابەکەم دایەوە:

- ئەو پیاوەی لە باوەشی گرتووە، مێردیەتی؟



Scanned with CamScanner

گوتی: بەڵێ، ناڤی وی (ڕەجەب).

ئنجا دەستی بۆ شوفێرەکە درێژکرد:

- شوفێریش، (ئیبۆ)؛ ئامۆزای مێردی وێیە.

پرسیم: "باشە؛ چۆن مارمیلۆقی قووت داوە؟".

ڕەندان دیسان پێکەنی و پەنجەکانی خۆی بە ئاخاوتن هێنا:

- ئەز چوزانم! دەڵێ نوستبووم و زاری خۆم ڤەکردبوو، لەناکاو پیسپیسۆک بە گەروومدا ڕۆچووە هەناوم.

پاشان کاتێ سەری خۆم هەڵبڕی، دیتم ڕەندان -وەک بەدزییەوە لێم ورد ببێتەوە- تەماشامی دەکرد، لێمی پرسی:

- ئەدی تۆ؟ .. بەرەو کوێ دەچی؟

من پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم، لای خۆم، ئامادە کردبوو. پێم نەگوت هاتوومەتە باکوور بۆئەوەی هەڤاڵێکی دێرینی باوکم بەناوی (دکتۆر قەدری یڵدرم) بدۆزمەوە و سەرێکیش لە گوندی (باغستان) بدەم؛ یەکسەر گوتم:



Scanned with CamScanner

- هەڤاڵێکی من هەیە، مامۆستایە لە زانکۆی شاری (وان).. دەچمە نک وی.

لەژێر برۆی، بیری کردەوە: (ئەهە..)

لەو دەمەدا خەریک بوو لێی بپرسم ئەرێ گوندی (باغستان) دەکەوێتە کوێی ئێرە؟ بەڵام گوتم نەخێر؛ چونکە ئەگەر ئەم پرسیارەم لێی بکردایە و بیگوتایە نازانم یان بیگوتایە لە فڵان شوێنە؛ ڕەنگ بوو پاشان لێم بپرسێت تۆ بۆچی لە گوندی (باغستان) دەپرسیت؟ ئیدی قسە و باس ڕایدەکێشام بچم پرسیاری ئەوەشی لێ بکەم بڵێم ئەوە ویستم بزانم ئاخۆ هیچ "قەبرێکی سێگۆشە" لەو گوندەی باغستان هەیە کە لەبەر سێگۆشەبوونەکەی مەشهوور بێت؟! ئەمەش بێگومان پرسیاری دیکەی بەدووای خۆیدا ڕادەکێشا! بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم "نەخێر، جارێ زووە بۆ ئەم پرسیارە". لێم پرسی:

- هوون خەڵکی کیژان گوندینە؟
- ئێمە، هەر چوارمان، ئی (گەلیشمە)ینە.

دیسان گوتی:

- خەستەخانە لە گوندی ئێمە نیە.



Scanned with CamScanner

ئنجا دەستی بۆ دەستەخوشکەکەی درێژکرد:

- من و (خەجێ) لە منداڵییەوە هەڤدوو دەناسین. ئەو مێردیشی کرد، کەچی بەبێ من قەت ناحەوێتەوە.

من لەو دەمەدا چاوم بە زنجیرە شاخەکانی دەستەڕاستی پیکابەکەدا دەگێڕا و بیرم دەکردەوە بزانم ئاخۆ من لەکوێوە هاتووم؟ دەمویست بزانم ئەشکەوتەکەمان کەوتبووە کوێ؟
ئاوڕێکی پشتەوەم دایەوە: ڕەندان؟

- بەڵێ؟
- ئەگەر ئێمە بەو شاخانەی ئەوبەر تێپەڕ ببین، دەگەینە کوێ؟

ڕەندان بیری کردەوە: "ئەوبەری ئەم شاخانە؟"

- بەڵێ!

گوتی: (ئەودیو ئەو شاخانە، ئێرانە).

ئاوڕێکی دایەوە و پەنجەی بۆ لای چەپی پیکابەکە درێژکرد:

- ئەوبەریش گوندی (گارێ).



Scanned with CamScanner

لەو کاتەدا دیسان خەریک بوو لە ڕەندان بپرسم بڵێم: "باشە؛ گوندی باغستان لێرەوە چەند دوورە؟". پاشان ڕام گۆڕی، گوتم نەخێر باشتر وایە لێی بپرسم (ئایا لەم ناوچانە هیچ قەبرێکی سێگۆشە هەیە بەهۆی سێگۆشەبوونەکەی، بەناقودەنگ بێت؟)، بەڵام دیسان پەشیمان بوومەوە.

لەناکاو، ستۆپ! پیکابەکە ڕایگرت و ئێمە هەمووومان لەپشتەوە، شلەژاین و کەمێک بە لادا چووین. ڕەندان پێش هەموومان خۆی گرتەوە و هەستایەوە. هێندەم زانی لە پیاوێک چاپووکتر، خەریک بوو لە پشتەوەی پیکابەکەوە خۆی هەڵداویشتە خوارێ:

- خەجێ دەڕشێتەوە..!
هێی.. (مەندۆ)!
خەجێ دیسان دەڕشێتەوە!

هەتا من گەیشتمە خوارێ، دیتم خەجێ لە باوەشی (ڕەجەب)ی مێردی.. حۆق.. حۆق.. خەریکبوو پرشێتەوە و نەدەڕشایەوە؛ خەریکبوو پرشێتەوە و نەدەڕشایەوە.

ڕەجەبی مێردی، بەسەر سەرییەوە، دەستی لەسەر نێوچەوانی. (مەندۆ)ش، دەولکێک ئاو بەدەستەوە، ئاوی



Scanned with CamScanner

دەڕژاندە ناو دەستی (ڕەجەب) بۆئەوەی دەموچاوی خەجێی پێ پرشێنێ. ڕەندانیش دەستی لە ملی خەجێ:

- تیلکی خۆت لە گەرووت ڕاکە.. خەجێ! تیلکی خۆت لە گەرووی خۆت ڕاکە!

لەسەر ئەو ڕێگەیە، لەناو گیاوگۆڵەکانی ئەو سروشتە جوانەدا، من دڵخۆش زیاتر لەوەی تەنگەتاو ببم؛ چێژێکی بێ پایانم لەمە وەردەگرت کە پاش ئەو هەموو گۆشەگیرییەی ناو ئەشکەوت، دیسان هاتوومەتەوە ناو بەشەر: ئەم ژیانە سادە و عەنتیکەیەی خەڵک دەبینم! بەڵام لە هەمان کات دڵم بەو خەڵکە بەلەنگازە بەشخوراوانە زۆر دەسووتا کە تەنانەت ئەمەتا خەستەخانەیەک چیە لە گوندەکەیاندا نیە!

دەمگوت تۆ تەماشاکە؛ ناچارن بۆ سادەترین نەخۆشی، ئەو هەموو ڕێگایە ببڕن بۆئەوەی خۆیان بۆ چارەسەر بگەیەنن بە "شار"! خۆ دووریش نیە هەتا ئەوان دەگەنە خەستەخانەیەک نەخۆشەکە گیانی دەربچێت!

هەر چۆنێک بێ، هەستێکی ناجۆرم هەبوو کاتێ بۆ یەکەمین جار تەماشای ژیان و ڕەوشی ئەو خەڵکەم دەکرد و دەمدیت دووبارە ئەمەتا (ژیان!) دەبینمەوە!



Scanned with CamScanner

تەماشای سروشت و دەوروبەری خۆم دەکرد بە دڵخۆشییەوە. (خەجێ)ش هەر حۆقە حۆقی بوو لەتەنیشت دەرگای کراوەی پیکابەکە، خەریک بوو بەسەر گیاوگوڵەکاندا دەڕشایەوە!

تەماشایەکی شوفێرەکەم کرد، دیار بوو خاترجەم بوو لەوەی کە (خەجێ)، مێردەکەی خۆی ئاگاداریەتی! بۆیە گەڕابۆوە شوێنەکەی خۆی و چاوەڕێیانی دەکرد. دەستی ڕاستی لەسەر سوکان، بە دەستی چەپیشی، مژی لە جگەرەکەی دەدا. تەماشای پێچەوانەی ئاراستەی ئەوانی دەکرد، وەک بڵێی لەو دەشتە بەهارییە ڕامابێت. من بە دەرفەتێکی باشم زانی بچمەوە لای:

- کاک (ئیبۆ) گەلەک سوپاس، کە تۆ ڕاتگرت و منت سوار کرد.

(ئیبۆ) هیچ خۆی تێک نەدا، پێکەنی:

- تۆ بەختت هەبوو.

ئنجا قومێکی دیکەی لە جگەرەکەی دا:

- تۆ بە منت نەگۆت کێوە دەچی!



Scanned with CamScanner

یەکسەر گوتم: دەچمە (وان)ێ.

لەسەرخۆ گوتی: باش.

ئنجا تەماشایەکی ئەوانی کرد: خەجێ هەستابۆوە، لەگەڵ ڕەندان پێکەوە بە چرپە قسەیان دەکرد.

ئنجا ڕەندان بە دەسماڵێک نێوچەوانی خەجێی پاک پاک کردەوە. لەو دەمەدا مێردی خەجێ، بێدەنگ، پاشماوەکانی لەسەر دەستی خۆی خاوێن دەکردەوە؛ هات لە جێگەکەی خۆی دابنیشێتەوە. سەرنجم دا، کاتێ خەجێ و ڕەندان دەهاتن سواری پیکابەکە ببن، بەدەم ڕێگەوە، خەجێ تەماشایەکی منی کرد، وەک ئەوەی شەرم و ڕێزێک بۆ من پیشان بدات لەڕووی میواندۆستییەوە.

ئنجا هەر کەس گەڕاینەوە شوێنی پێشووی خۆمان و پیکابەکە کەوتەوە ڕێ. کوریژگە دیسان وردە وردە چاوی چۆوە خەو.

ڕەندان گوتی:

- ئەمە سێیەمین جارە دەڕشێتەوە.



Scanned with CamScanner

من هیچم نەگوت، چونکە ئیبۆی شوفێر گۆرانییەکی خۆشی تورکیی خستبووە سەر و ئاوازەکەی دەگەیشتە لای ئێمە؛ حەزیشم نەدەکرد کارێکی وا بکەم سنووری خۆم لەگەڵ ڕەندان، هەروەها لەگەڵ ئەو کورەش ناوی (مەندۆ) -دیاربوو لە هەمان بنەماڵە بوو- ببەزێنم. گوێم لە گۆرانییە خۆشەکە ڕاگرتبوو، تەماشای دوورم دەکرد، تەماشای ئەو شوێنە جوانانەی کە زەمین و ئاسمان لەیەکتر نزیک کەوتبوونەوە.

هەگبەکەم، جەنتایەکی گەورەی توند و تۆڵ، بە زنجیر باخەڵەکانیم توند داخستبوو، لەژێر قاچی خۆم دامنابوو. تەنیا کەمێک لە ئەگەری ئەوە دەترسام قەڕەوڵی تورک لەسەر ڕێگە، پارچە زێرینەکانم لێ زەوت بکەن. بیرم لەوە دەکردەوە داوا لە ڕەندان بکەم ئەو توحفە دێرینانەنم بۆ تەقەت بکات، یان پێیان بڵێت کە ئی ئەون بۆئەوەی گومانم لێ نەکەن. نەمدەزانی چۆن داوای لێ بکەم!

پاشان بیرمکردەوە باسی خۆم بۆ ڕەندان بکەم!

نەوێرام.

ڕاستیەکەی نەمدەزانی چۆن باسی خۆم و ئامانجی ئەم سەفەرەی خۆمی بۆ بکەم!



Scanned with CamScanner

پیکابەکە دەڕۆیشت و گۆرانییە خۆشەکەی بە با دەکرد، ئێمەش بێدەنگ.

ئایا لەگەڵ ڕەندان باسی ئەوەم بکردایە کە من بۆچی بەتەمام بچم بۆ شاری (وان)؟ ئایا پێی بڵێم چونکە ساڵانێکی زۆر پێش ئەمڕۆ، باوکم، لە زانکۆی شاری (وان) دەرسی داوەتەوە و کاتی خۆیشی لە هەولێر دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە لە تورکیا تیرۆر کرابێت و ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە، کەڵکەڵەی ئەوە کەوتۆتە کەللەم بچم سۆراغی باوکم و ئەو دەنگۆیە بکەم؟!

ئایا بۆ ڕەندانم باس بکردایە؟

ئایا باسم بکردایە کە باوکم چەندین سیمیناری بۆ مامۆستاکانی زانکۆی مێردین و دیاربەکریش، هەروەها بۆ خەڵک و ئەدەبدۆستانی دەرەوەی زانکۆش پێشکەشکردووە وەختی خۆی!

دوودڵ بووم.

گوتم نەخێر.. وا باشترە باسی نەکەم.. پێویست ناکا.. چونکە ئەگەر باسم بکردایە، ئیتر کونی پرسیار دەکرایەوە و حەتمەن ئیتر ئەویش دەیپرسی و دەیگوت:



Scanned with CamScanner

بەڕاست؟ کەی؟ چ ساڵێک؟ باوکت لە کام بەشی زانکۆی (وان) دەرسی دەدایەوە؟ چ دەرسێک؟ یانی ئەوکاتەی کە تۆ زارۆک بووی؟ ئێ ئێ! هەمووتان لەگەڵ ماڵەوە پێکەوە لەوێ بوون یان تەنیا هەر خۆی لەوێ؟ باشە تۆ هیچ نەهاتیت بۆ ئەوێ چەند ڕۆژێک لەگەڵی بمێنێتەوە و (وان) زۆر خۆشە و چەندین قسە و باسی تر..

تا دەگەیشتینە ئەوەی من باسی ئەوەشی بۆ بکەم کە باوکم وەختی خۆی لە زانکۆی (مێردین)یش هەر مامۆستا بووە.. پاش ئەوەش ئیتر قسە و باس ڕایدەکێشاین و دەگەیشتە ئەوەی من بڵێم:

- ئیدی باوکم گەلێک هاوڕێی لە زانکۆی (وان) و (مێردین) هەبووە و ڕەنگە ئەوان دەنگوباسی بزانن؛ بۆیەش ئێستا دەمەوێ بچم برادەرێکی ئەو بەناوی (دکتۆر قەدری یڵدرم) لەوێ بدۆزمەوە!

نەخێر، هیچ پێویستی نەدەکرد ئەم هەموو قسانە بە ڕەندان بڵێم. "هەر قسەیەک لە کاتی خۆی سەنگینە". بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو پێی بڵێم:

- هەندێ هاوڕێی دێرینی باوکم ئەوەیان بۆ باس کردووم کە لەسەر ڕێگای (نوسەیبین) گوندێک هەیە



Scanned with CamScanner

به ناوی (باغستان)، ئنجا لەناو قەبرستانی ئەو گوندە قەبرێکی سێگۆشە هەیە کە بەهۆی سێگۆشە بوونەکەی زۆر بەناوبانگە و دەڵێن ناوی باوکم لەسەر کێلی ئەو قەبرە سێگۆشەیە هەڵکەندراوە! نیدی ڕەنگە هەمان قەبر، ئی باوکی من بێت. بۆیە دامناوە بچمە سەر ئەو قەبرە بۆئەوەی دڵنیا ببم ئایا ئەو گلکۆیە بەڕاستی گۆڕی باوکی منە، یان ئی کەسێکی دیکەیە بە هەمان ناو؟!

بەڵام.. ئاخر.. ئەگەر من ئەم قسانەم بۆ ڕەندان بکردایە، ڕەنگە هەر واقیشی وڕ دەما! نیگەرانی ئەوە بووم ڕەندان گومانیشم لێ پەیدا بکا و لێم بسڵەمێتەوە. بۆیە هەموو ئەم قسانەم هەڵگرت بۆ درەنگتر، گوتم با جارێ ئارام بگرم!

بەڵێ، وا باشتر بوو. خۆ، هێندە بەس بوو لە سەرەتادا پێمگوتبوو کە من ئامانجم لەم سەفەرەم تەنیا ئەوەیە بچم سەردانی برادەرێک بکەم لە زانکۆی شاری (وان) مامۆستایە. بەڵێ، ئەمە باش بوو. جارێ ئەوەندە بەس بوو. جگە لەمەش، هەموو کوردی باکوور، دەزانم، بێ ئەندازە کوردی باشووریان خۆشدەوێت و گەلێک میواندۆستن لەهەمبەریان.



Scanned with CamScanner

بە خۆمم گوت کەواتە، ڕەنگە وا باشتر بێت پەرە بە درۆ سپییەکەی پێشووم بدەم و بە ڕەندان بڵێم:

- ئەو کەسەی گوتم لە شاری وان دەیناسم، ئەوە (دکتۆر قەدری یڵدرم)ی هاوڕێی باوکمە و دەچم سەری لێ دەدەم.

ئنجا دامنابوو بڵێم:

- چونکە ئەو هاوڕێیەی باوکم ئێستاش هەر دەرسی (دینە دێرینەکانی مێزۆپۆتامیا) دەڵێتەوە و داوای لێمکردووە ئەو توحفە ئارکیۆلۆژییانەی بۆ ببەم، چونکە بۆ شڕۆڤەکردنی وانەکان پێویستی بەم کەرەستانە هەیە.

بەڵێ، ئەمە هیچ درۆشی تێدا نیە! "لە هەمووی باشترە هەر وا بڵێم. بێگومان ئەوکاتە قەرەوڵەکانی کۆنتڕۆڵیش ئەگەر دنیا بوو کەوتنە پشکنینی جەنتاکەم، گومانم لێ ناکەن".

هەرچۆنێک بێ، من هێندەی لە کۆنتڕۆڵی جەندرمە تورکەکانی سەر ڕێگە دەترسام، هێندە لە (ڕەندان) و ئەو خێزانە کوردە بەلەنگازەی هاوسەفەرم نەدەترسام. بەڵام هێشتاش هەر دوودڵ بووم و بە خۆمم گوت "جارێ زووە بۆ ئەم باس و خواسانە".



Scanned with CamScanner

پیکابەکە دەڕۆیشت و گۆرانییە خۆشەکەی بە با دەکرد.. ئێمەش هەر بێدەنگ.

سەرنجم دا، بە دەست و پەنجە ئەنگوستیلەدارە سەر بە نقێم جوانەکەی، نەرم نەرم، ڕەندان چەقەنەیەکی خۆش و بەئاستەمی لێدەدا و سەری خۆی لەگەڵ گۆرانییە خۆشەکە دەلەنجاندەوە، بەشێوەیەک هەر دەتگوت کچە ناوەنجییەکەی شەرەفخانی بەتلیسییە و لەوێ کەوتۆتە کەڵکەڵەیەکی مەستانەوە.

کاتێ گوێم هەڵخست دیتم گۆرانییەکە تورکی نەبوو، بەڵکو لاوکێکی پڕ سۆزی کرمانجی بوو:

- وای، من
لە ماڵی بابی خۆم وەزیر بووم
کەتمە دەستی زاڵمان و ئەسیر بووم.
ئاخ ئەمان، خەراب زەمان!
نابینم، ئەز نابینم..
چاڤێ ڕەشی بەلەک دگەڕم، ئەز نابینم.
دیاربەکر گۆشە بە گۆشە، دوکان بە دوکان دگەڕم؛
ئەز نابینم. ئاخ
دەردۆ، ئەمان:
من تە نەدی!

لەناکاو ڕەندان لێمی پرسی:

- توو (بەدیع قازانجی) ناس دەکەی؟

یەکسەر گوتم: نەخێر.

دەستی بۆ ئاوازەکە درێژکرد، کە ئیبۆی شوفێر دەنگی زیاتر بەرز کردبۆوە:

- ئەمە دەنگی بەدیع قازانجییە ئەم لاوکە.

ئنجا گوتی: "من گەلەک حەز ژ وی لاووکی دەکەم".

تەماشایەکی مەندۆم کرد. سەری بە پشتدا، ئەویش چووبووە خەو.

- "فەرەیدووون..!"

وای.. ! من ساڵانێکی یەکجار زۆر بوو ناوی خۆم لە دەمی کچێکەوە نەبیستبوو!

لەگەڵ بیستنی ناوی خۆم بە دەنگی (ڕەندان) ڕاچڵەکام. هەستمکرد ساڵانێک بوو لە خەوێکی قووڵدابووم و ئەم بانگە بێداری کردمەوە! بەتایبەتیش چونکە ناوەکەمی بەشێوەیەکی مۆسیقایی وا حونجە کرد کە بێدەنگییەکی پڕ



Scanned with CamScanner

له نۆتەی خستە نێوان بەشی یەکەم و بەشی دووەمی ناوەکەم: (فەرەی... دووووون!).

چاوەکانی کەسک کەسک، پڕ بوون لە هەست و حەز و خۆشەویستی، تژی لە نیگەرانی و ئارەزووی قسەکردن، کە بۆ من ئەوپەڕی ناجوامێرانە بوو گوێیان لێ ڕانەگرم:

- بەڵێ، گیان.

چاوەکانی ڕەندانم تەنانەت لەسەر ئەژنۆی خۆشم دەدیت، گوتی:

- تۆ دەزانی.. ؟

لەو دەمە سەرنجی پشتە چاوەکانیم دەدا، مکیاژێکی تەنک و ڕەنگینی وای کردبوو، هاوناز لەگەڵ ڕەنگی چاوی:

- مامۆستایەکی من هەبوو، ناوی ئەویش "فەرەیدوون" بوو.

یەکسەر پرسیم: بەڕاست؟

گوتی: بەری حەفت ساڵان.



Scanned with CamScanner

پرسیم: لەکوێ؟

- دەرسی فەلسەفەی هونەری بە ئێمە دەگوتەوە.

بەپرتاو پرسیم: لە (وان)ێ؟

گوتی: نا. لە زانکۆی (ئارتوگلوو) لە (مێردین)ێ.

سەیرە! ئاخر، باوکی من، لە پازدە ساڵێک پێش ئەمڕۆوە، بزر، بێ سەر و شوێن، تەنانەت گلکۆکەیشی کەس نەیدەزانی لەکوێیە!

جگە لەمە، خۆ من جارێ تەنانەت ئەوەشم بە ڕەندان نەگوتبوو کە -نازانم چ ساڵێک بوو- کاتێ بەشی کوردۆلۆجی لە زانکۆی (ئارتوگلوو)ی مێردین کرایەوە، لەناو هەموو مامۆستاکانی کوردستانی گەورە، دکتۆر قەدری یڵدرمی سەرۆکی ئەو زانکۆیە و پرۆفیسۆرە ڕاوێژکارەکانی، تەنیا داوای باوکی منیان کردبوو بچێت لەو زانکۆیە دەرس بە یەکەمین بەرەی خوێندەڤانە "کرمانجەکان" بڵێتەوە! بەڵام خۆ ئاخر ئەمە کەی! ئەمە کەی بوو؟! پازدە- شازدە ساڵ پێش ئەمڕۆ! واتە ئەوکاتە (ڕەندان) تەمەنی، تەنیا "دە – دووازدە ساڵێک" بووە! .. سەیرە..! بڵم چی؟!

دانی پێدا دەنێم: ئەم قسەیەی ڕەندان شڵەژاندمی و خەریک بوو مێشکم ڕابوەستێنێ! ئاخر باوکم (١٥) ساڵ زیاترە بێ سەر و شوێن، کەچی ڕەندان ئەمەتا دەڵێ (٧) ساڵ پێش ئەمڕۆ "دکتۆر فەرەیدوونێک" دەرسی بە ئەو گوتۆتەوە!

بە مەبەستی ئەوەی زانیاریی دیکەی لێ وەربگرم، خەریک بوو کونجکۆڵانە لێی بپرسم: (ئێ..؟!). بەڵام خۆم ئارام کردەوە و لێم پرسییەوە:

- بەری چەندساڵان؟

ڕەندان دووپاتی کردەوە: بەری حەفت ساڵان.

لە دڵی خۆمدا ئەم قسانەی ڕەندانم وەک دەربڕینێکی خۆشەویستانە و کەیفخۆشانە لێکدایەوە؛ گوتم ڕەنگە بەهۆی ئەوەی ناوی منی پێ خۆشە و لە دەروونیدا بۆتە نیشانەیەک، بۆیە وام پێدەڵێ! ئنجا گوتم هیچ دووریش نیە مامۆستایەکی دیکە بەڕاستی هەبووبێت، غەیری باوکم، لە زانکۆی ئارتوگلوو دەرسی بە ئەو دابێتەوە و ناوی فەرەیدوون بێت! بۆ نابێ؟ بێگومان، لەوانەیە هەر واش بێ!

لێم پرسی:

- ناوی باوکی ئەو مامۆستایەی تۆ، چی بوو، ڕەندان؟

ڕەندان چەند بیری کردەوە، نەیدەتوانی بیری بکەوێتەوە. لەکۆتاییدا گوتی:

- ڕاوەستە! کتێبێکی وی ل جەم من لە چۆلەمێرگێ هەس. وەختی ئێمە گەهشتین، ئەزێ کتێبی وی پیشانی توو بدەم.

ئنجا، وەک یادگارییەکی شیرینی بیربێتەوە، گوتی: "ئەویش سۆران بوو".

ڕەندان چەند زیاتر قسەی لەبارەی ئەو مامۆستایەی خۆی دەکرد هێندە زیاتر منی دەخستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی زیاتر پرسیار لەبارەی "ئەو مامۆستایە" بکەم. خەریک بوو لێی بپرسم "پیاوێکی چۆن بوو..؟"، کەچی پرسیارێکی دیکە بەپێش ئەو پرسیارەم کەوت:

- چەند ساڵ دەرسی بە تۆ دایەوە؟

گوتی: "تەنێ حەفت مانگ".



Scanned with CamScanner

هەستم بە دڵی ڕەندان دەکرد لەناو حەز و ئەندێشەی کچانەی خۆیدا بەرامبەر من؛ دڵە نازدارەکەی دەتگوت تۆپەڵە بەفرێکە و خەریکە بۆم دەتوێتەوە.

بەرگەی ئەوەم نەگرت چیتر پرسیار لەبارەی ئەو مامۆستایەی بکەم. ئەسڵەن کەمێک تووشی غیرەش هاتم کە دیتم ئەوەندە ئەو مامۆستایەی خۆی خۆش دەویست! لە چاوەکانیم پرسی، کە دەتگوت چاوی حەزرەتی مریەم بوون:

- چما تۆ چیت تەواو کردووە؟

ڕەندان ئەمجارە بە ئینگلیزی وەڵامی دامەوە:

- Kurdish Moderne Literature
- وەک شانازی بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی نەتەوەیی خۆی بکات، سنگی خۆی لە کاتی ئاخاوتنە ئینگلیزییەکەیدا بەشێوەیەکی زۆر خوویا بەرز کردەوە بۆئەوەی من تێبینیی ئەو سنگە بڵند و بەرۆکە پڕەی بکەم و چاوم بکەوێتە سەر خەتی نێوان مەمکەکانیشی؛ ئنجا ببینم کەنارە سپی سپی سپییەکانی سەرەوەی مەمکۆڵە نەرم نەرم نەرمەکانی، چۆن ئاگر لە گیانم بەردەدەن!

ئنجا، بە حەسرەتێکەوە، گوتی:



Scanned with CamScanner

- تازە بەشی ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی مێردینێ کرابۆوە.

نەمدەزانی ئایا بەم قسانەی ڕەندان دڵخۆش ببم یان غەمگین؛ غیرە بکەم یان بچم لە ئامێزی خۆمی بگرم و تێر تێر ڕایمووسم! ئنجا دیاربوو ڕەندان چیتر خۆی پێ ڕانەگیرا، لەناکاو تەماشای ناو چاومی کرد و لە کانگای دڵییەوە پێی گوتم:

- ئەز گەلەک حەز ژ تە دەکەم، فەرەیدوون!

پیکابەکە یەکسەر ستۆپێکی کرد. وەک لە خەونێک بێدار بووبێتمەوە، هەستامەوە.. تەماشام کرد: ئیبۆی شوفێر هاتۆتە خوار و لەسەر ڕێگا، لەبەردەم پیکابەکە ڕاوەستاوە دەستم لێ ڕادەتەکێنێت و پێم دەڵێ: (وەرە!).

پێم سەیر بوو، ئەوە (ئیبۆ) بۆچی لەناکاو ڕایگرتووە و بانگم دەکا؟ چما چەندی مابوو بگەینە چۆڵەمێرگ؟

بەپەلە دابەزیم و چووم بۆ لای ئیبۆ. پیکابەکەی، لە بەردەم دوڕیانێک ڕاگرتبوو: شاڕێگەیەک بەرەو دەستە ڕاست، شاڕێگەی دووەمیش بەرەو دەستەچەپ دەچوو. ئیبۆ دەستی بۆ ئالی ڕاست درێژکرد:



Scanned with CamScanner

- تۆ دەتوانی لەسەر ئەم شەقامە بە ئۆتۆستۆپ بڕۆی بۆ شاری (وان)! چونکە ئێمە پەلەمانە، دەبێ (خەجێ) بگەهێنینە خەستەخانەی چۆلەمێرگێ!

کاتێ ئیبۆ دیتی من دوودڵم، گوتی:

- تۆ بە منت گۆت کە دەچیتە (وان)ێ.

بێ بیرکردنەوە گوتم: بەڵێ.

ئنجا خەریک بوو پێی بڵێم "من ل دیڤ بابی خۆ دەگەڕێم بیدۆزمەوە". بەڵام وام نەگوت، شڵەژاوانە پرسیم:

- ئێوە دەچنە چۆلەمێرگێ؟

ئیبۆ دەرکی پێکرد کەمێک پەشۆکابووم، گوتی: "بەڵێ".

ئنجا دەستی ڕاستی بۆ گوندێکی زۆر دووری لای ڕاستی خۆی درێژکرد و بۆمی ڕوون کردەوە:

- ئەم جادەیەی دەستەڕاست دەبینی؟ دەتباتەوە سەر (وان)ێ!

پاشان بە دەستی چەپی، ئامازەی بۆ جادەکەی دەستەچەپ کرد:



Scanned with CamScanner

- ئەم جادەیەش.. دەمانبات بەرەو چۆڵەمێرگێ.

من سەرم گێژی خواردبوو، بەتایبەتیش چونکە ئیبۆ هەر زۆر لەناکاو پیکابەکەی ڕاگرت. چاش مابووم: ئایا ڕێگەی ڕاست بگرم کە دەیگەیاندمە حەقیقەتی باوکم و هەواڵەکانی و ڕەنگە قەبرەکەیشی؟ یان ڕێگەی چەپ بگرمە پێش و داهاتووم گرێ بدەم بە سۆز و ئارەزووەکانی ئەو کچە زیر و چاوسەوزە نازەنینەوە؟!

تەماشایەکی ڕەندانم کرد: لەسەر پشتی پیکابەکە، قیت، سنگی خۆی بڵند ڕاگرتبوو؛ نیگەران، بە تاسووقەوە چاوەڕێی بڕیاری من بوو!

لە دڵی خۆمدا گوتم "باشە، خۆ من پاشان هەر دەبێ سەرێکیش لە زانکۆی مێردینێ بدەم"!

ئیبۆ گوتی:

- ها..!؟ .. بێژە: ڕاست؟.. یان چەپ؟

تەماشایەکی بەر پێی خۆم کرد و گۆتمە (ئیبۆ)ی:

- چەپ!



Scanned with CamScanner

ئیتر بەپەلە چووە سواری پیکابەکەی سینەوە:

- تەمام.

ئەو چووە جێگەکەی خۆی و منیش گەڕامەوە سواری پشتەوەی پیکابەکە.

کاتێ ویستم دابنیشم، دیتم ڕەندان، وەک ئەوەی بگری، بە هەردوو دەستی، دەموچاوی خۆی، لەناو هەردوو ئەژنۆکانی لە هەمێز گرتبوو - هەر دەتگوت کەسێکی خۆشەویستی خۆی دۆزیوەتەوە و لە هەمێزی گرتووە-، زیاتریش لەوە دەچوو ویستبێتی خودی خۆی لە هەمێز بگرێت.

زۆر قووڵ لەو هەستەی ڕەندان تێگەیشتم کە تێیدا دەژیا. تەماشای دوو کورەکەم کرد: بچووکەکە هەر نوستبوو، گەورەکەش دیاربوو دەیویست بنوێتەوە.

هەرکە دانیشتمەوە، ڕەندان دەستەکانی لە ئەژنۆی خۆی بەردا. گیانێکی وەبەر خۆیدا هێنایەوە و تەماشایەکی کردم. وەک هەڤاڵێکی دێرین گاراندەم لێ بکات:

- تۆ لە قەرەقوڵ و جەندرمەی تورکان ناترسێی؟



Scanned with CamScanner

لە وەڵامـدا، بەپەلە، جانتـا گەورەکەی خـۆمم کە هەگبەیەکـی نیوە پڕ بوو، ڕاکێشایە بەردەم ڕەندان و پێمگوت:

- ئەگەر کۆنتڕۆڵی قەرەقۆڵان هاتنە سەر ڕێگەمان، تـوو بێژە "ئەو جەنتایە ئی منە".

ڕەندان بێ ئەوەی بزانێت جانتاکەم چیی تێدایە یـان بیەوێـت بیکاتەوە؛ بە کەیفخۆشییەوە و بەپەلە جەنتاکەی لـێم وەرگـرت و خاترجەم، گوتی:

- تەمام.

هەگبەکەی خستە ناو جانتاکانی خۆیان بەشـێوەیەک لەگەڵ ئەوانـی خۆیـان تـێکەڵ ببێـت، ئنجـا چەنـد فەردەیەکـی پڕ لە جلوبەرگ و پێڵاوی ژنانەشـی بەسـەر جەنتاکـان دادا و ئەوەی منـی تێـدا لەناویـان بزرکـرد. چەنـد فەرشـێکی ڕەنگینـی لوولدراوییشـــــی، لەگەڵ ســـەماوەرێکی گەورەی مـــس بەسەریان دادا. ئنجا هات لە تەنیشت خۆم دانیشتەوە و هەر دوو دەســتەکانی لەســەر ئەژنـۆی پـانتۆڵە سـپیەکەی دانـا و ئۆخەی ئۆخەی تەماشای ناو چاومی کرد. منیش لەو دەمەدا ڕووانیمە ناو چاوە کەسـکەکانی، کە خەریکبـوون یەکسـەڵەف قووتم بدەن.



Scanned with CamScanner

بە لەز سەری هێنایە بناگوێم و دەستی لەسەر دەمی، ئەمەش بۆئەوەی "مەندۆ" گوێی لە هیچ نەبێ؛ بە چرپە ئاوازی دڵی خۆی بۆ ژەنیم:

- ئەز ژ تە حەز دکەم..!

دڵمی پڕ کرد لە شادی و خولیا و ئارەزوو. نەمدەزانی چ بکەم و چ بڵێم:

- ئەی خودای گەورە!
چ شتێک لەمە خۆشتر هەیە پاش ئەو هەموو ساڵانەی خەڵوەتی ناو ئەشکەوت، کچێکی نازدار، لەسەر پشتی پیکابێکی بەرەو باکوور، لە کانگای دڵییەوە ئەمەتا پێمدەڵێ "ئەز ژ تە حەز دکەم"!

دەستم لەسەر ئەژنۆی دانا بۆئەوەی هێوری بکەمەوە، لە لێوە پڕ و ناڵەکانیم پرسی:

- تۆ لە چۆڵەمێرگێ ماڵت هەیە؟

گوتی: ئاپارتمانێکی خۆمم هەیە، بەکرێم داوەتە کچێکی خوێندەڤانی خەڵکی شەمزینان، نافی وێ (گولێ)یە. لێ نها پشووی نیوەساڵی خوێندنە، ئەو ڤەگەڕیایە باژێری خۆ. ئاپارتمانی من نها چۆڵە.



Scanned with CamScanner

ئنجا گوتی:

- لێ وەختی دیکەش، هەر کات ئەز بخوازم بچمە چۆلەمێرگێ، ئەز دەچمە ماڵی خۆم. ئاپارتمان سێ ژۆری مەزنە.

بەڵام نازانم بۆچی لەو دەمەدا ئاهێکی هەڵکێشا، من یەکسەر لێم پرسی:

- چەندمان ماوە بگەینە چۆلەمێرگ؟

وەک ئەوەی لە جیهانێکی دیکە بێت و نەیەوێ وەڵامم بداتەوە، چاوەکانی خۆی داخستبوو، گوتی: "نازانم".

.. ئنجا پێکەنی.

پاشان چاوەکانی کردەوە و توند دەستی گوشیم، سەری بڵند کرد گوتی: "تەمام!"

کە سەیریم کرد، هەر دەتگوت بووکی یەکشەوەیە لە تەنیشتم تازە بێدار بۆتەوە. پشتی بە دیواری پیکابەکە، کەمێک بە شەرمەوە گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئێستا پشووی بەهارەی دەوامی منە.. گوێ بدێ فەریدوون!
- هم..
- توو نابێ دڵی من بشکێنی.
- ئێ..

ڕەندان دەیزانی لەبەر خاتری ئەو بوو من وازم هێنا بچمە شاری (وان) و بەگەڵ ئەو کەوتم بەرەو (چۆڵەمێرگ)؛ گوتی:

- من حەزدەکەم ئەم مانگەی پشووی من، هەمووی، هەر پێکەوە بین. باش؟

هەر دوو دەستمی لەناو کۆشی گەرمی خۆی گرتبوو، پەنجە گەورەکەمی دەلاواندەوە. جارجاریش تەماشای دوو کوڕە نوستووکەی دەکرد. منیش ڕەنگی چاویم بۆندەکرد و گوێم بۆ تامی خۆشی پرسیارەکانی هەڵخستبوو:

- توو دێی؟ .. دێی بۆ ئاپارتمانەکەی من؟!
- ئم!

من، نازانم بۆچی، لە دەمەدا بیرم چووە لای قەبرە سێگۆشەکە و چۆنیەتیی دۆزینەوەی باوکم. بە خۆمم گوت: "ئەی خودای گەورە، ڕەندانی دڵم ئاخۆ بەرەو کوێ ڕاپێچم دەکا!".



Scanned with CamScanner

- دەتبەمە هەموو ئەو شوێنانەی تۆ پێت خۆشە. بە هەموو هاوینەهەوارێکی خۆشی جزیرێ و ماڵباتی هەکارییانت دەگەڕێنم . باش؟

دڵم خەریک بوو لەناو چاوی بتوێتەوە، گوتم: "باش".

- کۆشک و سەرای ئیسحاق پاشات دیوە تۆ، فەرەیدوون؟
- نەخێر.
- ئەرێ بەڕاست تۆ ئەمە یەکەمجارە دێیتە باکوور؟

یەکەمجارم نەبوو بەڵام لەبەر خاتری ئەو گوتم: "بەڵێ".

- لە شوورە دێرینەکەی دیاربەکرەوە بگرە، بەرەو کۆشکەکەی ئیسحاق پاشا، ئنجا لەوێشەوە دەڕۆین تا قەڵاکانی بەتلیس و ئەختامار و گۆلە ڕەنگینەکەی (وان) کە یەشار کەماڵ ناوی ناوە "بەهەشتی سەرزەمین". تۆ دەزانی (وان) گەلەک خووەشە؟

ڕەندان بەهۆی زۆر تەماشاکردنی چاوەکانم، چێژوەرگرتن لە بێدەنگیم و خوێندنەوەی نیگا تینووەکانم، باش باش دەیزانی چەنێک منی شەیدا و مەستی خۆی کردبوو. من دەمویست بیوەستێنم لەوەی هێندە دڵم بخرۆشێنێ، کەچی دەستم بۆی برد بە دوو پەنجەم توند توند لێوی پریم گرت و پێمگوت:



Scanned with CamScanner

"قوب.. ب .. ب.. ب..انی توو بم ئەز!"

پێکەنی، گوتی: "ئا ی !". خۆی ڕاچڵەکاند:

" ئەز قوربانی تە بم، حەیرانی".

ئنجا تەماشایەکی مەندۆی کرد کە نوستبوو؛ چاوێکی لێم نوقاند: "مووووو ە".

لەسەر کۆشی خۆی، پەنجەکانمی دەلاواندەوە:

- کاتی خۆرئاوابوونان دەچین لە کەنار گۆلی وانێ، لە قەراغە لمینەکەی، پێکەوە ڕادەکشێین و گوێ لە خەونی دەریاچەکە ڕادەگرین. لەوێ سەما دەکەین، بەرووتی سەما دەکەین..هههههە.. باش؟

بە گاڵتەوە لێمپرسی:

"بە بەر چاوی جەندرمە تورکەکانەوە"؟

ڕەندان بە مکوورییەوە گوتی:

- بە بەرچاوی جەندرمە تورکەکانەوە!



Scanned with CamScanner

لە دڵی خۆمدا دەمگوت "دەرفەتێکی باشە! لەم سەفەرەمدا لەگەڵ ڕەندان بۆ شاری (وان) بەڵکو دکتۆر قەدری یلدرمی هاورێ دێرینەکەی باوکیشم لەوێ دەبینم و سۆراغی باوکم لە یەک بە یەکی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی وانێ دەکەم". بە ڕەندانم گوت:

- بەڵام من یەک قرووشم پێ نیە.
- قرووش چیە؟
- یەک درهەم.. یەک دینار چیە، پێم نیە.

پێکەنی، بە حەنەکەوە پرسی:

- ئەهـا! بۆ؟ مەگەر تـوو، نە فەرمانبەری لە UN ی هەولێری؟
- با. بەڵام پاشان بۆت باس دەکەم.

بیرێکی کردەوە، وایزانی بۆ تاقیکردنەوە وای پێدەڵێم:

- من هەمە. زۆرم هەیە. خەمت نەبێ!

لەو دەمەدا خـۆزگەی ئەوەم خواسـت گیتارەکەی باوکم لە منداڵی بۆمی کڕیبوو لەلام بووایە و گۆرانیی (چەترەکەی (جۆرج براسان)م بۆی بژەنیبا:

- گیتارێکت لە ماڵەوە هەیە، ڕەندان؟
- واو.. توو گیتارژەنی! بەڕاست؟



Scanned with CamScanner

- ئم.
- ئەزێ گیتارەکی ژ تە ڕا پەیدا بکەم. گیتارەکی بە هەدیە بدەم تە وەختی گەهشتین. باش؟

دیسان تەماشایەکی مەندۆ و کورەکەی ترم کرد، هێشتا هەر نوستبوون. لە ڕەندانم پرسی:

" چ قاس ماوە بگەینە چۆڵەمێرگێ؟".

ڕەندان هەستایەوە تەماشایەکی دەوروبەری ڕێگای بەردەممانی کرد، ئنجا تەماشایەکی سەعاتە بچکۆڵەکەی مەچەکی و لەتەنیشم دانیشتەوە. بە هەر دوو دەستە نەرمەکانی، کەوتەوە لاواندنەوەی دەستی ڕاستم لەسەر کۆشی خۆی.. لەبیری چۆوە پێم بڵێ (کەمێکی دیکە دەگەینە چۆڵەمێرگێ)، گوتی:

- فەریدوون، گوێ بگرە..
- ئم..
- چیرۆکی عەشقێکی عەنتیکەت بۆ دەگێڕمەوە بۆئەوەی تۆ کەمێک پێ بکەنیت. باش؟

قسە خۆشەکانی ڕەندانم زۆر لەلا دڵنشین بوو، چێژم لە نەرمیی پەنجەکانی دەدیت لەناو کۆشی گەرمی خۆیدا، گوتم:

- دەی..!



Scanned with CamScanner

( ٤ )

- ناوت چیه؟
- فەرەیدوون.
- فەرەیدوون کێ؟
- فەرەیدوون فەرەیدوون پیرداوود.

دەنگەکە ئێستێکی کرد و هوستی نەما. ئایا بیری دەکردەوە؟ لەوانەیە. بەڵام نەمدەتوانی بزانم.

ئنجا گوێم لە هەمان دەنگ بوو لەگەڵ دەنگێکی تر بە پستە پست قسەیان کرد، بەڵام تێ نەدەگەیشتم بە چ زمانێک.

پاشان خشەخشی هەندێ کاغەزی زۆرم کەوتە بەر گوێ، لەگەڵ قرچە قرچی (دەنگی) ئامێرێکی بچکۆڵە، کە ڕەنگبێ دەیانجووڵاندەوە (لە پلاستیک یان لە ماددەیەکی باغە دروستکرابوو).

دەنگی دووەم، بە هەمان پستە پست، بەوەی یەکەمی گوت: 4. U. 2

ئنجا دەنگی یەکەم گوتی (ۆک):

- من لێتم پرسی (ناوی باوکت)؟



Scanned with CamScanner

هەوڵمدا تێی بگەیەنم:

- ئەویش هەر (فەرەیدوون)، گەورەم..

دەنگی دووەم، ڕووی لە دەنگی یەکەم، بەتوورەییەوە:

- درۆ دەکا.. درۆ دەکا.

دەنگی سێیەم (بەڵام لە شوێنێکی دوورتر لەچاو جێگەکەی ئەوان):

- وازی لێ بێنە!

دەنگی یەکەم هاتەوە پرسیار:

- واتە، باوکیشت هەر "فەرەیدوون پیرداود سلێمان"؟!
- بەڵێ.

دەنگی دووەم دیسان توورە بوو، دەتگوت زللەیەکی لێمدا:

- بڵێ "گەورەم" هەی بەچکە بەراز! هەی درۆزنی کەران باوک گاو! ڕاست قسە بکە!



Scanned with CamScanner

ویستم بڵێم (درۆ ناکەم بەخوا)؛ دەنگی چوارەم هاتە ناو قسەکانەوە، لەتەنیشتی ڕاستمەوە، لە شوێنێکی کەمێک بڵندەوە:

- ش.. ش .. ش..

بۆ کەسێک نەمزانی کێ بوو، زۆر بەشێنەیی ڕوونی کردەوە:

- ئەمە نەریتی فیرعەونەکان بوو ناوی خۆیان لە کوڕیان بنێن، واتە ناوی کوڕی خۆیان بە ناوی خۆیان، یان بە ناوی باپیریان ناو بنێن!

دەنگی سێیەم:

- وەک پەترۆس غالی.

ئنجا هەمان دەنگی یەکەم، ڕێک و ڕەوان بەرامبەرم، دەستی پێکرد:

- گوێ بگرە..!

من دەستەکانم لە پشتەوەڕا کەلەپچە، چاوەکانیشم بە پەڕۆکێکی ڕەش توند بەستراو؛ لەژێر ئەو پەڕۆکە ڕەشەوە کەلێنێک هەبوو دەمتوانی لێیەوە چەند سانتیمەترێک زیاتر



Scanned with CamScanner

عەرزەکە ببینم (ئەویش بەدزییەوە، یان ئەگەر بە بیانوویەک بمتوانیبا کەمێک سەرم بەرز بکەمەوە). ئنجا ویستم سەرم کەمێک بەرز بکەمەوە تا بتوانم ئەو میانەیەی نێوان خۆم و ئەوان ببینم، بەڵام جەسارەتم نەکرد، گوتم: "بەڵێ گەورەم.. "!

- تۆ، فەرەیدوون فەرەیدوون پیرداوود سلێمان.. بەپێی ئەم پەساپۆرتەی لەژێر دەستی ڕاستمە (کە تۆمەتباری بەوەی ساختەیە و خۆت دروستت کردووە) تەمەنت (٣١) ساڵە و لە شاری (مهاباد) لەدایکبوویت.. کەچی بەپێی ئەم پەساپۆرتە عیراقییەت، کە بەرگی پشتەوەی سووتاوە، تەمەنت (٢٩) ساڵە و لە شارۆچکەی (بیارە) لەدایکبوویت. پێش ئەوەی دەزگیر بکرێیت و بتهێنن بۆ ئێرە، تۆ، ساڵانێکی زۆر، بزر، بێ سەر و شوێن، لە هیچ وڵاتێکی ئەم سەرزەمینە دیار نەماویت. بەڵام ئێمە چەند زانیارییەکمان لەلایە - هەرچەند هەندێکیان لەگەڵ یەکتر ناکۆکن - ئەوە دەسەلمێنن کە تۆ پاش ساڵێک خوێندنی (بیزنس) وازتهێناوە و ڕووت لە دەرەوەی عێراق کردووە. نازانین چەند ساڵ لەکوێ ماویتەتەوە و چ خوێندنێکت تەواوکردووە، بەڵام بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ، ئێمە باش ئاگادارین و خۆشت باش دەزانیت کە لە چەندین دەزگا و شاری



Scanned with CamScanner

جۆراوجۆر کارت کـردووه و دەرسیشـت داوەتەوە (بـۆ نمـوونە بە مـووچەی ٧٦٥ دۆلار لە کۆمپانیـای MRU کارت کردووه)، بێ شومار چالاکیت هەبووه، زۆریش حەزت لە سـەفەرکردن بـووه. جـگە لە زمـانی دایـک، چوار زمانی دیکەش دەزانیـت. باوکـت لە منـداڵییەوە گیتارێکی بۆت کڕیوه و گیتارژەنیشـیت. ئێمە جـارێ لێت ناپرسین بۆچی دوو پەساپۆرتی جیاوازت پێیە و ئەم زمانانە لەکوێ فێربوویت و چەنـدین تـاوانیش کە خراونەتە ئەسـتۆت جـارێ بـاس نـاکەین. ئەمڕۆ بەوە دەسـت پێدەکەین پێت ڕابگەیەنین کە تۆ، یەکێـک لەو تاوانـانەی دراوەتە پاڵـت ئەوەیە کە تـۆ دایکـی خۆتـت کوشـتووه! ئەم تاوانەشـت، دەقاودەق، ڕۆژێـک پێش ئەو سـەفەرەت ئەنجامـداوە کە لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هاوڕێکانـت ڕۆیشـتوون بەرەو شـارۆچکەی (تەوێـڵە). وایە؟

مـن وام هەسـتکرد کە ئەم دەنـگەم لە ژیـانی ڕابردوومـدا زۆر گوێ لێ بووه. دەنـگەکە تونـدتر، نەختێکـیش تـووڕە، هـاتەوە پرسیار:

- وەڵام بدەوه.. ئایا ئەم قسـانە ڕاستن؟

گوتم:



Scanned with CamScanner

- گەورەم، بەڵێ ڕاستە کە من چوومەتە (تەوێڵە)، تەنانەت خۆ پاشان چووم بۆ (خورماڵ)یش، بەڵام من ئەو سەفەرەم لەپێناو دۆزینەوەی قەبری باوکم بووە، پاشان..

دەنگەکە قسەکەمی پێ بڕی:

- ئەدی پاش (خورماڵ)، بۆچی ڕۆیشتوون بۆ (بیارە)ش؟!

گوتم: "دیسان هەر بۆ گەڕان بەدووای گۆڕی باوکم، گەورەم.."..

دەنگی دووەم، دیسان زۆر توند و تووڕە:

- گوو بە قەبری خۆت و باوکە گەووادەکەت هەی درۆزن! ڕاست قسە بکە!

دەنگی چوارەم بوو، گوتی: (ش.. ش .. ش!).

ئنجا، پاش پستە پستێک کە نازانم لەگەڵ کامیان کردی، بە منی گوت: "بەردەوام بە!".

گوتم:



Scanned with CamScanner

- پاشان، گەورەم، من بەتەنیا چوومە تەوێڵە و بیارە. تەنانەت کاتێ چووم بۆ خورماڵیش هیچ هاوڕێیەکم لەگەڵ نەبوو، بە هیچ شێوەیەک گەورەم!
ئنجا ئەگەر ڕێگەم بدەن، ئەوەشتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە "پەساپۆرتەکە" من دروستم نەکردووە، بەڵکو لە ڕێستورانتی (ئەبوو سەنا) لە سلێمانی، کە لەگەڵ کچێکی هاوڕێم دانیشتبووین بۆ نانخواردن و من لەو کاتەدا چاکەتەکەم بە عەللاگەیەکی نزیک خۆم هەڵواسیبوو، کەسێکی ڕیشن هاتووە ئەو پەساپۆرتە ساختەیەی بەدزییەوە خستۆتە ناو گیرفانی چاکەتەکەم. بێگومان زۆر حەزدەکەم لەڕێگەی کامێرا شاراوەکانی ناو ڕێستورانتەکە لەمە دڵنیا ببنەوە. تەنانەت ئەو کەسە ڕیشنە، کە شاگردەکانی ڕێستورانتی هوتێلی (ئەبوو سەنا) خۆ دیبوویان..

- دەتوانی وردەکارییە بچووکەکان نەگێڕیتەوە و تەنیا ئەمەمان بۆ باس بکەیت: ڕۆژێک پێش ئەو سەفەرەت بەرەو (تەوێڵە) و (بیارە)، چی ڕووی دا؟ ئایا ڕاستە تۆ دایکی خۆتت کوشتووە؟

- گەورەم، ئەگەر دەرفەتم بدەن بۆ بەڕێزتان ڕوونی بکەمەوە کە ئێوە دوو زەمەنی جیاواز تێکەڵ بە یەکتر دەکەن. ئەوەی ئێوە باسی دەکەن کە من دایکی



Scanned with CamScanner

خۆمم كوشتووە؛ ڕاستە! بەڵام ئەمە لەکاتێکدا بووە کە من تەمەنم (٩) ساڵان بووە. ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی نیە بەو ساڵانەی پێش ئەمڕۆ کە چوومەتە ئەوێ تەنیا بۆنەوەی گلکۆی باوکم بدۆزمەوە! .. ئاخر، من ئەگەر لەم زەمەنەی ئێوە باسی دەکەن "تاوانەکەم" ئەنجام دابێت، خودا چۆن دایکی ڕەحمەتیمی زیندوو کردۆتەوە؟! ئایا ئەمە لۆژیکە!؟

- دەتوانی پرسیار نەکەیت و تەنیا بیگێڕیتەوە چۆن بووا

گوتم: بەڵێ گەورەم..

هاوین دەبێ. تەمەنم نۆ ساڵان. ماڵی داپیرم، واتە (عادیلە خانم)ی دایکی دایکم، ماڵی ئێمە دەعوەت دەکەنە (تەوێڵە)، کە عەشرەتە جافەکانی ماڵی دایکمی لێ بووە، بۆنەوەی لەوێ، لەناو ڕەز و تاڤگەکانی (زەڵم) و (ئەحمەدئاوا) وەختێکی خۆش پێکەوە لەگەڵیان بەسەر ببەین.
گەورەم، ئەمە، ئەفراسیاو بەگی باپیرم بۆمی دەگێڕایەوە، دەیگوت کە عادیلە خانمی داپیرم و دایکم، لە (تەوێڵە)، لەناو حەوشەکەی ماڵی داپیرم، لەژێر پەلکی دارهەنجیرەکان، بەرامبەر یەکتر دانیشتوون کۆڵیان کردووە! تەشتی جلشتنەکەی



Scanned with CamScanner

داپیرم تەشتێکی سەوز بووە، تەشتەکەی دایکیشم شین.
دەیگوت چۆلەکە لەسەر داران جریوەجریویان بووە. لەو دەمەدا داپیرم بە دایکم دەڵێ: "کچی خۆم تۆ تازەبووکیت؛ لەو شوێنەی خۆت تۆ هەتاو لێت دەدا. چۆن دەبێ من لەبەر ئەم سێبەرە خۆشە کۆڵ بکەم کەچی تۆی تازەبووک لەبەر هەتاو بیت؟! هەستە، دەی، با جێگەکەمان بگۆڕینەوە!".

باپیرم دەیگوت:

- دایکی ڕەحمەتیت، چەند کردی و کردی کە نابێ جێگەکەیان بگۆڕنەوە، کەچی عادیلەخانمی داپیرت هەر مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دایکی ڕەحمەتیت بچێتە سەر تەشتە سەوزەکەی داپیرت و لەبەر سێبەری دارهەنجیرەکە جل بشوات، واتە داپیریشم بچێتە شوێنەکەی دایکم. لەکۆتاییشدا هەر وایان کرد.
ئەو سەردەمە (باپیرم دەیگوت) من تەمەنم نۆ ساڵێک بووە، لەناو دارگوێزەکان، لە پشتەوەی دایکم دانیشتووم گەمەم کردووە. نە داپیرم، نە دایکم، نە باپیرم خۆیشی.. کەس.. ئاگای لەوە نەبووە کە تاپڕێک لەژێر دارێک بووە و من هەڵمگرتۆتەوە و گەمەم پێ کردووە.. تا ئەوکاتەی ئەو ساچمەزەنە



Scanned with CamScanner

نەگبەتییە لە دەستم دەتەقێت و یەکسەر بەر پشتی دایکم دەکەوێت و ئیتر لەپەوڕوو، کەڵەواژ دەبێتەوە و دەکەوێتە ناو تەشتە سەوزەکەی جلی تێدا دەشۆرد.

دەنگەکە لێمی پرسی: (تۆ بۆ خۆت، هیچی ئەم ڕووداوەت لەبیر ماوە؟).

- بەڵێ گەورەم، بەڵام زۆر کەم؛ "ناو باغە خۆشەکە"، کەمێکیش "ڕوخساری دایکم". بەڵام زیاتر لە هەموو شتێک کەروێشکێکی چاوسوورم لەبیر ماوە، کەروێشکێکی چاوسوورم هەبوو. سپی بوو.

دەنگی چوارەم، کە ئەوکاتە تێبینیی ئەوەم کرد ئەویان (دادوەر) بێت، لە شوێنە بڵندەکەوە، لێمی پرسی:

- باشە لەبیرتە باوکت لەوکاتەدا لەکوێ بوو؟

"من لە دەمی باپیرمەوە چیرۆکەکەم لەبیر ماوە، گەورەم؛ ئەگینا ئەوەندەشم بیر نەدەهاتەوە کە ئێستا بۆتانی دەگێڕمەوە"، بە دادوەرەکەم گوت:

- عادیلەخانمی داپیریشم، ئەویش چیرۆکەکەی دەقاودەق عەینەن باپیرم بۆم دەگێڕایەوە، دەیگوت: "ئیتر قەزا و قەدەر بوو". بەڵام کاتێ بۆمی



Scanned with CamScanner

دەگێڕایەوە هەمیشە دەگریا و دەیگوت "بەڵام خەتای من بوو"!
.. ببوورن گەورەم؛ باوکم؟! .. باوکم ئەو ڕۆژە، بە قسەی هەردووکیان، کامێرای ڤیدیۆ و کورسی و مێز و مایک و میکرۆفۆنیان، بەسواری هێستر و وڵاغەوە، بەسەر ئەو شاخانەی ئەوێوە، بۆی بردبوو بۆ ناو گوندێک لەسەر چیایەکی بڵندی (تەوێڵە)..

دادوەر، بەم قسەیەم، دیاربوو واقی وڕما:

- مێز و مایک و میکرۆفۆن؟ بە سواری هێستر و وڵاغەوە! بۆچی بۆیان بردبوو بۆ ئەوێ؟

گوتم: "گەورەم، ئەو ئێوارەیە، باوکم لەو گوندەی سەر شاخەکە، سیمیناری هەبووە".

لەناو بێدەنگییەکەیاندا، چەندی کردم و کردم بزانم بە چرپە چرپ چییان دەگوت لەبارەی ئەم قسەیەم؛ نەمتوانی. پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم "نەدەبووایە باسی ئەو سیمینارەی باوکم بکەم". بەڵام ناچاربووم بەرگری لە بێتاوانیی باوکم بکەم. هەر چۆنێک بێ، دەبووایە تەنیا ئەوەندە بڵێم کە ئەو ئێوارەیە باوکم کاری هەبووە و تەواو. بە خۆمم گوت "ئەگەر ئەمجارە پرسیار لەبارەی باوکم بکەن، چیتر نهێنییەکانی باوکی خۆمیان بۆ ناخەمە بەردەست".

هەمـان "دادوەر"، پـاش پستەپســتەکە، لەناکـاو، بەڵـام زۆر بەشێنەیی، لێمی پرسی:

- باشــە؛ تـۆ، چـۆن ئەمە لێکـدەدەیتەوە کە باوکیشــت هەر، تاقانە بووە و هیچ برایەک و خوشکی، نەبووە؟

مــن بیــرێکم لە پرســیارە ســەیرەکەی "دادوەر" کــردەوە، خەریکبــوو پێــی بڵــێم: : "ئەم پرســیارەتان لە کفــر نزیــک دەکەوێتەوە، گەورەم!"؛ بەڵام گوتم: "ئەمە شتێکە، تەنیا خـوا دەیزانێ، گەورەم!".

دەنگێکی تەنیشتم، بە زمانی عەرەبی، بە چرپە پێـی گـوت: "مامیشی نەبووە".

لێرەوە دەنگەکان، دیسان بـۆ مـاوەیەک بێـدەنگ مـان، بەڵام لەنـاو خۆیـان -نـازانم چـی بـوو- بە چـرپە چـرپ دیســان بـۆ ماوەیەکی درێژ کەوتنەوە قســەکردن لەگەڵ یەکتـر. دەمزانـی باسی باوکم دەکەن، بەڵام نەمدەتوانی باش لێیان تێ بگەم چــی لەبــارەی بــاوکم دەڵــێن. لەو کــاتەدا لە دڵــی خۆمـدا دەمگوت:



Scanned with CamScanner

باشـــە.. ئەرێ ئەو "دادوەر"ە بـۆچی ئاوهـا لەناکـاو کەوتە بەراوردکردنی من و بـاوکم و تەرازووی خـودای لەنێوان هەردووکمان دانا؟

تـۆ بڵێـی ئەو مەلعـوونە، لەو ڕۆشـنبیرە نێهیلیسـتانە نەبێت کە باوەڕی وایە مرۆڤ بۆ خۆی خودایە و "تـاک" لە داهاتوودا دێ ببێـتە خـودای خـۆی؟.. بڵـێم چـی؟ ڕەنگە. ئەگەر وابێت.. هەهههـە.. جەنـابی، نازانێـت کە مـن هەمـوو ئەم شـتانە، لە منـداڵیمەوە، لە بـاوکم فێربوومە و لەوسـەری فەلسەفەکانیان دێمەوە..

ئاخر.. من باوکم، ئەگەرچی مامۆستای زانکۆ، لە زانسـتگای (مۆسـکۆ) ماجسـتێر و دکتـۆرای هێنـابۆوە، بەڵـام خوداناسـێکی گەورە بـوو. هەمـوو کـۆڕ و کتێـب و سیمینارەکانی، تەنانەت بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیشـی، تەنیا لەپێناو یەک ئامـانج بـوو- وەک خـۆی دیگـوت: یەکخسـتنی خـودا و خـاک و خەڵـک! بەڵـام ئیتـر بەداخەوە شـیووعی و ڕۆشنبیرە چەپەکان، ئەویان بە "ئیسلامی" تۆمەتبار دەکـرد و دەیانگوت: "تۆ بزانە ئەم پرۆفیسۆرە، پاش بڵاوکردنەوەی زیاتر لە ٧٩ کتێب، چۆن خڵەفاوە و بۆتە ئیسلامی!". بەڵام وابـزانم ئەم دژایەتیکردنە، لەو کاتەوە توندتر هەڵگەڕا کە ئاخرین کتێـبە ناودارەکەی خۆی بە ناونیشـانی (خ) بڵـاوکردەوە. ئەمە چەنـد مانگێک پێش ئەوەی بێ سەر و شوێن بکرێ.



Scanned with CamScanner

بەڵام باشە، ئاخر من ئێستاش تێناگەم: خۆ باوکم زۆر ڕۆشن دەیگوت: "هەموو ڕۆشنبیر و دەوڵەتمەدار و سەرۆک حیزبێکی کوردستان پێویستە لەپێناو یەکخستنی خودا و یەکخستنی خەڵک و خاکی کوردستان خەبات بکەن". هەموو تاوانی، تەنها ئەمە بوو! بەڵام دەیگوت ئەمە پێویستە لەسەرەتادا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستان دەست پێ بکات بۆئەوەی دەوڵەت بتوانێت هەموو خاکی کوردستان و میللەتەکەشمان یەک بخات، ئنجا بڕوات بەرەو یەکخستنی خودامان و لەکۆتاییشدا یەکخستنی خودا لە هەموو جیهاندا. بەبیرمە باوکم دەیگوت: "من ئەمەم لە فەلسەفەکەی خۆمدا بە (مۆنارشیزمی کۆزمیک) ناوزەد کردووە". زۆر لە دژیارەکانی باوکم، بەتایبەت شیووعی و ئیسلامییەکان، ئەم تیۆرەی باوکمیان بە قسەی قۆڕ و "خەیاڵی" لە قەڵەم دەدا؛ خۆ ئەگەرچیش کتێبەکەی، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بەناونیشانی ( X ) کاتێ تەرجومە کرا دەنگی دابوّوە لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئامریکا و بریتانیا وەک تیۆرێکی مۆدێرنی فەلسەفەی سیاسی پێشوازییان لێکردبوو.

لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم دادوەر و دەنگە دەسەڵاتدارانە، خۆشبەحاڵی خۆم ئەگەر باوکم نەناسن! چونکە ئەگەر بزانن باوکم کێیە و چی بووە لە سەردەمی خۆیدا، حەتمەن لێرە



Scanned with CamScanner

هەر بەبێ دادگایی کردنم، ڕەنگە بەرەو ئیعدامکردن ڕاپێچم بکەن.

لەناکاو، دەنگی یەکەم، وەک ئەوەی گاڵتەم پێ بکات:

- باشە، لەوێ، قەبرەکەی باوکت دۆزییەوە؟ یان نا؟

منیش بە ناوازێک کە بزانن دۆزینەوەی باوکم لای من، استغفرالله، بەقەدەر دۆزینەوەی خودا لای من گرنگ بوو و ئێستاش هەر گرنگە لە ژیانمدا، گوتم:

- گەورەم، من بەدرێژایی ژیانم هەمیشە هەستمکردووە کەسێکی فڕێدراوی بێ دایک و باوکم لەسەر ئەم زەمینە! زۆر بە سادەیی، ئەگەر ڕێگەم بدەن پێتان بڵێم: گەنجێک بووم، مافی خۆم بوو باوکە بێ سەروشوێنەکەم بدۆزمەوە، یان هیچ نەبێ گلکۆکەی، بۆ ئەوەی ئیتر دڵنیا ببم کە مردووە! .. ئەخێر نەمدۆزییەوە.

دەنگەکە بەشێنەیی لێمی پرسی:

- "تۆ باوکت هەیە، یان نییتە؟ ئەمەیە مەسەلەکە لای تۆ". وا نییە؟



Scanned with CamScanner

ویستم بڵێم: "گەورەم، ئەمە بۆ گەنجێک زۆر ناخۆشە لە تەمەنی (١٤) ساڵیەوە هەست بکات بێ دایک و باوکە!"، بەڵام کەرامەتم ڕێگەمی نەدا لەبەردەم ئەمانە بناوڕێمەوە. بێدەنگ مام؛ چونکە قورگمی پڕ لە گریان کرد پرسیاری ئەو دادوەرە ناحەزەی هێند حەزدەکات خێر مردبێ!

ئنجا لە خۆمم پرسی:

"باشە؛ ئەمانە بۆچی هێندە پرسیار لەبارەی باوکم دەکەن؟.. پاشان، ئەی خودای گەورە، من، دەست کەلەپچەکراو، بە دوو چاوی بەستراو، چۆن بتوانم پەی بەوە ببەم ئەمانە کێن و چن و چییان لە من دەوێ؟!".

یەکێک لە دەنگەکان (تێبینیم نەکرد کامیان، بەڵام) دیاربوو عەرەبە و بە فارسی لەگەڵ دادوەرێکی تەنیشت خۆی کە فارسی نازانێت قسەی دەکرد؛ بە چرپە، لەبارەی منەوە گوێم لێ بوو بە فارسی گوتی:

"ئەم کابرایە زۆر سەیرە؛ کاتێ بەخەبەرە دەڵێی نوستووە قسەدەکا! ڕەنگە کاتێ نوستووشە عەینەن بێدار قسە بکا!".



Scanned with CamScanner

دەنگی یەکەم، لەناو خشەخشی کۆمەڵێک کاغەزەوە، بەسەری پەنجەی، دوو جار، بە ئاوازێک من ئاگادار بکاتەوە، لە مێزەکەی خۆی دا:

- گوێ بگرە..!

خۆم ڕاست کردەوە: "بەڵێ گەورەم".

- تۆ پێش ئەوەی بچیت بۆ چۆڵەمێرگ و لەوێ دەزگیرت بکەن؛ لەکوێ بووی؟.. یان پرسیارەکەت با بە شێوەیەکی دیکە لێ بکەین: ئایا نینکاری ئەوە دەکەیت کە تۆ پێش ئەوەی پێ بنێیتە ناو خاکی تورکیا لە ئێران بووی؟

گوتم: "نەخێر گەورەم نینکاری ئەوە ناکەم".

- لە ئێران، ماوەیەک لە شاری (مهاباد) بووی. ماوەیەکیش لە (هەمەدان) میوانی ماڵێک گوایە ماڵی خزمێکتان بووە. پاشان چووی بۆ (سەنەندەج) و لەوێ سەرت لە زانکۆی کوردستان داوە بۆئەوەی مامۆستایەکی ئەو زانکۆیە ببینی بەناوی (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان) کە گوایە هاوڕێی دێرینی باوکت بووە؛ بەدرێژایی مانەوەت لەوێ هەر لە ماڵی ئەوانیش نوستووی، تا ئەوکاتەی



Scanned with CamScanner

بەرێــــی کـــردووی بەرەو حەیـــــدەرئاباد و ئنجــا چـۆڵەمێرگ. ئایـا هەتـا ئێـرە، ئەم قسـانە، کە خۆت دانت پێدا ناوە؛ دووپاتی دەکەیتەوە ڕاستن؟

- بەڵێ؛ ڕاستن، گەورەم.

گوتی: بـارک اللـه! ئێسـتا تەنیـا ئەوەمـان وەڵـام بـدەوە، ئەم مـانەوەیەت لە ئێـران لە چ ســاڵێکدا بــووە؟ ئەگەر بتوانیـت مانگەکەشمان پێ بڵێی!

گوتم: باوەڕم پێ بکە گەورەم، من خۆشـم بیرم نایەتەوە.

ئەمجارە دەنگی چوارەم بوو، زۆر بەئارامی؛ دیـاربوو بۆنەوەی بوو قسەم لێ دەربهێنێ:

- گریمان تۆ ئامانجت لەو هەموو گەڕانە تەنیا ئەوە بووە کە سـۆراغی مـان و نەمـانی باوکـت بکەیـت؛ باشـە بەڵـام تـۆ تەنیـا ئەوەنـدەمان پـێ بڵـێ ئەم مـاوەیەی ژیانت چ سەردەمێک بووە؟ هـیچ نەبـێ ئەوەمـان بۆ ڕوون بکەوە کام ساڵ بوو تۆ لە مهاباد بووی؟

گـوتم: جەنـابی دادوەر، بـاوەڕم پـێ بـکەن چەنـدی دەکەم و دەکەم ناتوانم بۆ خۆشـم وەبیرخـۆمی بهێـنمەوە کەی بووە! ئامادەم سوێندیشتان بۆ بخۆم.



Scanned with CamScanner

هۆڵەکە دیسان کەوتەوە بێدەنگی.

لەو دەمەدا هەوڵمدا بەدزییەوە کەمێک سەرم بەرز، لە کەلێنی ژێر پەڕۆکە ڕەشەکەوە تا بتوانم چەند سانتیمەترێکی تری عەرزەکەی خوار ئەژنۆی خۆم ببینم:

نووکی سەوز و زەرد و شینی پۆستاڵەکانی سێ پۆستاڵڕەشی زەبەللاحم دیت. نووکی پۆستاڵی دەستەڕاست شین بوو، نووکی پۆستاڵی ناوەند زەردێکی تۆخ، نووکی پۆستاڵی دەستەچەپیشم سەوز.

لە خۆمم پرسی: "باشە، بۆچی ئەمانە نووکی پۆستاڵەکانیان هەر یەک ڕەنگێکی جیاوازە؟ ئایا ئەمانە دادوەرن؟ یان ئاسایش؟ یان تەنیا پۆلیسی پلەداری باڵان؟ ڕەنگە بۆئەوە بێت کە یەکتری پێ بناسنەوە! دووریش نیە هەر یەکەیان سەر بە حیزب و دەسەڵاتێکی جیاواز بن! خۆ لەوانەشە خاوەنی هەر ڕەنگێک بەرپرسیاربیەکی جیاوازی هەبێت! هەرچۆنێک بێ، جیاوازیی ڕەنگی نووکی پۆستاڵەکانیان، هەبێ و نەبێ، هەر دەبێ مانایەکی هەبێ!".

ئەم پرسیارانەم لێ ببووە مەراق و نەمدەتوانی بەتەواوەتی تێ بگەم!



Scanned with CamScanner

- گەورەم درۆ دەکات. ئەسڵەن لە هەرچی شتێک گوایە دانیشی پێدا ناوە، درۆ دەکات. دەیەوێ هەڵمانبخەڵەتێنێت.

دەنگی دووەم بوو لەناکاو ئەم قسانەی کرد، کە بەدرێژایی ئەو لێپرسینەوەیە، یەکەمین جاری بوو لەسەرخۆ و ئارام قسە بکات. ئنجا گوێم لێ بوو ئەمجارە ڕووی لە لایەکی دیکە کرد و نازانم بە کامەیانی تەنیشت خۆی گوت:

- چونکە ئەم حەڕامزادەیە، لە هەمان ئەو ماوەیەی ئێوە پێتان وایە لە (سەنەندەج) و (مهاباد) بووە؛ لە شارۆچکەی (قامشلوو) دوو شەو لە (فندق الحمراء) ماوەتەوە، پاشان برادەرێکی خۆی بەناوی (فرهاد الچلبی) هاتووە بە شوێنیدا و پێکەوە چوونەتە شاری (حەسەکە) و ئنجا (دیر الزور)، لەوێش (١٢) شەو لە ماڵی ناوبراو ماوەتەوە! ئایا ئەمە مەعقوولە!؟ دەچێتە عەقڵەوە کەسێک لە یەک ڕۆژدا لە دوو شاری جیاواز بێت، تەنانەت لە دوو وڵاتی جیاوازیش؟ مەعقوولە؟ پاشان؛ ئێوە چۆن باوەڕ دەکەن ئەم پیاوە لەو هەموو سەفەر و گەڕانەی، ئامانجی تەنیا ئەوە بێت بەدووای باوکی خۆیدا بگەڕێت؟ چۆن؟!
- ش.. ش.. ش..

لەنــاو ئەو بێــدەنگییەکەدا، لەناکــاو دەنگــی پۆســتاڵێک لە دوورەوە هــات: تەق.. تەق.. تەق.. لەنــاو هــۆڵەکە دەنگــی دەدایەوە.

دەنگــی ســامناکی خــاوەنی ئەو پۆســتاڵە، لەگەڵ یەکەمــین دەرکەوتنی، هەیبەتێکی ئەوتۆی هەبوو کە هەموویــانی کــش و مات کرد. من لەوکــاتەدا گــوێم ئەوەی دیــت: لە پانتــاییەکی نێوان دوو ڕیزە کورســییی ناو هۆڵەکەوە وەدیــار کەوت؛ تەق .. تەق .. تەق.. ڕێک بەرەو من دەهات.

پێدەچوو پیاوێکی لۆق درێژ و زۆر کەڵەگەت بێ، یەکجار لەخــۆ ڕازی، خــۆ بە گرنــگ زان، یــانیش دیــارە ئەوانــی ئەوێ بــوون ئەویان بە "گرنگ" دەزانی.

لەکاتی هەنگاوناندا، زۆر توندوتۆڵانە، پشتەوەی پاژنەی خــۆی لەســەر عەرزەکە گیردەکــرد و چەنــد چــرکەیەک لەســەری دەوەســتا و ئنجا بەشــی ناوەڕاســت و پێشەوەی قاچی خۆی دادەگــرت! بەمەش دەنگێکــی بەهەیبەتــی وای دروســتدەکرد سەرنجی هەموویان بۆ خۆی ڕابکێشێت.

من ئەم شێوازی ڕێکردن و ئەم جــۆرە دەنگــی ڕۆیشــتنەم، لە کەسێکی ناو ژیانی ڕابردوومدا هەبوو، بەڵام چەندی دەمکــرد



Scanned with CamScanner

و دەمکرد بیرم نەدەهاتەوە کێیە خاوەنی دەنگی ئەو پۆستاڵە؟!

هات، ڕێک بەرامبەر من وێستا. سانتیمەترێک سەرم بڵندکرد، لە کەلێنی ژێر پەڕۆکە ڕەشەکەوە توانیم ببینم نووکی پۆستاڵە ڕەشەکەی ئەو، زەردێکی زەرد زەرد بوو!

کەمێک ترسام. سێبەرە زەبەلاحەکەی کەوتبووە سەر ڕوخسارم. بە دەنگێکی گڕ و تووڕە، کە هاڵاوە ئاگرینەکەی بەرەو ڕووم کردەوە، پرسی:

- "مووسا تەوحیدی"؛ کێیە؟

"مووسا تەوحیدی!!!"

هەستمکرد چاوەکانی لێم زەق زەق، ئاگر لە هەناسە و چاوەکانی دەباری. چیم گوتبا، یاڕەب؟

ئاخر، "مووسا تەوحیدی" نازناوی حەرەکیی باوکم بوو!

وای خودای مەزن! (بە خۆمم گوت) من کەوتوومەتە کوێ و کەوتوومەتە بەردەست کێ؟ چن ئەمانە؟ تازە ئیتر چ دەستێک دەتوانێ من لە دەستی ئەم دڕندانە ڕزگار بکا!



Scanned with CamScanner

هەمان دەنگی هاڵاو ئاگرین گوتی:

- گوێ بگرە! دەقیقەیەک و شەش چرکە دەرفەتی بیرکردنەوەت دەدەینێ! بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆت پێویستە لەگەڵمان ڕاستگۆ بیت تا بتوانین یارمەتیت بدەین؛ بۆیە هەرچی شتێک لەبارەی ئەم مووسا تەوحیدییە دەیزانیت، پێویستە و ڕاست و دروست پێمانی بڵێیت!.. فەرموو.. ئەمە دەقیقەیەک و شەش چرکە بۆ تۆ!

لەسەر پاژنەی پۆستاڵەکەی، بە جیرەیەکی سامناک سووڕایەوە و پشتی لە من کرد: بەناو ڕێڕەوەکەی نێوان کورسییەکاندا، بە هەمان شێوازی ڕۆیشتنی تایبەتی پێشووی هەنگاوی هەڵنا بۆئەوەی دەقیقەیەک و شەش چرکەی تر دیسان دەستەویەخەم ببێتەوە.

ئەم دەنگە لۆقدرێژە، بە حونجەکردنی ناوی "مووسا تەوحیدی" چ ساڵانێکی هەم شیرین، هەم تاڵی خستەوە بیرم! ئەو ڕۆژگارەی تەمەنم (١٢) تا (١٣) ساڵان بوو:

باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی نووسەر و کەلەڕۆشنبیرەکانی وەک (یاسین ئاکرەیی) و (ڕیباز وادی) و (محمد موکری) و (حەکیمی مەلا ساڵح) و (دکتۆرە شوکریە



Scanned with CamScanner

ڕەسوول) و (حەمە سەعید حەسەن) و (فوئادی مەجید میسری) و (دکتۆر کاوە مەحموود) و (سۆران عومەر) و (محەمەد پێنجوێنی) .. کە گەلێک جار بەرپرسی ناوداری حیزب و سیاسەتمەدارەکانیش بەشدارییان تێدا دەکرد وەک (مەلا بەختیار) و (عبدالستار تاهیر شەریف) و (فایەقی گوڵپی) و (عەلی باپیر) و (بەهادین نووری).. تەنانەت گەلێک جار لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ کۆبوونەوە نیمچە نهێنییەکانیش، کە لەوێ زیاتر باسی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) دەکرا کە تازە (نەوشیروان مستەفا) دایمەزراندبوو و جەماوەرییان لە هەموو شارەکانی کوردستان پەیداکردبوو و دەیانگوت کە لەوانەیە جێگەی (حیزبی شیووعیی عیراقی) و (قیادە موئەققەتەی پارتی) و (سۆشیالیست) و حیزبە ئیسلامییەکان بگرێتەوە و ئەوان شکست بخۆن و دەست بەتاڵ بمێننەوە!

لەو مەجلیسە ڕۆشنبیرییانەدا باس هەر باسی (جەنگی عێراق - ئێران) و (ڕژێمی سەددام) بوو کە چۆن (نەوشیروان مستەفا)ی هاندابوو چووبوو حیزبی شیووعیی عیراق لە شەڕی (قڕناقە) و (پشت ئاشان) لەناو ببات بەرامبەر بەوەی (عیززەت دووری) بێتە (سووورداش) مفاوەزات لەگەڵ (یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان) بکات!

باوکم دەیگێڕایەوە دەیگوت:

- لە ڕۆژی ئەو مفاوەزاتە لە (سووورداش) لەکاتێکدا (عیزەت دووری) و (بەرزان التكريتي) لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا) و (مام جەلال) و (عومەری سەید عەلی) لە کۆبوونەوەدا بوون لەپێناو چارەنووسی کورد، ئەندامێکی مفاوەزاتی کوردی ئەو وەفدە بەناوی (حسێن سنجاری)، لە ژوورەکەی ئەنشت مام جەلال، مەزغوول بوو ژنێکی سستەری سلێمانییەیی دەگا!

ئنجا دەیگوت:

- لەوکاتەدا سێ پێشمەرگە، کاتێ لە کونی پەنجەرەوە دیبوویان؛ یەکسەر کردبوویانە هەڵڵا! خۆش ئەوە بوو کە ئەو سێ پێشمەرگەیە، چوار ڕۆژ لەسەر ئەم شاهێدییە خرانە زیندانەوە!

باوکم هەموو جار کاتێ ئەم ڕووداوەی بیر دەهاتەوە پێمی دەگوت:

- کوڕی خۆم، فەرەیدوون گیان.. ئیتر ئەمانەن حیزبی کوردی! جا من چۆن بەگژ هەموویاندا نەچم و نەڵێم: "لقد مات الحزب!"؟



Scanned with CamScanner

لەو کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشـنبیریيانەدا، نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی هەموو ئاراستەیەک، سـەر بە هەمـوو تـاقمێکی دژ بە یەکتر، پێکـرا، ئامـادە دەبـوون، هەروەهـا لەگەڵ هەنـدێک لە کۆمۆنیسـتە کـوردە عێراقییەکـان کە تـازە هەنـدێکیان دەیانویست لە (حیزبی شیووعیی عێراقـی) جـودا ببنەوە و "حیزبێکـی شـیووعیی کوردسـتانی" دابمەزرێـنن، یـانیش ببوونە پەکەکە، بەشـێک لەو هەنـدێکەش دایاننـابوو بچـنە نـاو حزبەکـانی تـر. یـانیش سـەر بە "دیمـوکرات" و (یەکیەتـی) و "کۆمەڵە" پێشـتر، چووبوون ببوونە پەکەکە و "ئاڵای شـۆڕش". یـانیش کـۆنە پەکەکە و شـیووعی و سـەر بە بـزووتنەوەی ئیسلامی بوون و لەژێرەوە ببوونە پارتی یان "کۆمەڵ"ی سەر بە جمهووریەتی ئیسلامیی ئێران. هەندێکیشیان جاران کۆنە جـاش و "هەلپەرسـت" و ڕەفیـق حیزبـی، هـاتبوون ببـوونە یەکیەتـی و پـارتی، یـان شـیووعیی کوردسـتانی و سۆشیالیست و باڵی زەحمەتکێشانی سـەر بە جەمـاعەتی "پیاوێکی دەنگ نووسـاو" – بەبیرم نایە ناوی چـی بـوو. ئـی واش هەبوو لە دکتۆر مەحموود عوسـمان جـودا ببـۆوە بەڵـام وەک (عەدنـان مـوفتی) بە (مـام جەلال) هەڵنەخەڵەتـابوو یەکسەر بیکاتە (بەرپرسـی مەڵبەنـد) بەڵکـو چووبـوو حزبێکـی سەربەخۆی بەتاقی تەنیـای دانـابوو، شـازدە ئەنـدام و سـێ پاسـەوانی چەکـدار و بارەگایەکیشـی –عەیـنەن دوکـان– بە پـارەی "پـارتی" دامەزرانـدبوو، هەمـوو پێنجشـەممەیەک

هەرچی ژن و گەنجی فێمینیست و ڕۆشنبیر و "ئافرەتی جواننووس" هەبوون لەوێ کۆدەبوونەوە باسی خوا و ژن و پیاوسالاری و شەرع و سێکس و پێغەمبەریان دەکرد.

بەشی زۆری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییانە، لە هەولێر و سلێمانی دەکران؛ کۆڕ و کۆبوونەوە نهێنی و نیمچە نهێنییەکانیش، بەشی زۆریان، لەناو باغەکانی (تەوێڵە) و (بیارە) و باغی (گوڵان) و دامێن چیای (شنروێ). جارێکیش بەبیرمە لەناو ڕەزێکی زۆر خۆش (کە ئەوجارە مافووریشیان ڕاخستبوو، مەنجەڵێک دۆڵمە و سەماوەریشیان دانابوو) و ئەو ڕەزە کەوتبووە دامێنی خواری خوارەوەی جادەیەکی ناوەڕاستی شاری ئاکرێ کە (مەجید ئاکرەیی) بەنهێنی لەوێی کۆکردبوونەوە و ئەوجارە دوو ڕۆشنبیری گەورەی عەرەبیشیان دەعوەتکردبوو بەناوی (عبدالرزاق الصافی) و (سەمیر باقر)، کە یەکەمیان خەڵکی (نەجەف)، ئەوەی دووەمیش سەر بە حیزبی دەعوە بوو لە (کەربەلا).

لەو کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییانەدا، بەبیرمە باسی چۆنیەتیی دامەزراندنی "زمانی یەکگرتووی کوردی" و "یەکخستنی ڕێنووسی کوردی" و بەکارهێنانی ئەلفابێی لاتینی لەجیاتی ئەلفابێی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دەکرا، هەروەها باسی فڵان ڕۆشنبیر یان فلان نووسەری گەورەی



Scanned with CamScanner

ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی یان شیووعی که چۆن تازه خۆی فرۆشتووه و شیعرێکی "یان کتێبێکی" بۆ پیاهه‌ڵدانی (سه‌ددام حوسێن) نووسیوه، یان ده‌یانگوت دوێنێ نائومێد و دۆڕاو ڕۆیشتووه به‌ره‌و ئێران یان (دیمه‌شق) بۆئه‌وه‌ی له‌وێوه سه‌ری خۆی هه‌ڵبگرێت و داوای په‌ناهه‌نده‌یی بکات له (سوێد). به‌ڵام باسی هه‌ره گه‌رم له‌ناو ئه‌و مه‌جلیسه ڕۆشنبیری و کۆبوونه‌وه نهێنییانه‌دا بریتی بوو له مه‌سه‌له‌ی هاتنه‌وه‌ی (خومه‌ینی) بۆ ئێران له‌لایه‌ن فه‌ره‌نساوه بۆئه‌وه‌ی له‌جیاتی حیزبی توووده‌ی کۆمۆنیست ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ر ئێراندا بگرێت و ئێران وه‌ک ئه‌فغانستان نه‌بێته به‌شێک له سیسته‌می یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت؛ چۆنیش ئاخر ئه‌مه ده‌بووه هۆی دروستبوونی خه‌ته‌رێکی گه‌وره بۆ به‌هێزبوونی بزووتنه‌وه‌ی سوننییه ئیسلامییه‌کان و شیعه‌گه‌راییش له ناوچه‌که‌دا و له‌کۆتاییدا ده‌بووه هۆی لاوازکردنی ناسیووناليزمی عه‌ره‌ب و کوردیش.. بێگومان (چریک) و (توووده) و (موجاهیدینی خه‌لک) و (دیموکرات)یش له‌وکاته‌دا په‌راوێز ده‌خران و ناچار ئه‌وانیش ڕه‌نگه له‌وکاته‌دا خۆیان بده‌نه پاڵ ڕژێمی سه‌ددام!

له‌و کۆبوونه‌وه ڕۆشنبیرییانه‌دا، به‌بیرمه، به‌رده‌وام باسی تیۆری داروین و ئه‌نجلس و کتێبه‌کانی عه‌لی شه‌ریعه‌تی و سه‌للامه مووسا و نه‌وال سه‌عداوی و زه‌رووره‌تی



Scanned with CamScanner

هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێزان و مافی میراتیی ژن و بەتایبەتیش ئازادییەکانی ئافرەت و لەناوبردنی سیستەمی پیاوسالاری زۆر دەکرا؛ ئنجا باسی (ئاشبەتاڵ) کە چۆن هەندێکیان ڕایان وابوو (مەلا مستەفا) ئەگەر ڕاستی بکردایە دەبووایە بەخۆی و شەش پێشمەرگەش بایە لە شۆڕش بەردەوام بووایە و نەچووبا بۆ ئەمریکا؛ هەندێکی دیکەش پێیان وابوو کە نەخێر مەلا مستەفا بەکرێگیراوی ئەمریکا نەبووە؛ چۆنیش هەندێک جار ئەم کارەساتە نەتەوەییە مەزنەیان بە نوکتە بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. لەبیرمە جارێکیان یەکێک لە ڕۆشنبیرە کۆمۆنیستەکان بە کەڵەڕۆشنبیرێکی کۆمەڵەی مارکسیزم – لینینزمی کوردستانی گوت:

- مەلا مستەفا باوکمانە؛ ئێستاش!

ڕۆشنبیرێکی سۆشیالیستیش، ڕەخنەگرانە و سەرسوڕماو، لێی پرسی: (چۆن!؟ ئاخر تۆ چۆن ئەم قسەیە دەکەی؟).

کۆمۆنیستەکەش، بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەدی دایکمانی نەگا؟!

ئیتر بەم شێوەیە، بەم نوکتە و قسە خۆشانە، کۆڕ و مەجلیسەکانی خۆیان "گەرمتر" و "خۆشتر" دەکردا!



Scanned with CamScanner

لەو سەردەم و شوێنە دوورەدەستانەی ناو خەیاڵی دێرینی خۆم بوو کە من بەبیرم هاتەوە "مووسا تەوحیدی" نازناوی نهێنیی باوکم بوو!

لە هەمـوو ئەو کـۆڕ و کۆبـوونەوە ڕۆشـنبیرییانەدا، "مووسـا تەوحیدی" بێ ئەوەی سەر بە هیچ تاقم و حیزبێک، تەنیا یەک فەلسەفەی هەبوو: هەمـوو حیزبەکـان بێن ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن لەناو یەک بەرەی کوردستانیدا کۆببنەوە لەپێناو یەکخستنی خۆ و خودا و خەڵک و خاک! بۆیەش تیۆرەکەی خۆی ناونابوو (خ). ئەو ڕای وابوو کە لەناو ئەم گەڕەلاوژێیەی "نەسازان" و حیزب حیزبانێ و براکوژییەدا، بەهیچ شێوەیەک مومکین نییە دادپەروەری و قانوون بەتایبەتیش دیموکراسیەت بەرقەرار ببێت بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان!

پاش بڵاوبوونەوەی کتێبە ناودارەکەی، دەستی دابووە نووسینی کتێبێکی تری، بە زمانی عەرەبی بەناونیشانی (لقد مات الحزب)؛ تێیدا، پاش سەلماندنی فەشەلهێنانی سیستەمی حیزب بۆ ناو پەرلەمان، داوای کردبوو (کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان) واز لە هەمـوو ئەو حیزبانە بهێنن و لیستی خۆیان دروست بکەن: (لیستی کرێکار و کاسبکاران)، (لیستی تەڵەبە و گەنج)، (لیستی مامۆستایان

و مووچەخۆران)، (لیستی گوندنشین و جوتیاران)، (لیستی ئەنفال و شەهید و هەڵەبجە و زیانلێکەوتووانی جەنگ)، (لیستی پێشمەرگە)، (لیستی ژنان).. بێن نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن ڕاستەوخۆ لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، نەک لەڕێگەی ئەو حیزبە درۆزن و میللەتفرۆشانەوە!

بۆیەش زۆر جار گفتوگۆ ئاگرینەکانیان لەگەڵ یەکتر دەگەیشتە ناخۆشی و هەندێ جار دەستەویەخەی یەکتربوونەوەش. وابزانم هەر لەسەر ئەمەش بوو باوکی منیان بێ سەروشوێن کرد و خستیانە بیرێک تا هەتایە لێی دەرنەیەت!

بیرمە ڕۆژێک، لەسەر کتێبی (لقد مات الحزب) کە هێشتا چاپیشی نەکردبوو، لەگەڵ یەکێک لەو کۆنە شیووعییانەی تازە ببووە (پارتی) بەناوی (سەرۆ قادر)، کەوتە گفتوگۆیەکی ناخۆش؛ چونکە ناوبراو بە باوکمی گوت:

- ئەم کتێبەی تۆ کە بەناونیشانی (خ) بڵاوتکردۆتەوە، بە ڕای من نەک هەر تیۆرێکی فەلسەفەی سیاسی نیە بەڵکو ژەهرێکە و دەرخواردی میللەتەکەمانی دەدەی.

باوکم، وەک هەمیشە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە قسانە پاراست، بەڵام پاشان ئەم بەرپرسەی دەزگای



Scanned with CamScanner

ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەمی زیاتر درنزکرد و بە باوکمی گوت:

- لەبارەی ئەو کتێبە تازەبەشت بەناونیشانی (المقدمات الحرب) کە پێشتر بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (وشە) و گۆڤاری (گوڵان)دا بڵاوتکردۆتەوە و ئێستا دەتەوێ بە کتێب چاپی بکەیت: حەزدەکەم یەک شتت پێ بڵێم!

باوکم گوتی: فەرموو..

- ئەم کتێبەت، کە لەژێر پەردەی ناسیوونالیزمەوە دەتەوێ بیری ئیسلامی و فەلسەفەی پڕوپووچی خوداپەرستیی پێ بڵاوبکەیتەوە، من لە ئێستاوە پێت دەڵێم: ئەگەر چاپی بکەیت؛ بە هەموو گەنجە پارتییەکان و ئەندامەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆمانم گوتووە بەتایبەت لە (کەلار) و لە (قەڵادزێ) هەموو نوسخەکان لە بازاڕ بکڕن و بیانسووتێنن!

ئنجا بە باوکمی گوت:

- تۆ هەرگیز ناتوانیت حیزب لە کوردستان نەهێڵیت و سیستەمی حیزبیی پەرلەمانی کوردستان لەناو



Scanned with CamScanner

ببەیت! تێگەیشتی!؟ ئەمەتا من لە ئێستاوە ئەمەت پێت دەڵێم!

ئەم قسەیەی لەکاتێکدا کرد کە (ئازا حەسیب قەرەداغی)ی کۆنە شیووعی- کە ئەویش تازە خەریکبوو لەسەر دەستی ناوبراو ببێتە پارتی- لەتەنیشتی، لەناو کورسییەکی سوور سوور سووری چەرمین ڕۆنیشتبوو، تەماشای باوکمی دەکرد. باوکیشم، عادەتی وابوو، کاتێ کەسێک بەم شێوەیە ئیهانەی بکردایە، وەک دەڵێن ئیمانی لە کەللەی نەدەما، یەکسەر تەماشایەکی ئازا حەسیب قەرەداغیی کرد و لە شوێنی خۆی هەستایەوە، زنجیری پانتۆڕەکەی کردەوە و کێری خۆی دەرهێنا ڕووەو سەرۆ قادر، پێی گوت:

- دە کەواتە، با منیش لە ئێستاوە میزێک بە چەوچاوە حیزەکەتدا بکەم!

تەماشایەکی کۆنەشیووعیە تازە پارتییەکەی کرد و دەستی منی گرت و چووینە دەرەوە. لە دەرەوە بە منی گوت:

- ئنجا با پیاو بێت کتێبی من لە "قەڵادزێ" و "کەلار" جارێکی تر بسووتێنێت!

ئەمە بوو باوکی من: "مووسا تەوحیدی"!

لەناکاو، یەک زللەی توند، سەرمی بەرەو لای ڕاست فڕێدا؛ دەماری پشتەوەی ملمی لەگەڵ بە ژان هات:

- لەگەڵ تۆم بوو، بۆ بێدەنگی؟!

من لەکاتێکدا بەهۆی زللەکەوە، هوڕ و گێژ، دەمویست خۆم ڕاست بکەمەوە، گوتم: بەڵێ گەورەم!

"پۆستاڵ ڕەشی نووک زەرد" کە زللەکەمی لێدا، گوتی:

- دەقیقەیەک و شەش خولەکەک تێپەڕی، هێشتا هەر وەڵام نادەیتەوە؟!

ئنجا هاواری کردە سەرم:

- قسە بکە؛ (مووسا تەوحیدی) دەناسیت یان نا ؟

دەمودەست گوتم: "بەڵێ. دەیناسم".

یەکسەر وەک ئەوەی دانپێدانانێکی چاوەڕواننەکراوی بیستبێت، دەنگ شێنەتر، گوتی: "کێیە؟".

- نووسەرێکی بەناوبانگە، کتێبێکی بەناونیشانی ( خ) بڵاوکردبۆوە و شۆرەتی پەیداکرد، ئیتر منیش ئەوکات ناویم بیست و کتێبەکەیم خوێندەوە.

زۆر بە ئارامی و بە شێنەیی، وەک ئەوەی ئامۆژگاریم بکا:

- ئنجا بۆ ڕاستییەکەمان پێ نالێی کە ئەم مووسا تەوحیدییە سەرکردەی بزووتنەوەیەکی توندڕەوی ئیسلامییە و ناوە ڕاستەقینەکەی (مەلا کرێکار)ە و تۆ پاش ئەوەی کتێبەکەیت خوێندۆتەوە، پێی سەرسام بوویت و داوات لە "چەند هاوڕێیەکت" کردووە کە پێتی بناسێنن! ها؟ .. بۆچی دانی پێدا نانێی کە ئیتر ئەوانیش تۆیان بردووە بەرەو (تەوێڵە) بۆ لای ئەو "مووسا تەوحیدی"یە؟!

ئاهێک بە گیانمدا هاتەوە؛ بۆ قسەیەک دەگەڕام قەناعەتی پێ بهێنم و خراپیش لە سەرم نەشکێتەوە، ئەو گوتی:

- دە، دەی! دان بەمەدا بهێنە کە تۆ بەم دواییە کاتێ چوویت بۆ (تەوێڵە) و (بیارە)، بۆ دۆزینەوەی گۆڕی باوکت نەبووە بەڵکو بۆئەوە بووە (مووسا تەوحیدی) ببینیت و پەیوەندی بەو بزووتنەوە ئیسلامییەوە بکەیت! یەکەمین کۆبوونەوەشتان لە گوندی (خێڵی حەمە) بووە! وایە؟

کاتێ ئەم قسانەی تەواو کرد (کە هەمیشە وەک ئەوەی بۆڵەبۆڵێک بکا، یان وەک ئەوەی بابۆڵەیەک لە دەمی بێت و ئنجا بدوێ) هەروەها بە شێوازی ڕۆیشتن و باژنەی پۆستاڵ

لە عەرز توند گیرکردنەکەی -کە دەمێک بوو بیرم لێی دەکردەوە لەکوێ بینیبووم-؛ یەکسەر برووسکەیەک ژووری بیرەوەرییەکانمی داگیرساند، دڵنیا دڵنیا دڵنیای کردمەوە کە خاوەنی ئەو دەنگە (سالار عەزیز) بوو!

ئەندامی سەرکردایەتیی (یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان) کە پاشان بووە (گۆڕان) ئنجا پاشتر وەکو گەلێک حیزبی و حیزب پەرستەکانی دیکە، ببووە مەیمoونی "پارتی دیموکراتی کوردستان" و ئێستاش ئەمەتا لەم دادگایە، خۆی و جەماعەتی دادگاکەی، جنێو بە "باوکی پیرۆزی من" دەدەن!

بەڵێ، خۆیەتی! بۆم دەرکەوت ئەم پۆستاڵ ڕەشە لمۆز زەردە، سالار عەزیزی (گۆڕان) و "کۆنە یەکیەتی" بوو!

ئنجا وەک ئەوەی هەموو نهێنییەکی من بزانێت، بە ئاوازێکی گاڵتە پێم کردنەوە:

- پێمان بڵێ، یەکەمین کۆبوونەوەت لەگەڵ "مووسا تەوحیدی" لە (خێڵی حەمە) بوو؟ یان لە تەوێڵە؟ ڕاست وەڵام بدەوە!



Scanned with CamScanner

خەریک بوو پێی بڵێم: "گەورەم، ئاخر ئەوکاتەی مووسا تەوحیدی کتێبە ناودارەکەی بڵاوکردۆتەوە، من تەمەنم نەگەیشتبووە پازدە ساڵ".. پاشان گوتم نەخێر با ئەم قسەیە نەکەم. ئەو گوتی:

- ئەگەر دان بە هەڵەکانت بنێیت، یارمەتیی خۆت دەدەیت کە ئازادبوونت چەند هەنگاوێک بچێتە پێشەوە! دەی.. ئازا بە!

گوێم لە دەنگی پۆستاڵەکەی بوو، لەبەردەمم دەهات و دەچوو:

- قەیناکە، دەرفەتت دەدەمێ کەمێک بیری لێ بکەیتەوە!

"سالار عەزیزی کۆمەڵەی مارکسیزم – لینینیزمی کوردستان! جارێکیان بە فەرمانی ئەو، لە سلێمانی، نارنجۆکێکیان هەڵدابووە ماڵی (حەمە فەریق حەسەن) بۆئەوەی ڕۆشنبیرە ئانارشیست و کۆمۆنیستەکانی وەک (فوئاد مەجید میسری) و (هەڤاڵ کوێستانی) و (حەمە کەریم عارف) و من تەمبێ ببین و چیتر کۆبوونەوەی نهێنی لە ماڵی ئەو نووسەرە نەبەستین"!

ئەمە، باوکم بۆمی گێڕابۆوە، دەیگوت:



Scanned with CamScanner

"لەسەر شەڕێک کە کۆن لەنێوانمان ڕوویدابوو، میانەمان لەگەڵ یەکتر تێکچوو. ئیتر دەیویست من لەناو ببات"!

من دەمزانی باوکم دەستی شەڕ لە کەس بەرز ناکاتەوە، پرسیم: "بۆچی میانەتان لەگەڵ یەکتر تێکچووە، بابۆ؟"

- دەزانی بۆ؟

من داوام لێیکرد بەفراوانی بۆم بگێڕێتەوە بۆچی دەیویست باوکم لەناو ببا؟

جوان جوان دێتەوە سەر پەردەی بیرم؛ باوکم چەند وردبینانە چیرۆکەکەی بۆم گێڕایەوە:

- ئەوە من کورە خاڵێکی باوکم هەیە لە هەڵەبجە، لەوێ بە (عومەر سلێمان هەولێری) مەشهوورە، بازرگانە، شەش کوڕ و دوو کچی هەیە. ڕۆژێک لە هەڵەبجەوە، بە پرتاو هاتە لام و بە گازاندەوە پێمی گوت: "دکتۆر فەرەیدوون!". گوتم: "بەڵێ خاڵۆ گیان". گوتی: "ئەم سالار عەزیزەی کە لەگەڵ نێوەی ڕۆشنبیران و ئەوانەی دیفاع لە میللەت دەکەن و باسی دادپەروەری و ئەم شتانە دەکەن!". گوتم: "ئێ!". گوتی: "پێش مانگ و نیوێک، بە



Scanned with CamScanner

جانتایەک پارەی حەڵاڵی خۆمەوە، خوا دەزانێ کە هینی خۆمە و بەم کەسابەتەی نێوان هەولێر و هەڵەبجە و چوونە ئێرانم پەیدام کردبوو، لە ترسی ئەم شەڕی براکوژییە، چووم لە بانقی هەولێرم دەرهێنا و گوتم با لەگەڵ خۆم بیبەمەوە بۆ هەڵەبجە و خەستەخانەیەکی ویلادەی بۆ خوشک و دایک و ژنە هەڵەبجەییەکانی شارەکەی خۆم پێ دابمەزرێنم". گوتم: "ئێ!". گوتی: "ئەم سالار عەزیزەی هاورێت لە سەیتەرەکەی (دێگەلە)، چوار چەکداری لەپشت، لێم هاتە پێشەوە و گوتی: "ئەم پارەیە هینی پارتی دیموکراتی کوردستانە و هینی خۆت نیە"! هەموو پارەکەمی بە جەنتاوە لێ برد، ئێستاوئێستاش لێمی زەوتکردووە و نامداتەوە، دەڵێ: ئەو پارەیە هینی پارتییە و ئی خۆت نیە!

باوکم دەیگوت:

منیش لێم پرسی "پارەکە چەندە؟". خاڵۆ عومەر گوتی "نیو ملیۆن دۆلاری ڕەبەق". "ئنجا من مەزبەتەیەکیشم بە پیاوماقووڵانی هەڵەبجە ئیمزا کردووە کە پارەکە هینی خۆمە؛ کەچی لەگەڵ ئەمەش هەر نامدەنەوە".

خـاڵۆ عـومەر وەک ئەوەی لە دادوەرێـک بپـارێتەوە، دەیگوت: "ئنجا هاتوومەتە لات دەڵێم چونکە هاوڕێی تۆیە، بەڵکو بچی داوای لێ بکەی بمداتەوە"!
خاڵۆ عـومەر دەیگـوت: دوو بازرگـانی هەولێـریش کە شەریکی مـنن، بە نـاوی (زیـاد الصـافی) و (سـەباح قەسـساب)، ئەوانیش شاهێدی حەقیقەتەکەن.

باوکم دەیگێڕایەوە دەیگوت:

- بـۆ سـبەینێ لەگەڵ دوو شـاهێدەکە، دەسـت بە مەزیەتەوە چووین بۆ سـلێمانی، بـۆ لای نەوشـیروان مسـتەفای سـەرۆک حیـزبەکەی لە مەکتەبـی کۆمەڵایەتی. گەندەڵییەکەمان بۆی ڕوونکـردەوە. خـوا هەڵناگرێ، کاک نەوشـیروان ئیمـزای لەسـەر کـرد و هەر چوارمانی نارد بۆ لای کاک کۆسرەت ڕەسووڵی سـەرۆک حکـوومەت. کـاتێ سـەرۆک حکوومەتمـان دیت، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێمان کرد؛ لە وەڵـامی شکایەتەکەمان زۆر بەشێنەیی گوتی: "ڕاستە سالار عەزیز ئەم پارەیەی لێتان زەوتکردووە بەڵام بەداخەوە، ئەو، پـارەکەی نەخسـتۆتە نـاو خەزیـنەی حکـوومەتەکەی مـن تـا بتانـدەمەوە؛ بەڵکـو خستوویەتیە ناو خەزینەی شەخسیی خۆیەوە. بۆیە بەداخەوە!".

باوکم دەیگێڕایەوە دەیگوت:

- (زیاد الصافی) کە شاهێد و شەریکی "خاڵۆ عومەر" بوو، بە کاک کۆسرەت ڕەسوولی گوت "باشە، ئەدی سالار عەزیز لە حیزبەکەی ئێوە نیە کە کار دەکەن بۆ بەرقەرارکردنی قانوون و دادپەروەری؟". لەوکاتەدا (قادری حەمە جان) لەپشت کاک کۆسرەت ڕاوەستابوو، چاوێکی لە شاهێدەکە سوورکردەوە و خالە عومەر پێش هەمووومان گوتی: "باشە کاک کۆسرەت، سوپاس" و چووە دەرەوە، نیتر منیش بەدووای ئەودا هاتینە دەرەوە.

باوکم دەیگوت:

- کاتێ گەیشتینە سەر جادەکەی دەرەوە، خالە عومەر دەسەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و کەوتە گریان: (ئەمەیە حیزب؟! ئەمەیە سوودەکانی حیزب و دیموکراسی، دکتۆر فەرەیدوون؟ من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە هەر هەموو ئەم حیزب و خاوەن حیزبانە، هیچ کامێکیان، نە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن، نە میلللەتیشیان هیچ خۆشدەوێ! لە وەدەستهێنانی پارە و پایە زیاتر هیچ ئامانجێکی دیکەیان نیە)! ئنجا گوتی: دە وەڵڵاهی ئەگەر بمزانیبا ئەم هەموو پارەیەم ئاوها دەدزن، قەت

نەمدەهێشــت کورەکــانم و بنەمــاڵەکەم و خۆشــم بچین دەنگ بدەینە ئەم دزانە!

ئنجا خاڵە عومەر ئاوڕێکی پشتەوەی دایەوە و گوتی:

(هەی تفــوو لەو حیــزبەی کەســانی وەک ئەم کــاک کۆسرەتە بێدەسەڵات و شەڕیکەدزانە دروستیان کرد! هەی تفــوو لەو بـزووتنەوەی گــۆڕانەی کەســانی وەک ئەم ســالار عەزیزە دایانمەزراند و ماڵی میللەتیان پــێ تاڵان کرد!).

لەناکــاو زللەیەکــی تونــد، ئەمجــارە ســەرمی بەرەو لای چەپ فڕێدا، بەشــێوەیەک کە دەمــاری پشــتەوەی ملمــی لەگەڵ بە ژان کەوت:

- ئەوە تۆ خەوتووی؟!

وەڵام بدەوە.. باســی مووســا تەوحیدیم بۆ بکە، هەی کێری مووســا تەوحیــدی بە قــوزی دایکــی ئەو بــاوکە گەووادەت، کە هەر بــۆی دەگەڕێــت و نایــدۆزیتەوە! قسە بکە!

لەگەڵ ئەم بە لای چەپــدا کەوتــنەم، دەنگەکــان لەنــاو خۆیانــدا کەوتــنە سرتەســـرت. نەمــدەزانی چ دەڵــێن! بەڵــام لەنــاو هەموویاندا "دەنگی دووەم"، بەشــێوەیەک هەســتم بە ڕقــی ددانەکانی دەکرد، گوتی:

- گەورەم، مــن، خــۆ، پێتــانم گــوت بــێ ســوودە لەگەڵ ئەم درۆزنە گەمــاڵ بــاوکە! ئەم کــوڕی قەحــپەیە درۆ دەکا. بەردەوام درۆمان لەگەڵ دەکا! کاتێ ئەرشیفی



Scanned with CamScanner

وێنەکـــان خـــرانە بەردەســـت بەڕێزتـــان، بۆتـــان دەسەلمێت چۆن لەگەڵ هاوڕێ چەکدارەکانی چۆتە (تەوێڵە) و لە گوندی (خێڵی حەمە) وێنەشـی لەگەڵ مەلا کرێکاری سەرۆکی بزووتنەوەکە گرتووە!
گەورەم، وێنەکە ئەگەرچی لە دوورەوە گیراوە و باش دیـار نـیە بەڵـام ئاشـکرایە وێـنەی ئەوە، تەنـانەت بەروارەکەیشی لەپشت نووسراوە کە دەکاتە هەمان ڕۆژی لەوێ بـوونی خـۆی. گـووایە ئەو ڕۆژە بـۆ دۆزینەوەی قەبری باوکە تڕۆکراوەکەی چۆتە تەوێڵە!
من خۆ پێم گوتن درۆ دەکا!
- ش.. ش.. ش..
دەنگێکـی نـوێ، لە بڵنـدایيەکی پشـتەوە، کە لە دەنگـی پیرەمێردێکـی مانـدووی قەڵەو قەڵەو دەچـوو شـێوەی لە کونـدەبۆیەک بچێـت، بە *لەهجەیەکـی بەغـدایی*، دیـاربوو ڕووی لە هەموویان کرد:
- بەڕێزان!
بۆ دانیشتنی داهاتوو، تکایە هەر هەمـوو ئەرشـیف و وێنەکان ئامـادە بکـرێن، بەتـایبەتیش ئەوانەی وێـنەی مووسا تەوحیدییان تێدایە!
گوێم لە دەنگی دەفتەرێک بوو داخرا. چەند کۆمپیوتەرێک یەک بە دووای یەکتر کوژانەوە. ئنجا چەنـد چەکمەجەیەک کلیـل دران. چەنـد کورسـييەکیش یەک لەدووای یەکتـر خرانەوە شوێنی خۆیان.



Scanned with CamScanner

## (٥)

لەو شوێنەی کە ئیبۆ و ڕەندان منیان هەڵگرت، لەسەر ڕێگەی گوندی (گەلیشمە) تا گەیشتینە شاری چۆلەمێرگ، تەنیا یەک کۆنترۆڵی قەرەوڵەکانی تورک هاتنە پێشمان ئەویش ئەو جێگەیەی کاتێ خەریکبوو دەگەیشتینە دەروازەی (چۆلەمێرگ)، ئەو شارەی کە بەهۆی ئەوەی بازێری چەند بنەماڵەیەکی هەکارییان بووە لە دێرینەوە خۆیان دایانمەزراندبوو؛ ناوێکی دیکەشیان لێنابوو: (هەکاری).

هەرکە گەیشتینە ناو شاری هەکارییان، ئیبۆی شوفێر، لەگەڵ (ڕەندان) پێش هەموو شتێک (خەجێ)ی نەخۆش و مێردەکەی و منداڵەکەیان، لە (خەستەخانەی چۆلەمێرگ) دابەزاند.

ئنجا کە لە خەستەخانە هاتنە دەرەوە، (ئیبۆ) ئێمەی گەیاندە بەردەمماڵی (کاک سەیدۆ)ی پسمامی ڕەندان، کە تەنیا کۆڵانێک لەولای خەستەخانەکە بوو. لەوێ تەنیا ڕەندان دابەزی؛ جانتاکەی منیشی لەگەڵ خۆی برد و پێمی گوت: "زوو دێمەوە".

نزیکەی چارەگە سەعاتێک لەبەردەم ماڵی (سەیدۆ) چاوەڕێمان کرد تا (ڕەندان) گەڕایەوە.



Scanned with CamScanner

کاتێ لەوێشرا بەرێ کەوتین و گەیشتینە بەردەم ماڵەکەی خۆی، مەندۆ یەکسەر جەنتاکانی من و ڕەندانی هێنانە خوار تا بیانبات بۆ قاتی سێیەم.

شوفێر" دەستی تەوقەی بۆم درێژکرد:

- من گەلەک کەیفخۆش بووم تۆم ناسی، مامۆستا.

هەر لەبەردەم ماڵەکەی خۆی، ڕەندان ئیبۆی شوفێری جوداکردەوە پەنای پیکابەکە، هەندێ قسەی خۆیان کرد کە من بەهیچ شێوەیەک نەمتوانی پێشبینی بکەم لەبارەی چی چییان گوت.

کە لە قسەکانیان تەواو بوون، ئیبۆ سواری تووبۆتاکەی، ڕۆیشت. ڕەندانیش، باڵابەرز، کەفەڵ پڕ و پان، پانتۆرێکی سپی و کراسێکی سەوزی سنگ بە کرێشمە، جەنتایەکی ژنانەی سوور بەدەستەوە، بەپێشم کەوت بۆ قاتی سێیەم بۆ ماڵەکەی خۆی.

ع ماڵێک! .. ڕازاوە و خۆش!

ئەگەرچی بەکرێی دابووە کچێکی خوێندەڤان کە لەو شارە دەیخوێند، بەڵام باندەست و سەلیقەی ژنێکی مامۆستا،

مــــۆدێرن، جوانیدۆســـــت و چـــالاکوان، تـــا ڕادەیەک فێمینستیشی پێوە دیار بوو.

هۆڵێکی کەشخەی میوان، فراوان فراوان!

لە هـۆڵەکەوە ڕێڕەوێکـی داپۆشـراو بە فەرشــی هەکاربیـان دەچـۆوە سـەر ژوورێکـی دەرگـا "کچـانە کچـانە ڕازاوە"، کە ژووری نوستنی خۆی بوو. "نەیکردەوە پیشانم بدات!".

لە هەمان ڕێڕەودا بوو کە دەرگاکـانی توالێـت و حەمـامەکەی، داخـراو، پـاک پـاک، هـاتنە سـەر ڕێگەمـان. ئنجـا هەر لەوێ، ژوورێکی دیکەی پیشان دام، کە مەنـدۆ پێشـتر جەنتـاکەمی لێ دانابوو. دەرگای ئەو ژوورەی کردەوە و گوتی:

"ئەمەش هۆدەی تۆ!".

لەو چرکەیەی پێم نـایە مـاڵەکەی، بە مـن بـووایە ئیتـر نەیەمە دەرەوە تا ئەوکاتەی هەموو ڕاز و نیازێکی خۆمم بۆ (ڕەنـدان)، ئەویش ئی خۆی بۆ من، بەیان دەکردا!

لە دڵـی خۆمـدا گـوتم ڕەنـگە ڕەنـدان بـیەوێ پەیوەنـدییەکی درێژخـایەن و ژیـانێکی تـازە لەگەڵ مـن دابمەزرێنێـت: چـونکە

مــن ئەم ئــارەزووەی ڕەنــدانم لە یەکەمــین ســاتەکانی یەکترناسینمان لە ئەودا دیت.

کــاتێ بەشــی زمــان و ئەدەبیــاتی کــوردی لە زانکــۆی ئارتوگلووی مێردین تەواو دەکات، ڕەندان یەکسەر شوو بە کوردێکی زازای خەڵکی (دێرسیم) دەکا، کە (پەکەکە) بووە و لە ئەستەمبۆڵ خاوەن ڕێستورانتێکی کولتووری بووە. ئیدی لەگەڵ هاوسەرەکەی، بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەو ڕێستورانتە بەڕێوە دەبەن و پێی دەژین، کە یەکێك بووە لەو ڕێستورانتە کولتوورییانەی بەهۆی هەموو کۆتایی هەفتەیەک مووزیک و گۆرانیی یۆنانی و تورکی و کوردیی تێدا، بەتایبەتیش هەموو وەرزێک چونکە (تارا جاف) لە لەندەنەوە دەهات لەوێ قیسارەی دەژەنی و هەموو جارێک کۆمەڵێک دەستەخوشک و کچی جوانی برادەری خۆیشی هەر جارەی لە شارێک و لە وڵاتێکەوە لەگەڵ خۆی دەهێنایە ئەوێ و هەر جارێک بۆ ماوەی دوو هەفتە کۆنسێرتیان لەوێ سازدەدا؛ ببووە جێگەی تووریست و ڕۆشنبیرانی تورک و ئەرمەن و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان تەنانەت زۆر جار ڕۆژنامەنووسی "ئوردنی" و "فەلەستینی"ش، لەگەڵ دۆست و یارەکانیان دەهاتنە ئەوێ. بەمەش پارەیەکی باشیان قازانج دەکرد. بەڵام پاشان، هاوسەرەکەی، بە تۆمەتی تەقاندنەوەی بانقی Halk Bankasi لە ئەستەمبۆڵ، دەگیرێت و یەکسەر ئیعدام



Scanned with CamScanner

دەکرێت. ئیدی ڕەندان دەیگوت بۆیە ئەستەمبوڵی لەپێش چاوڕەش، ئەوە ساڵێک زیاترە تەنیا و تەنیا لەنێوان (گەلیشمە) و چۆلەمێرگ ژیان بەسەر دەبا: بە پارەی میراتیی مێردەکەی، ئەم ئاپارتمانە و کافتیریایەکی ئافرەتان، بەناوی (کافێتیریای شامێران) لە چۆڵەمێرگ دەکرێت و دادەمەزرێنێت، کە دەیگوت "ئەو کافتیریا خۆشە تەنیا پازدە دەقیقە بە پێ لە ماڵەکەی دوورە و شەو دەچین بەدەم گوێگرتن لە مووزیک و گۆرانی، وەختێکی خۆشی تێدا بەسەر دەبەین پێکەوە".

ڕەندان دەیگوت "بەڵام لە گوندی خۆمان، لەگەڵ باوان و خوشکێکی بچکۆڵەم دەژیم؛ تەنیا لە کۆتایی هەفتان دێمەوە ئەم ماڵەم".

کاتێ لە ژوورەکەم هاتمە دەر، دیتم ڕەندان وەک هەر ژنێک تازە دەگاتەوە ماڵەکەی خۆی و "میوانێکی پیاو بۆ یەکەم جار هاتبێتە ماڵەکەی"؛ بەپەلە دەستی بە ماڵەکەیدا دەهێنا، جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی خۆی لەناو جەنتاکە دەردەهێنان و لەناو کانتۆرەکە ڕێکی دەخستن.

دڵی گەلێک خۆش بەو ئەنگوستیلە سەر بە زومڕوودەی، کە بەدیاری پێشکەشیم کردبووا لەمسەری ماڵەکە بۆ

ئەوسەری، عەینەن پەپوولەیەکی گەورەی دڵشاد. دەهات و دەچوو:

- دیتت.. فەرەیدوون، نە جەنتاکان و گونیەکانی ئێمەیان پشکنی، نە هیچ پرسیاریشیان لە کەسمان کرد!

من کە دەچووم لەسەر نیوتەختەکەی هۆڵی میوان پێم لەسەر پێم دابنیشم، گوتم:

- ئایا ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە منیش سەر و پۆتەڵاکم بە تورکان دەچێ!

ڕەندان پێکەنی:

- ڕەنگە. خۆ ڕاست دەکەی. بەڵام جگە لەمەش، قەرەوڵەکان هەموویان (ئیبۆ) ناس دەکەن.

ئنجا چووە حەمامەکە و بانگی کرد: "مەندۆ.. ۆ.. ۆ!".

لە بالکۆنەکە، مەندۆ، وەک پاسەوانێک، چاوەڕێ، تەماشای خوارەوەی دەکرد بەڵکو (سەیدۆ) بگات؛ بەپەلەپەل هاتە بەر دەرگای هۆڵی میوانەکە، وایزانی ڕەندان لەوێیە:

- هێشتا (سەیدۆ) خوویا نەبووە، خانم!

ئنجـــا تەماشـــایەکی حەمـــامەکەی کـــرد و گەڕایەوە لای بالکۆنەکە:

- هەرکە خوویا بوو، ئەزێ بێژمە تە!

ڕەندان لە حەمامەکەوە:

- توو تەلەفـۆنەک بـۆ (سـەیدۆ) بـکە! بێـژە وی میـوانی باشووری ل جەم ڕەنـدانی گەلەکـی ئـازیزن. ئەو بـلا زوو بێت!

مەندۆ لە بالکۆنەکەوە: باش ڕەندان خانم.

ڕەندان ئنجا دەست بە ژێرکراسـێکی پەمـبەوە، کە خەریکبـوو قەدی دەکرد، ڕووی کردە من:

- نیبۆ هەفـتەی سـێ ڕۆژان هـاتوچۆی (گەلیشـمە) و چـۆلەمێرگێ دەکـا. پـارە دەداتە وان قەرەولـــان.. "بەخشیش"! تێگەیشتی؟!

من "تێگەیشتم" بەڵام بە ڕەندانیشـم نەگوت کە تـورکییەکەی من، ڕەنـگە لە تـورکییەکەی نیبـۆ و لە نـی ڕەنـدانیش باشتر بێـت: ئەگەر جەنـدرمەی تـورک پرسـیاریان لە مـن بکـردایە! چـونکە نەمدەویسـت هەمـوو زانیـارییەک بەجارێـک لەبارەی



Scanned with CamScanner

خـۆم لەلای ئەو بـــدرکێنم و هەمـــوو نهێنییەکـــی ژیــانم لەئێستاوە بزانێت، چونکە لەوانەیە لەناکامدا گەیشـتبا ئەوەی ڕەندان لێم بپرسێت باشە ڤیزەکەی تۆ بـۆ نـاو خـاکی تورکیـا بۆ ماوەی چەند مانگە و پرسـیاری دیکەشـی بەدوودا هاتبـا، منـیش ناچـار بووبـام پـێم گوتبـا: "مـن ڤیـزەم نـیە بەڵکـو پەســـاپۆرتێکی ســـاختەی تـــورکیم پێـــیە"، ئەمەش ئەو بەرنامەیەی دامنابوو، بخاتە مەترسییەوە. لە ڕەندانم پرسـی:

- ئەرێ ئـــێمە لە دەروازەی شـــار تـــا گەیشـــتینە ئەم ماڵەی تۆ، هەموو سەری گۆشەی شەقامێک، سـێ یـــان چـــوار تانـــک و دەبـــابەی، بە دۆشـــکەوە تێـــدا ڕاوەستابوو. ئەمە، هەموو ڕۆژێک هەر وایە، ڕەندان؟

ڕەنـدان لە ئـاوێنەیەکی بچـووکەوە کە لە سـەرەتای ڕێـڕەوەکە هەڵواسرابوو، تەماشایەکی کردم:

- لەبەر گەرێللاکانی پەکەکە، حەیرانی. تۆ نازانی؟
- با. بەڵام هەموو ڕۆژ هەر وایە؟
- ئـێمە لێـرە ڕاهـاتووین. تەنـانەت بە شـەوانیش، تـا بەرەبەیان.

ئنجا گوتی: "لێ، کاری مە بە ئەوان چیە؟ قەرەوڵ و جەندرمە لە هەر دەرەکینە لە کوردستانێ".



Scanned with CamScanner

ئنجا پێکەنی، گوتی: "تۆ دەترسی؟"

ئەمگوت "نەخێر ناترسم"، پرسیم:

- پەکەکە زۆرن لە چۆلەمێرگێ؟

ڕەنـــدان زۆر متمـــانەدار بە مـــن، متمـــانە بە "نەتەوەکەی خۆیشی". شانازیمەند پێکەنی:

- ئێمە هەمووومان پەکەکەین.

ئنجا گوتی:

- کچێکـــی هەڤـــاڵی مـــن هەیە، ئەمشـــەو دێـــتە کافتیریاکەمـــان و دەیبینـــین. ئەو گەلەک کەیفخـــۆش دەبێـــت تـــۆ بناســـێت. ئەویـــش پەکەکەیە و گەلەک ڕۆشنبیرە.. لێ..ێ... فێمینیستە! .. قا.. قا..

ڕەندان قاقا پێدەکەنی.. دەمزانی بە کچەکەی هەڤاڵی خۆی پێدەکەنی بەڵام نەمدەزانی بۆ:

"ئەو.. گەلەکی فێمینیستە!".

من تەماشای وێنەکەی (شێخ سەعیدی پیران)م دەکرد کە لە چوارچێـــوەیەکی ڕازاوە، لە دەســـتەچەپی هـــۆڵەکە

هەڵواسرابوو. بیرم دەکردەوە: ئاخۆ پاشان، یان شەو، ئێمە بۆ کوێ دەچین و چ دەکەین و چی ڕوودەدات!؟

- تۆ شەراب ڤەدەخۆی، فەرەیدوون؟

یەکسەر ئامۆژگەرییەکەی ئیبراهیمی هاوڕێم هاتەوە بیر، بزەیەکم کرد:

- شەڕاب نا، من زیاتر (تەکیلە) دەخۆمەوە، یان ڤۆدگا.
- واو!

ئنجا دەستەیەک کلینێکسی لەسەر مێزەکە دانا:

"تەمام".

ڕەندان، دەستەیەک بخووریشی لە دەست بوو، سەرنجم دا، لەگەڵ پاکەتێکی گەورەی پڕ لە مۆمی بچکۆڵەی ناو حەمام یان لەو مۆمە چکۆڵانەی لەسەر مێزی میوان دایدەگیرسێنن. چوو بۆ لای حەمامەکە لەوێ دایانبگیرسێنێت. دیاربوو دەیویست پاشان بێتەوە بخوور و مۆمە چکۆڵەکان لەسەر مێزەکەش هەڵبکات. من هیچم نەوت، چونکە سەرقاڵ دیاربوو.

مەندۆ لە بالکۆنەکەوە:

- ڕەندان خانم.. سەیدۆ قەمەرەی خۆی لەپێش دەرگا ڕاگرت. گەیشت.

ڕەنــدان تــوحفە ئــارکیۆلۆژییە زێڕینەکــانی خســتبوونە نــاو جەنتایەکی گەورەی تازەی خۆی، بـۆنەوەی هەرکە سـەیدۆی پســامی دەهــات، جانتــاکەی بــداتێ و (ســەیدۆ) بچێــت بەدزیــــیەوە (بە قاچـــاخ) بیانفرۆشــــێتە موشـــــتەرییەکی قاچــــاخچیی بــــرادەری خــــۆی، کە ڕەنـــدان دەیگـــوت "ئاڵتوونفرۆشێکی ئەرمەنییە" و دوکانێکی مەیفرۆشیی هەیە لەناو بـازێڕی چـۆڵەمێرگێ؛ بەڵـام -ڕەنـدان دەیگـوت- بەهـیچ شــێوەیەک لە هەژدە هەزار دۆلار بــۆ نرخــی "هەر ســێ پارچەکە پێکەوە" کەمترمان نـاداتێ! (رەنـدان کـاتێ چووبـووە ماڵی سـەیدۆی پسـامی، هەموو پارچە زێڕەکـانی پیشـانی پسـامەکەی خۆی دابـوو و پێکەوە قرسـاندبوونیشـیان ئنجـا هـاتبۆوە) چـونکە ڕەنـدان دەیگـوت کە بابـای ئەرمەن پاشـان، ئەم ئاسـەوارە گرانبەهادەنێرێتە ئێران و لەوێ بۆ خۆی بە چوار قات قازانج دەیانفرۆشێتەوە!

پێویسـتیش وابوو، پاش ئەوەی ڕەندان پارچەکـان دەسـپێرێتە دەسـت سـەیدۆ، ئیتر سـەیدۆ هەر ئەمشـەو، بەشـێکی کەمـی پـارەکە -وەک پێشـەکی- ئەوەی دیـکەش سـێ ڕۆژ پاشـتر، بگەیەنێتە دەستمان:



Scanned with CamScanner

- سەیدۆ پسمامی منە و گەلەک متمانەم بە وی هەیە.

ئێمە ئەم نەخشەیەمان لەگەڵ ڕەندان، هەرکە لەناو پیکابەکە بووین، پێکەوە داڕشتبوو، پێش ئەوەی بگەینە کۆنتڕۆڵی جەندرمەی تورکان. بە ڕەندانم گوتبوو کە خۆی سەرپشک بێت لە نرخەکەی؛ بە هەر نرخێک بیانفرۆشێت من قبووڵمە؛ ئەویش گوتبووی "خەمت نەبێ!"

ڕەندان هات بە پەلە "جەنتا گرانبەهاکەی" هەڵگرت و لەسەر مێزە خڕەکەی ناوەڕاستی هۆڵی میوان داینا و بە منی گوت:

- بلا (سەیدۆ) توو نەبینیت. باش؟

من لە شوێنی خۆم هەستامەوە و گوتم: "باش".

ئنجا هەر بە پەلە، سووکەماچێکی سەر دەممی کرد و گوتی:

- توو.. هەڕە هۆدەی خۆت!

گوتم: "باش".



Scanned with CamScanner

- هەتا من بانگت نەکەم و بەخۆم دەرگات لێ نەکەمەوە؛ تۆ مەیە دەرەوە!

ئنجا ڕەندان هەر بەپەلەپڕووزێ، کاتێ خەریکبوو دەرگای ژوورەکەی خۆمم لەسەر دابخات، لە کەلێنی دەرگاکەوە، دڵنەوازانە پێمی گۆت: "ئەزێ بێژمە مەندۆی بوتڵێک تەکیلە و ڤۆدگاش بۆ مە بهینیت!":

- تەمام.

لە هۆدەکەی خۆم لەسەر کورسییەکی قامیشلی، کە لە بەردەمیدا مێزێک چەرچەفێکی پڕ لە نیگاری بووزایی بەسەر دادرابوو، ڕۆنیشتم. گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی ڕەندان بوو، بەشێنەیی، لە پەیژەکان دەچووە خوارەوە بۆنەوەی سەیدۆی پسمامی بهێنێتە سەرەوە بۆ ناو هۆڵی میوانەکە.

ژوورێکی خنجیلانە و خۆش. دیوارەکانی، تەنانەت زەمینەکەشی، بەشێکی زۆری، بە جاجم و کلیم و بەڕی هەکاریيان ڕازێندرابوونەوە.

قەرەوێلەی نوستنەکەم، پاک پاک، بە لێفەیەکی ئەتڵەسی وەنەوشەیی داپۆشرابوو. لەتەنیشتی: مێزێکی مس، تەپڵەکێکی پاک لەسەر داندراو.



Scanned with CamScanner

بەقەد دیوارەکەی پشت قەرەوێڵەکەم، دەلاقەیەک، کە تەنیا گونجەی کتێب بوو: کتێبی گەورە و ئەستووری جۆراوجۆر، بەشێوەیەک ڕیزکرابوون نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو کچە کرێچییە خوێندەڤانە، حەزی زۆر لە فێربوون و ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی کتێبە. بە خۆمم گوت حەتمەن دیارە ئەمە هۆدەی کچە خوێندەڤانە کرێچییەکەیە!

لە دەستەچەپ، سندووقێکی بوراق (وێنەی ژنێکی ڕەنگینی خەپەی باڵدار، لەسەر چوارپەل ڕاوەستاو، ئاوری دابۆوە)، دۆشەگ و نوێن و لێفەی قەدکراوی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر. بەشی ناوەڕاستیشی لە شێوەی دوو پەنجەرەی لاکێشە، شووشەوات و بەرهەمی دەستیی ژنەهەکارییانی تێدا جوان جوان بە دەستوپەنجەیەکی نازک تێدا ڕیزکراو. بەشی خوارەوەشی: چەند دۆڵاب و چەکمەجەیەکی بچووک بچووک؛ دڵم نەهات بیانکەمەوە.

لەسەر دیواری دەستەچەپ، تابلۆیەکی گەورەی (شامێران) سەرنجی ڕاکێشام، کە نیگاری ژنێکی باڵکەش و چاوگەورەی چاوگەش، ژنانە، سنگ پان، مەمک بڵند؛ بەڵام نیوەکەی خوارەوەی تا کلکە مارەکانی، لەشێوەی کەشتییەک، کە پێموایە سیمبوڵی هەیبەتی (ژنی حەزرەتی نووح) بوو. دەمگوت بۆیەش لەشێوەی کەشتییەک وایە

چــونکە لەلای کلکــی، چەنــد ڕەشــەمارێکی زەبەلــلاح پارێزگاریی لێ دەکردن؛ سەری ژن و لەشی حەزیا بوو.

ئەم نیگــارە ئەفســانەییەی (شــامێران)، لە هەمــوو ئەو هەڵبەنــدانەی دەوروبەری چیــای (جــوودی)، ئەو چیــایەی کە کەشتییەکەی نووح لەسەری گیرسـابۆوە، هەر لە چۆڵەمێرگ و دیــاربەکرەوە تــا دەگــاتە (نوســەیبین)؛ کرمانجەکــان، هەموویــان، لە ماڵەکــانی خۆیانــدا "وەک ئایەتێــک" هەڵیدەواسن.. تەنانەت لە (مێردین) بە دیواری چێشتخانە و چایخانە و بگرە لە بارەکـانیش هەڵیدەواســن! دەمگوت ئەمە هێمای غرووری ژن و ژنسالاری و دەســەڵاتی ژنـی دێرینی کوردستانە لە ڕۆژگاری سەردەمی نووح، ئەو زەمـانەی کە ژن تێیدا خـاوەن هەیبەت و دەســەڵات و تەنـانەت هەمـوو جۆرە غەیـانەتییەکیش بــووە "بەپێــی ئەو ئەفســانە و چیرۆکـانەی خەڵکی مێردین لەبارەی ئەم شـامێرانە دەیگێڕنەوە!" دەڵێن هەر بۆیەش خودا ئاوهای لێکردووە بۆئەوەی ببێـتە ئـایەتێکی ئەفســانەیی تـا هەتـایە کــورد وەک یادگــارییەک بە دیــواری ماڵەکانی خۆی هەڵیبواسێت و هەردەم بیری بێـتەوە! ئەگینا ئەم ئەفســانەیەی (شــامێران)، واتە ژنێــک لەشــێوەی کەشــتییەکی مــارین، لە هەمــان کاتــدا لەشــێوەی نیــوە حەزیایەکی چاوژن، ئاخر چ مانایەکی هەیە؟ دەمگوت "پێشم زۆر ســەیرە ئەکـادیمی و مێژوونووســەکانی کــورد لەم وێنە



Scanned with CamScanner

ناوداره ئەفسانەییە نەتەوەییەیان نەکۆڵیوەتەوە، کەچی لە هەموو شوێنێکیش هەڵیدەواسن و شانازیی پێ دەکەن؟".

بە دەم ئەم بیرکردنەوانە، بەرامبەر ئەم ژنە مەکربازە دەسەڵاتدارەی ناو نیگارەکە، کە من بە ژنی حەزرەتی نووحم شوبهاند، ختوورەیەک هات بە دڵمدا:

"نەکا رەندانیش بچێ غەیانەتیم لەگەڵ بکات و لەگەڵ سەیدۆی پسمامی بمفرۆشێت؟!"؛ "نەکا پلانێکیان بۆم دانابێت و لەبەر بەهای ئەو هەموو ناسەوارە زێڕین و گرانبەهایانە، خەبەرم لێ بدەنە جەندرمەی تورکان؛ بەخۆم و بە پەساپۆرتە ساختەکەمەوە بمخەنە زندانێک تا هەتایە لێی نێمە دەرەوە؟".

تەماشای (شامێران)م دەکرد، کلکەکانی لەشێوەی مار زیاتر دەیانترساندم؛ چونکە چاوە گەورەکانی، ئەگەرچی گەش گەش، زۆر پاک و جوان، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارە گوماندارەی منیان نەدەدایەوە لەناو ئەم ژوورە خنجیلەیەی (رەندان) کە من میوانی بووم!

لە دڵی خۆمدا گوتم: باشە بۆچی پێمی گوت "هەتا من بانگت نەکەم و بەخۆم دەرگات لێ نەکەمەوە؛ تۆ مەیە دەرەوە!"؟

لەکۆتاییدا گوتم: "شەیتان بە نەفرەت بکەم و ئەم بیرۆکە بەد و بێسوودانە با متمانەم بەم کچە جوانە نەدۆڕێنن"! گوێم هەڵخست، هیچ دەنگێک لەودیو هۆدەکەم نەدەهات. گوتم ڕەنگە چووبن بۆ ژوورەکەی خۆی.

لە دەستە ڕاستی خۆم، لە پەنای سێ ستوونی کتێب، کە دیاربوو کتێبە دەرسییەکانی کچە خوێندەڤانە کرێچییەکەی بوون، بوتڵێک شەڕابی سوور کەوتە بەر چاوم، کە نیوەی خورابۆوە و پەرداخێکی بەسەردا قەڵبکرابۆوە. گوتم: "دەزانم؛ کچانی کوردی ئەم تەمەنەی کوردستانی باکوور، بەتایبەت ئەگەر پەکەکە و مۆدێرن بن، زۆربەیان بیرە و شەراب و هەموو جۆرە ئەلکهوولێکی تریش دەخۆنەوە. بە پێچەوانەی کچی کوردی هەرێم، کچانی کرمانج لە باکوور، لە هەموو بازێرەکان، تا نیوەشەوان لە شەقام و (چای باخچەسی) و کافتیریاکاندا، بەتەنیا، یان لەگەڵ یار و دۆستەکانیان دەسوورێنەوە، لە چایخانەکاندا زۆربەیان لاسایی پیاوەکان دادەنیشن بەدەم نێرگلە کێشانەوە (تاوڵە) و (ئەزنیف)یش دەکەن! بەخۆمم گوت: "ئەمەیە ئیتر، بچیتە شاری کوێران، دەبێ دەست بە چاوی خۆتەوە بگریت، ئەگینا بە مرۆڤێکی پاشکەوتە و سەردەمی نیاندرتاڵت دەزانن!



Scanned with CamScanner

لە بەرەبەیـــانی بەردەم ئەشـــکەوتەکەدا کـــاتێ ئیبراهیمـــی هاوڕێم بەڕێمی کرد، پێمـی گوتبـوو بـۆ هەر کـوێیەک چـووم، دەبێ وەک ئەوان ڕەفتـار بـکەم و قسـە بـکەم و نـان بخـۆم و بجووڵێمەوە، داب و نەریتیان چۆن بوو و چۆن هەڵسـوکەوتیان کـرد، پێویسـتە منـیش دەقـاودەق وەک ئەوان بـکەم! بەڵـام لەگەڵ ئەمەش، لەم هـۆدە نـامۆ و تازەیەمـدا، لەم دۆخـی چاوەڕێکردنە پڕ نیگەرانییەمدا بەتەنیا کەمێک دەترسام. ئـاخر، ئیبراهیمی هاوڕێم، ئەگەرچی خۆ زۆر لە مـن بە تەمەنتـریش نەبوو، بەڵام هێندە دڵخۆش بوو بەو چوونە دەرەوەیەی مـن لە ئەشـکەوتەکە؛ وەک بڵێـی وا هەسـت بکـات ئەو بەڕاسـتی بـاوکی مـنە و مـن دەچـم بەدوواى دۆزیـنەوەی "ئەو"دا دەگەڕێم!

کـاتێ نزیـک کەوتـمەوە لە بـوتڵە شـەڕابە نیوەخـاڵییەکە، کونجکۆڵـانە کەوتـمە پشـکنینی سـەرپێیانەی کتێبەکـان. لەناکـاو، شاگەشـکە بـووم کـاتێ کتێبـی (سـوڵتانە عوسمانییەکان)م بەرچـاوکەوت. ڕامکێشـا و هێنـامە دەرەوە، یەکسەر ماچێکیم کرد: یەکێک لە کتێبەکانی باوکم بوو!

باسی سوڵتانە عوسـمانیە تورکەکانی دەکـرد کە چـۆن هـیچ سـوڵتانێکی عوسـمانی لە مێـژوودا نەبـووە کارەسـاتێکی خوێناویی بەسەر کورددا نەهێنابێت، چۆنیش هەر هەموو ئەو



Scanned with CamScanner

سوڵتانە عوسمانییانە لەکاتی داگیرکردنی وڵاتی کوردانـدا، هەمیشـە ژنە نەرمەن و ئاشـووری و ئـافرەتە کوردەکانیـان بە ئەسـیر گرتـووە وەک کەنیـزەک بەدیـاری بـۆ ئەمیـر و پاشـا و والییەکانیـــان نـــاردووە، یـــانیش وەک کـــۆیلە لە بـــازاڕی کۆیلەفرۆشـان، لە بـازاڕی مافوورفرۆشـان، ئەو کەنیزەکانەیان فرۆشـتووە! ئنجـا بەهـۆی ئەوەی کە بـاوکم لەو کتێبەیـدا بـۆ ســـەلماندنی ئەم حەقـــیقەتە چووبـــوو "تـــابلۆی ڕۆژهەڵاتناسـەکان"ی لەگەڵ دانـابوو، (حیزبـی یەکگرتـووی ئیسلامی) چونکە سـەر بە میتـی تورکیـا بـوون هەسـتابوون شـکایەتیان لە بـاوکم کردبـوو! ئیـدی بـاوکم، بە فەرمـانی (داواکـاری گشـتی)، کە هەردووکیـان سـەر بە (حیزبـی یەکگرتووی ئیسلامی) بوون، حوکمی سێ سـاڵ و شـەش مانـگ زینـدانکرانی بـۆ دەرچـوو: ئەگەر جـارێکی دیـکە هاوشـێوەی ئەم جـۆرە کتێـبە دژی تورکیـا بنووسـێت! لە هەمـووی ناخۆشـتر، بـاوکم دەیگـوت، ئەوە بـوو لەسـەر شاشـەی (تەلەڤزیۆنی پەیام) و حیزبی کـۆمەڵی ئیسـلامی، لە شریتەکانی دەنگوباس و لە میدیاکانی هەموو کوردسـتان بڵاویان کردبۆوە (دکتۆر فەرەیدوون پیرداوود وێنەی ڕووتـی دژ بە داب و نەریتـی کـوردەواریی بڵـاوکردۆتەوە بـۆیەش حـوکم دراوە!).

بەبیرمە باوکم، زۆر تووڕە، نەیدەزانی چ بکا، دەیگوت: "ئەها کوڕی خۆم؛ ئەمەش حیزبە هەرە باشەکەی کوردستان، کە گوایە سەر بە خودا و دینی ئیسلامە! من چۆن لە قوزی داکی هەمــوو ئەم حیزبـانە بە کێری کەر نەبەم و لەناویـان نەبەم! ها؟".

ئنجا لە دڵی خۆمدا گوتم:

"تۆ بڵێی ئەمە هەمان ئەو کتێبەی باوکم نەبێت کە ڕەندان دەیگوت نوسخەیەکی لە ماڵەکەم هەیە و ئی ئەو مامۆستا فەرەیدوونەیە کە حەوت ساڵ پێش ئەمڕۆ لە زانکۆی ئارتوگلوو دەرسی پێداوم؟!"، "مەعقوولە؟".

موستەحیلە وابێت! ئاخر، باوکی من، لە تەمەنی (١٤) ساڵیمەوە بزر، بێ سەروشوێن.. تۆ بڵێی تا (٧) ساڵ پێش ئەمڕۆش لە ژیاندا بووبێ لە (مێردین) دەرسی بە ڕەندان دابێتەوە؟! ناکرێ!

کتێبەکەم هەڵگێر و وەرگێر کرد، هەمان کتێبەکەی باوکم بوو؛ بەرگەکەی ڕازێندراو بە تابلۆی یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان: (سوڵتانە عوسمانییەکان. نووسینی دکتۆر فەرەیدوون پیرداوود سلێمان!). گوتم: خۆزیا! خۆزیا ئەو مامۆستایەی



Scanned with CamScanner

ڕەندان باوکی من بێت و لە ژیاندا مابێت! خۆزیا! تۆ بڵێی؟..
بەڵام هیچ باوەڕ ناکەم. سەیرە!

ویستم بەپەلە دەرگا بکەمەوە و بانگی ڕەندان بکەم، بەڵام نەخێر، بە خۆمم گوت با خۆم شێت نەکەم.. لە هەموو شتێکدا با ئارام و بە سەبر بم، مێشکی خۆم تێک نەدەم و پەلە نەکەم. خۆم سارد کردەوە. گوتم با چاوەڕێ بم تا ڕەندان خۆی دێ دەرگام لێ دەکاتەوە.

لەو دەمەدا، بەڕاستی، حەزم چووە پێکێک لەو "تەکیلە"یەی قەول وابوو مەندۆ بیکڕێت و بۆمانی بهێنێت! گوتم تەبای عامێ دەچمە شامێ. ئنجا گوناحبارانە بە خۆم پێکەنیم. سەرێکم بادا و قەشمەریم بە ڕەفتاری خۆم دەهاتەوە: چ بکەم! گوتم ڕەنگە لە شەرابخواردنەوە گوناحتریشم بەسەر بهێنێت ئەم سەفەرە ئەفسووناوییەم!

لە پەنایەکی نێوان قەرەوێڵەی نوستنەکەم و سندووقی بوراقەکە - کە من پێشتر بە هیچ شێوەیەک تێبینیم نەکردبوو- لەناکاو دیتم: پیاوێک تەماشای دەکردم!

پیاوێک، عەینەن بە خۆم دەچوو. زۆر عەنتیکە لێم ورد دەبۆوە.



Scanned with CamScanner

پاشان لێم نزیک کەوتەوە، زیاتر لێم ڕاما: پیاوێکی کەشخەی تەمەن دەوروبەری (٢٩) تـا (٣١) ســاڵ، قـژ کەمێـک بـژ، مەیلەوقاوەیی، ڕیش باش نەتراشراو!

کاتێ لێی نزیک کەوتمەوە، دیتم خۆمم! لەناو ئاوێنەیەکی چوارچێوە زەرکەفـت، کە لە شـێوەی دڵێکـی گەورەدا بـوو، کونجکۆڵانە لە خۆمی ناو ئاوێنەکە ورد بوومەوە. ئاخر، من، زۆر لەمێژ بوو خۆم نەدیبوو لەناو ئاوێنەیەکی ئاوها مەزندا. زۆر کەیفخۆش بووم کاتێ خۆم دیت.

ئێ لەکوێ خـۆم دیبا؟ لەناو ئەشـکەوتەکە هەر هەموویان ڕیشیان بەردابـۆوە، منیش وەک ئەوان. تەنیا جارێک نەبێ (ئەسفەندیار) ئاوێنەیەکی پێ بوو -نازانم لەکوێ پەیدای کردبوو- پێمی دا بۆنەوەی ڕیشمی لەبەر بتراشم. ئەسفەندیار و گەنجێکی دیکەی ئەڵمانی، لەناو ئەشکەوتەکەمان، تاقە دوو کەسێک بوون ڕدێنتراشێکی کۆن و پارچە ئاوێنەیەکیان پێ بوو ڕیشی خۆیان لەبەر دەتراشی. ئیدی خۆدیتنی من تەنیا ئەو جارە بوو. بەڵام ئەو شەوەی بەرێ کەوتم، (ئیبراهیم)ی هاوڕێم، وابزانم هەمان ئاوێنەکەی ئەسفەندیار بوو لەگەڵ ڕدێنتراشێک بۆمی هێنا؛ دەیویست بەخۆی ڕدێنم بتراشێ. شەرمم لە خۆم کردەوە،



Scanned with CamScanner

ڕدێنتراشـــەکەم لێـــی وەرگـــرت و ئەو لەکۆتاییـــدا تەنیـا پارچەئاوێنەکەی بۆ ڕاگرتم.

ئیبراهیم چەند دڵی خۆش دەبوو ئەگەر ئێسـتا بیزانیبا من ئەمەتـا هەمـان ڕۆژی لە ئەشـــکەوت هـاتنەدەرم، لە مـاڵی ژنێکی غەریبە و جوان میوانم و پێمدەڵێ "خۆشتمدەوێ"!

بڵێی پێی خۆش با؟ ڕەنگە. هیچ دووریش نیە پێمـی گوتبایە "بەڵام زۆر وریابە لەگەڵ ژنان!". بێگومان! هەهەهە.. من دەڵێی خەریکە خۆمم بیردەچێتەوە! نا. بەڵکو ئەمەم بیـردەچێتەوە کە لەنـاو بەشـەرم! ئەمەتـا.. سـەیرکە! وای.. خوایەکـا.. چەنـد ناخۆشە تەماشاکردنە خۆ لەناو ئاوێنەیەکی دوودڵ و درۆزنـدا! ئاخر، ئاوێنە خاسیەتێکی هەمیشەیی هەیە: چـاوی ڕاسـتت لێدەکاتە چاوی چەپ و چـاوی چەپیشـت لـێ دەکـاتە چـاوی ڕاست!

کـاتێ تەماشـای خـۆمم دەکـرد؛ چ مەخلـووقێکی دنیـایی و دوودڵ و درۆزن بووم من لەناو ئاوێنەکەدا!

کەواتە مـــرۆڤ باشـــتر وایە هەرگیـــز نەیەتە بەردەم ئـــاوێنە، ئەگەریش هات دەبێ بزانێت و بڵێ: ئاوێنە تاقـانە شـوێنێکی ڕاسـتگۆیە کە جیهـانی ڕاسـتەقینەی مـرۆڤ و نـاخی، وەک خۆی پیشـان دەداتەوە. تاقە جیهانێکی ڕاستگۆ، بەبێ شەرم



Scanned with CamScanner

و درۆکـــردن، پـــێچەوانەی کەســـی نـــاو ئـــاوێنەکەت پـــێ دەناسێنێت: واقیعی پێچەوانەی خۆیـت پـێ دەناسـێنێت کە تۆی.. تۆی دەرەوەی ئاوێنەکە!

هەستێکی نامۆی بێزەوەن، ڕوومی لە ئاوێنەکە پـێ وەرگێڕا بەرەو خـۆری پـێش ئـاوابوون، کە لە پەنـجەرەی هـۆدەکەوە تیشک تیشک دەپرژایە ژوورەوە.

هێندەم زانی لەناکاو دڵم پڕ بـوو لە گریـان، یەکسـەر کەوتـمە سـەر چـۆک، ئنجـا سـوژدە بـردن بـۆ خـودای میهرەبـانم. دەستەکانم لەسەر زەمین، نێوچەوانم لەسـەر ئەو فەرشـەی کە ئەمـدەزانی بەنـوێژە یـان بـێ نـوێژ، بە قـوڵپی گریـانێکی لەهیکـرا کە خەریکبـوو دڵمـی لەگەڵ بێـتە دەرەوە، کەوتـمە پاڕانەوە لە یەزدان:

ئەی خودای میهرەبان!
پێشوەختە و هەر لە ئێستاوە بمبوورە!
بمبـــوورە لەوەی کە پـــێش ئەوەی بچـــم درۆ بـــکەم بۆئەوەی بتوانم لەگەڵیان بژیم، دەشزانم دەبێ بچم درۆ بـــکەم و دەچـــم درۆ دەکەم بـــۆئەوەی بتـــوانم لەناویـــان بـــژیم! مـــن دەچـــم درۆ دەکەم.. ناچـــارم.. ئەمەتا لەمڕۆوە.. ڕۆحـم دەکەمە تەنیـا جەسـتەیەک.. وەک ئەوان.. دیاریشە لەم ئێوارەیە بەملاوەیە.. ئەگینا



Scanned with CamScanner

مـــن و دەســـتی دەستاودەســـتكردنی قاچـاغ و قاچاخچییان؟ من و دیسان تەكیلە و شەڕاب.. من و ژنانێک یان کچانێکی خەمخۆری نەناس کە خۆمیان پــێ دڵخـۆش یــان چەنــد وەختێكــی "بەخــتەوەر" و خۆشیان لەگەڵ ببەمە سەر.. من و ژیانی ڕابواردنی ناو باڕ و کافتیریای ژنان و شەقامە سەرخۆشـەکانی شەو دیسان؟

پێشوەختە لێم ببوورە ئەی خودای میهرەبانم لەوەی کە گەڕانـــــم بەدووای تـــــۆدا، بەدووای حەق و وەدەستهێنانی داد ناچاری کـردم لە ئەشـکەوتەکەم بێمە دەرەوە و بێم دووبارە لەناو مرۆڤ، ئەمەتا بەناو شارەکاندا.. بەناو ماڵە گوناهبارەکانـدا.. بەرەو ژیانی دنیــایی و درۆکــردن و دینلەنگــی.. ئەمە مەرەقــی ڕەوای مـن بــوو لەپێنــاو دۆزینــەوەی بــاوکم کە منــی ئاوهــا ناچــار.. دیســان دەســتەویەخەی ئەو ســاتانە بــبمەوە کە بێــز ڕەنــگە لە زۆربەشــیان بــکەمەوە، تووشــی کەســانێک، یــان خۆشەویســتییەک ڕەنــگە هێنــد پــیس و درۆزن و گوناهبــاریش بــن دیســان ڕیسوا و شەرمەزارم بکەنەوە لەهەمبەر تـۆ.. بمبـوورە .. ئەی.. خودایە..

لەناکاو گوێم لە هەنسک و گریانی خۆم بوو، ڕایچڵەکاندم.



Scanned with CamScanner

یەکسەر هەستامەوە سەر چۆک. چاوە فرمێسکاوییەکانم سڕییەوە و چاوم بە دەوری خۆمدا گێڕا. دەنگی گفتوگۆی بەچرپە چرپی ڕەندان و سەیدۆم گوێ لێ بوو بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد. دووبارە بێزم لە خۆم کردەوە کە منم ئەم کارە دەکەم و چاوەڕوانی دەستی ژنێکم کە پارەی قاچاخی فرۆشراوم بۆ بهێنێت تا بتوانم پێی بژیم و درێژە بەم سەفەرەم بدەم لەپێناو عەشقی باوکم: ئاخر بە چی بژیابام؟ چۆن؟

هەستام چوومەوە دیار ئاوێنەکە. دووا تەڕایییە فرمێسکاوییەکانی سەر گۆنای خۆمم لابرد، بەڵام حەزمنەکرد چیتر لەناو ئاوێنەکەدا تەماشای خۆم بکەم. چووم لەسەر کورسییە قامیشەکە دانیشتم و تەماشای تیشکی خۆری ئاوابووم کرد کە لە توێی پەنجەرەکەوە دەمدیت خەریکە ماڵئاوایی لە ژوورەکەم دەکرد. دەمزانی وا بەئاسانی دڵم نایەتەوە سەر خۆی.

بەناو دەلاقەی کتێبەکاندا تەماشایەکی سەرپێیانەی کتێبەکانم کرد، گوتم: " با کتێبێک بدۆزمەوە و بەدەم پاڵکەوتنەوە خۆمی پێ کەمێک مژوول بکەم!".

بە سەری پەنجە یەک یەک کتێبەکانم بەڕێ دەکرد، دیتم پێنجەمین کتێب: کتێبێکی ئەستوور، هێمای دەزگای

ناراســـی بەســـەرەوە - ئەو دەزگـــایەی زۆربەی کتێبەکـانی بـاوکمی چـاپکردبوو - .. واو! کتێبێکـی دیـکەی بـاوکم بـوو: (پەیوەندیی نێوان زمان و ئەخلاق)! .. دەرمهێنا.

لەســـەر قەرەوێـلەکە کەوتـــمە هەڵـدانەوەی لاپەڕەکـان. لەو دەروازەیە وردبـــوومەوە کە پەیوەنـــدیی زمـــان و پەنـــدی پێشینانی، گرێ دەدایەوە بە سێکس و کۆڵۆنیاڵیزم و دین و ئەخلاق. گێژ بووم. گوتم "جارێ وەختی ئەمە نیە". کتێبەکەم لەسەر مێزەکەی تەنیشت خۆم دانا. چـوومە نـاونوێن، گـوتم: "تا ئەوکاتەی ئەوان لە گفتوگۆ تەواو دەبن، من کەمێک ڕۆحی پاش سەفەرم بحەسێنەوە".

نـاونوێنێکی تـا بڵێـی خـۆش، ئـارام، تەماشـای بنمیچەکەم دەکـرد. لەوکـاتەدا، لە چـاوە جـوان و بەخشـندەکانی ڕەنـدان زیـاتر، هیچـی دیـکە نەهـاتنە نـاو خەیـاڵم. بە بزەیەکـی خۆشـبەختییەوە کە هەسـتمدەکرد هەمـوو دنیـا ئـی مـنە بەخۆمم گوت:

تۆ تەماشاکە ئەو ژنە، نەهات بە مـن بڵـێ (چـونکە تۆ چاوباشـــقاڵ نەبوویـــت و شـــەرەفمەند بـــووی بـــۆیە خۆشـــتم ویســـت)..! تەنـــانەت بـــێ ئەوەی هـــیچ خاسیەتێکیشـــم بزانێـــت کە ســـوودمەندن بـــۆ ژن؛ هەرکە چاوی پێمکەوت، یەکسەر خۆشـی ویستم!



Scanned with CamScanner

دڵـم زۆر بەمە خـۆش بـوو کە لەسـەر ڕێـگەی ئەم گەڕانەم بەدووای باوکم، ئەو کچە دڵپاک و شایستەیەم ناسی!

بەڵێنی پێدابووم کە دووسبەی، هەر خۆیشی لەگەڵـم بێـت؛ بە پیکـابەکەی (نیبـۆ) پـێکەوە بەڕێ بکەویـن بەرەو گونـدی (باغستان) بۆ دۆزینەوەی "قەبرە سێگۆشەکە":

- ڕاست دەکەی، قەبرێکی بەناوبـانگە! ئنجـا دەشـڵێن (لەتەنیشت قەبرەکە، سـێ قـۆچ، لەگەڵ پەڕۆکێکـی کەسـک، بە دارێکەوە هەڵواسراون). کەسیش نازانێ قەبری کێیە و لەبەرچ هۆیەک سێگۆشەیە؟

ڕەندان قاقا پێدەکەنی: "منیش نازانم!"

ڕەنـدان سـەری سـورمابوو لەوەی برادەرێکـی بـاوکم پێـی ڕاگەیاندبووم (ئەو قەبرە ناوی بـاوکی منـی لەسـەرە و ڕەنـگە گلکۆی باوکی من بێ و لەوانەشـە ئـی بـاوکی مـن نەبـێ)! پێدەکەنی و دەیگوت:

- تازە لێمت کردۆتە مەراق، دەبێ هەر بچین!

لەنـاو نوێنەکەمـدا، بەدەم ئەم خەیاڵـاتەوە، لەناکـاو لە دڵـی خۆمـدا بە ڕەنـدان پێکەنـیم، یـان ڕاسـتتر بڵـێم بەو کەیـن و بەینەی نێـوان ئیبـۆ و خەجـێ پێکەنینـنم هـات کە ڕەنـدان لە

ئاخرین چارەگە سەعاتی پێش گەیشتنمان بۆ چۆڵەمێرگ بۆمی گێڕابۆوە. پێدەکەنیم و بە خۆمم دەگوت:

"چ مەخلووقێکی سەیر و سەراسیمە و سەرگەردانە ژن!".

پێش ئەوەی بگەینە کۆنترۆڵی قەرەوڵەکانی چۆڵەمێرگ، ڕەندان بەفراوانی باسی *عەشقە پێکەنیناوییەکەی* خەجێ و *ئیبۆی* بۆم گێڕابۆوە "بۆئەوەی من کەمێک پێ بکەنم". دەیگوت:

- مالی خەجێ لە گوندی (گەلیشمە) جیرانی ئێمەن. ئەوە دوو ساڵ زیاترە (خەجێ) دڵ و دەست و هەموو جەستەی خۆی، بەدزیی (ڕەجەب)ی مێردی، سپاردۆتە (ئیبۆ). بەلای کەمییەوە مانگی جارێک، ئیبۆ لە بنی دنیاش بێت وەختێ خەجێ داوای کرد، ئیدی ئیبۆ دێتە لای و فێڵێک دەدۆزنەوە بۆئەوەی یەکتر ببینن. بە هەمان شێوە ئیبۆش هەر وەختێک حەزیکرد ئیدی خەجێ بیانوویەک دەدۆزێتەوە تا ئیبۆی تێدا بۆ نیو سەعاتیش بێ، ببینێت.. هههەهە.. "ئاگر کەتییە قوززێ من..خەو ناکەڤە چاڤێت من!".

ڕەندان پێدەکەنی و دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- خەجێ ئەم سترانەی گەلەک گەلەک پێ خۆشە! هەر وەختێک غەریبیی (ئیبۆ) بکا، دێتە لای من و ئەم گۆرانییە بۆ من بەو شێوەیە دەڵێ.

ڕەندان کە لە پێکەنین وەستا، گوتی:

- هەردووکیشیان نازانن چ بکەن! چۆن بتوانن بەیەکجاری بۆ یەکتر ببن؟ ئاخر ئیبۆش دوو زارۆکی هەیە.

ڕەندان، بە چرپە، بۆئەوەی (مەندۆ) و کورە نۆ ساڵەکەی خەجێ گوێیان لێ نەبێ:

- تەنیا من بەم نهێنییەی ئەوان دەزانم. خەجێ هەڤاڵی زارۆکاتیی منە، چ بکەم؟ لەبەر خاتری خەجێ ناچارم یارمەتییان بدەم.

ڕەندان دەیگوت:

- کۆتایی هەفتان، خەجێ ئاگری تێ بەردەبێ بۆ ئیبۆ. ئیدی هەر جارێک فێڵێک دەدۆزێتەوە بۆئەوەی ڕەجەبی مێردی بنێرێتە جێیەکی دوور بۆئەوەی ئیبۆ شەو بێتە ماڵیان. یانیش هەنجەتێک دەدۆزێتەوە بۆئەوەی بێن لێرە یەکتر ببینن!



Scanned with CamScanner

ڕەندان دەیگوت:

- چ بکەم؟ من لەبەر خاتری خەجێ ناچارم یارمەتییان بدەم! شەوی وا هەیە ئەم ماڵەی خۆمیان بەتەواوی بۆ چۆڵ دەکەم.

من لەم قسانەی ڕەندان واقم ورمابوو! ئەمە مانای وایە خەجێ، لە بەیانییەوە تا ئەو کاتەش پیکابەکەی بە ئێمە ڕاگرت، بە درۆ دەیگوت دەڕشێتەوە و بە درۆ دەیویست خۆی لەپێش چاوی ڕەجەبی مێردی بڕشێنێتەوە!

- ئیدی ئەمجارەش، (خەجێ) بە بیانووی ئەوەی مارمیلۆقی قووت دابوو، بەو سبەینەی ساڵحان داوای لە ڕەجەبی مێردی کردبوو بیگەیەنێتە خەستەخانەی چۆڵەمێرگێ.
- هههه... هیچ مارمیلۆقیشی قووت نەدابوو..

ڕەندان درێژەی پێدا:

- لە هەموو کاتێکی ئاوهاشدا، ڕەجەبی مێردی، تەنیا ئیبۆی پسمامی خۆی بە باشترین کەس دەزانێ لە (گەلیشمە)وە بیانبا بۆ ئەو شوێنەی خەجێ دەیەوێ. ڕەجەبی بەلەنگاز ئاخر دەستکورتە، دەڵێ "ئیبۆ پسمامی خۆمە و پارەشمان لێ وەرناگرێت"..



Scanned with CamScanner

چ بکەم، فەرەیدوون؟ خەجێ هەڤاڵی زارۆکاتیی منە.

من بە دەنگی بڵند بیرم کردەوە:

"ئیبۆش؛ پسمامی ڕەجەب!!!".

- بەڵێ.

لەسەر قەرەوێڵەکە، ڕاکشاو، لە لایەک بەم قسانەی ڕەندان و "بەم عەشقەی نێوان ئیبۆ و خەجێ" پێدەکەنیم، لە لایەکی دیکەشەوە، بە خۆمم دەگوت:

"چ میللەتێکی غەیان و بێ نامووسین ئێمەی کورد؛

چ میللەتێکی نانەجیب!".



Scanned with CamScanner

## (٦)

- دکتۆر فەرەیدوون، بووە قوربانیی ناکۆکییەکانی نێوان حیزبەکانی کوردستان.
- میتی تورکی لە شاری (وان) گەورەترین ڕۆشنبیری کورد تیرۆر دەکا!
- پێنج ڕۆژ زیاترە دکتۆر فەرەیدوون بێ سەروشوێنە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە!
- درۆیە؛ دکتۆر فەریدوون پیرداود خۆی نەکوشتووە!
- تیرۆرکرانی دکتۆر فەرەیدوون بەدەست ناحەزانی فەلسەفەکەیەوە، خەسارەتێکی گەورە بوو لە کورد کەوت.
- ژنێکی جاسووسی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تۆمەتی کوشتنی دکتۆر فەریدوون لە هەولێر دەسگیردەکرێ.
- لە پایتەختی هەرێم: ڕێورەسمی پرسەی فەیلەسووفێکی کورد بەبێ دۆزینەوەی تەرمەکەی بەڕێوە دەچێت!
- (پەکەکە) ئەکادیمیسیەنێکی مەزن لە (لالش) بێ سەروشوێن دەکا.
- بنەماڵەی دکتور فەرەیدوون: دکتۆر فەرەیدوون تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو!
- ئەو تەرمەی لە گوندێکی نزیک شنگار (لەناو بیرێک) دۆزرابۆوە؛ تەرمی دکتۆر فەرەیدوون نەبووە!



Scanned with CamScanner

ئەمانە بەشێک بوون لە مانشێتی هەندێ لە (تی ڤی) و ڕۆژنامە ناوخۆ و سایت و گۆڤارە دەرەکییەکان، کە پاش دیارنەمانی باوکم، گوێم لێیان دەبوو، دەمدین و دەمخوێندنەوە؛ لەکاتێکدا منی تاقانە کوری ئەو، تەمەنم، مخابن، هێشتا (١٥) بەهاری تێنەپەڕاندبوو.

ئنجا هەفتەیەک پاش تەعزیەکەی، تا دەهات کێشەی زیاتری بەدووای خۆیدا دەهێنا، لێکۆڵینەوەی بێ ئەنجام و قسەلۆک، لە سۆشیال میدیاکان و لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا لەبارەی لەناوچوون و دیارنەمانەکەی، زۆرتر و ئاڵۆزتر دەبوون؛ لێکدانەوەی دژ بە یەکتر و جۆراوجۆرتریان بۆ دەکرا.

هەر کەسێک شتێکی دەگوت! هەر لایەنێک بزربوونی یان کوژرانی ئەوی، دەخستە پاڵ لایەنێکی دیکە. هەر حیزبێک دیارنەمانی ئەوی، بەشێوەیەکی وا شرۆڤە دەکرد کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بشکێتەوە، یان حیزبێکی تری پێ بخاتە قەفەسی تاوانەکە. وای لێهاتبوو، من، کە تاقە کەس و تاقانە کوری ئەو بووم، کاتێ ئەوانەی لە کێشەکەیان دەکۆڵییەوە دەهاتنە لام بۆ ڕاوەرگرتن و زانیاریی زیاتر پەیداکردن یان پیاوە قانوونی و ڕۆژنامەنووسەکان، بەتایبەتیش لەبەردەم



Scanned with CamScanner

کامێراکانـدا خـۆم دوور ڕادەگـرت: چـونکە بەهـیچ شـێوەیەک نەمدەزانی چ بڵێم و کێ تاوانبار بکەم!

دەبـێ ئەوەش بڵـێم نەک ئەو هەفـتەیە بەڵکـو دەتـوانم بڵـێم مانگێکیش پاش پرسەی مـاتەمینەکەی، بـۆ مـن، مـاوەیەکی گەلێـک نـاخۆش؛ پـڕ سەریەشــە و پـڕ دڵتونـدی بـوو. هەر گەنجێکی دیکە بووایە لەجیاتی مـن ڕەنـگە خـۆی بکوشـتایە! بەتایبەتیش چونکە باوکم، برای نەبوو، خوشـکی نەبـوو، هـیچ خـاڵ و مامیشــی نەبــوو.. کەســی نەبــوو. ئەســڵەن هـیچ هاورێیەکیشــی نەبــوو: لە مــن زیــاتر. ئــاخر منـیش، هـیچ کەسێکم نەبوو لە ئەو زیاتر!

ســەرەڕای ئەوەی کە هەراش بــووم و تەمەنمـان لەیەکتـر زۆر جـودا، بەڵـام مـن نزیکتـرین هـاورێ و هـاوڕازی ئەو بـووم؛ بەتایبەتی لە سێ مانگەکانی پێش دیارنەمانی، نەیـدەتوانی ڕۆژێک چیە بەبێ من ئۆقرە بگرێت. دەیگوت: "من؛ کەس نیە تێم بگـات!". کەچـی لەهەمـان کاتیشــدا ڕاوەســتانی نەبوو؛ بەردەوام بەردەوام ڕەخــنەی دەگــرت. ئەو بەردەوام ڕەخنەگـر بوو، ڕەخنەکانیشـی بە نموونە و بەڵگەوە، بەشێوەیەک بوو کە خەڵک - بە ڕۆشــنبیر و نەخوێنـدەوارەوە- پەســەندیان دەکـرد، قسەکانی ئەویان پێ ڕاسـت بـوو: ڕەخـنەی لە سیسـتەمی مــووچە و دادگــا و داهــاتی نەوت دەگــرت؛ ڕەخــنەی لە

فەرامۆشکردنی ئەو هەموو گوندانە دەگرت کە دەیگوت بێ خزمەتگوزارین، بێ خەستەخانەن و هەموو گوندییەکانیان ناچارکردووە زەرعات و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ناوخۆ نەمێنێت و ئەو هەموو خەڵکەی گوند گوندەکانیان جێ بهێڵن و بێن ببنە پۆلیس و عارەبانچی و شورتی مروور و پشتمێری بەرپرسەکان، بەمەش گیروگرفتی نیشتەجێبوون و بێکاری بۆ شارەکان دروست بکەن؛ ڕەخنەی بەتایبەتیش لە سیستەمی پەرلەمان زۆر دەگرت و دەیگوت من سوێندم بە قەبری حەزرەتی سلێمان خواردووە (حەزرەتی سلێمانی زۆر خۆشدەویست و ناوی لێنابوو "عاشقە هەر مەزنەکە!") کە نابێت حیزب چیتر حوکمڕانیی میللەت بکات و ناهێڵم چیتر پەرلەمانی کوردستان بە سیستەمی حیزب بەڕێوە بچێت و دەبێ لیستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەجێگەی حیزبەکان دابنێم! لە هەمووشی زیاتر ڕەخنەی لە سیستەمی زانکۆ و پەروەردە دەگرت (بە وەزیری خوێندنی باڵای گوتبوو: عەقڵی من لەناو زانکۆکانی ئێوەدا جێگەی نابێتەوە).. ئیتر ڕەخنەی لە دار و بەرد دەگرت و بۆیەش گەلێک لە دژیارەکانی پێیان دەگوت "ئەم پیاوە شێت بووە !". ئیتر وابزانم ئەویش خەفەتی بەم تۆمەتانە دەخوارد و دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- ئەم میللەتـــی کـــوردە، زۆر کەڕن! چـــوار لەســـەر پێنجیـان، بە پیـاوە مەزنەکانیشـیانەوە، تەنیـا دەزانـن بـێن وبـنەم لەگەڵ بگـرن! ڕاســـتە؛ گـوێم لێـدەگرن و هەمووشـــیان پێمـدەڵێن "ڕاســـتە! ڕاســـت دەکەی" بەڵام هـیچ کەس نـایەت بەگـوێم بکـات و لەگەڵ مـن شتەکان ڕاسـت بکاتەوە!.

ڕاستییەکەش؛ ئەو شـکۆمەندێکی تەنیا بوو.. هیچ کەسـێکی لە ئاستی خۆیدا نەدەبینی! بەبیرمە ڕۆژێک پێمی گوت: "من هـیچ کەسـێک نـادۆزمەوە لە ئاسـتی خۆمـدا بێـت لەگەڵـی بجەنگم!". بۆیەش هەنـدێ جـار بە خـۆمم دەگـوت: "زۆر دوور نابینم باوکم خۆی کوشتبێت"!

بەڵـــام دەبـــێ دان بەمەشـــدا بنـێم کە ژیـانی بـابۆی مـن، بەتایبەت لە سـێ مانگی پێش دیارنەمانی، لە مەترسـیدا بوو. من نەمدەزانی چۆن و لەلایەن کێوە هەڕەشـەی لـێ کرابـوو. ئەو هیچی لەم بارەیەوە بە من نەدەگوت، بەڵام جاربەجار من خۆم وام هەستدەکرد کە شتگەلێکی لەمجۆرە لەئارادا هەبن و لێمـی بشـارێتەوە.. یـان بەشـێوەیەک لە شـێوەکان بـابۆ-خۆی (چونکە باوکی خۆم بـوو و زۆر بـاش تێـی دەگەیشــتم) ئەم هەسـتەی پێدەبەخشـیم. بەبیـرمە دوو جـار بە ئاشــکرا بە منی گوت "من لە وقت الضائع" دەژیم.



Scanned with CamScanner

وابزانم بۆیەش بوو پێش ئەوەی دیار نەمێنی، خۆی لە خەڵک، تەنانەت لە هاورێکانیشی دەشاردەوە. متمانەی بە کەس نەمابوو. دڵی زوو دەشکا. زۆر زووتر و زیاتر لەچاو جاران تووڕە دەبوو. شەرمیشی دەکرد باسی کێشەکانی خۆی لای خەڵک بکات. شەرمی لە منیش دەکرد زۆر جار. من دەمویست هەمیشە بە قسەی بهێنم و تێبگەم بزانم چۆن دەتوانم یارمەتیی بدەم وەک تاقانە کوری ئەو، نەمدەتوانی! هەندێ جاریش دەمویست ناچاری بکەم هەرچی شتێکی لە من شاردۆتەوە پێم بڵێت، لێم تووڕە دەبوو!

باوکم توانایەکی تایبەتی هەبوو لە قسەکردندا بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک و ناچارکردنی بەرامبەر بۆئەوەی گوێی لێ ڕابگرێت! جاری وا هەبوو ماوەیەکی زۆر قسەی دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکی بەرامبەر بتوانێت، لە بیرکردنەوە و گوێگرتن زیاتر، هیچی تر بکا!

لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو لەلام، کە لە یەک ڕۆژدا سەرقاڵی نووسینی پێنج کتێب دەبوو بەجارێک. کتێبی (لقد مات الحزب) کە تیۆرێک بوو لەبارەی: لە سەدەی بیستویەکەمدا مرۆڤ چۆن دەتوانێت -یان چۆن پێویستە بتوانێت- بەبێ حیزب بژیت!؟ هەروەها چۆنیش داڕاندنی

حیزب لە حکوومەت و لە پەرلەمان پێویستە لە کوردستان دەست پێ بکات!) دوواییین کتێبی ئەو بوو، کە مخابن پێرانەکەیشت بیداتە چاپخانە و بەسەردا بێ سەروشوێن کرا.

هەفتەیەک پێش تەعزیەکەی، بەبیرمە، پێشنیارێکی بۆ کردم، هات بە منی گوت: "بابۆ گیان..".

گوتم: "ها، بابۆ؟".

گوتی: "مادام تۆش پشووی خوێندنتە و دەوامت نیە..".

گوتم: "ئێ؟!".

گوتی: "بیرۆکەیەک هاتووە بە خەیاڵمدا؛ زۆر پێت خۆش دەبێ ئەگەر باسی کەم!".

گوتم: "چیە؟".

(بابۆ) لەسەرەتادا لێمی پرسی:

- حەزت لەوە هەیە بچینە گوندێک و لە هەمبێزی سروشت بژین ماوەیەک..؟



Scanned with CamScanner

(بابۆ) دەیزانی من زۆر حەزم لەناو شاخ و داخ و پێدەشتە سەوزەکانە، بەڵام من دەمویست زیاتر بۆمی ڕوون بکاتەوە، پرسیم: "یەعنی چۆن؟"

(بابۆ) دیسان لە من بۆوە پرسیار:

- حەزت لێیە فێری زمانی باڵندان ببیت؟ فێری زمانی ئاژەڵ و گیانەوەران؛ چۆن بتوانیت لێیان تێ بگەیت و قسەیان لەگەڵ بکەی؟

گوتم: .. واو..! ..لەکوێ؟

وەڵامی نەدامەوە، دیسان پرسی:

- حەزت لێیە فێری ئەسپسواری ببیت و بتوانیت چۆن ببیتە باشترین ئەسپسوار؟

دیسان گوتم: .. واو!

خەریک بوو شتێکی دیکەشم پێ بڵێت، من بێ هەدادان، گوتم:

- دە پێم بڵێ زوو، بابۆ.. ئا .. ئا.. بەس لەکوێ؟!



Scanned with CamScanner

به میهرەبـانییەوە - (بـابۆ) شـێوازی وا بـوو: سـەرنجمی ڕادەکێشـا بـۆ شـتەکە ئنجـا باسـی نـاوەڕۆکەکەی دەکـرد، گوتی:

- قسەم لەگەڵ (مام سۆڵۆمۆن)ی برا گەورەکەی (ئوم نوور) کـردووە، بـۆ مـاوەی هەفـتەیەک لە گونـدەکەی خۆیان، نزیک چیای (شـەنگال)، میوانداریمان بـکەن.. پارەیەکی تێر و تەسەلیان دەدەینێ و یەک هەفـتەی خۆش بـۆ خۆمـان لەو گونـدە دەمێنیـنەوە.. تـۆ فێـری زمانی باڵندە و گیانەوەران بکات!

مـن شاگەشـکە، هەرگیـز سروشـتی ئەو لادێ خۆشـانەی دەوروبەری چیـای شـەنگالم نەدیبـوو، لە کەیفخۆشـییان بەرامبەر (بابۆ)ی میهرەبانی خۆم کە هەمیشە دەیزانـی مـن حەزم لە چیە و بە چ شتێک دڵم دەکـرێتەوە، دڵشـاد دلشـاد دڵشاد هاوارم کرد:

- و ا و.. !
لە نزیک چیای شەنگال!

بـابۆ گـوتی: ئیـدی (ئـوم نـوور)یـش لەوێ، هەر چێشـتی خۆشـت بۆ لێ بنێت!



Scanned with CamScanner

(ئوم نـوور) ژنە ئاشـووریيە خزمەتكارەكەمـان بـوو، كە لەگەڵ كاك يەعقـووبی مێـردی، پـێكەوە، پێـنج سـاڵ زيـاتر لەنـاو ماڵەكەی خۆمـان لە (قەريەی زانكـۆ) لە هەولێـر دەژيـاين و باوكم كردبـووی بە بنەوانـی مـن؛ وەک دايكێكـی ميهرەبـان خزمەتی منی دەكرد، بەتايبەت لەو كاتـانەی كە بـاوكم خـۆی دەرۆيشت بۆ دەرس و سـەفەر و سـيمينار و ئيشـوكارەكانی خۆی لە (مێردين) و (وان). پرسـيم:

- واتە؛ ئوم نووريش لەگەڵمان دێ؟

بابۆ گوتی: ئـێمە ئەسـڵەن دەچـين بـۆ گونـدەكەی ئەوان، بـۆ ماڵی (سـۆڵۆمۆن)ی برا گەورەكەی. لەناو هەواری چيانشـين و دەشتەكييە مەسـيحييەكان!

پرسيم: "ئەوە لەكوێيە ئەو گوندە؟"

گـوتی: لەنێـوان لالـش و چيـای شـەنگالە. گونـدێكی ئاشوورييەكانە لەسـەر ڕێگای چيای شـەنگال.

كونجكۆڵانە پرسـيم:

- ئنجا مام سـۆڵۆمۆن فێـری زمـانی ئـاژەڵ و باڵنـدانم دەكـات؟ ئەوكـات دەتـوانم قسـە لەگەڵ گيـانەوەران بكەم؟



Scanned with CamScanner

گوتی: "خەریکم بڵێم مام سۆڵۆمۆن، استغفرالله، بەقەدەر حەزرەتی سلێمان لە زمانی گیانەوەر و باڵندان شارەزایە، ئەسڵەن "مامۆستایە"!

یەکسەر گوتم: واو، بابۆ؛ بەڕاستتە؟

گوتی: هەر ئەویش فێری ئەوەت دەکا چۆن ئەسپ لێخوڕیت و ببیتە ئەسپسوارێکی باش.

ئنجا بۆ شۆخیکردن پێمی گوت:

- بەڵام لەوێش نەچیت قالۆچە لەگەڵ خۆت ببەیتە ژوورەوە و دەرسەکە لە خۆت تێک بدەی هەی شەیتان!

قوربانی بابۆی خۆم بم؛ من کاتێ منداڵ بووم، (ست نەهلە)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەمان – کە هیچ نەیدەهێشت بچمە گەمان-؛ ڕۆژێک بانگی باوکمی کردبوو و شکایەتی لای باوکم لە من کردبوو، پێی گوتبوو:

"فەرەیدوونی کورت لە دەرسی ماتماتیک سێ قالۆچەی گەورەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ژوورەوە بۆ ناو پۆل و لەناو پۆلەکە بەڕەڵای کردوون و ئەو ڕۆژە دەرسی ماتماتیک لەبەر ئەو سێ قالۆچەیەی کورت بووەتە هەڵلا!"؛



Scanned with CamScanner

ئنجا پێی گوتبوو:

"با لەو منداڵە بێعارانەش دوور بکەوێتەوە کە هانی دەدەن بچن پێکەوە قەشمەری بە مامۆستای ماتماتیک بکەن!".

منیش زۆر تەریق بوومەوە کە (بابۆ) دیسان ئەو کارە شاشەی زەمانی منداڵیمی، بە چاوم دادایەوە؛ گوتم: "باش، بابۆ؛ بەڵام بە مەرجێک!".

گوتی: چیە؟

گوتم: بەڵام تۆ لەوێ بەجێم نەهێڵیت، چونکە من خۆت دەزانی شەرمیان لێ دەکەم و بێتاقەت دەبم بەتەنیا.

بابۆ گوتی: باش، بەڵام منیش یەک مەرجم هەیە.

گوتم: چیە؟

گوتی: لە ماوەی ئەو حەوت ڕۆژە، تەنیا یەک ڕۆژ لەوێرا دەچمە ناو خەڵکی (شەنگال) سیمینارێکم لەسەر (مەلەک تاوسی دایکی پیرۆزی ئێزیدییەکان) هەیە؛ شەو بۆ نوستن لە دهۆک دەمێنمەوە و بۆ سبەکەی دێمەوە لات.

گوتم: "باش".



Scanned with CamScanner

ئیتـر هەر ئەو ڕۆژە بـوو؛ چیتـر "بـابۆی مـن" نەگەڕایەوە و، نەمبینییەوە!

ئایا پاش سیمینارەکەی، لە (شـەنگال) "کوشتبوویان"؟

یان پاشتر بە شەو لەسـەر ڕێگەی چوونە دهۆک ڕفانـدبوویان؛ یان خستبوویانە بیرێکەوە؟

یـانیش وەک هەنـدێک دەڵـێن لەوێـرا، پـاش سـیمینارەکەی، لەگەڵ هەندێک ڕۆشـنبیرانی ئێزیـدی چووبـوو بـۆ سـەردانی پەرستگای لالش و لەوێ چییان لێکردبوو؟ نـازانم. مـن هیچ شـتێک نـازانم. ئـاخر بڵـێم چـی؟ یـانیش ئەوەتـا، وەک مام یەعقووبی مێردی (ئوم نوور) دەیگوت گوایە پێیـان گوتـووە کە بـاوکم نـامەیەکی نـاردووە بـۆ "گونـدەکەمان" و گـوایە لەو نامەیەدا بۆ (ئوم نوور) و بۆ من نووسـیویەتی کە لە دهـۆکەوە پێویست بووە یەکسـەر بڕوات بۆ (وان)! (کە مـن، نە خـۆم، نە ئوم نوور، ئەو نامەیەمان نەدیوە، بەڵام گوایە نامەکەیان دیوە و خوێندوویانەتەوەش، کەچی ئەو نامەیەی باوکمیـان، ئێستا و ئێستاش هەر پیشانی من و ئـوم نـوور نەداوە و نەماندیوە!) گـوایە لە زانکـۆی (وان)ەوە داوایـانکردووە کە بەزووتـرین کـات بچێت پرسیاری تـاقیکردنەوەی ئیمتیحـانی خوێنـدەڤانەکانی نیـوەی سـاڵ تەسـحیح بکـات بـۆیە لەناکـاو یەکسـەر پـاش سیمینارەکەی، لە لالشەوە، یـان لە شـەنگالەوە - یـانیش لە

دهۆکەوە- "چونکە دەیانگوت هیچ بەڵگەنامەیەک نیە کە شەو لە هیچ هوتێلێکی دهۆک مابێتەوە!" یەکسەر بەڕێکەوتووە بۆ شاری (وان). هێندە هەیە کە من باوەڕ بەم سەفەرە لەناکاوەی باوکم دەکەم: چونکە بابۆ ئەم جۆرە ڕەفتارە لەناکاوانەی هەبوو. جاری وا هەبوو نیوەی شەوان زۆر درەنگ سلفی لە هووندا کەی دەدا و بەڕێدەکەوت بەرەو سنووری ئیبراهیم خەلیل و دەیگوت دەبێ بگەمە ئیمتیحاناتی قوتابییەکانم لە (وان) یان لە (مێردین): بۆیەش من پێشوەختە مەرجی ئەوەم بۆی دانا کە لەوێ بەتەنیا بەجێم نەهێلێت!

لە هەمووی سەیرتری ئەو دەنگوباسە ناکۆکانە ئەوە بوو کە (ئوم نوور) دەیگێڕایەوە و دەیگوت "بەڵام تکایە بە کەس مەڵێ":

گووایە باوکم، پاش تەواوکردنی سیمینارەکەی، ژنێکی ئێرانی، کە چەند شایەتحاڵێک دیویانە بابووجێکی سووری لە پێ، قژێکی کورتی (کارێ)ی هەبووە، ناوی (فەرەحناز خانم)، لە سیمینارەکەی باوکمدا لە شەنگال ئامادەی سیمینارەکە بووە و تەنانەت باوکم ناسیویەتیەوە و تەوقەشی لەگەڵ کردووە و چەند دەقیقەیەک پێش ئەوەی سیمینارەکەی دەست پێ بکات هەندێ قسەشیان پێکەوە



Scanned with CamScanner

کردووە؛ پاش تەواوبوونی سیمینارەکە دیویانە ئەو ژنە ئێرانییە داوای لە باوکم کردووە کە باوکم مادام دەچێت بۆ دهۆک، با لەگەڵ خۆی سواری بکات چونکە ئەویش هەر گوایە ویستوویەتی بچێت بۆ دهۆک و لەبەر خاتری "فێمینیستانە بوونی سیمینارەکە" هاتبوو بۆ سیمینارەکەی، ئیتر بۆیە گوایە باوکیشم ڕازی بووە هەڵی بگرێت بەرەو دهۆک"..

(نوم نوور) بە چرپە ئەم قسانەی بۆ من دەگێڕایەوە و دەیگوت:

- ئیدی خۆت دەزانی کە باوکت لە سەفەرکردندا حەزیدەکرد هەمیشە بەتەنیا سەفەر بکات و قبووڵی نەدەکرد هیچ کەسێک لەگەڵی سواری ئوتومبیلەکەی بێت، بەڵام ئەوجارە دەڵێن چونکە (فەرەحناز خانم) نزیکەی ساڵێک دایەنی تۆ بووە، ڕەنگە باوکت زیاتریش لەبەر ئەم هۆیە قبووڵی کردووە کە لەگەڵ خۆی لەناو ئوتومبیلەکەی سواری بکات و بیگەیەنێتە دهۆک!

ئنجا (نوم نوور) کە دەیگوت ئەم دەنگوباسە، (سۆڵۆمۆن)ی برای بۆی گێڕاوەتەوە کە بە منی بڵێت؛ دەیگوت ڕەنگە (فەرەحناز خانم) بووە، بە پلانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕێگەی شەنگال- دهۆک، باوکتی کوشتووە و پاشان



Scanned with CamScanner

لەگەڵ سێ پیاوی چەکدار کە بە ئوتومبیلێکی دیکە لەدووایان ڕۆیشتوون، تەرمەکەیان هەڵگرتووە و فڕێیان داوەتە ناو بیرێک لە گوندێکی نزیک چیای شەنگال - لەڕێگەی بەرەو لالش - دهۆک.

من ئەوکات لەم بارەیەوە هیچ وەڵامێکی ئوم نوورم نەدایەوە و نەشچوومە لای پۆلیس بڵێم شتێکی لەم بارەیەش هەیە، چونکە هێندە عەقڵم بەسەر سیاسەت و ئەو شتانەدا نەدەشکا، بەڵام ئێستا دەڵێم "ڕەنگە ئەم گریمانەیەش ڕێی تێ بچێت؛ چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوکاتیش دژی هەموو فەلسەفەیەک بوو کە خاک و خەڵک و خودای خەڵکی کوردستان یەک بخات"! بەڵام چەندی دەمکرد و دەمکرد باوەڕ بەوە بهێنم کە کارێکی هێندە قێزەوەن لە (فەرەحناز خانم)ی خزمەتکارەکەی من بوەشێتەوە، نەدەچووە دڵ و باوەڕمەوە.

(فەرەحناز خانم) کێ بوو؟

من باش باش بۆ (ئوم نوور)م باسکردبوو کە باوکم چۆن قبووڵی کرد ئەم فەڕەحناز خانمە ببێتە خزمەتکاری ماڵەکەمان! پێشمگوتبوو کە باوکم نەبووە ئەم فەڕەحناز خانمەی دۆزیوەتەوە، ئەسڵەن بە بڕیاری ئەویش نەبوو کە ئەو ببێتە دایەنی من!

چەند هەفتەیەک پاش ئەوەی مـن لە تەمەنـی نـۆ ساڵیمدا دایکـی خـۆمم لەدەسـت دا، ئەفراسـیاوبەگی بـاپیرم بـوو لە شـاری سـلێمانی (فەڕەحنـاز خـانم)ی لە مـاڵە جـافێکی بەگزادەی خزمی خۆیان دۆزیبۆوە، هەر باپیریشـم هێنابووی و بە باوکمی گوتبوو: (ئەمە ژنێکی ئێرانییە و چەند ساڵێکە لە سـلێمانی دەژیـت، ئەگەرچـی فارسـە و شـیعەیە، بەڵـام جێگەی متمانەیە و ژنێکـی میهرەبانیشـە بـۆئەوەی خزمەتـی فەرەیدوونی ڕۆڵە هەتیوەکەمان بکات و هەم بنەوانیـی مـن و عادیلەخـانمی داپیریشـم بکـات!)؛ لەهەمـان کاتـدا هەر ئەفراسـیاوبەگی بـاپیرم خۆیشـی - بەبیـرمە ئێـوارەیەکی درەنگ، زستانێکی زۆر تووش بوو، تەرزە دەبـاری، چـۆن چـوو دڵڕەقانە ئەو ژنەخزمەتکارە ئێرانییەی دەرکردا!

ئەم دەرکردنەش (بە قسەی باپیرم) بە فەرمـانی بـاوکم بـوو، چـونکە بـاوکم بـۆی دەرکەوتبـوو کە دوو جـاران شـتی لە ماڵەکەمان دزیبوو، بۆیە داوای لە بـاپیرم کردبـوو دەری بکـات، بەڵام باپیرم دەیگوت لەسـەر ئەوە بـووە کە چـوار ڕۆژان بەبێ پرسـی بـاپیرم، مـن و مـاڵەکەی بەجێهێشـتبوو، چووبـوو بـۆ هەولێـر، ئیـدی بەسـەر ئەو ڕۆشـتنەی ئەودا مـن زۆر خراپ نەخۆش کەوتبووم!



Scanned with CamScanner

باپیرم ڕاستی دەکرد، من لەو ڕۆژانەدا (سۆریکە)م گرتبوو. بە بیرمە کاتێ فەرەحناز خانم لە هەولێر گەڕایەوە، چ تەرزەبارینێکی تووش بوو؛ چۆن یەکسەر باپیرم پەلی گرت و فڕێی دایە دەرەوە!

لە کۆڵانەکەدا، تەرزە، دانە دانە، هەر دانەیەک بەقەدەر کەڵاشووشەیەکی سپی، زۆر توند دەیدا لە سەروگوێلاکی ئەو ژنە ئێرانییە بەستەزمانە؛ لەژێر ئەو تەرزە توند و بێ بەزەییانەدا کە سەری مرۆڤی کون دەکرد - من دڵم بۆی ژانی دەکرد. هەر دەگریا و غاری دەدا. بێ ماڵ، بێ هیچ دەرامەت و پەنا و پەسیوێک، ئەسڵەن نەک هیچ کەسێکی نەبوو بەخێوی بکات، بەڵکو کەسی نەبوو سەبووریشی بداتەوە!

(ئوم نوور) دایەنە تازەکەم، ئەم ڕووداوی دەرکرانەی (فەرەحناز خانم)ی، کە بە فەرمانی باوکم دەرکرابوو، وا لێکدەدایەوە کە ڕەنگە "ژنە" هەر بۆیەش هاتووە ئەم تۆڵەیە لە باوکم بکاتەوە و باوکم بەو دەردە ببات؛ دەیگوت "هەر باشە شتێکی بەسەر تۆش نەهێناوە"!

(ئوم نوور) دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- بە ڕای من، ئەم دەرکرانە بێبەزەییانە بووە کە وایلێکردووە پاشان ببێت بە جاسووسی ئێران و تۆڵە لە باوکت بکاتەوە.

باپیرم ئەو ئێوارەیەی تەرزە دەباری، پاش ئەوەی دەریکرد، دەیگوت (من نەمدەزانی فەڕەحناز خانم جاسووسی ئێران و لەشفرۆش بووە!)؛ بەڵام (ئوم نوور) دەیگوت ڕەنگە پاش دەرکرانەکەی چووبێ ڕووی لەم کارە پیسانە کردبێت.

من ئێستا کاتێ ئەم شتانەم بەبیر دەکەوێتەوە؛ بە خۆم دەڵێم: ئاخ، بابۆی من چەند ڕاستی دەکرد وەختێ دەیگوت: "ژنە مەسیحی، لە ژنە موسڵمانان زۆر باشتریشن بۆ میهرەبانی و سۆزی دایکایەتی"!

کاتێ ئەم قسەیەی باوکمم، پاش ڕۆژی تەعزیەکەی، بۆ ئوم نوور گێڕایەوە، ئوم نوور دەستی بە گریان کرد و گوتی:

- ئەو ژنە هارە لەجیاتی ئەوەی ئەفراسیاوبەگی باپیرت بکاتە ئامانج، هاتووە ئەو داوەی بۆ باوکت داناوەتەوە.

هەرچۆنێک بێ، هەموو ئەم ئەگەرانە، بێگومان بەگریمانەی ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی فەڕەحناز خانم بووبێت کە باوکمی خستبێتە بیرەکەوە؛ کە من بەش بە حاڵی خۆم بەهیچ شێوەیەک باوەڕم نەدەکرد.



Scanned with CamScanner

(فەڕەحناز خانم) وەختێ لە تاران ژیاوە، پاش ئەوەی مێردە کوردەکەی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام دەکرێت بە تاوانی ئەوەی سەر بە حیزبی دیموکراتی ئێران بووە و چالاکیی سیاسیی بەنهێنیی لەڕێگەی مۆل و شانە حیزبییەکانەوە لە تاران ئەنجام دەدا، پەلی کچە سێ ساڵان و کورە پێنج ساڵانەکەی خۆی دەگرێت و دەیانهێنێتە سلێمانی و لەوێ کچەکەی کە ناوی "گیان" بووە دەفرۆشێتە یەکێک لە ماڵە جافە ملیۆنێرەکانی سلێمانی، کورەکەشی دەفرۆشێتە ئاغایەکی هەرکی لە هەولێر کە پێنج پیشانگەی کڕین و فرۆشتنەوەی ئوتومبیلی لەناو بازاڕی پیشانگەی ئوتومبیلان هەبووە لە هەولێر، ئنجا پاشان بۆی دەردەچێت و دەگەڕێتەوە تاران.

ئەم قسانە، ئەفراسیاو بەگی باپیرم، پاش ئەوەی دەریکردبوو، بۆ من و بۆ باوکمی دەگێڕایەوە، دەیگوت: من پێشتر ئەمەم نەدەزانی و خۆیشی بە منی نەگوتبوو.

ئنجا پاش چەند ساڵێک فەڕەحناز خانم کاتێ پەشیمان هەستدەکات گوناهێکی گەورەی لەهەمبەر ئەو دوو منداڵە کردووە و خوا قەت لێی خۆش نابێت، دەگەڕێتەوە سلێمانی تەنیا بۆئەوەی جارجار بتوانێ هیچ نەبێ ئەو دوو ڕۆڵەیەی خۆی ببینێتەوە؛ لەنزیکیان بێت و هەست بە سەبووریيەک



Scanned with CamScanner

بکات.. بەڵام، باپیرم دەیگوت: ئەو دوو منداڵەی، ئەوکاتە، ئەسڵەن هەر نەشیاندەزانی دایکیان هەیە. کاتێ فەرەحناز خانمی دایکی خۆیان دەدیت بەقەدەر نووکی دەرزییەکیش هەستیان بە سۆزی دایکایەتیی ئەو نەدەکرد، تەنانەت دەیانویست لە دەستیشی هەڵبێن، دەیانگوت "شێتە"!

ئیتر بۆیە ئەم ژنە بەستەزمانە، لە کانگای خۆیدا دەسووتا. باپیرم دەیگوت: لەبەر هەمان هۆکاریش بووە کە فەرەحناز خانم منی بەقەدەر هەموو دنیا خۆشدەویست، هەر بۆیەش حەزی لە پیشەی خزمەتکاری و منداڵ بەخێوکردن بووە لەسەرەتادا، ئەمە پێش ئەوەی ڕوو لە جاسووسی و لەشفرۆشی بکات.

من ئەم قسانەم کاتێ بۆ نوم نوور دەگێڕایەوە، بە منی دەگوت: باوکیشت باسی ئەوەی دەکرد کە تۆی یەکجار زۆر خۆشویستووە! من وای دەبینم هەر ئەم خۆشەویستییەشی بووە بۆ تۆ، کاتێ تۆی لێ مەحرووم کراوە، شێت و هار، وایلێکردووە ئەم تاوانە ئەنجام بدا.

بۆیە ئیتر، منیش بەدرێژایی ئەو ماوەیەی هەتیو مامەوە، تا ئێستاش، هەر غەریبیی ئەو ژنە ئێرانییە زۆر دەکەم.. چونکە بەڕاستی، بەدرێژایی نزیکەی ساڵ کە منی بەخێوکرد، وەکودایکی دووەمی من بوو.



Scanned with CamScanner

هەر چۆنێک بێ، من ئێستاش ناچێتە عەقڵمەوە کە فەرەحناز خانم بووبێت سەری باوکمی بە فەتارەت دابێت، ئەگەرچی جاسووسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بووبێت!

من ئەو ئێوارەیەم لەبیرە. فەرەحناز خانم، تازە لە هەولێرەوە گەڕابۆوە ماڵی باپیرم. دنیا تاریک بوو کاتێ گەیشتەوە. پرچی وەک بڵێی بە بۆیە سوور کردبوو، پاشماوەی سووراوێکی تۆخیشی بە لێویەوە هەر مابوو. بە کەیف دیار بوو. پرچی کاری کاریێ؛ هەرکە بابووجە سوورە پاژنە بڵندەکەی داکەند و دانەکەند، باپیرم، یەکسەر دەستی پێکرد:

- ها ؟ هاتیتەوە؟ .. "هەولێر" باش گەڕای؟

فەرەحناز خانم گوتی:

"چووم (میر)ی کورەکەم ببینم لە هەولێر، ئەفراسیاو بەگ. ئێوارە باش. خۆ نانی ئێوارەتان جارێ نەخواردووە؟".

باپیرم هەڵشاخایە سەری:

- تینووی "هەولێر" بووی، ها؟ من هەر زوو دەمزانی لۆتی و گاندەری تۆ، هەی ژنەتیوی شیعەی بەڕەڵا!

ئەوە لە هەولێر چییان دەبەشییەوە؟ منارە؟! منارەی مزگەوتەکانیان دەبەشییەوە؟! لە هەولێر تێر تەماشای "منارەی چۆلی"ت کرد؟! ها؟

فەڕەحناز خانم، بە هەڵەداوان و پەلەپرووزێ:

- ئەوە تۆ دەڵێی چی ئەفراسیاو بەگ!؟ ناشێ (دکتۆر فەرەیدوون) دیسان بوختانی پێم کردبێت و هەواڵی نادروستی لە زمانی برادەرەکانی خۆی بۆ تۆ گواستبێتەوە! ئەمە یەکەمجار نیە (دکتۆر فەرەیدوون) بوختانم بۆ هەڵدەبەستێ! من پێت دەڵێم چووم (میر)ی کورەکەم ببینم. ناوی خوا بێنە؛ لێمگەڕێ (شێخ مەحشییەک)ی خۆشتان بۆ دروست بکەم هەر ئێستا!

ئەفراسیاوبەگی باپیرم، دەرفەتی نەدایێ پێ بنێتە مەتبەخەکەوە:

- ناوی باوکی فەرەیدوون مەهێنە، هەی جاسووسی کۆماری ئیسلامیی ئێران! دکتۆر هەرگیز درۆ ناکا! هههههه.. بۆ دیتنی کورەکەت چووبوویت هەولێر یان بۆ کابرای "هەرکی"؟ کە بە (پرادۆ) لەنێوان مەسیف و هەولێر پیاسەت پێ بکات و بتگێ هەی دێڵەسەگ؟ نەخێر نەخێر بۆ تەماشاکردنی "منارەی



Scanned with CamScanner

هەولێر" چووبووی! هەی چەند منارەی هەولێر هەیە بەو قوزەت کە نەتتوانی قەدری بزانیت!

فەرەحناز خانم، لەو دەمەدا ئیتر زانی کە کار لە کار ترازاوە، ئەویش دەمی کردەوە:

- باشە مادام دەتزانی من خۆفرۆش و جاسووسم، ئەدی بۆچی منت بە کارەکەر و دایەنی کورەکەت ڕاگرت؟ دیارە کەواتە تۆ بۆ خۆت گەووادی، ئیتر من چی بکەم؟ باش.

کاتێ دەستی دایە جەنتا سوورە دەستییەکەی خۆی بڕوا، باپیرم دیسان:

- نەڵێی دیسان یەک دیناریشت پێ نەماوە! ئێستا دەزانم هەرچی پارەیەکیش پێتم دابوو هەمووت داوە بە تریاک و "حەب"؛ نا؟!

پەلی گرت و لە دەرگاکەوە فڕێی دایە کۆڵانەکە:

- دە بڕۆوە بۆ هەولێر.. دەی.. بڕۆ تێر تێر لەوێ تەماشای "منارە"کان بکە!

من لەپێش دەرگای ماڵەکەمان، کە ئەوکاتە لە گەڕەکی (گردەکەی عەلی ناجی) بووین، تەماشای گریان و ڕاکردنی

ئەو ژنە بەستەزمانە دەرکراوەم دەکرد بەناو کۆڵانەکەدا و دڵم زانی دەکرد بۆی: چونکە هەستمدەکرد کە لەسەر من بوو وای بە سەر هات!

ئەو شەوەم هەرگیز لە ژیانمدا بیر ناچێتەوە کە ئەو ژنە بەستەزمانە، بە کۆڵانەکەدا، چۆن بێکەس، دەرکراو، ڕایدەکرد و دەگریا.. خەنجەریش چۆن تەرزە تەرزە بەسەر سەریدا دەباری.



Scanned with CamScanner

( ٧ )

- بابۆ !
- ..
- بابۆ ۆ ۆ..
- ..
- با .. بۆ.. ۆ.. ۆ.. !

باوکم، خاولییەک لەدەست، پەنجەکانی خۆی پێ وشک دەکردەوە، بە پەلە لە مەتبەخەکە هاتە دەرەوە:

- .. ها کورم، ها، چیە؟ .. زەندەقت بردم!
- بابۆ! بابۆ؛ گوێ بدێ.. !

باوکم لەسەر ئەسکەملییەکە کاتێ دانیشت بۆئەوەی گوێ لە من بگرێت، یەکسەر بە تاسووقەوە پێم گوت:

- بابۆ.. ڕاپێکی تازەم نووسیوە! گوێ بدێ.. ڕاپێکی زۆر ئێرۆتیکە!

کاتێ ڕاپە نوێیەکەم بۆ باوکم خوێندەوە، لێمی پرسی: "بابۆ؟!"، گوتم: "بەڵێ؟". بەشێنەیی لێمی پرسی: "تۆ مارکیز دی ساد دەناسی؟".

گوتم: "نەخێر".

گوتی: "فەیلەسووفێکی فەرەنسییە".

گوتم: "نێ؟!".

گوتی: "ئەم ڕاپەڕە تازەیەی تۆ، مارکیز دی سادم بیردەخاتەوە".

گوتم: "بۆچی؟".

باوکم گوتی:

- چونکە ئەویش، وەک ئەم ڕاپەڕەی تۆ، بە سێکس، خەباتی خۆی دژی کۆمەڵگای فەرەنسا بەرپا کردبوو.

-یەعنی چۆن؟

- پەردەی لەسەر ژیانی شاراوەی سێکسی و پەیوەندییە نهێنییە سێکسییەکان لادەبرد کە مرۆڤ بەهۆی ماسک و قیناعە درۆزنەکانی، شاردبوونیەوە و چەندین سەدە بوو درۆی لەگەڵ خۆی و بەرامبەریشی دەکرد.



Scanned with CamScanner

من خەریکبووم لە باوکم تێدەگەیشتم بۆچی ئەم بەراوردە لەنێوان ڕاپەکەی من و ئەو فەیلەسووفە فەرەنسییە دەکات، گوتی:

- ئەویش وەک تۆ (سەرنجم داوە لە هەموو ئەم ڕاپە تازانەتدا)، بە سێکس هەڵدەشاخایە سەر کۆمەڵگە. پێیانی دەگوت: من دەمامک لەسەر ژیانی سێکسیتان لادەدەم، کە چۆن هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیتان بە قوربانی سێکس کردووە!

من ئەودەمە تەمەنم تەنیا چوارده ساڵ بوو، بەڵام باوکم هەمیشە وا پەروەردەمی دەکرد خۆم بە گەورە بزانم و شکۆمەندانە بیربکەمەوە، بۆیە بەلامەوە ئاسایی بوو ئەو ڕاپانەی بەو دوواییە نووسیبوومن بەراوردی دەکردن بە بەرهەمەکانی مارکیز دی ساد. ئنجا باوکم هەمیشە بە تەمسیلکردنەوە تێمی دەگەیاند:

- مارکیز دی ساد هاواری دەکرد دەیگوت: من ئاوێنەیەکم؛ ئەخلاقی خۆتان پیشانی خۆتان دەدەمەوە. من بە سێکس لەناوتان دەبەم مادام ئێوەی "کۆمەڵەگا" منی بێتاوانتان ئاوها لەناو حەپسخانەدا ڕزاندەوە و منتان ڕیسوا کرد!



Scanned with CamScanner

من ئەوکات بێگومان، نە "زیندانی باستیل" دەمزانی چیە، نە مارکیز دی سادیشم دەناسی، بە سەرسوڕماوییەوە پرسیم:

- فەیلەسووفی خۆیان زیندان کردبوو؟!

گوتی: بەڵێ، چونکە ناشیرینییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی سەردەپڕی!

ئنجا تەماشایەکی کردم: خۆزگە ڕووسیت بزانیبا!

پرسیم: بۆچی؟

گوتی:

- کاتێ قوتابیی دکتۆرا بوم لە مۆسکۆ، ڕۆژێک دکتۆرانامەی پرۆفیسۆرێکی ڕووسم خوێندەوە بە ناونیشانی (جنێو لە زمانی ڕووسیدا)، کە وەک ئەم ڕاپەی تۆ، پڕ بوو لە جنێو بە کۆمەڵگەی ڕووسیا، جنێو بە مرۆڤە ستەمکار و بێ ویژدانەکان!
جنێو بەو دایک و باوکانەی منداڵەکانی خۆیان لەپێناو هەوا و هەوەسی خۆیان فەرامۆش دەکەن و خیانەتی دایک و باوک لە یەکتر، یان

(هەڵوەشاندنەوە خێزان) چۆن بۆتە هۆی تێکچوونی دەروون و ژیانی منداڵەکانیان!

من دووازدە ساڵان بووم کە باوکم باسی لینین و فرێدریک ئەنجلز و ئەم شتانەی بۆم کردبوو، دەمزانی چ دەڵێ، باوکم درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئەو دکتۆرانامە ڕووسییە لێوانلێوە لە جنێو بەو سەرۆک حکوومەت و وەزیرانەی ڕەنجی میللەت و سامانی وڵات دەدزن!

من بە دڵخۆشییەوە گوتم:

- من وامزانی پێت ناخۆشە ئەو هەموو جنێوە لەناو ڕاپەکانمدا بەکاردەهێنم!

گوتی: نەخێر، هەرگیز! ڕاپ خۆی دەبێ وا بێ!

ئنجا پێکەنی:

- جا ئەم دکتۆرانامەیەش.. بۆیە حەزمدەکرد بتخوێنیدایەتەوە بایەخی جنێو پیشان دەدات بۆ ڕیسواکردنی ئەو دەوڵەتمەدارانەی بەهۆی ژنەکانیانەوە پیاون! جنێو چەکێکی کاریگەرە بۆ

داماڵینی ڕوخساری درێوی گەندەڵ و حوکمڕانە درۆزنەکان!

ئنجا گوتی: باش بابۆ.. ئافەرین، ڕاپێکی جوانت نووسیوە! بەڵام یەک ئامۆژگاریم هەیە!

گوتم: چیە؟

گوتی: قەت هەوڵ نەدەی ببیت بە شاعیر!

- بۆ؟

پێکەنی، گوتی:

- چونکە شاعیر ئەو قسانەی دەیکەن کرداری پێ ناکەن! جگە لەمەش، خۆیان هەمیشە وا پیشان دەدەن "بێکەس" و "پەرێشان" و "زامدار" و "پەرۆش"ن، یان "سەرسام" و "ئاوارە" و "پەشێو".. هههههه.. ئەگەر بچیتە ناویان، وەک چووبێتیە ناو خەستەخانەیەک، گوێت تەنیا لە کڕووزانەوە و گریان و دەرد و حەسرەتیان دەبێت بەدەست یار و نەیارەکانیان، یان هەر دەبێ سەرسوڕمان و خۆبەزلزانی و هەست بە ناچیزەیی و داڕووخانیان بخوێنیتەوە! من ئامۆژگاریت دەکەم، فەرەیدوون!



Scanned with CamScanner

لەجیاتی هەمــوو ئەم شــتە قــۆڕانەی ئەوان؛ تــۆ هەوڵبدە تەنیا تێ بگە!

من بێدەنگ بیرم دەکردەوە، بابۆ دووپاتی کردەوە:

- نائومێـد مەبە، سـەرت نەسـوڕمێ، تـووڕەش مەبە؛ تەنیا تێ بگە!

نزیکەی یەک دەقیقە بێدەنگ، چاوم لەناو چاوی بـاوکم، تەنیـا بیرم لەم قسـانەی بـاوکم دەکـردەوە؛ ئەویـش هیچـی نەدەگوت. لەکۆتاییدا تێگەیشتم و بڕیارم دا، گوتم:

- باش!

"تێگەیشتن!".

"باش!". "بەڵام تێگەیشتن، ئایا چ سوودێکی هەیە لەکاتێکدا تۆ هیچ هێزێکت نەبـێ؟ لەمەش خراپتـر لە زینـدانێک بیـت؟ هەر دوو دەستت لەپشتەوە کەلەپچە، هەر دوو چاویشـت بە پەڕۆیەکـی ڕەش تونـد تونـد بەسـترابێتەوە و "هـیچ" هـیچ نەبینیت؟!". ئایا ئەمە دەتگەیەنێتە ڕازیبـوون و ئاکامێـک کە تـۆ پەسەندی بکەیت بابۆ؟!".



Scanned with CamScanner

وەک ئەوەی "بابۆ" بەرامبەرم بێت کە من ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد. بە خۆم پێکەنیم.

بە دوو دەستی کەلەپچەکراو، بە دوو چاوی بەستراوەوە چۆن بتوانم تێ بگەم ئاخر؟ چۆن بتوانم تەنیا بە تێگەیشتن ڕازی ببم؟! ئۆف خودایە!

ڕۆحم گەیشتبووە سەر لێوەکانم؛ خەریک بوو دڵم شەقی دەبرد! ئاخر من لە یەکەم ڕۆژی زیندان کرانمەوە، تەنانەت پاش یەکەم جاری دادگایی کردنەکەشم، لە ژوورە ئینفرادییەکەمدا بەردەوام چاوم بەسترابووە، تەنانەت کەلەپچەشیان لەدەستم دانەکەندبوو!

چوار یان پێنج ڕۆژ بوو بەم شێوەیە، تەنیا دوو جەم نان و ئاویان دەدامێ، ڕۆژی یەک جاریش دەهاتن چەند دەبەیەکی بچووکی ئاویان بۆم دەهێنا بۆئەوەی کاتێ میزم دەهات، بانگیان نەکەم بمبەنە توالێت بەڵکو بچم میز لەناو ئەو دەبەی بچووکی ئاوانە بکەم.

عارەقەم کردبوو. هەناسەم باش بۆ نەدەدرا. لەناکاو چیتر بەرگەی ئەو هەموو ماوەیەی دەست و چاو بەستراوەییەی خۆمم نەگرت، گوتم چی دەبێ با ببێ، چیم لێ دەکەن با بیکەن:



Scanned with CamScanner

دەستە کەلەپچەکراوەکانی خۆمم لە پشتەوەڕا، بەژێر قاچەکانمدا هێنانە پێشەوە. گوتم هیچ نەبێ باری دەستەییم کەمێک بێتەوە سەر خۆی. ئنجا پەڕۆکە ڕەشەکەی سەر چاوی خۆشمم لێکردەوە. توانیم بۆ یەکەمین جار (چاوکراوە) تەماشایەکی ژوورەکەم بکەم. گوتم قابیلە چیم لێدەکەن!؟

ئاهێکم بە گیاندا هاتەوە و چاوێکم بە ژوورەکەمدا گێڕا:

ژوورێکی سپی، بەڵام زەردهەڵگەڕاو هاتە پێش چاوم. ژوورێکی شەش بە شەش قەدەم. بنمیچەکەی، یەکجار یەکجار بڵند! دیتم کامێرایەک بەسەر سەرمەوە. گوتم کەواتە، ئێستا یەکسەر دەمبینن.

با بمبینن!

لە چوار دیواری سارد و بڵند زیاتر، لەگەڵ پەنجەرەیەکی کوێر -ئەویش لە بەرزاییەکی دوورەوە- کە مێشوولە، بەردەوام بەردەوام گیزەگیزیان لێوە دەهات، بەتایبەتیش شەوان، کە لەو کونەوە دەهاتنە وێزەم و دەیانخواردم.. هیچی دیکەی تێدا نەبوو تەماشای بکەم.



Scanned with CamScanner

چوار دەببەی بچووکی ئاو کە شەوان میزم تێدەکرد، پڕ پڕ لە میزی خۆم، لەولا کەوتبوون، مێشووولە بە دەوریاندا گیزە گیزیان بوو.

دیوارەکەی دەستەچەپم کەمێک قلیشاو، خەتێکی زۆر باریک، ناڕێک، لە سەرەوەڕا تا خوارەوەی هاتبوو.

بەسەر ئەو دیوارەوە، پاشماوەی پەڵە خوێنێکی مەییو تاساندمی: پاشماوەی خوێنی خۆکوشتنێک بوو، یانیش یادگاریی کەللەسەرێکی لەخۆ بێزار. ڕەنگە ئی مانگێک پێشتر بوو!

لەناکاو ترسام!

لەوە ترسام جەللادەکانم لەهیکڕا بێنەوە و ئەگەر بمبینن دەستە کەلەپچەکانم هێناوەتە پێشەوە و پەڕۆ ڕەشەکەی سەر چاوی خۆمم داکەندووە؛ بیکەن بە بیانوو دیسان بە تف و جنێو بکەونەوە دارکاریم.

پەڕۆ ڕەشەکەم کە بە لاستیکێکی توند لایەکانی بەیەکتر بەسترابوونەوە، لەسەر ئەژنۆی چەپم، بۆئەوەی هەرکە گوێم لە دەنگی پۆستاڵەکانیان دەبوو لە ڕێڕەوە چۆڵەکەوە، زوو



Scanned with CamScanner

بیبەستمەوە چاوم تا "نەیانبینم": چونکە نەدەبوو هەرگیز بمبینن چاوم کراوە بێ!

- بمرن پۆستاڵ ڕەشە نووک زەردەکان!
- بڕووخێ پۆستاڵ ڕەشە نووک سەوزەکان!
- بژی میللەت!
- مردن بۆ پۆستاڵ ڕەشە پاژنە شینەکان!
- خودا لەناویان ببات پۆستاڵ ڕەشە نووک سوورەکان!
- خودا لەناویان ببات پۆستاڵ ڕەشە پاژنە قاوەییەکان!

ئەم نووسینانەی سەر دیوارەکە سەرنجی منیان ڕاکێشا! بە خەتی جۆراوجۆر، لە کاتی جۆراوجۆردا نووسرابوون. بە خەتی درشت، ناڕێک، پچڕ پچڕ. زۆربەیان بە نینۆک هەڵکەندرابوون، یان بە خوێن، یانیش بە نووکی تیژی ئەو کەوچک و چەتاڵە باغە و پلاستیکانەی کە ڕەنگە چەندین ڕۆژیان پێویست بووبێت تا بتوانن هەر جارەی وشەیەک لەو دروشمە ژاندار و تووڕانەی خۆیان لەوێ بنووسنەوە! بەڵام حەیف، چەندی دەمکرد و دەمکرد نەمدەتوانی دەرک بکەم ئایا ئەو پۆستاڵ ڕەشە پاژنە شین و نووک زەرد و نووک سەوزانە کێن؟ چن؟ سەر بە چ ڕژێم و دەسەڵاتدارێکن؟



Scanned with CamScanner

(یەڵماز) و (ناسر شـەیدا) ڕاسـتیان دەکـرد دنیـا لە دەرەوەی ئێمەی ناو ئەشکەوت زۆر گۆڕاوە زۆر پیس و بێزەوەن! ناکرێ مرۆڤ چیتر بەرگەی بگرێت، تەنانەت تیشـی بگات!

ڕاستیان دەکرد دەیانگوت مرۆڤـی سـەدەی بیسـت و یەکەم مەخلووقاتێکی دڕندە و باڵادەستی زۆر جیاوازن!

ئاخر، لە هەموو شـوێنێک بۆ من قەدەغە بـوو چـاوم نەک هەر بـکەمەوە بەڵکـو سـەریشـم بڵنـد بـکەم: ئەوە نەبـێ جارجـار بەدزیـیەوە لە کەلێـنە تەنگەسـێرەکەی ژێـر پەڕۆکە ڕەشـەکەوە دەمتوانی نـووکی پۆسـتاڵەکانیان ببیـنم؛ بیـر لەو جیاوازییانە بکەمەوە و تێش نەگەم:

پۆسـتاڵ ڕەشــی نـووک زەرد، نـووک شــین، نـووک سـوور، سـەوز؛ ئنجـا پۆسـتاڵ ڕەشــی پـاژنە سـوور، پـاژنە قـاوەیی، شین.. ئایا ئەم جیاوازییانە واتای چییان دەگەیاند؟ جیـاوازیی پایە و بەرپرسیاری و کارەکانیان بوو؟

نەمدەزانی.

کونجکۆڵانە لێم ببووە مەرەق، دەمویسـت بزانم.



Scanned with CamScanner

گوتم ڕەنگە پۆستاڵ ڕەشە نووک زەردەکان دادوەر بن، یان دەسەڵاتداری یەکەم بن. نووک سەوز و شینەکانیش جێگریان! دووریش نیە پاژنە قاوەیی و سەوز و شینەکان کاریان تەنیا ئەوە بێت بمهێنن و بمبەن، یان ئیشیان ئەوە بێت کە خواردنم بۆ بهێنن. چونکە سەرنجم دابوو ئەوانەی دەهاتن دەببەی بەتالی ئاویان دەدامێ، پاژنە شین و قاوەیی و سەوزەکان بوون.

هیچ دووریش نەبوو پۆستاڵ ڕەشە پاژنە قاوەیی و پاژنە شین یان سوورەکان خزمەتکاری نووک زەردەکان و نووک سەوزەکان بن، یان بەرپرسی هێنان و بردنی حەپسکراوەکان بەرەو حەمام و ژوورەکانی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوە.

لێم ببووە مەراق، لە دڵی خۆمدا گوتم پێویستە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا باشتر لێیان ورد ببمەوە و بەراوردیان بکەم!

لەناکاو دەنگی پۆستاڵی یەکێک لە پاسەوانەکان کەوتە بەر گوێم:

تەق، تاق. تەق، تاق. تەق، تاق..



Scanned with CamScanner

هەنگاوەکـانی زۆر متمـانەبەخۆ، وەک ئەوەی بڕیـاری دابێـت کارێکی مەترسیدار و گرنگ ئەنجام بدات. ترسام.

بەپەلە، پەڕۆ ڕەشەکەم لە چاوم بەستەوە و پشتم لە دەرگای ژوورەکە کـــرد. خەریکبـــوو هەوڵبـــدەم دەســـتە کەلەپچەکراوەکانیشم بخەمەوە پشتەوە. نەمتوانی. دەمزانی پێراناگەم! .. چ بکەم؟!

لەوە ترســـام ئەو پاســـەوانەی لـــێم نزیـــک دەکەوتەوە؛ خـوترمەیەکی ئاسـنینی بەدەسـتەوە بێـت؛ ڕایانسـپاردبێت هەتا نیوەگیانم دەکات هەر دارکاریم بکات!

تەق، تاق.. تەق، تاق.. نێزیک دەکەوتەوە.

دەنگی پۆستاڵەکە –بە بەراورد لەچاو جارەکانی پێشوو- لەناو خامۆشـییەکی فراوانتـردا زۆرتـر دەنگـی دەدایەوە، دەتگـوت کارەبایان کوژاندبۆوە. تەماشای نیۆنەکەم کـرد، دیـتم ڕاسـت بوو: کارەبا کوژابۆوە.

دەنگـی پۆسـتاڵەکە، نێزیکتـر، هـات.. هـات.. هـات خـوترمە ئاسنینەکەی لە دەرگاکەم دا. ڕاچڵەکیم. گوتی:

- دەببەی میزەکانتم بدێ، کابرا!



Scanned with CamScanner

منیش، زەندەقم چووبوو، سێ دەببەی پڕ میزی خۆم، کە مێشوولە - لە نیوەشەوی دوێنێوە- تێی وەرهاتبوون، لە کەلێنەکەی خوارەوەڕا، بەئەسپایی، یەک بە یەک لەودیوم دانان. دەترسام لەو دەمەدا خوترمەیەکی ئاسنین لەدەستم بدات و دەستم بشکێنێت، لە هەمان کاتیشدا تەماشای پۆستاڵەکەیم کرد: نووکی پۆستاڵەکەی (سوور) بوو، پاژنەشی (قاوەیی).

ئنجا ئەو پاسەوانە، لەتوێی هەمان کەلێنەکەی خوار دەرگاوە، بێ ئەوەی بهێڵێت بیبینم؛ زۆر بە ئاستەم، وەک ئەوەی نهێنییەکم بۆ بدرکێنێت، چرپاندی:

- ئێمەش.. وەک تۆ.. ئەسیری ئەوانین.

یەکەم جار بوو "کەسێک لە خۆیان" حەزبکات نهێنییەکی خۆیانم پێ بڵێت. حەپەساو، پرسیم: " تۆ.. ئەسیری؟!".

- ش .. ش.. ش..! مەبەستم "دەستبەسەرین"، وەک تۆ.

ئنجا گوتی: " ئێمە لە ئەوان نین"، "زۆریشین لێرە".

بە تورکی قسەی دەکرد، بەڵام کە بیرم لە لەهجەکەی کردەوە، گوتم"نەخێر، دیارە کە عەرەبە!".



Scanned with CamScanner

یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو جاسووس بێت و بەئانقەست ناردبێتیان قسەم لێ دەربهێنێت:

- دەتوانیت بنوشتێیتەوە بتبینم؟

پێدەچوو زۆر بترسێت، لە جاری پێشوو زۆر بەچرپەتر، گوتی:

"نەکەی، نەکەی! ئێمە دەورمان لە هەموو شوێنێک بە کامێرای زۆر وردیلە دەورە دراوە".

ئنجا گوتی:

- دەنگت نزم کە! ئاگاداربە؛ ئامێریکیان داناوە، لە دووریی هەر (٥٠٠) بۆ (٥٠٠) مەترێکی دیکە، هەرچی قسەیەکی بیکەین، تەنانەت هەناسەشمان تۆمار دەکات.

پرسیم: "ئەدی تۆ چۆن ئێستا ئەم قسانە لەگەڵ من دەکەی؟".

دەنگی لە دەنگی من زۆر نزمتر:

"من سەرپەرشتیاری ئەم قاوشەی تۆم. هەموو کلیل و کۆدەکانی، لەلای منن. کارەبام لە دەبڵەوە کوژاندۆتەوە. متمانەم پێ بکە؛ باش!".. "ئەوەک



Scanned with CamScanner

جارێکی تر نەمبینیتەوە، تکات لێدەکەم متمانەم پێ بکە! ئێمە زۆرین لێرە، زۆربەمان کوردین بەڵام عەرەب و ئاشووریشـــمان لەگەڵە. هەمووومــــان وەک تــۆ، دەستبەسەری ئەوانین".

ئنجا کردییە عەرەبی:

- ئەوان ئێمە لێرە بەکاردەهێنن، خزمەتکاری ئەوانین وەلحاسڵ؛ چێشتیان بۆ لێدەنێین، قسعە دابەش دەکەینە سەر حەپسکراوەکان، هەندێکیشمان کراوینەتە کارەباچی و جلشۆر و ئوتووچی و دارتاش و بۆریچیی ناو زیندانەکە. هەشن خۆیان فرۆشتووە و بوونەتە جاسووسی ئەوان. جاران ئێمە هەر یەکەمان سەر بە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن بووین. ئی وامان تێدایە جاران چالاکترین ئەندامی حیزبی موعارەزە کەچی لێرە تەوالێتی پێ پاک دەکەنەوە.. حیزب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەشەلی هێناوە. لەوانەیە تۆش باش ئەمە بزانیت!

من بیرم لە لەهجە عەرەبییەکەی کردەوە، گوتم "دیارە ئێرانییە!". لێمپرسی: "تۆ شیعەی؟".

کەچی گوتی:



Scanned with CamScanner

- من وامزانی تۆ تورکی! نەخێر من (فەیلی)م. جاران "یەکیەتی" بووم پاشـان بـوومە "گـۆران".. ئێسـتاش بـاوەڕم بە هـیچ یەکێـک لەو حیـزبە میللەتفرۆشـانە نەمـاوە. قورئـان دەخـوێنمەوە؛ بـاوەڕم تەنیـا بە خـودا ماوە و بەس!.. گوێ بگرە!

من واقورماو، لە دڵی خۆمدا گوتم "کێیە ئەوە خوایە!":

- بەڵێ.

پۆسـتاڵەکانیم دیـت؛ بەپەلە سـووڕایەوە. زانـیم دەترسـێت. دیاربوو ئاوڕی بۆ دەوروبەری خۆی دەدایەوە، ئنجا بە عەرەبـی لێمی پرسـی:

- تـۆ، لە دەرەوەی زینـدان هـیچ کەسـێکی ئەورووپـی دەناسیت ناوی (بنیامێن) بێت؟

بیـرم لە پرسـیارەکەی کـردەوە. خـۆم شـۆڕکردبۆوە خـوارێ بۆئەوەی گوێم بە کەلێنەکەوە بنووسێنم و بتوانم باشتر گوێم لە چرپە چرپەکانی بێت. گوتی:

- یان ئەرمەنییەک، ناوی (زەکەریا)؟



Scanned with CamScanner

یەکسەر پێمگوت "نەخێر"، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم (دوور نییە ئەم ناوانە ناوی یەکێک لەو هاوڕێیانەم بن کە لەناو ئەشکەوتەکە لەگەڵم بوون!). گوتی:

- تۆ کاتێ لە دەرەوەی زیندان بووی، کەست دەناسی ناوی بنیامین یان زەکەریا؟

گوتم ڕەنگە خزمی بێت، یان برادەری! چەنێک بیرم کردەوە؛ کەسم بەم دوو ناوە بیر نەدەهاتەوە بیناسم.

- یان کوردێک ناوی (ئیبراهیم) بێ؟

"ئیبراهیم؟!".

دامنا یەکسەر پێی بڵێم: "نەخێر". چونکە دیسان بیرم بۆ ئەوە چوو جاسووس بێت و ناردبێتیان قسەم لێ دەربهێنێت! ئەو، درێژەی پێدا:

- گوێ بگرە، ئنشاڵڵا تۆ لەم زیندانە ڕزگارت دەبێ. من حوکمی تا هەتاییم لەسەرە؛ قسەیەکم هەیە پێتدەڵێم، تکایە ئەگەر هەر یەکێکیان دەناسیت، یان ئەگەر ئازاد بوویت و هەر یەکێک لەوانەت بینی؛ تکایە ئەم قسەیەی منیان پێ بگەیەنە!



Scanned with CamScanner

گوتم: "چیە قسەکە؟".

وردگۆیانە، شێنە شێنە؛ گوتی:

- (کاف. هاء. یاء. عەین. ص.).

ئنجا پرسی: "لەبیرت دەمێنێ؟".

گوتم: کوا بیڵێرەوە بزانم!

گوتی: "کهیعص".

پرسیم: "چیە ئەمە؟".

گوتی: پێیان بڵێ (لەم کۆدە بکۆڵنەوە! زۆر گرنگە! ئەم نیشانەیە یەکجار زۆر گرنگە! با لێی بکۆڵنەوە تکایە!).

منیش لەلایەک هەترشم چووبوو، لەلایەکیش لێم ببووە مەراق:

- بۆ گرنگە؟

گوتی:



Scanned with CamScanner

کلیلی دەرگای بەرقەراربوونی ئاشتییە لە سەرتاپای جیهاندا! ئەم کۆدە؛ ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە ئاشتی و برایەتی لە سەرتاپای جیهاندا فەراهەم دەکات بۆ مرۆڤ!

لە خۆمەوە هەستمکرد ئەم کابرایە فەیلەسووف بێت؛ یانیش من باش تێی نەگەم! پرسیم: "چۆن یەعنی؟".

گوتی:

هەر زانایەک ئەگەر بتوانێت تێی بگات و شرۆڤەی بکات؛ ئەوا دەتوانێت دەسەڵات بەسەر هەموو ئەورووپادا بگرێت!

خەریکبوو مێشکمی تێکدەدا ئەو دەنگە، بەتایبەتیش چونکە زۆر میهرەبانانە پەیڤەکانی لەدەم هەڵدەوەری.. خەریک بوو هێدی هێدی متمانەم پێی پەیدا دەکرد. گوێم بە دەرگا نوساندبوو، پرسیم:

- یەعنی ئەم قسانە بە (بنیامێن) بڵێم؟
- یان بە (زەکەریا). ئەگەر دەیناسیت!

ئنجا گوتی:



Scanned with CamScanner

- یانیش بە (ئیبراهیم) ناوێک، ئەگەر چووبتە دەرەوە و ناسیت! باشتریش وایە، گوێ بدێ.. گوێ بدێ... هەر کەسێکت دیت یان ناسیت ئەم ناوانەیان هەبوو؛ ئەم قسانەی منیان پێ بڵێ! تکایە، تکایە! خێرت دەگا! .. تۆ موسڵمانی؟

خەریک بوو پێی بڵێم: "تکات لێدەکەم خۆت بنوشتێنەوە؛ حەزدەکەم بتبینم!". بەڵام ئەو، هەر تکای لێمدەکرد:

- باوەڕ بکە خێرت دەگاتێ ئەگەر پێیان بڵێیت (هەر زانایەک بتوانێت لەم کۆدە تێ بگات؛ ئەوا دەتوانێت ئاشتییەکی تا هەتایی لەنێوان موسڵمان و جوولەکە و مەسیحی بەرقەرار بکات لە هەموو جیهاندا!).

ئنجا گوتی:

- من مەسیحییەکانیشم زۆر خۆشدەوێ باوەڕ بکە! تەنانەت بێ حەد یەهوودییەکانیش. تۆ مەسیحیت یان موسڵمانی؟

گوتم: "موسڵمانم".

ئنجا لە هەموو کاتێک بە چرپە و نهێنی تر:

"ئاگات لە خۆت بێ کۆپیت نەکەن!".



Scanned with CamScanner

یەکسەر قسەکانی ناسر شەیدای هاورێم بیرکەوتەوە "مرۆڤە کۆپیکراوەکە دەنێرن بۆ شوێنێکی دیکە، یان دەینێرن بۆ وڵاتێکی دیکە، ئامانجەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤە ئەسڵییەکە ڕەنگە هەر ئاگاشی لێ نەبێت، یان هەر باوەڕیشی بەو شتانە نەبێت کە کۆپیکراوەکە دەیانکات و دەیانڵێ!"

واقم ورمابوو، پرسیم: چیی!؟

دانی بەسەر پەیڤی (کۆپی) داگرت و دووپاتی کردەوە:

- ئاگاداری خۆت بە.. ( کۆ پی )ت نەکەن!

(ڕەندان) دەیگوت کە دکتۆر فەرەیدوونی مامۆستای، حەوت ساڵ پێش ئەمڕۆ، لە زانکۆی مێردین دەرسی پێیان داوەتەوە! تۆ بڵێی "ئەو مامۆستایە" کۆپیکراوی باوکم نەبووبێت؟! چونکە ماقووڵ نیە.. بڵێم چی!

لەهەمبەر ئەم پرسیارانە، ئەمدەزانی چۆن بگەمە ئاکامێک. لە هەمووی سەمەرەتر ئەوە بوو حەزمدەکرد باوەڕ بهێنم کە باوکم ڕۆحێکی جاویدان بێت، یان هەر بەڕاستی لە ژیاندا مابێ! هەرچۆنێک بێ بیرکردنەوەکانم پرژوبڵاو؛ دەمویست تێ بگەم.. تەنیا تێ بگەم. دەنگە فەیلییەکە گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئێرە یەکێکە لە گرنگترین سەنتەرەکانی کۆپیکردنی مرۆڤ!

ویستم لە پاسەوانەکە بپرسم: "باشە، ئێرە کوێیە؟ ناوی چیە؟". ئەو درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

- ئیتر ئاگاداربە؛ ئەم پاسەوان و دەسەڵاتدارانە دەیانەوێ بتکەن بە کۆپیکراوی خۆیان!

هات بە مێشکمدا ناوی باوکمی بدەمێ و لێی بپرسم ئاخۆ کەسێک بەم ناوە دەناسێت لەم زیندانە کۆپی کرابێت؟! بەڵام دوودڵ بووم. ئەو، یەکسەڵەف لێمی پرسی:

- تۆ (پشتیوان صادق) دەناسی؟

من ساڵانێکی زۆر بوو لەناو ئەشکەوت دەژیام، گوتم: "نەخێر"، "کێیە؟".

- سەرۆک حکوومەت دوو وەزارەتی (ئەوقاف) و (پەروەردە)ی لەژێر دەست داناوە. ئنجا لەناو ئەم زیندانەی ئێمە، گەنجێک، ناوی (فەرحان)، ماجستێری بایۆلۆجیای لە (لەندەن) تەواو کردووە. نۆ ساڵ پێش ئەمڕۆ، باوکی ئەو گەنجە، لەسەر نامووس، باوکی وەزیری ناوبراوی کوشتووە..



Scanned with CamScanner

پشتیوان سادقی جەنابی وەزیریش بۆئەوەی تۆڵەی باوکی خۆی بکاتەوە، هەستاوە ئەو گەنجە بێتاوانەی لەم زینـدانە حەپـس کـردووە؛ بە "حەب" و "دەرزی" کردوویـانەتە کەسـێک ئەسـڵەن خۆیشـی خـۆی ناناسـێتەوە. تەواو شـێت بـووە، بەردەوام لەنـاو زینـدانەکە لەبەر ژانـی گەدەی هاواردەکـات و دەڵـێ (مەعیـدەم بـۆقێکی گەورەی تێـدایە.. ئەی هـاوار بۆمی دەربێنن!).

ئەمەی گوت و لەناکاو، یەکسەر ڕایکرد!

دیاربوو دەنگی هەنگاوی پۆستاڵرەشـەکانی بیسـتبوو، بەنـاو ڕێرەوە چۆڵەکەدا ڕایکرد.

هێشتا هەشت هەنگاو ڕاینەکردبوو؛ دەنگی گـوللەیەک، دوو گوللە، ئنجا سێ گوللە؛ (گوێم دیتی): جەستەی ئەو فەیلییە گیانفیـدایەی هەلا هەلا کـرد، بەربـۆوە سـەر عەرزەکە.. خەڵتانی خوێن!

لەپرمەی گریانم دا و دەسـتە کەلەپچەکراوەکـانم بـۆ ئاسـمان بەرزکردنەوە؛ لە توێی فرمێسـکەکانمەوە لەناکـاو دیـتم گڵـۆپە نیـۆنەکە داگیرسـا! ..ئەو دەنگـانەش کە پێشـتر کوژابـوونەوە، لەناو خامۆشییەکەدا سەرلەنوێ کەوتنەوە دەنگ.



Scanned with CamScanner

حەزمەت خەریکبوو بمخنکێنێت لە داخ تیرفڕکرانی ئەم مرۆڤە فیداییە. ئایا دەیزانی ئەمە ئاخرین پەیام و چرکەکانی ژیانی دەبێت؟ بێگومان.. دەیزانی.. بەڵام.. ئەدی مادام بۆ ڕایکرد؟ هههه.. ڕاینەکرد.. بەڵێ.. من دڵنیام: ئەم قارەمانە، ڕووبەڕووی ئەوان، سەرگەڤازانە هێرشی دەبرد. "من گوێم ئەوی دەدیت".

زیاتر لە سێزدە پاسەوانی چەکدار، دەنگی پێیان، بەخۆیان و کڵاشنکۆفەکانیانەوە، لەناو ڕێڕەوەکەدا دەهاتن و دەچوون، شڵەژاو!

ئنجا، دەنگی چەند پۆستاڵێک پێکەوە، بەڵام زۆر بە ئەسپایی، بە پێدزکە، بەرەو لای ژوورەکەی من هاتن. زانیم کڵاشنکۆفەکانیان سوار. بەڵام کاتێ منیان بەشێوەیەک بینی کە لە دۆخی "ئەمان"دام، لوولەی کڵاشنکۆفەکانیان شۆڕکردەوە سەر زەوی.

پاشان هەستمکرد خەریکبوون ئەو ڕێڕەوەیان چۆڵ دەکرد و وردە وردە پەرتەیان لێکرد.

ئنجا پۆستاڵ ڕەشێکی نووک سەوز، لە بەردەم دەرگاکەم، خوتورمە ئاسنینەکەی ڕاوەشاندە دەرگاکە، ئەمە بۆ بۆنەوەی



Scanned with CamScanner

بـوو بترسـم، یـان ئاگـادارم بکـاتەوە شـتێکم پـێ بڵـێ. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- گوێ بدێ! .. ئێمە دەزانـین تـۆ ئاگـات لە هـیچ نـیە و هیچ خەتایەکیشت نیە! باش!

هەمان دەنگ گوتی:

- ئەم گەلحـۆیە، پێـدەچوو لە ژیانیـدا هەرگیـز زینـدانی نەدیبـــێ. لەنـــاو زینـــدان تووشـــی "نەخۆشـــیی دەروونی" هاتبوو! تەواو. وابـزانە هـیچ شـتێک ڕووی نەداوە.. هەستە وەرە دەرەوە! .. هەستە دەی!

ئنجا گوتی:

- قەینـاکە کەلەپچەکەشـــت کـردۆتەوە، بەڵـام چـاوت بەستراو بێت و پشتاوپشت وەرە دەرەوە! باش؟

ئنجا دەنگێکی دیکە گوتی:

- دەتبەین بۆ حەمام، بۆگەن!

ئەمە یەکەمین جار بوو مۆڵەتیان دابوومێ بچـم خـۆم بشـۆم، گوتم: "باش".

ئاهێکم هەڵکێشا و لە دڵـی خۆمـدا گـوتم"انا لـلە و انـا الـیە راجعون". ئنجا گوتم با ناوی خوای لێ بهێنم و جـارێ بیـر لە هیچ شتێک نەکەمەوە.



Scanned with CamScanner

پێش ئەوەی دەنگی کردنەوەی دەرگاکەم گوێ لێ بێت، یەکێکیان پرسی:

- چاوت باش بەستراوەتەوە؟

وابزانم سێ پاسەوان بوون، گوتم "بەڵێ گەورەم".

گوتی: ئێمە تۆمان بەردەوام دەبینی. ها! بەڵام جارێکی دیکە شوێنی دەستە کەلەپچەکراوەکانت نەگۆڕیت! ئێستاش، پشتاوپشت دێیتە دەرەوە! باش؟

گوتم: "باش".

پشتاوپشت لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە. دەستی ڕاستی پاسەوانەکە لەسەر شانی ڕاستم. بەرەو لای چەپ سووڕاندمی. خوتورمە ئاسنینەکەی، لە پشتم چەقاند و پاڵی نام:

- بەڕێ کەوە بەرەو حەمام.

دەستی چەپی، جار جار وەک ئاماژەیەک بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ڕۆیشتنم بەکاردەهێنا. من هیچم نەدەدیت، تەنیا دەڕۆیشتم.



Scanned with CamScanner

## (٨)

پۆستاڵ ڕەشەکان لەڕێگەی بەرەو حەمام، لە شوێنێک ڕایانگرتم. دوو دەست بوون، لەملا و لەولای سەر شانی ڕاست و چەپم:

- تۆ ئێستا بەرامبەر دەرگای حەمامیت. دەرگاکە پاڵ بدەی، دەکرێتەوە! کاتێ تەواو خۆت شوشت، هەر لە ژوورەوە، چاوت توند توند دەبەستیتەوە و دێیت لێرە وەک خۆت ڕادەوەستیت! باش؟

گوتم: "باش!".

- لە هەمان شوێن، لێرە، ڕادەوستیتەوە! ڕووەو ئەم دەرگایە، پشت لە من، بە هەمان شێوەی ئێستا، ئێمە خۆمان پاشان کەڵەپچەکەت دەبەستین، بەڵام چاوت توند توند بەستراو بێت و هیچ نەبینیت کاتێ دێیتە دەرەوە. بە هەمان شێوەی ئێستا ڕادەوەستیتەوە و دەتبەینەوە ژوورەکەت. باش؟

گوتم: "باش".

پاسەوانێک کەلەپچەکەی دەستمی کردەوە:

- خاولی و هەموو شتێک لە ژوورەوە هەس.



Scanned with CamScanner

پاسەوانێکی تر لە پشتەوە، پاڵێکی پێوە نام بەرەو ژوورەوە:

- دە فەرموو..

سەرم بەر دەرگاکە کەوت.

کە کەوتمە ژوورەوە، یەکسەر دەرگایان لەسەرم داخست. لە ژوورەوە ئاهێک بە گیانمدا هاتەوە، یەکسەر پەڕۆکەکەم لە چاوم کردەوە: ئۆخەی کە تەنیام!

لەناو حەمام هەستم بە نیمچە ئازادییەک دەکرد. چونکە لەوێ، چاوم کاتێ لەناکاو دنیای دیت، یەکسەلەف دڵم گەشایەوە؛ دەتگوت دەیان ساڵە ڕەنگم نەدیوە! خۆش بوو. لە خۆم پرسی:

> من بۆچی ئەم ماوەیە لەناو زیندان گوێم زیاتر بەکاردەهێنم لەچاو چاوم؟ بۆچی لەناو زیندان ڕادەی بیستنم هەستیارتر بووە؟

گوتم ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئەم نەدیتن و چاوبەستراوەییەم لەناو زیندان، ڕادەی بیستنمی بەهێزکردبێ، وای لێکردووم لەڕێگەی دەنگەوە هەست بکەم و بیربکەمەوە. لەم بارەیەوە قسەیەکی باوکم بیر هاتەوە جارێکیان گوتی:



Scanned with CamScanner

"کوێر چونکە پشت بە گوێچکە و بیستن دەبەستن زۆربەیان زیرەکن، بەڵام کەڕ چونکە چاویان هەیە زۆربەیان گێلن".

بەڵام لەگەڵ ئەمەش بەشەر بە دیتنی ڕەنگ دەبووژێتەوە، مێشکی دەکرێتەوە، شت فێر دەبێ. ئنجا سەگم بیر هاتەوە کە زیرەکییەکەی لەچاو مرۆڤ چەند جیاوازە!

لەناو حەمامەکە، لە سۆنگەی ئەوەی دنیام لەمێژ بوو بە چاو نەدیبوو، یەکسەر ڕەنگەکان، ڕەنگی شتەکان سەرنجیان ڕاکێشام:

تەشتەکە سەوز بوو. مەسینەکە شین بوو. جامەکە قاوەیی. خاولیی پشت دەرگاکەش زەرد. کاتێ ئاورم دایەوە؛ لیفکەکەش هەر زەرد بوو، بەڵام مەیلەونارنجی. دوو بەلووعە سارد و گەرمەکەش، بەشی خوارەوە سپی، بەشی سەرەوە سوور. زەویبە کاشییەکەش: هەناری. دیواریش، نیوەی خوارەوەی هەمان شێوازی زەمینەکە بوو، بەڵام بەشی سەرەوە: کاشیی لاکێشەیی سپی سپی.

تەماشام کرد؛ بەرگی (سابوونەکە) وێنەی ژنێکی جوانی لەسەر؛ سەرنجی ڕاکێشام! ویش..! ..(ڕەندان)م بیر هاتەوە! ڕەندانی ڕندی کەفەڵ پان:



Scanned with CamScanner

ئەو پاشنیوەڕۆیەی تازە گەیشتبووینە (چۆلەمێرگ)، کاتێ "لە هۆدەکەی خۆم" چاوەڕێم دەکرد (سەیدۆ) بڕوات! ئنجا پاش ئەوەی سەیدۆ ڕۆیشت، ڕەندان چۆن هات لە خەوی هەستاندم، یەکسەر بەپەلە دەستی گرتم و ڕاپێچی ناو حەمامەکەی کردم.. چۆنیش سەرم سوڕما کاتێ دیتم ناو حەمامەکەی پڕ کردبوو لە بۆنی هەڵم و بخوور، بانیۆکەشی پڕ لە کەف! چوار مۆمی چکۆڵەی پەمبە پەمبە پەمبەشی لە هەر چوار گۆشەی بانیۆکە چەند جوان داگیرساندبوو! ئنجا کە منی بردە ناو حەمامەکە، چۆن دەرگای حەمامەکەی یەکسەر داخست و پێکێک تەکیلەی - قەراغ لێوانەکەی، بە لیمۆی ترش، ترش- پێ نۆش کردم! چۆنیش لەناکاو دیتم ڕەندان خۆی ڕووت کردەوە! ئەوەڵجار گۆی نارنجیی مەمکەکانی مەستیان کردم، ئنجا زەندی بازنداری بەرز کردەوە تا زرنگەیان بێت بۆنەوەی ژێر باڵەکانیشی ببینم.

بەرامبەرم، لەناو هەڵمەکە، ڕووت، دەیویست هەمووی خۆی پێشکەشم بکا. لەسەر پەنجەکانی، خۆی سووڕاند: "تەماشام بکە!"

من ئاگام لە هیچ نەمابوو لەو جوانییە حەرامزادەیە زیاتر کە ئەو بە خواستی خۆی پێمی حەڵاڵ کردبوو. گوتم: "بۆ؟".

گوتی:

- بۆئەوەی هەرگیز ڕەندان لەبیر نەکەی!

ڕووت ڕووت لەسەر پەنجەکانی دیسان خولایەوە:

- تەماشام بکە!

دەیزانی من حەزم لێ بوو تەماشای بکەم ڕووت ڕووت خۆی با بدا، پێ بکەنێت؛ عەیارانە باڵا و مەمکەکانی، بەتایبەتیش کەفەڵی خۆی پێم پیشان بدا!

خوولانەوەی ڕەندان بەدەوری خۆیدا لەسەر پەنجەکانی، نزیکەی دەقیقەیەک، جوانترین سەمای ژن بوو لە ژیانمدا دیبێتم!

ئنجا، ڕەندان، بە هەر دوو دەست، ئەملا و ئەولای کەللەمی گرت، تینووی شتێک یان "کەسێک" بوو کە من هەستمدەکرد (من) لەچاو ئەو شتە، یان لەچاو ئەو کەسە، کەمترم بۆی.

لێوەکانی بە هەڵلەرزینەوە بۆم درێژ کرد. من وامزانی ماچم دەکا، کەچی بە هەموو هێزی، عەینەن مار، گازێکی لە لێوی خوارەوەم گرت کە هەتا ئێستاش لەبیر ناکەم چەند ژانی کردا!



Scanned with CamScanner

بەو ددانە وردانەی، وامزانـــی لەتێکـــی بچـــووکی لێـــوی خوارەوەمی لێکردەوە: "ئاخ!".

- بۆنەوەی تۆ ، تا هەتایە لەبیرم نەکەی!

گڵۆپێکی زەرد داگیرسابوو. وایەرێکی زیادی لێوە شۆڕ ببۆوە و پلاستەرێکی کارەبایی لێ پێچرابوو.

پاشان دیتم لە پەنجەرەیەکی سەرەوەشڕا، بە هەمان شێوە، وایەرێکی تری کارەبا شۆڕ ببۆوە و چزووەکەی، پلاستـەرێکی سـووری پێـوە بەسـتراو، جاڵجـاڵۆکەیەکی بچکـۆلە لەژێریـدا خۆی مت دابوو.

ڕووت و قووت لەناو حەمامەکەم، عەینەن ئادەم پاش یەکەمین گونـاحی خـۆی، لەناکـاو دڵـم زۆر تونـد داهـات. دەتگـوت خەونێکی ناخۆشـم بیرکەوتۆتەوە. چاوم بە دەوروبەری خۆمـدا گێڕا. لەناکـاو بیـرم بـۆ ئەوە چـوو کە ڕەنـدان-خـۆی دەسـتی هەبووبێت لە بەگرتن دانی مندا!

باشە بۆچی؟ ئۆف! بۆچی ئەم گومانە لەناو زەینم داگیرسـا؟ بۆچی ئەو بیرە بە مێشکمدا هات؟



Scanned with CamScanner

بەڵێ، بەبێ هۆ نەبوو وا لەناکاو قەرەوڵ و پۆلیسی تورک بەو شەوە هەڵیانکوتایە سەرمان! نابێ لەخۆوە بێت! ئەمە بێ هۆ نەبوو.. قەت.

بیرم دەکردەوە: کاتێ لەناو هۆڵی میوانەکە بووین، ڕەندان بۆچی بە منی گوت (تاکو خۆم بانگت نەکەم نەیەیتە دەرەوە)؟ ئایا لەگەڵ (سەیدۆ) لەناو هۆڵی میوانەکە چییان گوت؟ چییان کرد؟

باشە، ئەگەر وابێت، بۆچی هەر ئەوکات پۆلیسی نەهێنایە سەرم و نەیانبردم؟ بڵێم چی؟ ڕەنگە لەوکاتەدا هەر لەوێ پێکەوە پلانەکەیان داڕشتبێت. خۆ دووریش نیە (سەیدۆ)ی پسمامی چووبێت موخبیریی لێم دابێت! لەوانەشە (ئیبۆ)ی شوفێر. هیچ دووریش نیە هەردووکیان پێکەوە! یانیش (شەهلا)!؟ بڵێم چی؟ .. یان ئەو کاتەی لەگەڵ (ئیبۆ) لەپێش ماڵەکەی خۆی هەندێک قسەیان کرد؛ ئەوە چییان گوت؟ .. بڵێم چی؟ باوەڕ ناکەم.

باشە ئەگەر وابێت بۆچی پۆلیسی تورک یەکسەر نەهاتن هەڵبکوتنە سەرمان و بمبەن؟ بۆچی زۆر درەنگتر.. بە شەو.. ئاشکرایە.. بۆئەوەی بەبەر چاوی خەڵکەوە.. یان بۆئەوەی خەڵک بترسن؟! هەر چۆنێک بێ.. دەبێ ئیللا پلانێکی ورد و داڕێژراو بووبێ.. یانیش هەر لە یەکەمین ساتەکانی

گەیشتنم بۆ ماڵی ڕەندان پۆلیسی تورک ڕەنگە بەدووامانەوە ئێمەش ئاگامان لە هیچ.. بێگومان.. بێگومان.. تۆ بڵێی.. بەڵام.. باشە ئەدی بۆچی لە دادگاییکردنی یەکەممدا بەهیچ شێوەیەک باسی توحفە و ئاسەوارە زێڕینەکانیان لەگەڵم نەکرد.. تەنانەت هەر ناوی (ڕەندان)یشیان بەهیچ شێوەیەک نەهێنا؟ .. ئۆف.. خوا بکا وا نەبێ.. خوا بکا دەستی ڕەندان لە مەسەلەکەدا نەبێت یاڕەب! گرفتی من هەمیشە ئەوە بووە لە ژیانمدا تەنانەت تاوانەکان بە چاوی خۆشم دەبینم، کەچی هەر باوەڕ ناکەم وا بێ! بەڵام.. ئاخر.. کێ دەڵێ.. هیوادارم تەنیا گومانێک بێ.. ئەفسووس.. موستەحیلە!

دووبارە تەماشای وایەری کارەباکەم کردەوە: چزووەکەی، بە پلاستەرێکی سوور بەسترابۆوە، جاڵجاڵۆکەیەک لەژێریدا خۆی مات دابوو.

بێ ئومێد، پەشیمان، تەماشای چزووی سووری وایەری کارەباکەم دەکرد و بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە.



Scanned with CamScanner

(٩)

دەترسام!

دەترسام تۆمەتبارم بکەن بەوەی کە من قاچاخچێتیی شوێنەوارە دێرینەکان دەکەم!

دەمگوت ئەگەر ئەم باسەم لەگەڵ بکەنەوە و من دانی پێدا نەنێم، ئەوا حەتمەن دەمبەن بۆ ئەشکەنجەدان: لەژێر ئەشکەنجەدا بەزۆر پێم دەسەلمێنن من بازرگانیی ئەو توحفە گرانبەهایانە دەکەم، ئەوەشم لەسەر دەسەلمێنن کە لە ئێرانەوە بەپێ سنوورم بەزاندووە! ئنجا.. خۆ.. ڤیزەش بەسەر هیچ یەکێک لە پەساپۆرتەکانمەوە نیە.. چ بکەم؟ .. چ بڵێم؟ خوایەکا، باش بوو پەساپۆرتەکەم لەپشت تابلۆکەی (شامێران) شاردەوە. ڕەندان بۆ خۆیشی ڕەنگە نەزانێت لەوێ دانـدراوە! ئەدی ئەگەر ڕەنـدان ئەو پەساپۆرتە ساختەیەمی دۆزیبێتەوە لەوێ؟.. تۆ بڵێی! ئەگەر وابێ ئێستا ئەویشی ڕادەستیان کردووە! دوور نیە. باشە ئەوکاتە، من دەتوانم چ بیانوویەک بهێنمەوە؟ چۆن خۆم دەرباز بکەم؟ بەڵام کێ دەڵێ وایە! هەر چۆنێک بێ؛ من دەبێ زۆر ئاگاداری وتەکانی خۆم بم! ..ئەدی پەیوەندیم بە مووسا تەوحیدی و کارەساتەکەی (خێڵی حەمە) و وێنەکانی باسیان کرد"؟ ئەوانەیان چ جواب بدەمەوە؟



Scanned with CamScanner

ڕاستییەکەی، من خۆم بۆ وەڵامدانەوەی زۆربەی پرسەکان ئامادە کردبوو، لەکاتێکدا کە تێر تێر هەوای پاکی ناو هۆڵی دادگاکەم هەڵمژیبوو، هەستم بە هەناسەخۆشیی خۆم دەکرد.

بە هەمان شێوەی جاری یەکەم، دەستم لەپشتەوە کەلەپچە، چاوبەستراو؛ لە بەردەم دادوەرەکان ئامادە، تا وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە.

- گوێ بگرە! پێش هەموو شتێک، ئاگاداری ئەوەت دەکەینەوە کە تۆ، سەبارەت بەوەی دۆسیەی تۆمەت و تاوانەکانت زۆرن و لەیەکترئاڵاون، بۆیە دۆسیەی هەر کۆمەڵە تۆمەت و تاوانێکت ڕاسپێردراونەتە دادوەرێکی پسپۆری جیا، کە چوار دادوەرن، لێرە بەرامبەرتن، بەڵام ئەمڕۆ هەر یەکەیان تەنیا چەند پرسیارێکی سەرەتاییت لێدەکەن، پاشان یەک بە یەک دێینەوە سەریان. تێگەیشتی؟

من کە یەکسەر دەرکم بەوە کرد ئەم دەنگە ئی دادوەرێکی تازەیە، گوتم ڕەنگە (داواکاری گشتی) بێت، گوتم:

- بەڵێ گەورەم!
- تۆ، فەرەیدوون فەرەیدوون پیرداوود سلێمان.. لە بەرواری ئەوەندەی کە لەبەر دەستمە، لەڕێگەی

سنووری ئێرانەوە، بەپێ، پاشان بە ئوتومبێل هاتوویتەتە ناو تورکیا، کەچی ڤیزەی تورکیا، نە بەسەر پەساپۆرتە عێراقییەکەت، نە بەسەر پەساپۆرتە دووەمەکەتەوە نییە (ئەو پەساپۆرتە ساختەیەی کە تۆ دەڵێی گووایە پیاوێکی ڕیشن لەناو ڕێستورانتی ئەبوو سەنا لە سلێمانی بەدزییەوە خستوویەتیە ناو باخەڵت) بەڵام بە هەر دوو باردا، ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە تۆ بەبێ ڤیزەی تورکی هاتوویتەتە ناو تورکیا. پاش ئەمەش، بە سواری پیکابێکی تووبووتا، کە شوفێرەکە ناوی (نیبق) بووە، لەگەڵ خانمێک بە ناوی (ڕەندان) کە فریوت داوە و پێشتگوتووە گووایە کە تۆ ڤیزەی تورکیت هەیە، خۆت گەیاندۆتە شاری (چۆڵەمێرگ). چەندین درۆ و دەلەسەی دیکەشت بۆ ئەو خانمە بەڕێزە کردووە بۆئەوەی ئەو خانمە دڵپاکە هەڵبخەڵەتێنیت، تەنیا بۆئەوەی یارمەتیت بدات بۆ ئەنجامدانی پلان و تاوانەکانت، تەنانەت داواشت لێی کردووە هەندێک پارەشت بداتێ.. بە فرتوفێڵی خۆت تەماحی ئەوەشت داوەتێ کە ئەگەر ئەو توحفە قاچاخانەت بۆ بفرۆشێت؛ ئەوا تۆ نیوەی نرخەکەی پێ دەبەخشیت! چیتە ئەوە.. جوان ڕاوەستە! .. دەگریت؟! چیتە ئەوە هەی هیچ و پووچ؟ هێشتا دەگریێی .. هەی ناپیاو.. سەرت هەڵبڕە و بە ئەزاکەتەوە لەبەردەم دادگا ڕاوەستە هەی شەرەف



Scanned with CamScanner

سـز.. هەی مێبـازی بـێ کەرامەت.. بێـدەنگ بە و جـوان ڕاوەسـتە.. خـۆت ڕاسـت کەوە؛ گـوێ لە تاوانەکانی خۆت بگرە.. بەڵـێ.. بێـدەنگ بە.. پاشـان کە قسەمان تەواو کرد ئەوسا دەتوانی قسـە بکەیـت و بەرگری لە خۆت بـکەی.. تـۆ ویسـتووتە ئەو خـانمە بێگونـاحەش بگلێنیـتە نـاو ئەم پیشـە چەپەڵەی خۆتەوە. جگە لەمەش، بە هەمان زمانلووسیی خۆت توانیـوتە دزە بکەیـتە نـاو ماڵەکەشـی لە (ئیـنقلاب جادەسـی) لە چۆڵەمێرگ؛ هەوڵـت داوە بەزۆر، لەنـاو حەرەمی ماڵەکەی خۆیدا دەسـت بـۆ نامووسیشـی درێژ بکەیت، ئەگەر سـەیدۆی پسـمامی، فریـای ئەو خانمە بەستەزمانە نەکەوتایە!

بەپێی شایەدیی ئەو خانمە بەڕێزە (کە تۆ خـۆت لای ئەو باسـتکردووە!) تـۆ، ئەو ئاسـەوارە زێرینـانەت، کە نرخی هەردووکیان پێکەوە - بەپێی نرخی زێڕ ئەمڕۆ لە بورسـەی جیهانیـدا- دەگـاتە نـزیکەی یەک ملیـۆن دۆلار، لە ئێـرانەوە لەگەڵ خـۆت هـاوردووتن. ئەمەش بـۆئەوەی بچیـت لە شـاری (وان) بیانفرۆشـیتە موشتەرییەکی خۆت، کە تـۆ گەلێـک جـاری دیـکەش لەو جۆرە ئاسەوارە ئارکیۆلۆژییانەت پێی فرۆشتووە و نـاوی (دکتـۆر قەدری یڵـدرم)، پرۆفیسـۆر لە زانکـۆی دیـاربەکر و گـووایە هـاورێی دێرینـی باوکـت بـووە!.. وس س س.. بێدەنگ.. دیسـان دەسـتت پێکـردەوە هەی بـێ ئەسـڵ و فەسـڵ.. هەی نـامووس سـز..

خۆت ڕاست کەوە هەی ژنانی.. بەس ئاوها سووک و سەفیل لەبەردەم تاوانەکانی خۆتدا بگری.. گوتم نەخێر.. بێدەنگ! بەڵێ بێدەنگ بە.. بێدەنگ بە، با قسەکانم تەواو بکەم.. کە قسەکانم تەواو کرد و پرسیارم لێت کرد ئنجا بۆت هەیە وەڵام بدەیتەوە؛ باش؟ .. بێدەنگ بە.. ئەمە دووەمین دانیشتنی ئێمەیە لەگەڵ تۆ. ڕوون و ئاشکرا پێت ڕادەگەیەنین: لەم دەقیقەیەوە، نە چیتر تۆ هێندە درۆ لەگەڵ خۆت بکە، نە ئێمەش هێندە ماندوو بکە! ڕاست وەڵامی پرسیارەکانمان بدەوە و تەواو، بۆئەوەی ئێمەش بتوانین یارمەتیت بدەین و سزا قورسەکانی سەرت سووکتر بکەین! ئینشاڵڵا خوداش یارمەتیت دەدا! ئێستا ئێمە بۆئەوەی هەندێ زانیاریی دیکەمان بدەیتێ و بتوانین دۆسیە کۆنەکانت جارێ یەکلا بکەینەوە، دێینە سەر ئەو تاوانانەی پێش ئەوەی پێ بنێیتە ناو خاکی تورکیا دراونەت پاڵت. وەکو گوتم؛ دۆسیەکانت لەلای چوار دادوەرن، دوویان بە زمانی عەرەبی قسەت لەگەڵ دەکەن، یەکێکیان بە تورکی، دادوەری چوارەمیش بە زمانی فارسی. تۆ، کە هەر سێ زمانەکە مادام دەزانیت، دەتوانیت ڕاستەوخۆ بە زمانی ئەوان وەڵام بدەیتەوە. باش؟

گوتم: "باش، گەورەم!"



Scanned with CamScanner

- فەرموون جەنابی دادوەر..!

"دادوەری یەکەم" دەنگێکی تازە بوو. پێش ئەوەی بە تورکی دەست پێ بکا، بە عەرەبی ورتە ورتێکی لەگەڵ ئەوەی تەنیشت خۆی کرد - بە عەرەبییەک کە دیاربوو ئی تورکانە، ئنجا ڕووەو من:

- لەبارەی ئەو ژنە ئێرانییەی ناوی (فەڕەحناز خانم)..
- بەڵێ.
- ڕاست وەڵام بدەوە؛ باپیرت، ئەفراسیاو بەگی جاف، لەسەرچی ئەو ژنە خزمەتکارەتانی دەرکرد؟

لە دڵی خۆمدا گوتم "باش، با هێندە خۆم دڵمژوول نەکەم و بچم یەک یەک پرسیارەکان وەڵام بدەمەوە"؛ بەڵام چەندی دەمکرد و دەمکرد نەمدەتوانی ئەو برینە ژانداره‌م لەبیربکەم کە تنۆک تنۆک خوێنی لێ دەچۆڕا!

وەڵامی چی بدەمەوە، چ بڵێم تازە؟ حەزمدەکرد دەمودەست ڕاپێچی شوێنێکم بکەن و گوللەبارانم بکەن و چیتر بوون و ژیانم نەمێنێ ئیتر.

- زوو وەڵام بدەوە، پرسیارەکە لەناو مێشکی خۆتدا مەهێنە و مەبە!



Scanned with CamScanner

گوتم: گەورەم، باپیرم دەری نەکردبوو؛ باوکم بوو دەریکرد.

- چۆن؟
- باوکم بوو داوای لە باپیرم کرد پروا!
- بۆ؟
- چـونکە دزیمـانی لـێ کردبـوو. (حەڵـقەی زەواج)ی بـاوکمی دزیبــوو. بـاپیرم دەیگــوت لەنــاو پـارچە مەخمەلێکـی سـوور لەنـاو سـەماوەرێکی دایکمـی شاردبۆوە. ئیتر ئەو حەڵقەی زەواجەش لەلای باوکم زۆر خۆشەویست بـوو، بـۆیە داوای لە بـاپیرم کردبـوو دەری بکات.

لێمـی پرسـی: باشـە، هـیچ ڕۆژێـک بەسـەریاندا نەچـووی ببینیت باوکت سواری ئەو ژنە خزمەتکارەتان بووبێ؟

دەنگە تورکەکە درێژەی پێدا:

"لە مەتبەخ بۆ نموونە؟ یان باپیرت لە حەمـام، یـان لە ژووری نوستنی داپیرت؟".

وەک تیرێـک بـیەوێ لە کەوان دەرچـێ بـۆ هەژدە چـرکە بـێ جووڵە مام.



Scanned with CamScanner

- ئایا بە ڕای تـۆ، هـۆیەکە ئەوە نەبـووە کە (فەرەحنـاز خـانم) داوای لە باوکـت کردبێـت سـواری بێـت و باوکیشت ڕازی نەبووبێ؟ یان باپیرت؟

ئەم جۆرە قسـەلۆکانە خەریـک بـوو گێژیـان دەکـردم. لە دڵـی خۆمـدا گـوتم: باشـە بـۆچی ئەم کـا کۆنـانە بە بـا دەکەن؟ مەبەسـتیان وایە چ شـتێک لەسـەر بـاوکم بسـەلمێنن؟ یـان چیم لێ دەربهێنن؟ دانم بە خۆمدا گرت:

- نەخێـر گەورەم، بـاوکم پیـاوێکی خوانـاس و ئیمانـدار بوو.

"دەنگی دووەم"، (ناسیمەوە) گوتی:

- گەورەم، ئەم هەتیـــوچەیە، وەک بـــاوکە هـــیچ و پـووچەکەی، ڕقـی لە تـورک و لە تورکیـایە. دەیەوێ ئیللا ئەوە بسـەلمێنێت کە ژنەتیـوە جاسووسـەکەی کۆماری ئیسلامی نەبووە باوکی خستۆتە بیرەکەوە، بەڵکو میتی تورکیا بووە تیرۆری کردووە!

ئنجا ڕووی کردە من:

- هەی نەژادپەرسـتی خـوێری! ئەوە کـێ ئاوهـاتی تێگەیاندووە ها؟! تفوو! .. هههههە.. لە فیـیس بـوک و



Scanned with CamScanner

میدیاکاندا وا بڵاودەکەیتەوە کە باوکە گەووادەکەت، لە شاری (وان)، بە دەستی میتی تورکی تیرۆر کراوە ها؟ قەبرەکەیشی لە گوندی (باغستان)ە؟! وا نیە؟! هەی بەچکە حیز!
باشە تۆ بۆچی ناتەوێ دانی پێدا بنێیت کە باوکت ئەو فەرەحنازە خزمەتکارەتانی دەگا و هەر ئەویش بووە باوکتی خستۆتە بیرەکەوە؟ ها؟! هەی گاندەری کوڕی قەحپە!

خەریکبوو پەڕۆ ڕەشەکە لە چاوم داماڵم و تفێک لەناو چاوی بکەم، بەڵام دەنگی چوارەم ویستی دەمکوتی بکا:

- ش.. ش.. ش.. وازی لێ بێنە!

ئنجا دادوەری دووەم هات، بە زمانی عەرەبی، لەچاو ئاوازی هەموو دەنگەکانی تر جیاواز:

- باشە پێمان بڵێ ئەو کاتانەی تۆ لە سلێمانی بووی، باوکت لەکوێ دەژیا؟

گوتم: لە هەولێر.

- ئەدی لەبەرچی هەموو پێنجشەممەیەک دەهات بۆ سلێمانی؛ ئەگەر بۆ خاتری فەرەحناز خانم نەبووبێ؟



Scanned with CamScanner

گوتم: ئاخر، گەورەم، لە زانکۆی سلێمانیش هەموو پێنجشەممەیەک دەرسی هەبوو.

دادوەری دووەم:

- لەوێ بۆ کوێ دەچوو؟ کێی دەبینی ؟!

گوتم: باوکم هەموو کۆتایی هەفتەیەک کاتێ دەهاتە سلێمانی، دەیبردم بۆ سینەما، یان بۆ کۆنسێرت و شاری یاری و مۆڵەکان! گەلێک جاریش دەیبردم بۆ ئەزمڕ و سەرچنار؛ من حەزم لە ماسی بوو، دەچووین لەوێ ماسیمان دەخوارد. ئەو منی تا ڕادەی پەرستن خۆشدەویست.. گەورەم!

دەنگێک بە سرتە: "هەی بەچکە بەراز!"

- تۆ باوەڕت وایە لە ڕۆژی سیمینارەکەی باوکت، فەرەحناز خانم لە شەنگال بووبێ؟
- نازانم. تەنیا لە رۆژنامەکان باسی ئەو شتانەیان دەکرد، شتێکی ئەوتۆم بیرم نەماوە باوەڕی پێ بکەم.

لەو ماوەیەدا، بەهۆی چرپە چرپەکانیان تێگەیشتم زۆربەی دەنگ و دادوەرەکانی دانیشتنی یەکەمیش هەر لەوێ ئامادە



Scanned with CamScanner

بوون، چونکە گەلێک جار هەستمدەکرد ڕاوێژیشیان پێدەکردن؛ بەڵام ئەوان هیچ قسەیەکیان نەدەکرد تەنیا جارجار نەبێ: قسەیەک، یان تانووتێک، ئەویش بە سرتە!

ئنجا دەنگێکی نوێ، کە دیاربوو دادوەری سێیەم بوو، عەینەن دەنگی ئاخوندێک کە لە هەموو ژیانیدا بە عەرەبیەکی قورئانی قسەی کردبێ، بە فارسی لێمی پرسی:

- باشە پرسیارێک! گەڕان بەدووای دۆزینەوەی گۆڕی باوکت چ پەیوەندییەکی بەوە هەیە تۆ بچی لە مەڵبەندی (لالش) قەبری شێخێکی ئێزیدی هەڵبدەیتەوە کە دوو سەد ساڵ پێشتر مردووە؟ لەگەڵ دوو دزی تریش مەزارەکەی هەڵبکەنن؛ ئنجا بێن گەنجینە پڕ لە زێڕ و زیوەکەی ناو گلکۆکەی بەتاڵان ببەن؟
یانیش بەکورتی: ئایا ئەم توحفە ئارکیۆلۆژییانەی پێت گیراون؛ ئی ناو گۆڕی ئەو شێخە ئێزیدییەن؟ یان لە ئێرانەوە هێنابووتن؟

لە دڵی خۆمدا گوتم هەبێ و نەبێ ئەمە ڕەندان ئەم قسانەی ئاوها بەشێوەیەکی جیاواز گۆڕیوە و بۆی تێکوشیوم، یانیش (سەیدۆ). گوتم:



Scanned with CamScanner

- گەورەم، ئەوکاتە باوکم منی بردبووە گوندێکی نێوان لالش و شەنگال تا لەوێ فێری ئەسپسواریم بکات. ئنجا باپیرم چونکە هەواڵی ئەوەی بیستبۆوە کە فەرەحناز خانم باوکمی فڕێ دابووە بیرەکەوە، بۆیە چووبوو دوو کەسی بیرچی و شارەزای ڕاسپاردبوو بچن بیرەکە بدۆزنەوە و تەرمی باوکمی تێدا دەربهێنن.
- بیرەکە لەکوێ بوو؟
- گەورەم، من ئەوکاتە منداڵ بووم، دەبێ باپیرم ناوەکەی لەبیر مابێ. دەیگوت بیرێکی زۆر قووڵ بوو! ئنجا ئەو دوو بیرکۆڵە، پاش ئەوەی دڵنیا ببوون بیرەکە هیچ تەرمێکی تێدا نیە؛ چووبوون قەبرستانی گوندەکەش گەڕابوون؛ دیبوویان کە قەبرێک ناوی (فەرەیدوون)ی بەسەرەوەیە، بۆیە چووبوون ئەو قەبرەیان هەڵدابۆوە.
- یانی بە ڕای تۆ بەڕێککەوت بووە مەزاری ئەو شێخە ئێزیدییە، ئەو توحفە بەهادارانەی تێدا بووبێ، هەی گەماڵ باوک؟ .. تۆ ئینکار دەکەی کە لەگەڵ ئەو دز و جەردانە بوویت لەکاتی هەڵدانەوەی قەبری شێخە ئێزیدییەکە؟

گوتم: من ئەوکاتە تەمەنم تەنیا ١٥ ساڵێک بووە، گەورەم؛ من کاری وام نەکردووە.



Scanned with CamScanner

دەنگی دووەم" دیسان کەوتەوە جنێو:

- هەی لە منـــــــداڵیتەوە بە دزی و حیـــــــزی و قاچاخفرۆشتن پەروەردە!

ویستم بڵێم "گەورەم، مـن ئەسـڵەن ئاگـاداری هەڵـدانەوەی ئەو گـۆڕە نـیم"، بەڵـام گـوتم نەخێـر باشـترە بڵـێم: "لەوانەیە لەژێر ئەشـکەنجەدا ناچـار بـووبن، گەورەم"؛ دادوەری سـێیەم بە فارسی، گوتی:

- بەڵام ئەو دزانە، یەکێکیـان عەرەب خەڵکـی (بەرتلـلە) ئەوەی تر خەڵکی (شێرگات)، دانیـان بەمەدا نـاوە کە بـاپیرت تۆشــی لەگەڵ بـووە و ئێـوە هەر پـێکەوەش گەنجینەکەتان فرۆشتۆتەوە.
- - بەهیچ شێوەیەک گەورەم؛ ئامـادەم سوێندیشـتان بۆ بخۆم.

دادوەری چوارەم بە لەهجەیەکـی عەرەبیـی دیمەشـقی، زۆر بە شێنەیی لێمی پرسـی:

- باشـە، ئەو شـەوەی پۆلیســی تـورک لە چـۆڵەمێرگ تۆیان لەناو کافتیریـای (شـامێران) دەزگیـر کـرد، دوو سـەعات و نیوێـک پـێش ئەمە، تـۆ لەگەڵ (شـەهلا



Scanned with CamScanner

خانم) کافتیریاکەتان جێهێشتبوو چووبوونە هوتێلی (فردۆس). وایە؟
- وایە گەورەم.
- بە نیازی ئەوە چووبوون دکتۆر قەدری یڵدرم ببینن، کەچی دکتۆر قەدری، هەرکە زانیبووی تۆ بەتەنیا نیت و لەگەڵ (شەهلا) خانم پێکەوەن؛ یەکسەر ڕایکردبووە دەرەوە. بە ڕای تۆ، هۆی چی بوو (دکتۆر قەدری یڵدرم) بەو شەوە درەنگە گەڕابۆوە دیاربەکر؟

زۆر بە متمانەوە گوتم:

- گەورەم، دکتۆر قەدری ڕاینەکردبوو، بەڵکو وەک خاوەنی هوتێلەکە گوتی، لەگەڵ شاندە ڕۆشنبیرییەکەی لە ئەورووپا و عێراق و ئێرانەوە هاتبوو، هەر لە ئێوارەوە چووبوونە سەردانی شوورە بەناوبانگەکەی دیاربەکر! خاوەنی هوتێلەکە گوتی ئەگەر سبەی ئێوارە بێینەوە دەتوانین لە هەمان هوتێل دیمانەی بکەین! خۆ شەهلا خانمیش شاهێدە و دەتوانن لێی بپرسن!
- گوو بخۆ! بۆت نیە شەهلا خانم بکەی بە شاهێد!
- ش.. ش.. ش..
- کاتێ لە هوتێلی (فردۆس) هاتنە دەرەوە، لەگەڵ شەهلا خانم چوون بۆ کوێ؟
- یەکسەر چووین بۆ ماڵی "ڕەندان خانم"، گەورەم.



Scanned with CamScanner

- بۆچی چوون بۆ ئەوێ؟
- گەورەم، شەهلا خانم لەناو ئوتومبیل لەناکاو گوتی (ئەوە سێ ڕۆژە دەمەوێ نینۆکم بکەم و هەر لەبیرم دەچێ، با بچین لەوێ بە نینۆکبڕەکەی ڕەندان نینۆکم دەکەم و ئنجا دەگەڕێینەوە کافتیریاکە).
- ئە تۆ، ئە شەهلا خانم، کلیلی ئاپارتمانەکەی ڕەندان خانمتان لەلا نەبووە؛ ئەدی چۆن توانیتان بچنە ناو ماڵەکەی و زیاتر لە نیو سەعات لەوێ بمێننەوە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ترسام بڵێم کلیلی ماڵەکەی ڕەندان پێشتر لەلای ئیبۆی شوفێر بووە و ئیبۆی شوفێریش پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ماڵەکە، لەگەڵ خەجێ ی ژنی ڕەحەب پێکەوە لە ماڵی ڕەندان بوون. لەجیاتی ئەمە گوتم:

- ڕاست دەفەرموون گەورەم، کلیلی ماڵەکە لای هیچ کامێکمان نەبوو. بەڵام شەهلا خانم کاتێ لە زەنگی دەرگای ماڵی ڕەندان خانمی دا، ئیبۆی شوفێر بوو هات دەرگاکەی لێمان کردەوە.

دادوەر لێمی پرسی:

"جگە لە ئیبۆی شوفێر، کێی دیکە لەناو ماڵەکە بوو؟"



Scanned with CamScanner

من دیسان ترسام بڵێم "هەرکە ئێمە گەیشتینە ماڵی ڕەندان خانم، یەکسەر ئیبۆی شوفێر و خەجێی ژنی ڕەجەب ماڵەکەیان بەجێهێشت و کلیلەکەشیان دایە شەهلا خانم"، لەجیاتی ئەمە گوتم:

- من لە ئیبۆی شوفێر زیاتر کەسی دیکەم نەدیت، گەورەم.

دادوەر لێمی پرسی: ئیبۆی شوفێر کاتێ کلیلەکەی سپاردە شەهلا خانم، یەکسەر ڕۆیشت؟

- بەڵی گەورەم.
- بەتەنیا چیی دەکرد لەوێ؟
- نازانم گەورەم، بەهیچ شێوەیەک نازانم بەتەنیا لەوێ چی دەکرد.
- ئەدی (ئێوە) لەوێ چەند مانەوە؟ چیتان کرد؟
- تەنیا بیست دەقیقەیەکمان پێ چوو، گەورەم. وەکو گوتم؛ شەهلا خانم چوو نینۆکبڕەکە بدۆزێتەوە، ماوەیەک نینۆکی خۆی کرد.. پاشان چوو تەوالێتێکی کرد ئنجا ڕۆیشتین.
- لەوکاتانەدا تۆ هیچ تێبینیی ئەوەت کرد شەهلا خانم بچێتە ژووری نوستنی ڕەندان خانم؟



Scanned with CamScanner

من خەریکبوو مێشکم ڕابوەستێت! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لەناکاوانە نەمدەزانی چ بڵێم و ج وەڵام بدەمەوە! چونکە بەهیچ شێوەیەک نەمدەتوانی بزانم چ شتێک ڕوویداوە؟ یان چ شتێک دزراوە؟ بەڵام بیرم بۆ دانە زومڕوودەکەی (ڕەندان) چوو دزرابێت!

بیرێکم کردەوە و گوتم واباشترە بپرسم (بۆچی گەورەم، چی ڕوویداوە؟ چ شتێکی کێ دزراوە؟)، پاشان گوتم نەخێر واباشترە بڵێم (گەورەم ، من بەدرێژایی ئەوکاتانەی شەهلا خانم بەدووای نینۆکبڕەکە دەگەڕا و نینۆکی خۆی دەکرد، من لە هۆدەکەی خۆم چاوەڕێی ئەوم دەکرد)؛ کەچی لەجیاتی هەموو ئەمانە گوتم:

- گەورەم، بەدرێژایی ئەوکاتانە من لە بالکۆنەکە چاوەڕێی شەهلا خانمم دەکرد، ئاگام لە هیچ نەبوو.

دادوەر دیاربوو دەیویست قسەم لێ دەربهێنێ:

- ئایا ڕاستە لەو دەمەدا ڕەندان خانم لە کافتیریاکەوە تەلەفۆنێکی بۆ شەهلا خانم کرد؟ پاشان بە هەمان تەلەفۆن قسەی لەگەڵ تۆش کرد؟

گوتم: بەڵێ گەورەم، وابوو؛ پاشان قسەی لەگەڵ منیش کرد.



Scanned with CamScanner

- چیتان گوت؟
- ئەوەمی لێ پرسی کە بۆچی ئێمە پێکەوە چووبنەتە ماڵەکەی ئەو؟ منیش گوتم چونکە شەهلا خانم ویستوویەتی نینۆکی خۆی بکات. هەروەها لەبارەی سەفەرەکەشمان بەرەو گوندی باغستان پرسیارمی لێکرد.

لەکاتێکدا من دڵمزوول، بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە ئیبۆی شوفێر و خەجێ یان شەهلا خانم ئەنگوستیلە زومرووودەکەی ڕەندانیان دزیبێ؛ دادوەر گوتی:

- باشە؛ تۆ و ڕەندان خانم قەول وابوو پێکەوە بچن بۆ گوندی باغستان و قەبرە سێگۆشەکەی باوکت لەوێ بدۆزنەوە. وایە؟
- وایە گەورەم.
- کەچی کاتێ ڕەندان خانم بە تەلەفۆن لە تۆ دەپرسێت ئایا هێشتا هەر دەتەوێ بچن بۆ گوندی باغستان؛ تۆ لە وەڵامدا پێتگوتبوو کە نەخێر چیتر پێویست ناکات. ئەمەش هەر وایە؟
- وایە گەورەم.
- لەبەرچی ئەم چوونەی خۆت بۆ گوندی باغستان لەگەڵ ڕەندان خانم هەڵوەشاندەوە؟
- گەورەم، شەهلا خانم پەشیمانی کردمەوە.
- چۆن؟



Scanned with CamScanner

- چونکە شەهلا خانم خۆی ڕۆژنامەنووسە و پێی ڕاگەیاندم کاتی خۆی ڕیپۆرتاژێکی فراوانی لەبارەی ئەو قەبرە سێگۆشەیە لە (باس نیووز) بلاوکردۆتەوە؛ هەموو زانیارییەکی لەبارەی ئەو قەبرە ناوداره بۆم ڕوونکردەوە! ئیتر منیش باوەڕم پێی کرد و چیتر بە پێویستم نەزانی زەحمەت بدەمە بەڕەندان خانم. خۆ لە تەلەفۆنیش هەر وام پێی گوت، کەچی ئەو دیاربوو بەم قسەیەم زۆر تووڕە بوو.

دادوەر هاتەوە پرسیار: شەهلا خانم چی بە تۆ گوت لەبارەی ئەو قەبرە؟ زانیارییەکان چی بوون؟

گوتم: گەورەم! پێش هەموو شتێک، شەهلا خانم دەیگوت ئەو قەبرە سێگۆشەیە کەسی تێدا نیە، بەڵکو بەدرۆ (پەکەکە) دروستیانکردووە!

- نێ..
- دەیگوت ناوێکیان لەسەر نووسیوە کە لە ناوی باوکی من دەچێ: (فەرەیدوون سلێمان عبدالله).
- چیی تر؟
- دەیگوت (لە ڕیپۆرتاژەکەدا ئاماژەم بەوەش داوە کە هەوادارەکانی پەکەکە لە گوندی باغستان، ڕایان وایە نەک پەکەکە بەڵکو میتی تورکی ئەم قەبرە درۆزنەی لەوێ دامەزراندووە)! هەرچۆنێک بێ،



Scanned with CamScanner

گەورەم، شەهلا خانم قەناعەتی پێ هێنام چیتر گرنگی نەدەم بەو قەبرە، چونکە وێنەی قەبرەکەیشی پیشانم دا و هەموو ڕیپۆرتاژەکەشیم دیت.

دادوەر چەند چرکەیەک بێدەنگ ما، پاشان ئاراستەی پرسیارەکانی بردەوە لایەکی دیکە:

- باشە، ئەم توحفە ئارکیۆلۆژییانەی دابووتنە ڕەندان خانم، لەکوێ پەیدات کردوون ئەگەر ئی ناو قەبری ئێزیدییەکە نەبن؟

من بیرم دەکردەوە، دادوەر گوتی:

- لەکاتێکدا تۆ ئینکاری ئەمەش هەر دەکەی لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆتت هێنابن؟

لەهەمبەر ئەم پرسیارە چاش مابووم: چونکە بەهیچ شێوەیەک نەدەبوو بڵێم کە من ئەو ئاسەوارە گرانبەهایانەم لە ئەشکەوتەوە لەگەڵ خۆم هێنابوو! بۆیە بەدوای وەڵامێک دەگەڕام ڕازییان بکات:

- گەورەم، لەڕێگەی سەر سنووری ئێران بەرەو تورکیا، شوانێک پیشانی دام. منیش چونکە گەلێک ناوبژە و



Scanned with CamScanner

عەنتــیکە بــوون لــێم کــڕیەوە، بە پــارەیەکی زۆر هەرزانــیش. هەر نەشــمدەزانی ئەو توحفــانە لە ژێــر دروستکراون. باوەڕم پێ بکەن، گەورەم!

لەکاتێکدا من واقم وڕمـابوو ئەم پرسـیارە سـەیرانە ڕووبەڕووم دەکرانەوە، بیرم لەناکاو بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە (ڕەندان) ئاگای لە هیچ نەبێت بەڵکو (سەیدۆ) یان (ئیبـۆی شـوفێر) خەبەری لە من و لە ڕەندانیش دابێت و هەردووکمانی بە گرتن دابـێ! بەڵام تێ نەدەگەیشتم؛ ئەو کەسـە بەم کـارە، ئایـا چـاوی لە توحفە گرانبەهاکان بووە، یان جاسـووسـی دەوڵەت؟ خۆ هـیچ دووریش نیە "شـەهلا"..!

گومان خەریـک بـوو شـێتی دەکـردم. هەناسـەی خەفەتـێکم هەڵکێشا. لەهجە دیمەشـقییەکە، گوتی:

- باشە پرسیارێک؟
- فەرموو گەورەم!
- تۆ وەک خۆت دەڵێی، لەگەڵ ڕەنـدان خـانم نەچـوونە سـەر قەبـرەکە! چاویشـت بە (دکتـۆر قەدری یلـدرم) نەکەوت تـا لێـی بپرسـیت باوکـت مـاوە یـان نەخێـر. وایە؟
- وایە گەورەم.



Scanned with CamScanner

- باشـە ئێسـتا، چـۆنی تێـدەگەی؛ باوکـت مـاوە یـان مردووە؟

گوتم: منیش دەمەوێ ئەمە بزانم گەورەم.

- باشـە تـۆ بـۆچی ناتوانیـت دڵنیـا ببیـت کە باوکـت مردووە؟

گوتم: گەورەم، ئەدی نابێ بەڵگەم هەبێـت؟ بـۆ نمـوونە هـیچ نەبێ گۆڕەکەی ببینم، مەبەستم قەبرەکەی بدۆزمەوە.

- باشە پرسیارێکی تر
- - فەرموون گەورەم!
- ئایـا تـۆ دڵنیـا نیـت باوکـت مـردووە؟ یـان دڵنیایـت و دەتەوێ گۆڕەکەی بدۆزیتەوە؟

من بیرم دەکردەوە. ئەو پرسی:

- کامیان؟

مــن بیــرم هێشــتا لە پرســیارەکەی دەکــردەوە، کەوتەوە بۆڵەبۆڵ:

- چـونکە تـۆ دەڵێـی ئەو هەمـوو شـار و وڵاتـانەت تەی کـردووە تەنیـا بـۆنەوەی گـۆڕەکەی بـدۆزیتەوە! نـێ



Scanned with CamScanner

کەواتە، بەپێی لۆژیک، تۆ دەبێ ئیتر خاترجەم بیت کە باوکت مردووە، چونکە ئەمەتا خۆشت بەدووای گۆڕەکەیدا دەگەڕێیت.

من بە دادوەرەم نەگوت کە من دڵنیام باوکم زیندووە، گوتم:

- ئەگەر گۆڕەکەی بدۆزمەوە، ئیتر بەتەواوەتی ئەرخایین دەبم کە مردووە.

ئنجا لەناکاو جەسارەتم کردم بڵێم:

- گەورەم، ئایا دەتوانم پرسیارێکتان لێ بکەم؟
- فەرموو..

من لە ماوەی دادگاییکردنمدا، کە ورد ورد گوێم بۆ هەموو دەنگەکان ڕاگرتبوو، بۆ یەکەمین جار گەیشتمە ڕاستییەک: دەنگی هیچ مرۆڤێک بەهیچ شێوەیەک لە دەنگی مرۆڤێکی دیکە ناچێت. ئاوازی قسەکردنی داواکاری گشتی و دادوەرەکان، شێوازی ئاخاوتنیان، چۆنیەتیی حونجەکردن و تۆنی قورگیان.. هیچیان لەوەی دیکە نەدەچوو. بە خۆمم گوت "دەنگەکان بە هەمووی دەنگی یازدە کەسن؛ هەر هەموویان دژی من بەڵام جودا لە جەوهەردا". پرسیم:



Scanned with CamScanner

- ئێوە کە منتان لێرە حەپس کردووە، ئایا تاوانەکەم ئەوەیە کە مـن بەدووای گلکۆی باوکی خۆمـدا دەگەڕێم؟

لەگەڵ ئەم پرسیارەم، هەرا و ژاوەژاوێک لەناو هۆڵەکە بەرپا بوو. (دەنگی دووەم) بۆکسێکی کێشا بە مێزەکەی بەردەم خۆیدا (مێزێکی دار بوو):

- هەی حەرامزادەی کوڕی ئیبلیس! ئاخر ئەگەر باوکت خاوەن ئەسڵ و فەسڵێک بووایە، تاوانبارێکی وەک تۆی بەوەڵەد نەدەهێنا! تۆ کە بە ئەنجامدانی دەیان کەتن تاوانباریت، چۆن جەسارەت دەکەی ئەم پرسیارە نارەوایە رووبەرووی یازدە شەخسیەتی مەزن بکەیتەوە، کە هەموویان داواکاری گشتی و دادوەر و ئەندامانی بەڕێزی ئەم ئەنجوومەنەن.. ها؟! ئەمە لەکاتیکدا تۆ، بە هەنجەتی دۆزینەوەی قەبری باوکە هیچ و پووچەکەت، چەندین تاوانی پیستریشت ئەنجام داوە و دەبێ یەک یەک دانیان پێدا بنێیت هەی زەمین پیسکەر، هەی داکی خۆ گێ! مـن باش دەتناسم! دایکە جاڵجاڵۆکە حیزەکەت، پاش بەوەڵەدهێنانی تۆ، دەبووایە یەکسەر ونجڕ ونجڕت بکات و بتخوا ! تۆ بزانە دایکیشت چەنێک بێ ئەسڵ و فەسڵ، پێچەوانەی سروشت و خیلقەت بووە!



Scanned with CamScanner

ئنجا ڕووی لە ئەوانی تر، هەستمکرد پەنجەی بۆ من درێژکرد:

- گەورەکانم!

مۆڵەتم بدەن پێشنیار بکەم ئەم هیچ و پووچە بیسپێرینە دەست جەللادەکان. من دەزانم چۆن هەموو تاوانەکانی، یەک یەک پێی ئاشکرا دەکەم!

تکایە بەڕێزان!

هۆڵەکە شڵەژا، هەموویان کەوتنە ناو بیرکردنەوە و سرتە سرتێک کە نزیکەی دەقیقەیەکی خایاند.

مرۆڤ تا تووڕە نەبێت حەقیقەتی خۆی لە دامێن ناکەوێتە خوارەوە. ئەم پیاوەش (خاوەن ئەو دەنگەی هەموو جارێک لێم تووڕە دەبوو)، ئەمجارە، نەیتوانی لەکاتی ئاخاوتندا ئاوازی قسە و جونجەکردنی تایبەتی خۆی بشارێتەوە؛ زۆر توند هەڵشاخایە سەرم، بەمەش کۆنتڕۆڵی خۆی لەدەست دا و بۆ یادەوەریمی ئاشکرا کرد کێیە! شاگەشکە بووم کاتێ دیتم گوێم هێندە باش ئەوی ناسییەوە:

(سەرۆ قادر) بوو، هەمان ئەو کۆنەشیووعییەی دایانبوو کتێبە تازەکەی باوکم بسووتێنێت! خەریک بوو زۆر بە شێنەیی لێی بپرسم:



Scanned with CamScanner

- تـۆ ئەو بەرپرسـەی (پـارتی) نیـت کـاتێ (بەختیـار عەلـی) لە ئەڵمانیـاوە هـاتبۆوە و بـاوکم ویسـتی سیمینارێکی لە هەولێر بۆ رێک بخات؛ تۆ رێگەت لێ گرت؟

ئنجا پێی بڵێم:

- هەمـان ئەو کـۆنە کۆمۆنیسـتەش نیـت کە ئـاگری براکوژیت خۆش دەکرد و رۆژێک بە باوکی منت گوت (ئەگەر لە هەولێر سیمینار بۆ بەختیار عەلی بکەیت، من کتێبخانەکەت دەسووتێنم) هەی گەوواد؟

بەڵام گوتم نەخێر؛ ئەگەر ئەم راستییانە بدرکێنم، کینەی زیاتر دەبێت و بە جەللادەکان دەڵێ دارکاریم بکەن.

بـاوکم دەیگـوت: "مـن دەبـێ *ئەو ئـاگرە* لە هەولێـر هەر دابگیرسـێنم! مـاددام ئەم کۆنەشـیووعییە دیمـوکراتە مـۆڵەت نادا رۆشـنبیرێکی سـلێمانەیی لە هەولێر سـیمینار بکات".

بەڵـام کـاتێ ئەو ترسـنۆکە کـۆنە شـیووعییە لەناکامـدا هەر سەرکەوت، باوکم - بەبیـرمە- دەسـتی کـردە ملـی بەختیار عەلی و پێیگوت: (لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیی خـۆم بەنـاوی "رۆنـاهی" لە KTV چاوپێکەوتنێکـت لەگەڵ سـاز دەدەم).



Scanned with CamScanner

کچی دیسان تەلەفۆنی بۆ (کاروان ئاکرەیی) ڕێفەبەری تەلەفزیۆن کردبوو گوتبووی:

- ئەگەر دکتۆر فەرەیدوون ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەختیار عەلی ساز بدات، دەبێ یەکسەر بەرنامە تەلەفزیۆنەکەی ڕابگریت!

(کاروان ئاکرەیی)، چونکە ئەویش هەر کۆنە شیووعی، بەگوێی کردبوو.

ئیتر باوکم، وەک ڕێزێک، بەرنامەکەی خۆی ڕاگرت. بەختیار عەلیش، دڵشکاو بەڵام سەربڵند و بێ منەت، گەڕایەوە ئەڵمانیا.



Scanned with CamScanner

(١٠)

## لە دیاربەکر مزگەوت نیە

پەیوەندیی نێوان زمان - کولتوور - ئەخلاق پەیوەندییەکی ئۆرگانیکە، هەر یەکێکیان کار لە ئەوەی دیکە دەکا: زمانی نەتەوە ئەگەر بشێوێت و ڕووبکاتە لەناوچوون ئەوا کولتووری نەتەوە لاواز دەکات؛ ئەگەر کولتووری نەتەوەییش بشێوێت ئەوا بێگومان ئەخلاقی ئەو نەتەوەیە دەشێوێت و ناسنامەی تاکەکەسەکانی لەناو دەبات!

وەک ئەکادیمییەک، من ئەم ڕەوشە خەتەرناکەم بە چاوی خۆم لە "پایتەختێک" کە شانازی بە نەتەوەگەرایی خۆیشی دەکا، نەک تەنیا بە فراوانی هەست پێکرد، بەڵکو دیتم و ڕۆژانەش دەبینم: چۆن زمان و کولتوور و ئەخلاقی نەتەوەیەک، هەر سێکیان، خەریکن ڕووەو هەڵدێر لێژ دەبنەوە!

من چەندین ساڵە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر مامۆستام، ئێستاش، لەسەر داوای (دکتۆر قەدری یلدرم، سەرۆک زانکۆی مێردین) لە هەولێرەوە وەک مامۆستای میوان هاتووم بۆ (مێردین) دەرسی (فەلسەفەی هونەر) لە (زانکۆی ئارتوگلوو Artuglu Universitesi ) دەڵێمەوە.

ڕۆژێک لە مێردینەوە هاتبوومە دیاربەکر تا خانوویەک لەوێ بەکرێ بگرم بۆئەوەی بتوانم لە نێوان دیاربەکر- مێردین هاتوچۆ بکەم و لە (زانکۆی ئارتوگلوو) وانە بڵێمەوە. کاتێ گەیشتمە مەیدانی (شێخ سەعیدی پیران)، لە گەنجێکم پرسی: (تۆ کوردی؟). گوتی: بەڵێ.

- زەحمەت نەبێ (خانی حەسەن پاشا) لەکوێیە؟

گوتی: (حەسەن پاشا خانی!)

گوتم: نەخێر (خانی حەسەن پاشا)!

گوتی: (ئێ ، ئێشتە.. حەسەن پاشا خانی!)

گوتم: نا (خانی حەسەن پاشا)!



Scanned with CamScanner

مــن دەمویســـت لەو گەنــجە کــوردە بگەیەنــم کە بەپێــی سیســتەمی ڕێزمــان و سینتاکســی کــوردی، دەبێـت بڵێـی (خانی حەسەن پاشـا خـانی)، چـونکە لە زمانی تورکیدا، بە پێچەوانەی کرمانجی: بەشـی رسـتەی Tamlayan دەکەوێتە پێش Tamlanan .

هەمووشـــمان دەزانـــین کە لە هۆشـــی تاکەکەســـدا و لە بنهۆشـی مرۆڤدا (پێچەوانە کردنەوەی زمـانی) دەبێـتە هـۆی پـێچەوانە بیرکـردنەوە و پـێچەوانە کـردنەوەی عەقڵـی، یـان کولتووری.

ئەم بانـدۆرە زمـانەوانییە، واتە ئەم پـێچەوانە کـردنە (زمـانی - کولتـووری)یە، لە ١٩٢٣ بەمـلاوە کە زمـانی کـوردی قەدەغە دەکرێ تا ئەمڕۆ، وایکـردووە کـوردی بـاکوور لەنـاو بنهۆشـی خۆیانـدا، بە عەقـڵ و مـۆرالی کرمـانجی بیـر نەکەنەوە بەڵکـو بەپێچەوانەی سیسـتەمی گـرامەر و کولتـوور و سینتاکسـی نەتەوەیی خۆیان رەفتار بـکەن؛ عەیـنەن تـورک بیـر بـکەنەوە و بەپێی شەخسیەتی نەتەوەیـی تـورک شەخسـیەتی خۆیـان دابڕێژن!



Scanned with CamScanner

لە دەوروبەری "حەسەن پاشا خانی"، پێویستیم بەوە هەبوو بچمە مزگەوتێک. لە گەنجێکی دیکەم پرسی:

- زەحمەت نەبێ مزگەفتێک لەم نزیکانە لە کوێ هەیە؟

گوتی: چی ؟!

گوتم: مزگەفت!

بە سەرسوڕمانەوە، وەک ئەوەی هەرگیز لە ژیانی خۆیدا هەر نەشزانێ "مزگەوت" چیە:

- مزگەفت ؟!

گوتم: بەڵێ. مزگەفت.

گوتی: چی؟!

گوتم: مز .. گە .. فت!

بیری دەکردەوە: " مزگەفت !؟"؛ نەیزانی. گوتی:

- مزگەفت لە دیاربەکرێ نیە !

پرسیم: چەوا مزگەفت لە دیاربەکرێ نیە، کاکۆ؟

گوتی: تونە! من نەبیستیە.

گوتم: چەوا مزگەوت لە دیاربەکرێ تونە، لاوۆ ؟

ئەو گەنجە دیاربەکرییە برۆی خۆی جووڵاند، گوتی:



Scanned with CamScanner

- مامۆ.. مزگەفت چیە ؟

- مزگەفت. مز گەفت! ئەو جێیەی نوێژی لێ دەکەن و مەلا تێیدا بانگ دەدات "اللە اکبر ، اللە اکبر"! توو نازانی؟

"کاکۆ" وەک ئەوەی لە خەوێکی ناخۆش بێدار بووبێتەوە:

- ئەهها .. بێژە ( جامیع ) !

پاشان گوتی:

- توو چما نابێژی (جامیع) ؟ مزگەفت چیە بابۆ ؟!

هەموو دنیا دەزانێت وشەی (جامیع) وشەیەکی عەرەبیە و پەیوەندیی بە (جمع، یجمع، مجموع، جمعە، جماعە) هەیە. تورک سەبارەت بەوەی مزگەوتیان نەبووە و پاش عارەبان بوونەتە موسڵمان وشەکەیان لە عارەبان وەرگرتووە و وەک خۆی بەکاری دێنن، یانیش دەڵێن ( مسجد) کە ئەویش هەر عەرەبیە.

ئەمە لە کاتێکدا وشەی (مزگەوت) وشەیەکی دێرینی کوردی، لە کتێبی (ئاڤێستا) واتە لە سەردەمی دینی زەردەشتیدا، بە جێگای نوێژی کوردە ئاڤێستاییەکان دەگوترا.



Scanned with CamScanner

له دوو وشـەی (مـز) یـان (مـزگ) لەگەڵ پاشـگری (کەفـت) دروســت بــووە. بە بەڵــگەی ئەوەی کە لە زمــانی کوردیــدا پاشــگری (کەفــت) لە گەلێــک وشــەی دیــکەی وەک (ئاشکەفت) (ئەشکەوت) یش بەکاردێت. وە (مز) یان (مزگ) بـریتیە لە بنـاخەی وشــەی (مزگـان) و (ئـاهوورا- مـزدا) .. وشـەکانی (مـژدە ) و (مـزگین)ی ئەمـڕۆ لە هەمـان وشـەی ئەسڵی ئاڤێستاییەوە هاتوون.

عــارەب ســـەبارەت بەوەی کە بتــی وەک (بەنــات و لات و عوززا)یان پەرستووە و مزگەوتیان نەبـووە و پاش پەیـدابوونی محمد (د. خ) بوونەتە موسڵمان، پاش ئەوەی مزگەفتەکـانی کوردستانیان دیوە هاتوون وشـەی (مزگەفـت)یـان لە کـوردان وەرگرتووە و کردوویانەتە (مسـجد). چۆن؟

لە زمانی عەرەبیدا چونکە (گ) نـیە، هەمـوو (گ)یەک دەبێـتە (ج). گەلەک جـار -لە زۆر زمـانی تریشــدا- پیتـی (ز) دەبێــتە (س)، بـۆیە لەو ئـاڵوگۆڕەی بەســەر (مـزگەوت)دا هـاتووە بـۆ سەر (مسـجد): پیتـی (ز) بـۆتە (س)، پیتـی (گ) بـۆتە (ج)، پیتی (ت) بۆتە (د) .. لە شێوەی (مز – مس) (گەت- جد).



Scanned with CamScanner

بەم شێوەیە وشەی (مسجد) لە عەرەبیدا دووای بە موسلمانکردنی کوردستان دارێژرا. پاشان - سەبارەت بەوەی عەرەبی زمانێکی دارێژراوە؛ وشەکانی (سجادە و سجود و یسجد)یشی بۆ خۆی دروستکرد. لە هەمان کات سەبارەت بە نوێژکردنی پێکەوەیی ڕۆژانی هەینی، عارەب (جامع)یشی بۆ خۆی دروستکرد.

گرنگ ئەوەیە زانیمان هەر دوو وشەی (جامع) و (مسجد) بە رەسەن عەرەبین و تورک وا دەزانن تورکیی ئەسڵن، کوردیش وا دەزانن هی زمانی خۆیانن! گوێتان لێ بوو کاکۆ بە منی دەگوت:

- تۆ چما نابێژی جامیع ؟ مزگەفت چیە بابۆ ؟!

بەم شێوەیە، من بە چاوی خۆم دیم: کوردەکانی دیاربەکر (ئەو پایتەختەی تۆمەتبارە بە Separatiste و داوای دەوڵەتی سەربەخۆش دەکات!) کەچی زمان و کولتوور و ئەخلاقی رەسەنی خۆیان نەک هەر لەبیر چۆتەوە بەڵکو خەریکە لەناویش دەچێت! نەک تەنیا لە دیاربەکر، لە هەموو باکوور، لە شەقامەکاندا، زیاتر لە بیست و یەک ملیۆن کورد، هیچ



Scanned with CamScanner

ئێوارەیەک نیە، بە یەکتر نەڵێن (ئیی ئاکشملار!)؛ لەجیاتی ئەوەی بڵێن (ئێوارە باش).

ئەو نەتەوانەی زمانی خۆیان لەدەست داوە یان تووشی ئاسیمیلاسیۆن هاتوون ئەوا ئەخلاقی نەتەوەیی خۆیان دۆراندووە و تاکەکەسەکانی، سەرلێشێواو، بێ ئەوەی هیچ متمانەیەکیان بە خۆ هەبێت، پەنابەر، یان سەرگەردان بە پایتەختەکانی دنیادا دەسوورێنەوە.. تەنانەت لەناو وڵاتی خۆشیاندا هەست بە نامۆبوونێکی کوشندەی ئەوتۆ دەکەن کە لە نامۆبوونی چینی پرۆلیتاریا بەدەست تەکنۆلۆژیا و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەوە گەلێک کوشندەترە!

زمان لەناو بچێت کولتوور لەناو دەچێ، کولتووریش لەناو بچێت ئەخلاق نامێنێ!

پاش ئەوەی لە حەمام هاتینە دەرەوە، ڕەندان، لە ژوورەکەی خۆی، مەژغوولی خۆئامادەکردن بۆئەوەی دەمێکی دیکە (شەهلا)ی دەستەخوشکی، بە قەمەرەکەی خۆی، بێتە لامان و هەر سێکمان پێکەوە بچین بۆ کافتیریای (شامێران): منیش تازە قژی خۆم وشک کردبۆوە و لە هۆدەکەی خۆم دانیشتبووم کتێبەکەی باوکم (پەیوەندیی نێوان زمان و

ئەخلاق) بەدەستمەوە، خەریکبووم وتارێکیم تەواو دەکرد بەناونیشانی (لە دیاربەکر مزگەوت نیە) کە دیاربوو لەو سالانە نووسیبووی کە لە زانکۆی (مێردین) دەرسی دەدایەوە.. بەلام خەیالم هەر لەلای "پێشکەش" و پەیڤەکانی باوکم کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەی، بۆ (ڕەندان)ی قوتابیی خۆی نووسیبووی، بە خەتی خۆی، بە قەلەمێکی سۆفتی نەستووری شین. تەنانەت ئەوەشی فەرامۆش نەکردبوو بەرواری پێشکەشکردنەکەشی بۆ ئەو خوێندەڤانە "زرنگ"ەی خۆی بنووسێت!

خەتی جوانی بابۆی خۆمم جوان دەناسییەوە! خەریک بوو عەقلم ڕابوەستێت و نەشمدەزانی چ بکەم؟

"چۆن ئەم حەقیقەتە نالۆژیکە لەگەل ڕەندان باس بکەم؟". ئایا ئەگەر ئەم نهێنییە تەلزماوییەم لەلای بدرکاندایە، چیی دەگوت؟ ئاخۆ کۆمەکی دەکردم ئەم مەتەلەم لەگەل هەلبهێنێت و بگەمە حەقیقەتی باوکم!؟ باوەڕ ناکەم. لەوانەشە بەپێچەوانەوە. بلێم چی! نازانم. بەلام لە هەموو دۆخێکدا باشتر وایە من بێ ئەوەی ناسنامەی خۆم و باوکمی لەلا باس بکەم، بێم قۆناغ بە قۆناغ بەدووای ڕاستییەکاندا بگەڕێم! "ئێ کەواتە، چ پێویست دەکا ڕەندان هەموو شتێک بزانێت؟ بەتایبەتیش چونکە من پێمگوتبوو کە باوکی من بێ سەروشوێنە!".. "گرنگ تەنیا ئەمەیە: ئەو



Scanned with CamScanner

بتوانێت پارەتیم بدات بۆ دۆزینەوەی، بێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی باوکم بزانێت. بەڵێ. بێگومان وا باشترە".

ڕاستییەکەشی، من هەمیشە ترسێکی کەم، یان بڵێم گومانێک، بەردەوام دڵمی ڕنەک دەدا. ئەمەش چونکە لە میت و پۆلیسی تورک زۆر دەترسام. جگە لەمەش دەمزانی باوکم کاتی خۆی دوو جار لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵەوە یەکسەر بۆ لێکۆڵینەوە بردبوویان، بەردەوام لەژێر چاودێریدا بوو. تەنانەت هەڕەشەی کوشتنی خۆی و دکتۆر قەدری یلدرمی هاوڕێکەشیان کردبوو ئەگەر ساڵی دابێ دیسان بێت لە "کوردستانی تورکیا" دەرس بڵێتەوە!

بیرم لە قسەکانی ناسر شەیدای هاوڕێم دەکردەوە لەبارەی کۆپیکردنی مرۆڤ لەناو زیندانەکاندا، دەستم وشک بەسەر کتێبەکەی باوکمەوە:

"ئەی خودای گەورە؛
تەنیا ئەوەندم لێت دەوێ هێزی سەبرگرتن و ژیریم پێ ببەخشیت بۆئەوەی بتوانم عەقڵی خۆم لەدەست نەدەم تا ئەو کاتەی لەم مەتەڵە تێدەگەم و دەرگا داخراوەکان لەڕووی باوکی خۆم دەکەمەوە و دەیدۆزمەوە!".

ئاخر چۆن دەکرێ شازدە - حەڤدە ساڵ پێش ئەمڕۆ، بێ سەر و شوێن، کەچی حەوت ساڵ پێش ئەمڕۆ دەرسی بە ڕەندان دابێتەوە "هەر لە ماردین"؟!

کەواتە، باشترین ڕێگە ئەوەیە دکتۆر قەدری یڵدرم بدۆزمەوە و لە ئەو بپرسم! چونکە باوکم دەیگوت: (لەکاتی یەکەمین پێشوازیدا لە نووسینگەکەی خۆی، بتدیبایە چۆن لەگەڵ ئەو هەموو دکتۆر و مامۆستایانە لەبەرم هەستایەوە و دەستی بۆم درێژکرد و بە ئەوانی گوت: ئەوا گەیشت قەهرەمانی باشووری!).

باوکم دەیگوت "میتی تورکی هەر لەسەر منیش بانگی دکتۆر قەدرییان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە منی *باشوور* لەسەر داخوازیی ئەو چووبووم لە *باکوور* وانە بڵێمەوە".

پاش ئەوەی ئیمزا و پێشکەشەکەی *بابۆم* دیت کە بۆ ڕەندانی قوتابیی خۆی نووسیبوو، بڕیارم دا بە هیچ شێوەیەک قسەیەکی وا نەکەم ڕەندان بیری بۆ ئەوە بچێت من کوڕی هەمان ئەو دکتۆر فەرەیدوونەی مامۆستای ئەوم! تەنانەت دامنابوو چیتر باسی باوکم، ببڕای ببڕ لەگەڵ ڕەندان نەکەمەوە: نەوەک قسەمان بەرەو باس و خواسێک بڕوات پەی بە "ڕاستییەکە" ببات! دەمگوت هیچ نەبێ تا ئەو ڕۆژەی دەیدۆزمەوە!



Scanned with CamScanner

کەواتە دوو شت دەبێ زۆر لەبەر چاو بگرم. یەکەم: نابێ بەهیچ شێوەیەک پەساپۆرتەکەم ببینێت و ناوی سیانیم بزانێ! دووەم: وەختێ دەچم (دکتۆر قەدری) دەبینم، نابێت ڕەندانم لەگەڵ بێت و گوێی لە قسەکانمان بێت!

لەو دەمەدا، ڕەندان، بە پەنجەکانی، کە ئاوازێکی خۆشی لێ هەستا، لە دەرگای هۆدەکەمی دا. من یەکسەر کتێبەکەم داخستەوە و بەپەلە خستمەوە هەمان شوێنی خۆی لە دەلاقەکە. ئنجا چووم دەرگاکەم کردەوە:

"ها، گیان، ڕەندان"!

خاولییەکی پەمبەی لە سەر و قژی تەڕی پێچابوو، بۆنێکی خۆشی لێدەهات. زۆر بە کەیف دیار بوو. لەناو ئەتەگێکی نارنجیی تەنک تا سەر ئەژنۆی، مەمکە پڕۆنزییەکانی دەتگوت ئەڵماس لەژێریدا دەدرەوشانەوە؛ بەڵام من لەو کاتەدا تەماشای ئەژنۆ خڕ و جوانەکانیم دەکرد.

ڕەندان سەر و قژی لار کردبۆوە و پرچی خۆی وشک دەکردەوە. (زانیم مەبەستی نەبوو بێتە ژوورەوە) گوتی:



Scanned with CamScanner

- خۆ بێتاقەت نەبووی، حەیرانی؟ ئەزێ نها پرچی خۆم وشـک بـکەم، دێ قەهـوەکی ترکـی ژ تە ڕا بیـنم. باش؟

ئنجا یەکسەر بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. لێم پرسـی:

- ئێمە کەینێ دەچینە دەرێ؟

بەدەم ڕێـوە، بە دەنگێکـی خـۆش کە دەتگـوت بولبـولێکی نارنجیی گەورەیە دەچریکێنێ:

- هەر وەختێک (شـەهلا) گەهشـت، ئەز ژی ئامـادەم. باش؟

گوتم کەواتە منیش ئەو جلوبەرگە تازە بە دڵـی خۆمانەی نـاو جانتـاکەی خـۆم بپۆشـم و خـۆم ئامـادەی چـوونە کافتیریـای (شـامێران) بـکەم. (ڕەنـدان) سـەفتەیەک لیـرەی تـورکیی لەسەر مێزە لاق مسینەکە بۆم دانابوو: (تا ئەوکاتەی سـەیدۆ دێتە کافتیریاکە و بەشـێک لە پارەکەمـان بە دۆلار دەداتـێ با لەلات بێ!).

بەدرێژایی هەموو ژیانم، من هێندە لەناو حەمام نەمابوومەوە!



Scanned with CamScanner

چەند دەقیقەیەک پێش ئەوەی بچینە ناو حەمامەکە، لەناو هۆدەکەم کاتژمێر پێنج و دوو دەقیقە بوو؛ ڕەندان لە خەومی هەستاند و بەپەلە گوتی:

"هەستە، دەی.. سەعاتێک زیاترە نوستووی! هەستە بچین خۆمان بشۆین!".

کە لە حەمام هاتینە دەرەوە، دیسان تەماشای سەعاتی دیوارەکەم کرد: شەش و پەنجا و شەش دەقیقە بوو.

من زۆر کەیفم بەوە دەهات ڕەندان قسەم بۆ بکات، بەتایبەتی لەناو حەمامەکە! ڕەندان قسەی زۆر خۆشی بۆ دەگێڕامەوە، بە شێوازێکی زۆر خۆش و ژنانە. بە من بووایە بیخۆم وەختێ ئەو دەستوپەنجە باریک و جوانانەی، بە سەما و جوولە دەهێنا لەکاتی ئاخاوتن و گێڕانەوەی نوکتە و باسە دڵنشینەکانی.

ڕەندان هەر لەناو حەمامەکە باسی (شەهلا)ی دەستەخوشکەکەی خۆیشی زۆر بۆ کردم؛ چۆن یەکەمجار لە ڕێستورانتی مێردە ڕەحمەتییەکەی لە ئەستەمبوڵ، شەوێک (تارا جاف)ی قیسارەژەن لە کاتی یەکێک لە کۆنسێرتەکانی، ئەمی، لەگەڵ دوو ژنی دیکەی فێمینیست، پێ ناساندووە و پاشان شەودرەنگ چۆن هەر پێنجیان پێکەوە "هوهوە..



Scanned with CamScanner

عەیـــنەن سەرســـەری.. چـــوونەتە یەکێـــک لە ڕێســـتورانتە خۆشـــەکانی (قـــوم قـــاپی) و ئیتـــر لەو شـــەوەوە چـــۆن تـــاکو ئێستا بەبێ یەکتـــر هـــیچ نـــاحەوێنەوە.. بەلای کەمـــی مـــانگی جارێـــک ڕەنـــدان هەر دەبـــێ بچێـــت لە مـــاڵی (شـــەهلا) لە دیاربەکر دوو شەوێک بمێنێـــتەوە؛ یـــانیش (شـــەهلا) خـــۆی بە قەمەرەی خـــۆی بێـــت بەشـــوێنیا و بچـــن پـــێکەوە وەختێکـــی خۆش بەسەر ببەن و بۆ شەویش هەر لە ماڵەکەی (شـەهلا) بمێننەوە!

ڕەندان دەیگوت: شەهلا کاتێ بەشی زمانی فەرەنسیی لە زانکـۆی ئەسـتەمبۆڵ تەواوکـردووە، لەوسـاوە بـۆ ئاژانسـی ڕۆیتەر، لە هەمان کات بۆ دەزگـایەکی کەنەدایـیش کاردەکـات وەک پەیامنێری مەڵبەنـدی ئەنـادۆڵ لە ئۆفیسـی (دیـاربەکر). دەشـــیگوت: چـــونکە مێـــردی پێشـــووی (شـــەهلا) دەوڵەمەندێکی فەلەستینی بـووە و پاش تەڵـاق مـارەییەکی زۆری بـۆ جێهێشـتووە؛ چـووە بەو پـارەیە دوو خـانووی لە دیاربەکر کڕیوە، کە یەکێکیانی بەکرێ داوە و ئەوەی تریش بـۆ خۆی تێیدا دەژی.

- شەهلا چالاکوان و ڕۆژنامەنووسـێکی گەلەک دڵقـایم و ئازایە بۆ دۆزی کوردان – بەتایبەتیش بۆ دۆزی ژن لە تورکیا؛ هەفتانە گیروگرفت و داخوازییەکانی خەڵکـی

هەژار و پەکەکە و ئافرەتـانی ئەنـادۆڵ بە ڕیپۆرتـاژ لە (ڕۆیتەر) و (باس نیووز) بلاودەکاتەوە.

دەیگوت: تاقە هەڤاڵێکی مـنە قەت لێـی وەڕس نەبـم و حەز بکەم تا هەتایە هەڤاڵی یەکتر بین!

بەڵام هەر وەختێک ناوی شـەهلای دەهێنا، دەیگوت:

- لێ، ئەو.. گەلەک فێمینیسـتە. عەیبی وێ تەنێ ئەوە کوو گەلەک فێمینیسـتە!

مـن لـێم ببـووە مەرەق، مەبەسـتی ڕەنـدان چـی بـوو کە لە وەسـفی ئەو هـاورێ خۆشەویسـتەی خۆیـدا، هەمیشـە پێدەکەنی و دەیگوت "لێ ئەو گەلەک فێمینیسـتە"؟!

ئەوکـاتەی لەنـاو بـانیۆکە خەریکبـووم نەرم نەرم پشـتی ئەوم دەشوشـت، سـەرم سـوڕما کـاتێ بیسـتم چـووە چیرۆکـی یەکترناسینی من و خۆی "چۆنیش لە نووکەوە!" هەمووی بۆ شەهلا گێڕاوەتەوە..! دەیگوت: "ئێستا ئەو بـاش بـاش تـۆش دەناسێ"! تەنـانەت ئەوەیشـی پێگوتبـوو کە مـن فەڕەنسـی دەزانم و گیتاڕیش دەژەنم.

- ئەوە کەی!؟



Scanned with CamScanner

گوتی: ئەو وەختەی تۆ لە هۆدەکەی خۆت نوستبووی، ئەو هات بۆ ئێرە.

خەریک بوو لێی بپرسم ئایا باسی ئەوەشت لەلای کرد کە من ئەنگوستیلەیەکی سەر بە زومرووودم بە دیاری پێشکەشت کردووە؟ پاشان گوتم نەخێر با ئەمەی لێ نەپرسم نەوەک هەستبکا من متمانەم بە "شەهلا" نیە:

- تۆ تەلەفۆنت بۆی کرد، یان ئەو بەخۆی هات؟

گوتی:

- خۆم تەلەفۆنم بۆی کرد. حەزمکرد بێت شەڕابێک پێکەوە بخۆینەوە. کەچی کاتێ ئەو گەیشت، تۆ خەوت لێ کەوتبوو.

لە دڵی خۆمدا گوتم:

"ڕەندان کچێکی زۆر دڵسافە!".

هەر لەناو حەمام ئەوەشی بۆم باسکرد وەختێ (شەهلا) هاتووە بۆ لای، چۆن بە حەنەکەوە بە ڕەندانی گوتووە: "ئیللا و بیللا دەبێ ئەو یارە باکووریەی تۆ هەر ئێستا ببینم!"؛ چۆنیش ڕەندان پێی گوتووە ئاخر لە ژوورەکەی خۆی



Scanned with CamScanner

نوستووه، شەهلا دیسان بە حەنەکەوە پێی گوتووە: باشتر، ئەز حەز دەکەم یارەکەت ببینم بزانم بە نوستوویی جوانترە یان کاتێ لە خەو بێدار دەبێتەوە.. ئنجا ها ها هاهەهە.. پێکەنیون؛ منیش نوستوو ئاگام لە هیچ!

بێدەنگ لەوکاتەدا هیچم نەگوت. ڕەندان دەست بە لیفکەوە، ملی بۆم لار کردەوە:

- پێت ناخۆشە؟

من بیرم لە نیازپاکیی ڕەندان دەکردەوە: "چیم پێ ناخۆشە؟".

- کە من باسی تۆم کردووە جەم شەهلای؟

گوتم: نەخێر. ئەمە مانای وایە تۆ متمانەت گەلەک بە هەڤاڵی خۆت هەیە. ئەمەش تشتەکی باشە.

ئنجا ئەو وەختەی کە بە هەمان لیفکەکە، خەریکبوو ئەو پشتی منی دەشوشت، لێمپرسی: "ڕەندان.."

- گیان؟
- منت خۆشتر دەوێ یان شەهلا؟



Scanned with CamScanner

یەکسەر لەناو بانیۆکە عەینەن بووکێکی دەریایی ئەسڵی خۆی هاتبێتەوە بیر، هەستایەوە سەر پێ؛ دەست و پەلی خۆی داکوتایە کەف و شەپۆلی ئاوەکە؛ ویستی توورەبوونی خۆی دەربڕێ (کە ئەگەر نەمگرتایەتەوە خەریکبوو دەکەوت).. نەمهێشت هیچ بڵێ، پێکەنیم و لە باوەشی خۆمم گرت، گوتم: "ببوورە!".

ئارام بۆوە.

مراوییەک ئاسا ژێرگەردەنی خستە سەر شانی چەپم، دەستەکانیشی وەک ئەڵقەیەک لە جەستەم ئاڵاند. دەیگوشیمە خۆی.. دەیویست بگری، بەڵام گوتی:

- تۆ ببە تاقانە پیاوی من! .. باش؟

ئەم تکایەی، لەجیاتی فرمێسکێک بوو تکابێ. نەرم نەرم ملی بە شانمدا دەخشاند. بۆنی گەندەمووەکانی پشت ملیم دەکرد کاتێ بە پەنجە کەوتە لاواندنەوەی شانەکانم:

- ئەو شانە بڵندە ئاگرینانەی تۆم چەند خۆش دەوێ، فەرەیدوون!

"ئەو ژنە، تەنیا منی هەیە کەس هێندەی خۆش بوێ، هێندەش حەزبکا خۆی پێشکەشی!".



Scanned with CamScanner

کاتێ ژێرگەردەنی لە شانم کردەوە، دیتم دڵۆپێک ڕوندک لەناو چاوی قەتیس مابوو:

- فەرەیدوون.. من هەست دەکەم تۆ دێ من ئازاد بکەی!

زەندی خستنەوە سەر شانەکانم. سەر و قژی کەمێک لێم دوور ڕاگرت، چاوی لەناو چاوم. (ڕاستە تەماشای منی دەکرد بەڵام دەگەڕا شتێک لە کانگای خۆیدا بدۆزێتەوە ببەخشێتە من):

- ئەز عاشقی تۆمە، فەرەیدوون!

لەناو هۆدەکەم، لەناکاو، دەنگی ڕەندان ڕایچڵەکاندم.

کاتێ دەرگای هۆدەکەی خۆمم کردەوە، یەکسەر (ڕەندان) و (شەهلا)م دیت؛ پێکەوە لەلای باڵکۆنەکەوە بەرەو ناودەرگای هۆڵی میوانەکە دەهاتن.

شەهلا باڵای لە باڵای ڕەندان بلندتر، باریکتر، دەسەڵاتمەندتریش بەسەر ئەودا، بەڵام پرچی کورتتر. لە لاجانگی چەپیەوە چڵێک زولفی هاتبۆوە سەر گۆشەی دەمی، کە خاڵێکی جوان لە گۆشەکەی خوارەوەی بوو.



Scanned with CamScanner

شەهلا هەر لە دوورەوە تەماشامی دەکرد. چاوی زۆر تیژ و زینـدوو، سـیحرێکی بەهێـزی ڕاکێشـانی پیـاوی تێـدا دەدرەوشایەوە. بەشێوەیەک تەماشامی دەکرد بمخوێنێتەوە: بزانێ ئاخۆ من چم کە ئەوها ڕەنـدان شـەیدام بووە و هێنـد بەئەڵهـاوە باسـی منـی بـۆ وێ کـردووە!؟ هەسـتمکرد لەو ژنـانەیە کە حەز لە پیـاوی وا دەکـات ئەو پیـاوە بیکوژێـت، نەک حەز لە پیاوێک کە وێ حەزبکات پیاوەکە بکوژێت!

- Bonjour
- Bonjour

ڕەندان هەردووکمانی لەیەکتر نێزیک کردەوە کاتێ گوتی:

- دوو هەڤـاڵێن هەرە خۆشـتڤی مـن!.. شـەهلا! .. فەرەیدوون! هوون دانیشـن، ئەزێ قەهوە ژ وەڕا بینم!

لەبەر ئەوە نـا کە شـەهلا -دیـاربوو- چەنـد سـاڵێک لە مـن گەورەتر بوو، بەڵکو لەبەر ئەو حـورمەتەی کە هەڤـاڵی ڕەنـدان بوو (زانیبووشـم کە پیشـەیەکی ڕەونەقـداری هەیە) فەرمـووم لێکـرد پـێش مـن دابنیشـێت. ئەو یەکسـەر دیـاربوو ویسـتی سنوورەکانی کە من دامنابوو بیـانهێڵمەوە، زوو بیانشـکێنین! لەناکاو سەری بە پێکەنینەوە لێم لارکردەوە:



Scanned with CamScanner

- عومری تۆ چەندە فەرەیدوون؟

ئنجا قا قا پێکەنی، پرسیارەکەی بەشێوەیەک لێمکرد کە ڕەندان لە متبەقەکەوە گوێی لێ بێت:

- تۆ دەتەوێ لە (باکوور؟) ل دیف بابێ خۆ بگەڕێی؟!
هاهاهەهە..

ئنجا درێژەی بە هەمان پێکەنین دا، بەڵام ئەمجارە خەریک بووم کەمێک تەریق ببمەوە.

- باشە تۆ، چما لە باشووری ل دیف بابی خۆت ناگەڕێی؟ بۆچی هاتووی لە باکوور بەدووای باوکی خۆتدا دەگەڕێی؟

وابزانم شەهلا بەم وروژاندن و ئاوەدانییەی خۆی تەنیا دەیویست ئەوە پیشان بدات کە زوو سنوورەکانی نێوانمان بشکێنین و بکەوینە ناو شۆخی و قسەی دۆستانەوە، کە دیارە لەگەڵ ڕەندان و هاوڕێکانی، لەناو یەکتر ڕاهاتبوون. ئنجا گوتی:

"نە. ئەز حەنەکان دەکەم"، "توو گەلەک گەلەک بەخێر هاتی ژبۆ چۆڵەمێرگێ!".

جەنتا سوورەکەی شانی فڕێ دابووە سەر نیوتەختەکە، قاچی ڕاستی لەسەر ئەژنۆی چەپی، ڕووەو من، ڕان و لینگی خۆی دەجووڵاندەوە:

- تۆ بەختت هەیە ڕەندانت ناسیوە! تەنیا من دەزانم ڕەندان چ ژنێکی میهرەبان و بەوەفایە!
Elle t adore

شەهلا پانتۆڕێکی لۆکەی شەککەریی کەمێک فشوفۆڵی لەبەر، کە جووڵانەوەی ڕانەکانی زۆر جوان تێدا دەردەکەوتن؛ لەگەڵ کراسێکی کەتانی مەیلەوسپی کە مارکەی جاڵجاڵۆکەیەکی سۆر سۆر، بچکۆڵە، لەسەر سنگی چەپی سەرنجی ڕاکێشام. گوتی:

- من دێ هاریکاریی تۆ بکەم بۆ دۆزینەوەی باوکت.

هەستمکرد پانتاییە سپییەکانی ناو چاوی شەهلا، چاویان گەشتر و گەورەتر پیشان دەدا. لێمی پرسی: "باش؟".

لە مۆدێلی چاوە کلکدارەکانی ورد دەبوومەوە، کە چاوەڕێی وەڵامی من بوون. پرسیم: "تۆ دکتۆر قەدری یلدرم دەناسی؟"



Scanned with CamScanner

- وا ا ا ا ی.. Mais bien sure هەڤاڵی منە دکتۆر یلدرم. ئەمێ وی ببینین. سبەی، یان دووسبەی. تۆ چەند ڕۆژ لە چۆڵەمێرگ دەمێنیتەوە؟

پرسیم: ئەو لە (مێردین) دەژیت یان لە (وان)ێ؟

- دکتۆر یلدرم؟ تها لە زانکۆی دیاربەکرە.

ڕەندان سێ قاوەی لەسەر مێزە بچکۆلەکانی بەردەممان دانا: "حەیرانی.. دکتۆر یلدرم! مامۆستای من بوو. ئەز ژی وی ناس دەکەم، فەرەیدوون. تو چما نەگۆتە من؟".

- تۆ دەتەوێ ئەو ببینیت؟ ئێمە کەی بچین؟

ئنجا ڕووی لە ڕەندان:

- کەی وەختی تۆ هەیە ڕەندان؟
- هەر وەختەکی فەرەیدوون بێژت، ئەز دکارم.

ئەمجارە، من بووم بە فەرەنسی بە (شەهلا)م گوت: "ئێمە پاشان قسەی لێ دەکەین".

ڕەندان هات لەسەر کورسیەکەی تەنیشت من دانیشت، لاسایی فەرەنسییەکەی منی کردەوە. بە هەر دوو ناولەپی وەک ئەوەی گەمە لەگەڵ منداڵێکی خۆی بکات هەر دوو

گـوویی منـی گـرت: "ئەز حەیرانـی فەرەنسـییا تە بـم!.. ویش!"، ئنجا ڕوومەتمی بەردا. من شەرمم کرد. ئەو ڕووی لە شەهلا کرد کە خەریـک بـوو فینجـانی قـاوەکەی دەسـووڕاند وەک ئەوەی فاڵێـک بخـوێنێتەوە و شـەرم بکـا بیـدرکێنێت. گوێی لە ڕەندان بوو گوتی: شەهلا.. !

شەهلا چاوی هەر لەناو فینجانی قاوەکە: "هم؟!"

- بـڕوانە، مـن ئەم هەفـتەیە چ شـتێکم لە دیکـۆری هۆڵەکە گۆڕیوە؟

شەهلا چاوێکی بەناو هۆڵەکەدا گێڕا:

- هممممم ؟

لەو دەمەدا مـن تەماشـای خـاڵەکەی ژێـر گۆشـەی چەپـی دەمـی (شـەهلا)م دەکـرد، ئەویـش چـاوی بەنـاو هـۆڵەکەدا دەگێڕا. لەناکاو پەنجەی درێژکرد:

- ئاوێنەکە!.. پیرۆزە.. تۆ ئـاوێنەیەکی تـازەت دانـاوە؟! .. ئەم مەرکانی گوڵە دەمەشێرانەش.. هەفتەی ڕابـردوو لە گۆشـەکەی ئەولا بوو بەڵام ئێسـتا شـوێنەکەی وی گونجاوترە! ..ئێ...



Scanned with CamScanner

شەهلا، کونجکۆڵانە، چاوی هێشتا بەناو هۆڵەکەدا دەگێڕا و بیری دەکردەوە:

- ئا.. ئەم قەفەسی کەناریيانەش کە پێشتر لەملای پەنجەرەکە بوو، ئێستا هێناوتەتە ئەوبەر.

هەستايەوە بۆ لای دوو کەنارییەکە چوو، بە تورکی بە ڕەندانی گوت:

- ئەوە بۆ پێيان ناڵێی بۆ يارەکەت بخوێنن؟ .. دوو دوو، دوو.. تی تی، تی تی.. کە جوانن ڕەندان! ئەوە (مەندۆ) ڕەنگی تازەی لە تێلی قەفەسەکان داوە؟

ڕەندان گوتی: (نە. ئەز بە خۆ).

لەکاتێکدا ڕەندان بەردەوام سەرقاڵی کەنارییەکان، پەپۆکەی دەدانێ و قەفەسەکەيانی پاک دەکردەوە: "دوو، دوو، دوو.. تی، تی، تی..": شەهلا هاتەوە لای من، وەک ئەوەی ڕەندان بە "ژنێکی گێل" يان بە "ژنێکی گوندی" بزانێت، بە فەرەنسی بە منی گوت:

- ئەو حەزدەکا هەموو ژيانی خۆی لەناو ماڵێکی خۆش لەگەڵ مێردێک بەسەر ببا! کەچی بەبێ ئەو، من



Scanned with CamScanner

قەت ناحەوێمەوە. دەزانـی؟ مانگێـک نەیبیـنم، شـێت دەبم.

شـەهلا لـۆقی زۆر درێـژ، جـوانییەکی زۆر زینـدوو لە بەژن و باڵایدا جووڵەجووڵیان بوو، لەناو هـۆڵەکەدا حەزیـدەکرد پیاسـە بکات، بە ڕەندانی گۆت:

- ڤێجا توو بێژە من، ڕەندان، توو لەگەڵ فەرەیـدوون دێ بچی باشووریێ؟
- ئەگەر فەرەیدوون من لەگەڵ خۆ ببات، ئەزێ بچم.

شەهلا بیری کردەوە.

ڕەندان لای قەفەسـەکەوە ئاوری بۆ شـەهلا دایەوە: "نەچم؟"

- ئەدی ئەگەر فەرەیدوون تۆی بەجێهێشـت؟
- فەرەیدوون من بەجێ ناهێڵێ.

لای قەفەسـی کەنارییەکـانەوە ئەمجـارە ئـاوری بـۆ لای مـن دایەوە:

- بەجـێم دێڵیـت تـۆ فەرەیـدوون؟ دوو، دوو، دوو.. تـی، تی، تی... ها؛ فەرەیدوون؟ ..بەجێم دێڵی؟



Scanned with CamScanner

من شەرمم دەکرد جارێ هیچ بڵێم. (شەهلا) هات لەسەر نیوتەختەکە دانیشتەوە:

- دایکی من هەمیشە دەیگوت "سێبەری بەردێ، وەفای مێردێ".

ئنجا تەماشایەکی منی کرد: "تۆ بیرورات چیە، فەرەیدوون؟"

من بیرم لە پرسیارەکەی دەکردەوە، شەهلا گوتی:

- هەرچەند ئێوەی پیاو، قەت بەبێ ئێمە ناحەوێنەوە؛ چونکە هەمووتان ئێوەی پیاو، منداڵی ئێمەن، منداڵی ژنانن! ها، فەرەیدوون؛ ڕای تۆ چیە؟

بە خۆمم گوت "ئایا لای من ئێستا ئەوە گرنگترە باوکم بدۆزمەوە، یان بچم ئەم دوو ژنە ژیر و دۆستە ڕازی بکەم؟". گوتم:

- من هاتووم لێرە جارێ باوکی خۆم بدۆزمەوە.

لەگەڵ ئەم قسەیەم، شەهلا دایە قاقای پێکەنین، بەشێوەیەک قەت چاوەڕێی ئەو پێکەنینەی ئەوم نەدەکرد: "هەر خۆش بیت فەرەیدوون". ئنجا گوتی:



Scanned with CamScanner

- باشـە تـوو لە باشـوورەوە هـاتووی، لە بـاکوور بـابی خۆت پەیدا بکەی؟!
قەبری بابی توو چما لە باکوورێیە، ئەز فام ناکەم!

ئـێ خـۆ نەدەبـوو بە شـەهلا بڵـێم ئەمە چـونکە قسـە هەیە میتی تـورکی کـاتی خـۆی باوکمیـان لە شـاری (وان) تیـرۆر کردبـێ! یـان پێـی بڵـێم ئەو قەبـرە سێگۆشـەیەی گونـدی باغستان لەوانەیە گلکۆی باوکی مـن بـێ! یـان بڵـێم چـونکە باوکم لەوانەیە لە باکوور هێشتا هەر لەژیاندا مابێ و.... !

نەخێـر، بە پێویسـتم نەزانـی ئەم بـاس و خواسـانەی بـاوکم لەگەڵ شـەهلا بـکەمەوە: چـونکە جـارێ خۆشـم بەهـیچ شێوەیەک لەم قسانەی خۆم دڵنیا و مسـۆگەر نەبـووم. جگە لەمەش متمـانەی (شـەهلا)م پەیـدا نەکردبـوو ئەم باسـانەی لەگەڵ بکەمەوە.

ئنجا ڕەندان بە تورکی بە شەهلای گوت:

- شـەهلا؛ بـاوەڕ بـکە منـیش هـیچ شـتێک لەبـارەی حەکایەتی باوکی وی نازانم، هیچ پرسیاریشم لێـی نەکـردووە. پاشـان، کـاری ئـێمە بەسـەر بـاوکی وی چیە، شەهلا؟

شەهلا گوتی:

- ئەو بۆ خۆی دەڵێ هاتۆتە باکووری ل دیف بابی خۆ دەگەڕێ. هـــااای.. حەیرانـــی. ئـــێمەش دەبـــێ هاریکاریی وی بکەین.

ڕەندان فینجانی قاوەکەی دانایەوە:

- منیش قاوەی خۆم تەواو کرد. ئێوە ئامادەن؟

شەهلا دەستی دایە جەنتا سوورەکەی:

- با بڕۆین!

حەزمدەکرد زووتر کافتیریاکەی ڕەندان ببینم.



Scanned with CamScanner

## ( ١١ )

عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری جادەسی، ژمارە (١١)، کافتێریای (شامێران).

لەسەر جامی دەرگای کافتیریاکە، بەشێوەیەکی هونەری و ڕەنگین نووسرابوو (کافتیریای ژنان). ئنجا لە خوارەوەی، بەهەمان شێوە بەڵام بە خەتێکی بچووکتر: (قەدەغەیە پیاو بەبێ ژن بێتە ژوورەوە).

بەپەلە، ڕەندان پێش هەردووکمان چووبووە ژوورەوە. من لەسەر شۆستەکە، لە بەردەرگا، چاوەڕوانی (شەهلا)، لە ئوتومبیلەکەی بێتە خوارەوە.

شەقام و شۆستەیەکی لاچەپ و چۆڵ، لە هەمان کات پاک و تەمیز. تەماشام کرد لەولا، سەگێک لە پەنادیوارێک دەڕشایەوە.

شەهلا بابووجێکی سووری پاژنە بڵند لە پێ، سویچی (دایۆ) سپییەکەی خستە ناو جانتا سوورەکەی شانی:

"سپاس. کەرەم کە!"



Scanned with CamScanner

بـازنکی چکـۆڵەی بـۆ ژوورەوە هەڵـدا. منـیش لەدووای وێ چوومە ژوورەوە.

کافتیریایەکی بازنەیی، ڕووبەرەکەی زیاتر لە سێ سەد مەتـر چوارگۆشــە. بنمیچێکـی زۆر بڵنـد، ڕازێنـدراو بە تەکنیکێکـی ڕۆژئاوایی. دیـاربوو ژنێـک دیزاینـی بە سـتایلێکی ژنـانە بـۆی سازدابوو: سوورەییای جۆراوجۆری باریک، نـازک، شـۆڕبووونە خوار. هەر زینەت بوو لێیان ورد بیتەوە.

- شەوباش، مامۆستا!

(ئیبۆ)ی شـوفێر بـوو، چڵێـک کلیـل بە دەسـتەوە. خۆشـحاڵ بووم کە دیتم ئەویش لەوێیە: "شەوباش کاک ئیبۆ".

زۆر بەپەلە ڕۆیشــتە دەرەوە. زانـیم کلیلـی مـاڵی ڕەنـدانی لە ڕەندان وەرگرتووە بۆئەوەی بەپەلە (خەجێ) بباتە ئەوێ.

- ها.. مامۆستا!

دیتم (مەنـدۆ)یە! تـومەز شـاگردی کافتیریـاکەی ڕەنـدان بـوو، من نەمـدەزانی. ئنجـا فەرمـوو فەرمـووی لێکـردم و پەنجەی درێژکرد بەرەو لای ڕەندان بچم، کە لە قووڵایی کافتیریاکە، لە ئۆفیسـەکەی خـۆی، کەوتبـووە تەماشـاکردنی حسـاباتی



Scanned with CamScanner

هەفتەی پێشوو لەگەڵ دوو شاگردە کچە عازەبەکان کە دەم بە زەردەخەنەوە ئەوانیش لە دوورەوە بەخێرهاتنی منیان کرد.

لەودیو جامی ئۆفیسەکەی، پیاڵەیەکی شەڕاب بەدەستەوە، ڕەندان ئاماژەی بۆم کرد لەگەڵ (شەهلا) بچم لە شوێنێک دابنیشم تا ئەویش دەمێکی دیکە بێتە لامان.

لە ناوەڕاستی کافتیریاکە، لەناو کورسی و مێزە شووشەییەکان، کە هەر تاقمێک ڕەنگێک، هەر یەکەشیان جۆرە مەرکانێک، هەر مەرکانێکیش چەپکە گوڵێکی جیا لەسەر.. شەهلا دەستی درێژکردە لای کورسی و مێزێکی شووشەیی نارنجی، کە گوڵدانێکی پڕ چەپکە نێرگزی تەڕی لەسەر:

- بلا بچین لای ئەو پەنجەرەیە دابنیشین!

تەماشای دیوارەکانم دەکرد. هەر یەکەیان دیزاین و جۆرێکی جیاواز بوون. ئالیی بەرامبەر دەرگا، لەمسەر تا ئەوسەر ئاوێنەبەند، گۆڤاری هەمە ڕەنگ و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر وەک ڕستەی جلوبەرگ بەسەر شیشی باریکەوە هەڵخرابوون بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ بڵاوکراوە تازەکان بخوێننەوە. دیوارێکی دیکەی کافتیریاکە هەر هەمووی بە حەڕف

ڕازێندرابوونەوە (پیتە کوردییە لاتینییەکان) بەشێوەی ڕولیەف، هەر یەکەی ڕەنگێک.

لایەکی تریش: تابلۆ و شێوەکاریی مۆدێرن بوو، کە دیاربوو پیشانگایەکی بچکۆڵەی ئافرەتانی نیگارکێشی هەکاری بوو لەوێ. نزیک ئۆفیسەکەش ئامێرەکانی تیپێکی مووزیک لە چاوەڕوانیی مووزیکژەنەکاندا.

لەناو ئەو کورسی و مێزە ڕەنگینانەی چاوەڕێی میوانیان دەکرد: ژنێك چاویلکەی لەچاو بوو بەتەنیا دانیشتبوو کتێبێکی دەخوێندەوە. لەولاتر دوو ژن -یەکێکیان جگەرەی بەدەمەوە- تاوڵەیان دەکرد. لای دیوارە ئاوێنەکەش کچێک لەوە دەچوو شەرم لە کەم تەمەنیی خۆی بکات بەتەنیا دانیشتبوو شتی دەنووسی و جارجار تەماشایەکی ئاوێنەکەی تەنیشت خۆی دەکرد و لە خۆی ڕادەما و دەکەوتەوە سەر نووسین. لە ڕیزی پەنجەرەکەش کچێکی نهێنپۆش، لەگەڵ ژنێکی بەتەمەن، کە نێرگلەی دەکێشا، قسەیان دەکرد. کوڕێکی هەراش و ژنێکیش کە دیاربوو دایکی بوو، بەپێوە لە تابلۆکان ورد دەبوونەوە و دوو پەرداخی شەربەت لەسەر مێزەکەیان.

ئنجا ژنێکی شەل هاتە ژوورەوە. یەکسەر بەرەو شیشی بڵاوکراوەکان، ڕۆژنامەیەکی هەڵگرت و بە شەلەشەل چوو لەلای تابلۆکان، لە دەوری مێزێک دانیشت.



Scanned with CamScanner

کافتیریایەکی لەو جۆرانە بوو کە تەنیا ئافرەت، لەناو ئەوانیش تەنیا ئەو ژن و کچە هونەرمەند و چالاکڤان و ڕۆژنامەنووس و خوێندەڤان و ڕۆشەنبیرانەی کە ئابوونەی مانگانەیان هەیە و دێن بەتەنیا یان لەگەڵ دۆست و یار و کەسەکانی خۆیان بۆ خوێندنەوە، یان بۆ گوێگرتن لە مووزیک و بەسەربردنی وەختێکی خۆش، گەلێک جاریش بازنەی گفتوگۆی هونەری و ئەدەبیی تێدا سازدەدەن.

شەهلا ئەو شتانەی بۆم ڕوونکردەوە: "هەر مانگێک سێ چالاکیی کولتووری لێرە ئەنجام دەدرێ". گوتی:

- هەر کەس دەتوانێ ئەلکهوول ژی داخواز بکەت، لێ سنووردار!

ئنجا لێمی پرسی:

- ڕەندان پێمی گوتووە کە تۆ حەزت لە ڤۆدگا و تەکیلەیە! چت بۆ بێنم؟

گوتم: "پێکێک تەکیلە".

هەستایەوە گوتی: "منیش".



Scanned with CamScanner

کاتێ ڕۆیی، لەسەر نووکی پاژنە بڵندەکانی بابووجەکەی، کەوتە خۆبادان. باش دڵنیابوو لەپشتەوەڕا من تەماشای دەکەم؛ لە نیوەی ڕێگە، لە ناوەڕاستی هۆڵەکە، بەسەر شانی چەپیدا ئاوڕێکی عەیارانەی لێمدایەوە (کە تاڵە پرچێکی لەگەڵ کەوتە سەر گۆشەی دەمی لابەخاڵی).

دەمزانی دەمژمێر کەمی مابوو بگاتە (نۆ) بۆئەوەی (سەیدۆ) بێت بەشێک لە پارەکەمان بۆ بهێنێت.

پێش ئەوەی بێینە ناو کافتیریاکە، کاتێ بە ئوتومبیلەکەی سوورێکمان بەناو بازاڕدا خوارد، (شەهلا) ئەوەڵ شت کردی ئەوە بوو گوێی دایە دەنگوباسەکانی پەکەکە و ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان تورکیا و ئێران، هەروەها لەنێوان تورکیا و ئامریکا گرژییان تێکەوتووە بەهۆی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی تازە، بە ناوی داعش! داعش! داعش! داعش! کە من یەکەمین جار بوو گوێم لەم زاراوەیە دەبوو. پاشان وردە وردە تێگەیشتم کە تازە چەند هەفتەیەکە مووسڵی داگیرکردووە و تورکیا تاوانبارکراوە بەوەی لەپشت ئەو ڕێکخراوە بێت و تەنانەت ئۆردووگای مەشقپێکردنی بۆ سەدان گەنجی ئاوارە و سەرکێشی ئەورووپایی و سوورپایی کردبێتەوە کە لایەنگری ئەو ڕێکخراوەن؛ بەڵام تورکیا زۆر توند کۆماری ئیسلامیی ئێران و قەتەڕ و هەندێ

دەوڵەتی عەرەبیی تر تاوانبار دەکات. (شەهلا) دەیگوت : "هەمووی ئامریکایە".

من خۆم کڕ کردبوو بۆنەوەی لە ڕەوشی تازەی دنیا تێ بگەم، واتە لە ڕەوشی پاش هاتنە دەرەوەم لە ئەشکەوت. بەلام خۆم وا پیشان دا کە حەزم لە سیاسەت نیە. وام بە (شەهلا) گوت. ئنجا ئەویش، پاش من، گوتی: "منیش".

شەهلا لەناو ئوتومبیل لە دەرگای باسێکی دیکەشی دا - بەڵام ئەمجارەیان حەنەک و پێکەنینیشی لەگەڵ بوو-: چۆن ڕەندان وەختێ خوێندەڤانی "ئەو دکتۆر فەرەیدوونە" بووە، شێت و شەیدای ئەو مامۆستایەی خۆی بووە!

بە تانووتەوە ئەوەشی گوت کە لەوانەیە تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی کە من و مامۆستاکەی، هەردووکمان هەمان ناومان هەیە بۆیە ڕەندان منی ئەوەندە خۆشدەوێ!

هەڵبەت کاتێ شەهلا ئەم حەنەکەی بەو شێوە دڵڕەڤانەیە کرد، خەریک بوو یەکسەر دڵم شەق ببا، بەتایبەتیش کاتێ زۆر ڕاشکاوانە رەندانی ناچار کرد چیرۆکی عەشقی نێوان خۆی و "ئەو مامۆستایەی خۆی" بەفراوانی بۆ من بگێڕێتەوە!- کە شەهلا باش باش پێی ئاگادار. چونکە ڕەندان ڕاز و نیازی خۆی تەنیا لەلای شەهلا دەگێڕایەوە.



Scanned with CamScanner

هەستمکرد شەهلا بەئانقەست ویستی ڕەندان ئیحراج بکات بە گێڕانەوەی *کۆتایی حەکایەتەکەیان*، ئەمەش چونکە "کۆتاییەکەی" ببووە هۆی ئەوەی ئیتر "دکتۆر فەرەیدوون" بیرای ببڕ ڕوونەداتە (ڕەندان) چیتر.

لەناو ئوتومبیل، ڕەندان خۆی دانی بەمەدا نا؛ ئنجا پێشدەکەنی، دەیگوت:

"ئەوجا چ قەیدییە؟ ئەوکات هەرزەکار بووم!".

ڕەندان دەیگێڕایەوە چۆن ڕۆژێک لەسەر تیکە کاغەزێکی سپی نووسیویەتی (دوو کەم یەک؛ یەکسانە بە: یەکێکت قەرزارم) و کاغەزەکەشی - دوور لە چاوی قوتابییەکان- داوەتە دکتۆر فەرەیدوونی مامۆستای خۆی و پێی گوتووە کە لە ماڵەوە کاغەزەکە بکاتەوە و بیخوێنیتەوە؛ چۆنیش ئەو مامۆستایەی، بۆ سبەینێ هاتووە پێی گوتووە کە ڕەندان وەکو کچی خۆی وایە و ناشتوانێت خیانەت لە پیشەکەی خۆی بکات و چۆنیش ئامۆژگاریی رەندانی کردووە با هەر مامۆستا و خوێندەڤان لەگەڵ یەکتر بمێننەوە؛ چۆنیش ئیتر ڕەندان لەو مامۆستایەی خۆی هێند تووڕە پێی گوتووە (من وامدەزانی تۆ پیاوێکی گەلێک ژنباز و دەسەڵاتمەندی) و ئیتر بیرای ببڕ لەو ڕۆژەوە قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکردۆتەوە.

لەناو ئوتومبیلەکە خەریک بوو دڵم ڕابوەستێت کاتێ شەهلا هەر پێدەکەنی و ڕەندانی ناچار کردبوو ئەم حەکایەتە کۆنە بۆ من بگێڕێتەوە! ئایا (شەهلا) بۆچی وایکرد: بۆئەوەی بیشکێنێتەوە، وێنەیەکی وای لەبارە پیشان بدات کە ڕەندان تەنیا بەدووای سێکس دەگەڕێ لای پیاو؟

یان مەبەستێکی دیکەی هەبوو، پەیوەندیی بە بێ نرخ کردنی عەشق هەبوو، ئەمەش چونکە شەهلا خۆی باوەڕی پێ نەمابوو؟ یان چ مەبەستێکی تر؟ نازانم. ئێستاش دەپرسم ئاخۆ شەهلا بۆچی ئەو کچە ژیرە هەڤاڵەی خۆی، هێندە ئیحراج کرد لەبەردەمی من؟ خۆ دووریش نیە کولتوور و شێوازی هەڤاڵەتیی وان لەناو خۆیاندا هەر بەو شێوەیە بێت. ڕەنگە. بەڵام سەیرە.. باشە، ئاخر.. ئایا ئەم گۆڕانکارییانەی ڕەوشی دۆستایەتی و پەیوەندیی سێکسی و خۆشەویستی.. بڵێم چی؟

شەهلا کاتێ گەڕایەوە لام تەماشای دەکردم. لە دوورەوە دەرکی پێکرد من تەماشای بەژن و باڵای دەکەم و بیر لەو دەسەڵاتمەندییەی ئەو دەکەمەوە بەسەر (ڕەندان)دا؛ متمانە بە خۆ، دیاربوو دڵی زۆر بەوە خۆش بوو کە توانیویەتی وام لێ بکات بیری لێ بکەمەوە! دوو جار دەستی بە لووتی



Scanned with CamScanner

خۆیدا هێنا تا گەیشتەوە لای من دابنیشێت بڵێ: "فەرەیدوون.." ..

گوتم: بەڵێ؟

کەمێک ڕاما و بیری کردەوە، لەکۆتاییدا ئەوەی لە دڵیدا بوو گوتی: "تۆ دەتەوێ ڕەندان لە من ببەیت؟"

بە بۆنی دەمی، یەکسەر زانیم لە ئۆفیسەکەی ڕەندان، لانی کەم پێکێک وێسکیی خواردبۆوە! پرسیارەکەی زۆر بە جیددی لێم کرد، بەڵام من لە وەڵامدا بە زەردەخەنەیەک وام پیشان دا شۆخیم لەگەڵ دەکات:

- مەبەستت چیە شەهلا خانم؟

بەشێنەیی لێمی پرسی: (تۆ.. دەتەوێ ڕەندان مارە بکەی؟ دەتەوێ ببن بە ژن و مێرد؟).

من پێشتریش، زۆر ڕاگوزەرییانە، بەتایبەت کاتێ (ڕەندان) لەناو حەمامەکە باسی شەهلای بۆ دەکردم، هەستی ڕەندانم خوێندبۆوە کە ڕەنگە پەیوەندییەکی سێکسی (لێس بیەن) لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام ئەگەر هەشبووایە، هەمان وەڵامم دەدایەوە:



Scanned with CamScanner

- نەخێر. ئێمە باسی زەواجمان بەهیچ شێوەیەک نەکردووە.

لێمی پرسی: "ڕەندان بە تۆی نەگوتووە کە من و ئەو هەر شتێکمان هەبێت، لەنێوان خۆماندا دابەشی دەکەین؟".

بۆنی وێسکی لە دەمی (شەهلا) زۆر خۆش بوو. لێمپرسی:

- یەعنی چۆن؟

کچێکی هەژدە ساڵان، دەم بە خەندە، بەروانکەیەکی گوڵگوڵین لەبەر، سێ پێک تەکیلەی لەبەردەممان دانا. شەهلا تەماشای سێ پێک تەکیلەکەی کرد:

- تەنانەت ئەگەر سێ شتیشمان هەبێت، ئێمە لەنێوان خۆماندا، هەر یەکەمان، (یەک و نیو) بە (یەک و نیو)، بەسەر خۆمانی دابەش دەکەین!

من تەماشای سێ پەرداخەکەم کرد، گوتم:

- باشە، ئەگەر ئەو سێ شتە لە شووشە دروستکرابن، کەواتە ناچار دەبن یەکێکیان بشکێنن بۆئەوەی بەیەکسانی دابەشی بکەن؟



Scanned with CamScanner

شەهلا گوتی: "نەخێر. ئێمە هەرگیز هیچ شتێک ناشکێنین، تەنیا چێژی لێ وەردەگرین".

تێگەیشتم، گوتم: "همم"!

ئەو جووتە خوشکەی کچەکانی حەزرەتی (لووت)م بیر هاتەوە، کە بە نۆبەت (هەر یەکێکیان شەوێک) دەچن باوکی خۆیان سەرخۆش دەکەن و سێکسی لەگەڵ دەکەن.. ئنجا ئەو دێرە شیعرەی (الیاس ابو شبکە) لە دیوانی (افاعی الفردوس)م بیرهاتەوە کە دەڵێ:

"مغناک ملتهب و کاسک مترعە
فاسقی اباک الخمر و اضطجعی معە"

هیندەم زانی ڕەندان بەپەلە هات، هات لەسەر کورسیی سێیەم دانیشت. بۆنی ڤۆدگا لە دەمی دەهات. پێکەکەی هەڵگرت و ڕووی لە "دەستەخوشکەکەی" کرد:

- شەهلا.. تۆ ڕوخسەت دەدەیتە من.. من ژیانێکی تازە لەگەڵ فەرەیدوون بۆ خۆم دەست پێ بکەم و بە هەرچی شتێک لە ڕابردووی ژیانی من هەیە بڵێم "بای.. بای"؟

ڕەندان لێوانەکەی، ئەوەڵجار لە پەرداخەکەی من دا:

- مووووووە... نۆش!

هەستمکرد شەهلا ئەو ئێرەیی و غیرەیەی خەریک بوو چاوەکانی داگیرساندبوون، توانی زوو بیانشارێتەوە. بە ڕەندانی گۆت:

- باشە گیان تۆ جارێ بڕۆ.. قەیناکە.

ڕەندان کە ڕۆیشت، شەهلا پاکەتی جگەرەکەی دەمێک بوو دەرهێنابوو؛ چەرخێکی سووری لە جگەرەکەی دا، دووکەڵەکەی بە با کرد:

- ئەگەر قسەیەکت پێ بڵێم، هەر ئێستا داوام لێ دەکەی بچینە دەرەوە و بتبەم بۆ هوتێلێک.

لە هێز و متمانە بەخۆبوونی ئەم ژنە دەسەڵاتمەندە سەرم سورمابوو. گوتم: "بڵێ!".

- تازە تەلەفۆنم بۆ هەڤاڵێکی ڕۆژنامەنووسم کرد، هەواڵی ئەوەی پێدام کە ئەمڕۆ یەکەمین ڕۆژی کۆنفڕانسێک بووە لەبارەی (عبدالرحیم ڕەحمی هەکاری). دەیناسی؟



Scanned with CamScanner

گوتم: نەخێر.

- یەکەمین نووسەری کوردە (شانۆنامە) و (شیعری ئازاد)ی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩١٩، خەڵکی ئەم چۆڵەمێرگەیە. سیمینارەکان سێ ڕۆژ بەردەوام دەبن، گەلێک ڕۆشنبیر و پسپۆڕ لە باشوور و ڕۆژهەڵات و لە ئەورووپاشەوە هاتوون و لە هۆتێل (فردۆس) دابەزیون. لێرەوە بە پازدە دەقیقە دەگەینە هوتێلەکە. حەتمەن (دکتۆر قەدری یڵدرم)ی هاورێی باوکیشت لە پێشوازیی ئەواندا لەگەڵ ئەواندایە؟ بتبەم؟

لە دڵی خۆمدا یەکسەر بڕیارمدا بچم لەگەڵی، گوتم وەختێکی باشە:

- تۆ دڵنیای دکتۆر قەدری یڵدرم لەگەڵیانە؟

شەهلا گوتی:

- هەر کۆنفڕانسێک لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردی لە باکوور سازبکرێت، ناکرێ دکتۆر یڵدرم تێدا میوان نەبێ، یان سیمینارێکی لەوێ نەبێت! بێگومان.



Scanned with CamScanner

مـن بیـرم لای ڕەنـدان بـوو، دەترسـام ئەگەر لەگەڵ شـەهلا بچم؛ غیرە بکات! یانیش کە هـاتمەوە گازانـدەم لـێ بکـات و بڵێ بۆچی تۆ لەگەڵ شـەهلا بەتەنیا چوون و منتان نەبـرد؟ بە شـەهلام گوت: "بزانە ڕەندان دێ؟ یان هەر من و تۆ بچین؟".

- باش!

شـەهلا پەنـجە بە جـگەرەوە، هەسـتا بـۆ لای ئۆفیسـەکەی ڕەندان ڕۆیشت:

- مووزیـک نیوسـەعاتی تـر دەسـت پێـدەکا. زوو دەگەڕێینەوە.

لەو دەمەدا، یەکسەر، زیاتر لە بیست کچ و کور و ژن و منداڵ و هەرزەکار، پێکڕا، خۆیان بەژووردا کـرد و کردیـانە پێکەنـین و هەرا: هەنـدێکیان زیـنە و کەرەسـتەی ئاهەنـگ سـازدانیان هەڵگرتبـوو، ئەوانـی دیـکەش کەلـوپەلی جەژن گێڕانێـک. تێگەیشـتم جەژنـی لەدایکبـوونی کەسـێکیانە. هەنـدێکیان بەرەو لای چەپ چـوون، هەنـدێک بەرەو ئـالیی ڕاسـت، هەنـدێکیش لەسـەر کورسـییەکانی دەوری مێزێـک چـوون دانیشتن. ئیدی بەناو هۆڵەکەدا بڵاوبوونەوە. پیاوێک و ژنێک و دوو کچیش، کە ئەوان جلکی کوردییـان لەبەر بـوو، بەرەو لای ئۆفیسەکەی ڕەندان چوون.



Scanned with CamScanner

شەهلا زوو هاتەوە لام گوتی:

- ڕەندان دبێژە کوو ئەو مەژغوولی کاری کافتیریایە، قەیناکە ئێمە بەتەنیا دەچین و زوو دێینەوە.

من هەستام بڕۆین، دیتم ڕەندان گەیشتە سەر سەرم، دیاربوو دلی بەم چوونەم خۆش نەبوو. لێمی پرسی:

- توو چما سەبر ناگری ئێمە سبەی بچین دکتۆر قەدری ببینین؟ نها ئاهەنگە.. هەڤاڵێن من ژی حەزدکەن توو ناس بکەن!

گوتم: "ئاخر شەهلا دەڵێ دکتۆر قەدری لە دیاربەکرەوە هاتووە بۆ ئێرە، ئێستا دەرفەتێکی باشە کە زووتر و لێرە دکتۆر قەدری ببینم"، "بۆچی تۆش لەگەڵمان نایەی؟".

شەهلا یەکەمجاری بوو لەمسەم بکات، قۆڵمی گرت و بە ڕەندانی گۆت:

- ئەگەر ئەمشەو نەیبینین، ڕەنگە سبەی بگەڕێتەوە دیاربەکرا!

ئنجا گوتی: "ڕەندان گیان، ئێمە دەبێ هاوکاریی فەرەیدوون بکەین. ئەو دەیەوێ دەنگوباسی بابی خۆی بزانێ!".

ڕەندان وەک منداڵێک لەناو بازاڕێکی قەرەباڵغ جێی بهێڵین، باش دەمزانی غیرەی دەکرد، لێمی پرسی:

- یەعنی ئێمە سبەی نەچینە باغستانێ؟

گوتم: جارێ نازانم. با دکتۆر قەدری ببینم.

گوتی: "باش، بەڵام زوو وەرنەوە!".

کاتێ گەیشتینە لای دەرگای چوونەدەر، تەماشایەکی ڕەندانم کرد، چاوی هەر لەسەرم؛ هیچ دڵی خۆش نەبوو بەم چوونە دەرەوەیەم.



Scanned with CamScanner

# ( ١٢ )

"کاتژمێر.. ؟"

تەماشای سەعاتەکەی مەچەکی کرد:

"یازدە و سێزدە دەقیقەیە!"

بەدرێژایی ڕێگەی گەڕانەوەمان بەرەو کافتیریای (شامێران)، لەناو ئوتومبیلەکە شەهلا بەردەوام تەلەفۆنی بۆ ڕەندان دەکرد کەچی هیچ جارێک ڕەندان وەڵامی نەدایەوە.

وەڵام نەدانەوەی ڕەندان منی زۆر نیگەران کردبوو. ئایا لە شەهلا توورە ببوو یان لە من؟ بە شەهلام گوت:

- نەدەبووایە هێندە دووا بکەوین!

لە بەردەم کافتیریاکە، بە لەز، لە ئوتومبیلەکەی شەهلا هاتمە خوارەوە؛ نەچووم لەسەر شۆستەکە چاوەڕوانی شەهلا بکەم تا لە ئوتومبیلەکەی بێتە خوارەوە بۆئەوەی تەماشای خۆبادان و بابووجە سوورە پاژنە بڵندەکەی بکەم، هەروەها چاوەڕێشم نەکرد لە ئوتومبیلەکەی بێتە خوارەوە و ببینم سویچی (دایۆ) سپییەکەی بخاتە ناو جانتا سوورەکەی و پاشان بەرەو ژوورەوە بەپێشم بکەوێت و پێم بڵێت "سوپاس،

کەرەم کە!"؛ یەکسەر چوومە ژوورەوە و هەنگاوم نا زوو بۆئەوەی بگەمە (ڕەندان)، کە وامدەزانی لە ئۆفیسەکەی خۆی چاوەڕوانمان بێت.

جەژنی لەدایکبوونەکە کۆتایی هاتبوو، بەڵام هۆڵەکە هێشتا تژی خەڵک. هەر مێزێک سێ چوار میوان لە دەوری، زۆربەیان ژن و کچ بوون بەڵام میوانی پیاویشیان لەگەڵ. لە فەزایەکی ڕۆمانسیانەی نیمچەیاریک، لەژێر پرتەوی سورەییاکاندا، مۆسیقایەکی ئارام باڵی بەسەر هۆڵەکەدا ڕاخستبوو.

که چوومە ژوورەوە، دیتم (مەندۆ) لەسەر کورسییەک هەر دەتگوت هەواڵێکی ماتەمینباری بیستبوو، زۆر غەمگین، نیگەران بیری دەکردەوە. کاتێ منی دیت هەستایەوە.

- ڕەندان؟

گوتی: "سەعات و نیوێک زیاترە چۆتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە".

"نەیگوت دەچمە کوێ؟"

مەندۆ گوتی: تەلەفۆنمان بۆ دایکیشی کردووە!



Scanned with CamScanner

"دایکی"؟

- بەڵێ، چونکە کەس نازانێ چووە بۆ کوێ؟ تەلەفۆنیشی کوژاوەتەوە.

کچە شاگردەکە، ئەویش پەشۆکاو، کاتێ بەپەلە هاتە ژوورەوە، دەرکی پێکرد چەند نیگەرانی ڕەندانم.. دەستی درێژکرد بۆ نیوتەختەکە: "دانیشە، ئابێ!".

قەڵەم و دەفتەرچەیەکی کارەکانی بەدەستەوە بوو، ڕووم لێی نا:

- دەتوانی تەلەفۆنێکی دیکەی بۆ بکەی؟

کچە گوتی: تەلەفۆنمان بۆ هەموو هاوڕێکانی کردووە، کەس هەواڵی نازانێ. چی بکەین ئابێ!

لەبەر خاتری من، کچە قەڵەمدارەکە دیسان تەلەفۆنێکی بۆ کرد. زەنگەکە دەرۆیشت، بەڵام وەڵامی نەدەدایەوە.

لەناو ئۆفیسەکە، هەموویان چاش مابوون، پەشۆکاو، نەیاندەزانی چ بکەن؟! منیش بەهەمان شێوە.

شەهلا هاتە ژوورەوە، لە هەموویان شڵەژاوتر گوتی:



Scanned with CamScanner

- سەیدۆش هەر وەڵام ناداتەوە. چییان لێ بکەم؟

لە مەندۆم پرسی: "سەیدۆ هات بۆ ئێرە؟".

- هات، بەڵام نازانم کێ بوو تەلەفۆنێکی بۆ کرد و ئەویش ڕۆیشت.

کچەی قەڵەمدار گوتی: "بە منی گوت دەگەڕێمەوە".

- ڕەندان؟
- نەخێر، سەیدۆ.

ویستم لە کچە بپرسم "سەیدۆ هیچ بڕێک پارەی، بە دۆلار، سپاردە ڕەندان؟". پاشان لەم پرسیارە نابەجێیەی خۆم پەشیمان بوومەوە، لێمپرسی:

- باسی ئەوەی نەکرد ئەمانەتێکی پێیە و پێویستە بیداتە من؟

کچە شاگردەکە گوتی:

- نەخێر، بەڵام ئابێ گۆرگیس دەڵێ ئەمانەتێکم پێیە و پێویستە بیگەیەنم بە ڕەندان. ئەمەتا لەناو هۆڵەکە ئەویش نیو سەعات زیاترە چاوەڕوانی دەکا".



Scanned with CamScanner

من حەزمکرد ئەو گۆرگیسە ببینم. "ڕەنگە ئاڵتوونفرۆشە نەرمەنییەکە بێت و هاتبێت لێرە لەگەڵ سەیدۆ ئەو پارە پێشەکییەی لەسەری ڕێککەوتبوون بسپێرێتە ڕەندان" بەڵام گوتم با چاوەڕێی هاتنەوەی ڕەندان بکەم!

شەهلا پێمی گوتبوو کە جگە لەو کلیلەی دابوویە ئیبۆ، ڕەندان کلیلێکی دیکەی ماڵەکەی لەلای خۆی هەیە. شەهلا تەماشامی دەکرد و بیری دەکردەوە. بە چرپە پێمگوت:

- ڕەنگە چووبێتە ماڵەکەی خۆی.

شەهلا گوتی: "باوەڕ ناکەم".

لە مەندۆم پرسی: "ئیبۆ لێرەیە؟".

مەندۆ دەستی درێژکرد بۆ ئالی چەپی هۆڵەکە، ئیبۆمی پیشان دا؛ لەگەڵ خەجێ و کورە نۆ ساڵانەکەی، پێکەوە لە گۆشەیەک دانیشتبوون، بەستەنی و شەربەتیان لەپێش، ژنێکیشیان لەگەڵ دانیشتبوو کە جلوبەرگی کوردیی لەبەر بوو، قسەیان دەکرد.

شەهلا هەر مژوول، مۆبایل بە گوێچکەوە، نیگەران، نەمدەزانی تەلەفۆنی بۆ کێ دەکرد، گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەویش وەڵام ناداتەوە.

گوتم: کێ؟

شەهلا وەڵامی نەدامەوە، یەکسەر گوتی:

- بزانە، فەرەیدوون، من پێشبینیی ئەوە دەکەم چووبێتە لای دەستەخوشکێکی. تۆ لێرە بە، من ئەچم بۆ ئەوێ و زوو دەگەڕێمەوە..

شەهلا ئۆفیسەکەی بەجێهێشت؛ هێند شڵەژاو ئەم قسانەی کرد و هێند بەپەلە چووە دەرەوە نەمتوانی ڕایبگرم. بە مەندۆم گوت: "گوێ بدێ مەندۆ!".

- بەڵێ، ئابێ.

گوتم: بڕۆ لە شوێنێکی ناو هۆڵەکە، لای پەنجەرە مێزێک دامەزرێنە تایبەت بۆ من. لەوێ بەتەنیا چاوەڕوانی ڕەندان دەکەم تا دێتەوە.

- باش، ئابێ.

.. بێ ڕەندان لەوێ، دڵم خەریکبوو لە خۆ دەبۆوە.



Scanned with CamScanner

( ١٣ )

پێم لەسەر پێم، لەسەر کورسییەکەم، بەتاقی تەنیا، لە دەوری مێزێکی شووشەیی، کە نەمدەزانی چ ڕەنگە و هەر چەند چرکەیەک لەژێر پرتەوی سوورەییا ئۆتۆماتیکییەکان بە ڕەنگێکی جیاواز خۆی دەنوواند، لەتەنیشت پەنجەرەکە، (کە شووشەتە پاک و خامۆشەکەی دەرەوەی لێ دیاربوو) دانیشتبووم:

دەستم لەژێر چەناگە، بە پەنجەکانی دەستی ڕاستم لەسەر مێزەکە گەمەم بە وەختی ناو عەقڵی خۆم دەکرد بڕوا؛ دەمگوت بەڵکو ڕەندان زوو بگەڕێتەوە و لەوێ ببینم دەستی لە مل بکەم و پێی بڵێم: "ببوورە، ڕەندان گیان!". ئاخ.. بەڵام ئەویش ئەوکاتە، بێگومان، یەکسەر دەیگوت:

- باشە ئەوە تۆ بۆچی منت بەجێهێشت و بەگەڵ شەهلا کەوتی بۆئەوەی لەناو ماڵی خۆم فریوت بدا؟

مەندۆ پێکێک تەکیلەی لەپێشم دانا:

- تشتەکی دیکەت لازمە، مامۆستا؟

هۆڵ ئارامتر، ستافی مووزیک خۆیان دەپێچایەوە بڕۆن. گوتم: "ڕۆژنامەیەک".



Scanned with CamScanner

مەندۆ لێمی پرسی: "مەززە؟"

گوتم: نا. لەوێ.. گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەکم بۆ بهێنە!

مەندۆ گوتی: "ئەها.."

"بە زمانی تورکی یان بە کرمانجی.. فەرق ناکا".

بیرم هەر لای ڕەندان؛ تەماشام کرد لەولامەوە گەنجێک، ڕێکپۆش، تەمەن دەوری ١٩ ساڵێک، بەتەنیا لە دەوری مێزێک دانیشتبوو! گوتم ڕەنگە چاوەڕێی کچێکی هەڤاڵی خۆی بکات ئەویش. شەربەتێکی پرتەقاڵی لەپێش بوو.

گەنجەکە، دەست بە جگەرەوە، تەنیا یەک جانتای پێ بوو؛ لەتەنیشت کورسییەکەی خۆی دانابوو.

قومی لە جگەرەکەی دەدا و سەیری دوو ژن و پیاوێکی دەستەچەپی خۆی دەکرد کە بە تورکی قسەیان دەکرد. دوو ژن و پیاوەکە نەیاندەزانی ئەو گەنجە گوێی لە قسەکانیان راگرتووە؛ باسی ژنێکی گەڕەکەکەی خۆیان دەکرد کە مێردەکەی (پەکەکە) بووە و شەش مانگ دەبێ شەهیدکراوە، دوو کچ و کوڕێکی لەپاش جێماوە، نە هیچ

داهاتێکی هەیە، نە هیچ کار و کاسبییەکیش.. ئاخر چۆن بتوانێت خۆی و ئەو سێ منداڵە شەهیدە بەخێو بکات؟

باسی ئەوەیان دەکرد کە لەو ڕۆژەوەی مێردەکەی شەهید بووە، نیتر لە ترسی پۆلیس نەک تەنیا هاوڕێ و دراوسێکانیان بەڵکو هەموو کەسوکارەکانیشی، دەترسن لەو ژنەشەهیدە نێزیک بکەونەوە و دەستی یارمەتیی بۆ درێژبکەن.. تەنانەت خەڵک بە چاوێکی واش سەیری دەکەن کە لەمەولا "ئەم "بێوەژنە نەگبەتە" تا هەتایە ئیتر دەبێ بەسەر ئەو سێ منداڵە بمێنێتەوە و مەگەر تەنیا خوا بزانێ چارەنووسی خۆی و سێ منداڵە هەتیوەکەیشی لەمەودووا چۆن دەبێت! هەروەها باسی ئەوەیان دەکرد چۆنیش کەسێک پێرێ چووە بەدزیی پۆلیس فەردەیەک پەتاتە و پێنج کیلۆ برنج و شەش قوتوو ئاوی تەماتەی بەخێر بۆ ئەو ژنەشەهیدە بردووە، چۆنیش ئەم بۆ خۆیشی پێنج سەد و پەنجا هەزار لیرەی بە دوکاندارەکەی بەرامبەر ماڵی خۆیان بۆی ناردووە!

من هەر تەماشای گەنجەکەم دەکرد، ئاگام لێ نەبوو مەندۆ گۆڤارێکی گەورەی بۆم ڕاگرتبوو:

- ئەمە باشە مامۆستا؟
- تەمام.



Scanned with CamScanner

گۆڤارێکی ئەدەبی بوو: (ئەفرۆدیت)! کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی. بەشی پێشەوەی هەموو بە کرمانجی، بەشی پشتەوەشی کەمێک بە تورکی. لەسەری نووسرابوو (گۆڤارێکی تایبەت بە بەرهەمی ژنە جواننووسەکان)، تەنیا شیعر و چیرۆکی نووسەرانی کچ و ژنی کوردی تێدا، لەگەڵ چەند بەرهەمێکی نووسەرانی ئافرەتی بێگانە.

لەناو چیرۆکە کوردییەکاندا چیرۆکێکی زۆر عەنتیکە سەرنجی ڕاکێشام بە ناونیشانی **ئەو ژنەی خۆی کوشت!** نووسەرێکی کورد بەناوی (فرات جەوەری) بەتورکی نووسیبووی، ژنێکی تورک بە ناوی (فەوزیە جەودەت) تەرجومەی کردبووە کوردی.

ئەو چیرۆکە باسی گەنجێکی کوردی مهابادیی دەکرد، کە لە سۆنگەی بێکاری و بێ پارەیی، ئاوارەی ئەستەمبوڵ دەبێت و لەوێ دەست دەداتە کڕین و فرۆشتنەوەی تلیاک و مەریوانە و حەبی بێهۆشکەر لەناو باڕ و بەردەرگای دیسکۆکاندا، هەمیشە جانتایەکیشی پێ بووە.

چیرۆکەکە بە وەسفکردنی ئەو گەنجە مهابادییە دەستی پێدەکرد کە چۆن هەمیشەش جانتایەکی پێ بووە! نووسەر نازانم بۆچی زۆر تەرکیزی لەسەر ئەو جانتایە بوو، لە چیرۆکەکەدا دەڵێ:



Scanned with CamScanner

"هەرگیز بێ ئەو جانتایە نەدەبیندرا، بەتایبەتیش شەوان، کاتێ لەناو کافتیریا و دیسکۆ و بارەکانی ئەستەمبوڵ تا بەرەبەیان دەسووڕایەوە بۆ فرۆشتنی حەشیشە و مەریوانە و سپیت و هەموو جۆرەکانی حەبی زەوق و پێکەنین و خۆشیهێن".

ئێوارەیەک، بەڵێن دەداتە کەپلێکی فەرەنسی (کە لەپێش دەرگای هوتێلەکەی خۆیان ناسیبوونی) لە کاتژمێر یازدە و نیوی ڕێک، بای (١٥٠) دۆلار "حەبی ئێکس" و مەریوانەیان بۆ بهێنێت.

لە گۆشەی بارێک، لەسەر کورسییەک، بە دەوری مێزێک، دەست بە جگەرەوە، جانتاکەی لەتەنشت کورسییەکەی خۆی؛ چاوەڕێی ئەو موشتەرییە فەرەنسییانە دەکات بێن بۆئەوەی پارەکەیان لێوەربگرێت و کەرەستەکانیان بداتێ.

ئەو گەنجە غەریب تەماشای خەڵکی ناو بارەکەی دەکرد، بەدەم جگەرەکێشانەوە جار جاریش نیگای دەگواستەوە سەر ژنێک و دوو پیاو، کە لەولا دانیشتبوون. گەنجەکە دەیزانی هەر سێکیان کوردن کەچی بەتورکی قسە دەکەن!

ژن و دوو پیـــاوەکەش؛ نەیانـــدەزانی ئەو گەنـــجە گـــوێی لە قسەکانیان ڕاگرتووە.. ژنە بە پیاوەکانی دەگوت کە بە ڕای ئەو (پەکەکە) ئەگەرچـی بە نەتەوەگەرایـی دەسـتی پێکـرد بەڵـام ئەمڕۆ بەهیچ شێوەیەک ناسیوونالیســت نەمـاوە بەڵکـو تەنیـا ئامـانجێکی چینـایەتیی هەیە و خەڵکـی کـورد ئەمـڕۆ تەنیـا لەپێناو ئامانجی ئابووری و خۆشـکردنی گـوزەرانی دارایـی و کۆمەڵایەتی دەنگـی پێـدەدەن و لێـی کۆبـوونەتەوە! تەنـانەت دەشیگوت دەوڵەتی تورکیا دەبێ مەمنوون بێـت کە حیزبێـک هاتووە کوردی فریوداوە و هەرچی هێزی ناسیووناليستانەی کـورد هەیە هەڵیمژیـوە! دوو پیـاوەکەش، دژرای ژنەکە؛ ئیتـر گفتوۆیان بوو.

گەنجەکە، لە دڵی خۆیدا گاڵتەی بەو جۆرە گفتوگـۆ بێهـوودانە دەهـات کە چەنـدین سـاڵە مێشـکی کـوردی بەخـۆ مـژوول کـردووە. جـگەرەکەی بە بـا دەکـرد و چـاوەڕێی هـاتنی موشـتەرییە فەرەنسـییەکانی بـوو بـگەنە جـێ پارەکەیـان لێوەربگرێت و کەرەستەکانیان بداتێ.

ئنجا ئەو گەنجە کاتێ ئەمجارە ئاوری دەسـتە چەپ دەداتەوە، هەر بەتەواوەتی واقی وڕ دەمێنێت کە گوێی لێ دەبێـت دوو ئەفەنـدیی تـورک (کە پێـدەچێ کارمەنـدی حکـوومەت بـن) دانیشـتوون باسـی "سـوورەتی عەنکەبـووت" دەکەن.. لە



Scanned with CamScanner

شـوێنێکی ئاوهاشـــدا و بەدەم وێسـکی خـواردنەوەش! .. سەیرە!

ئنجا لەناکـاو گەنـجەکە پشـیلەیەک دەبینـێ، کە لەوسـەری بارەکەوە هێـدی هێـدی لێـی نزیـک دەبێـتەوە. ئەو پشـیلەیە عەینـەن بـووکێکی بچکۆلـانە (کە گوێچکەکـانی لە تـاجێکی زێڕین دەچن) دێ بەرامبەر ئەو گەنجە کلکی خۆی لە دەوری پاشـــەڵی دەکـــاتە نیوبـــازنەیەک؛ ورد ورد لەو گەنـــجە ورد دەبێتەوە!

گەنجەکە، ئەمەشـی پێ زۆر سـەیر دەبێ!

ئنجا ئەو گەنجە، لەناکاو چاوی دەکەوێتە سـەر سـەعاتی قەد دیوارەکە. کاتێ دەبینـێ سـەعات گەیشـتۆتە یـازدە و سـی و هەشـت دەقـیقە؛ نیگەرانـی دایـدەگرێت لەوەی کە هێشـتا موشتەرییەکانی دەرنەکەوتوون بێن پارەکەیان لـێ وەربگرێـت و کەرەستەکانیان بداتێ! سـەیرە.. بۆچی نەهاتن؟

لە کـاتژمێر یـازدە و چـل و دوو دەقـیقە، ئەو گەنـجە دەبینـێ پشـیلەیەکی تـر، بە هەمـان شـێوە، دێ لە دەسـتە چەپـی هەڵدەکورمێت و لەو گەنجە ورد دەبێتەوە. گەنجەکە بە هاتنی ئەم دووەمین پشـیلەیە زیـاتر دەحەپەسـێت، بەخۆی دەڵـێ: "چیە ئەوە؟!".



Scanned with CamScanner

کاتێ کاتژمێر دەگاتە یازدە و چل و هەشت دەقیقە، لەوسەری بارەکەوە پشیلەی سێیەم دەبینێ؛ هێور هێور لە گەنجەکە نێزیک دەبێتەوە و دێ بەرامبەری دادەنیشێ، کلکی خۆی لە دەوری پاشەلی دەکاتە نیوبازنەیەک: وەک پشیلەی یەکەم و دووەم دەکەوێتە وردبوونەوە لەو گەنجە.

گەنجەکە، واق ورماو، ئەمەی هەر لە هەموویان پێ سەیرتر دەبێ! سێ پشیلە بێن بە دیارییەوە دابنیشن و تەماشای بکەن! زۆر سەیرە! موشتەرییەکانیشی، هەر دەرنەکەوتن ! چ بکا؟

پشیلە هەر تەماشای دەکەن و ئەویش هەر تەماشایان. سەری سور ماوە. لەلایەکی تریش نیگەرانە لەوەی کە سەعات وا خەریکە دەگاتە یازدە و پەنجا دەقیقە، کەچی هێشتا موشتەرییە فەرەنسییەکانی نەهاتوون پارەکەیان لێ وەربگرێت و کەرەستەکانیان بداتێ.

ئنجا لە دەرگاکەوە، لەناکاو پیاوێک، بە بێجامەیەکی خەتخەتەوە، پێخواس، دەست بە خەنجەرێکەوە، عەینەن شێت دێتە ناو بارەکە دەست دەکاتە هاتوهاوار! لەوە دەچێ بەدووای کەسێکدا بگەرێ بیکوژێ! بەناو بارەکەدا دەسوورێتەوە و هاواردەکا:

"کوا فاتیمە؟ کوا فاتیمە.. لەکوێیە؟".

ئەو پیاوە، بەدووای فاتیمەدا، دەچێ تەنانەت توالیتەکانیش دەپشکنێ. ئنجا کاتێ هەر نایدۆزێتەوە، ماندوو، دێ لە دەوری مێزێک دادەنیشێت، دەست هەر بە خەنجەر، داوای بیرەیەک دەکا. خاوەنی بارەکەش، بێ ئەوەی دەری بکات یان بەسەر خۆیدا بیشکێنێتەوە، بەخێرهاتنی دەکات و بەدەستی خۆی بیرەیەکیشی لەپێش دادەنێت. ئیتر ئەویش خەنجەرەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت و ئارام دەبێتەوە، دەست دەکا بە خواردنەوەی بیرەکەی.

لەو دەمەدا لەناکاو، پۆلێک پۆلیس و شەش قەرەوڵی چەکدار خۆیان دەکەن بە ژووردا و بەناو هۆڵەکەدا بڵاو دەبنەوە؛ بەپەلە لوولەی کلاشنکۆفەکانیان ڕوو لە میوانەکان دەکەن!

سەرکردەی چەکدارەکان، بۆئەوەی سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشێت تا بزانن پۆلیس بۆ پشکنینی شوێنەکە هاتوون و بەدووای کەسێکدا دەگەڕێن؛ لوولەی کلاشنکۆفەکەی دەکاتە بنمیچ و چەند گوللەیەک بە حەوادا دەتەقێنێت. ئیتر لەناو هۆڵەکەدا میوانەکان زەندەقیان دەچێت و دەکەونە قیژە و هاوار هاوار. تەماشا دەکەن پێش دەرگاش هەر بە ئوتومبیلی جەندرمە و پۆلیس تەوق کراوە!



Scanned with CamScanner

گۆرگیسـی ئەرمەن، ئیبـۆ، کـچە شـاگردەکە، مەنـدۆ، ئەو گەنجەی کە تەنیا یەک جانتای پێ بوو (کە لە تەنیشت خۆی دانیـابوو)، لەگەڵ پیـاوێکی دیـکەش - وابـزانم سـەیدۆ بـوو گەڕابۆوە- هەروەها پێنج شەش پیاوی دیـکەش کە لەگەڵ ژن و کچەکـان هـاتبوون، هەموویـان زەنـدەقیان چووبـوو. هەسـتابوونە سـەر پـێ، دەسـتیان بـۆ حەوا بەرزکردبـۆوە، بەترسـەوە تەماشـای چەکـدارەکانیان دەکـرد و دەیانویسـت بزانن مەسەلە چیە و چیی ڕوویداوە؟!

سـەرکردەی قەڕەوڵ و پۆلیسـەکان، لای دەرگـا، لـوولەی کڵاشـنکۆفی لە خەڵـکەکە کردبـوو، تەماشـای یەک بە یەک پیاوەکانی دەکرد و لێیان ورد دەبۆوە.

پاشـان لـوولەی کڵاشـنکۆفەکەی دیسـان کـردە بنمیچـی هـۆڵەکە، ئەمجـارە تەنیـا یەک گـوللەی بە حەوادا تەقانـد بـۆئەوەی خەڵـکەکە دیسـان لە *بـایەخی فەرمـانەکە* ئاگاداربکاتەوە. ئنجا بە تورکی نەڕاندی:

- گوێ بگرن!

خەبەرمان بۆ هاتووە و باش باش دەزانـین، لەنـاو ئەم کافتیریایە کەسێک هەیە، بەبێ ڤیزە (واتە بە قاچـاخ) هاتۆتە ناو تورکیـا. ئەو پیـاوە، قاچـاخچییە! داوای لـێ دەکەین بێ ئەوەی مانـدوومان بکـات *بـا لوتـف بکـات*



Scanned with CamScanner

خۆی ڕادەستمان بکات بۆئەوەی ئێمەش کافتیریاکە بەئارامی جێ بهێڵین!

گۆرگیسی ئەرمەن، ئیبۆ، کچە شاگردەکە، مەندۆ، ئەو گەنجەی کە تەنیا یەک جانتای پێ بوو، لەگەڵ ئەو پیاوەی کە پێموابێ سەیدۆ بوو، هەروەها پێنج شەش پیاوی دیکەش، هەموویان، هەستابوونە سەر پێ و زەندەقیان چووبوو، دەستیان ڕوو لە حەوا؛ تەماشای یەکتریان دەکرد و سەریان سوڕ مابوو:

- کێیە ئەو کەسە؟

سەرکردەی چەکدارەکان، لوولەی کڵاشنکۆفەکەی سووڕاندەوە ناو خەڵکەکە:

- ئەو تیرۆریستە کێیە؟ با خۆی ئاشکرا بکا!

پاشان کەوتە تەماشاکردنی یەک بە یەک پیاوەکان، ئنجا دەستی بۆ دەرگای وازی کافتیریاکە درێژکرد، بە شێنەیی گوتی:

- داوا لەو برادەرە دەکەین، بێ ئەوەی ماندوومان بکا، با خۆی لوتف بکات..

دەستی بەرەو دەرگا ڕاگرتبوو:

- با بفەرموێ..!




Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

Roman

# Un Tombeau Triangle



**Farhad Pirbal**

نرخی: (٧) هەزار دینار

Scanned with CamScanner